ساڵی سێهەم، ژمارە ١۴ بەفرانباری ١٣٩٩

# دوماهنامەی بەیان

مدیرمسئول و صاحب امتیاز: **د. اسماعیل مصطفی‌زاده**
شورای نویسندگان:
کوردی کرمانجی: **عبدالکریم سروش (ئاریاس)، اوزال اسکندرزاده**
کوردی‌سورانی: **د. ابراهیم اسماعیل‌پور(شەماڵ)، پروانه احمدین**
**شیوا میرکی، قرنی امین‌پور، د. خالق جلیل‌نژاد، کریم رحمانی**
**علی محمودی(ئاودێر)، علیرضا محمدنژاد(دیار)**
کوردی هورامی: **داود غفاری**
کوردی‌کلهوری: **طاهر ویسی (کۆچەر)**
مدیر سایت: **امیر بیژنی**(www.beyangowar.ir)
طراحی و گرافیک: **آوات حکیم‌زاده**
تایپ و حروفچینی: **روژان مصطفی زاده، آزاد اسماعیلی**

ئەم دەقانەی لەم گۆڤارەدا
بڵاودەبنەوە، مەرج نییە ئاوێنەی
بیروڕای بەڕێوەبەرانی بێ.



میرزا حوسێن فەقیهی
نووسەر و لێکۆڵەری
هەوشاری

**سەروتار**/ خالد عومرانی ٢
**کوانووی کەلەپووری هەوشار**/ د. محەمەد ڕەحیمیان ۴
**ڕوومەتی شاراوەی هەوشار لە خشتی مانایەکان‌دا**/ د. عەباس ئاغایی ٧
**شەهید**/ ئەحسەن ڕەشیدی ٨
**کورتە ئاوڕێک لە بەیتی «وەنەوش و بەڕەزا»**/ سەید عادڵ ئەحمەدی ٩
**وتارێک سەبارەت بە فۆلکلۆر و پەندی پێشینیانی...** / سیروان ڕۆستەمی ١٢
**ئوستوورەکانی کوردستان**/ حەیدەر لوتفی نیا ١۴
**لێکدانەوەی پێکهاتەی نەحوی گێڕانەوەی...** / جەلال پوورحەسەن ١٨
**ئەفسانە** (Fable)/ **د.** شەماڵ ئیسماعیل پوور ٢٣
**مار و هەژدیها لە ئەفسانە و ئوستوورەدا**/ کەریم ڕەحمانی ٢۴
**ئەفسانە و چیرۆکی کوردی**/ هاشم سەلیمی ٢٧
**ئەسعەد خودایاری**/ سولەیمان خودایاری ٣٣
**وتوویژ لەگەڵ مامۆستا ئەسعەد فەرەجیان**/ عەلی مەحموودی(ئاودێر) ٣۵
**مجێوری گۆڵێ**/ محەممەد نەسروڵلازادە ٣٧
**فۆلکلۆر؛ ساڵفێ (چیرۆک) ئەفسانێ پەرگوڵ وو کەپنەکسێ**/ نامدار جابری ٣٨
**شمشاڵ و مێژوو**/ کاوە داوەری کورد ۴٠
**سەفەری دڵۆپەکان**/ هاجەر هووشیار ۴١
**وێژەوانانی موکریان**/ سەید نووح عینایەتی(نەبەز) ۴٢
**دەنگێک، یادەوەری دروست دەکات**/ هۆمەر نووریاو ۴۴
**سابڵاغی جاران (چوونی سەرچاک و پیران)**/ پەروانە ئەحمەدێن ۴٨
**بەزاندنی لووتکەی مام قۆچاغ**/ حەسەن سینا ۵٠
**شاری جوانی بۆکان**/ محەممەد ئەحمەدیان ۵٢
**ئەسمەر چما نەهاتی / کەریم میکائیلی** ۵۴
**گاڵتە و گەپ**/ سەید مەحموود موکری ۵۶
**سلێمانیی جاران (سەرای سلێمانی)**/ ڕزگار خدر مستەفا ۶٠
**لیبڕالیزم**/ فایق دارتاش ۶٢
**ئەرماناو ئەوەوانایێوی هەڵە جە حوکمڕانیو...** / دکتۆر مودەڕیس سەعیدی ۶۴
**دوێ خەمێ پەی هەورامانی!**/ نیعمەت ڕەحمانی ۶۶
**دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە**/ گۆڤاری بەیان ۶٨
**پەروەردەی خۆبەڕێوەبەر و بەرهەم هێنەر...** / عابید حسەینی ٧٠
**نۆستالۆژیا لە سەردەمی کرۆنا**/ جەمشید شاموحەمەدی ٧١
**چەند بابەتێکی پەروەردەیی**/ مەریوان سەلاح حیلمی ٧٣
**شەڕی نێوان دایک و باوک و...** / یوسف عوسمان حەمەد ٧۴
**توندوتیژیی دایک وباوک بەرامبەر بە منداڵ**/ محەمەدساڵح پێندرۆیی ٧۵
**بیرکاری بە کوردی**/ عەباس جوامێری ٧۶
**چەند تاقیکردنەوەیەکی کیمیایی چێژبەخش**/ سعید ئەحمەد غفور ٧٧
**گرینگی زانستی بیرکاری لەژیانماندا...** / خەلیل خەڵەف عەبدول ٧٨
**زانستی فیزیا، زانستی ژیانە**/ علی محمود شاسوار ٧٩
**چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عبدوڵڵا**/ ڕزگارخدر مستەفا ٨٠
**ضرورت‌های‌تربیتِ معلمان آشنا به برنامه درسی چندفرهنگی...** / د. اسماعیل مصطفی‌زاده ٨٢
**فرهنگ ما هستیِ ماست**/ غیاث شفیعی ٨۴
**کارکرد شبکه‌های مجازی در معرفی فرهنگ و...** / اکبر فیضی ٨۶
**نگاهی به کتاب افسانه‌های کردان**/ د. اسماعیل شمس ٨٨
**کوردهای کورمانج هەوشار**/ واحد تیموری ٩٢
**هزارخورشید تابان**/ نسرین قاضی ٩۶

آدرس: مهاباد، میدان آرد، پاساژ بانک ملت، طبقه ٣
تلفن: اسماعیل مصطفی زاده
٠٩١۴١۶٨٣٢١١
Email: beyangovar@gmail. com

شماره کارت بانک ملی
(اسماعیل مصطفی‌زاده)

۶٠٣٧٩٩٧۴٧۴٣٠٨٧٨١

# سەروتار

## پێویستیی لاکردنەوە لە تایبەتمەندییەکانی

# هەوشار

خالد عومرانی ـ تیکاب



ـ هەوشار کە ناوچەیەکی پانوبەرینی لەخۆ گرتووە بە دوو پاژی هەوشاری سەروو بە ناوەندیی شاری «تیکاب»و هەوشاری خواروو بە ناوەندیی شاری «سایینقەڵا»دابەش کراوە. هەوشار یەکێک لە ناوچە کوردەوارییەکانە کە بە دایم دەورێکی سەرەکیی لە بوارگەلی جۆراجۆر گێراوە و پێویستیی ئاوڕدانەوە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ناوچە گرینگە، زۆرتر لە هەر کات و ساتێکیتر هەست دەکرێ. ئەگەرچی هەوشاری خواروو دیمەن و جوانی خۆی هەیە، بەڵام شار و ئاواییەکانی تیکاب زۆرتر ناویان بە هەوشار دەرکردووە. هەر بەم بۆنەوە لەم کورتە وتارە هەوڵ دراوە کە بە چەند خاڵی گرینگ سەبارت بە هەوشاری سەروو ئاماژە بکرێت.

١ـ زمان

ـ زمان تەنیا ئامرازێک نییە کە مرۆڤ بەهۆی ئەو لەگەڵ یەکتر پەیوەندی بگرن و بیروباوەڕی خۆیان پێ ئاڵوگۆڕ بکەن یان هەست و ئاواتەکانی خۆیانی پێ دەربڕن، بەڵکوو زمان بەڵگەی شوناسی هەر نەتەوەیەکە کە بوون و سەربەرزی بە ئینسان دەسەلمێنێ.

ـ زمانی کوردی وەکوو یەکێک لە ڕەسەنترین زمانە هیندوو ئوروپییەکان دێتە ئەژمار کە پێویستی بە کەلک وەرگرتن لە هیچ زمانێکی دیکە بەتایبەت زمانی فارسی یان عەرەبی نییە و قسەکردن بە زمانی دایک، نیشاندەری تێگەیشتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتییە.

ـ بەداخەوە لە ناوچەی هەوشار، بە هۆی نەبوونی ناوەندە فێرکارییەکانی زمانی کوردی، بەشێ لە شێوەزار و بنزاراوە ڕەسەنەکان کە لەم ناوچەیە بێژ دەکرێ لە مەترسی لەناوچوون دان. لە ناوچەی هەوشار چەند ئاوایی هەیە کە بە زاخۆرانی و موسڵانی ناویان دەرکردووە و ئاخافتنیان بە زمانێکی تایبەت بە خۆیانە کەوا دیارە لقێکی زمانی کرمانجییە، بەڵام بە تۆزێک جیاوازییەوە. زۆرینەی ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە پیرەپیاو و پیرەژنانن کە بەرەو پێشوازی لە ژیانی هەتایی دەڕون و زوانیش‌یان لەتەک خۆیان بە خاک دەسپێرن. بەداخەوە فرەیەک لە لاوانی زاخۆرانی و موسڵانی زمانی خۆیان گۆڕاوە و لەتەک منداڵەکانیان بە زمانێکیتر قسە دەکەن. ئەگەر بیرێک بۆ پاراستنی ئەم شێوەزارە ڕەسەنە نەکرێ و ئاورێک لەم تایبەتمەندییە نەدرێتەوە، تێداچوونی لە داهاتوو فرە دوور نییە.

٢ـ سروشت و پێشینەی شارستانییەت

ـ چیا و شاخ و کێوە بەرزەکانی هەوشار و ئاو و هەوای هەستبزوێنی ئەم ناوچەیە وێڕای ئەوە کە دیمەنێکی جوانی بە هەوشار بەخشیوە و بە گوڵ و گوڵزار ڕازاندوێتەوە، هەر لە کۆنەوە سەرنجی میر و پاشا و دەسەڵاتداران و حاکمانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە. ناوی هەوشار بە

پێ ساڵنامەی ئاشوری، لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆهەمی پێش‌زایین، «زاموئا»بووە. هێرشی پەیتاپەیتای ئاشورییەکان بەم ناوچەیە نیشاندەری گرینگی و هەبوونی پێشکەوت و ژیواری ئەم شوێنەیە. قەومە کەونارایییەکانی «لولوبی»و «گوتی»هەوەڵین نیشتەجێکانی هەوشار پێش چێ بوونی دەوڵەتی ماد لە سەدەی حەوتمی بەرلە زایین بوونە. هەوشار لە سەردەمی مادەکان کە ڕەچەڵەکی کوردەکان بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، ناوەندی گرینگی ئابووری و ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان بووە. ئەشکەوتی «کەرەفتوو»کە ئەشکەوتێکی دەسکردە لە شوێنەوارە بەجێماوەکانی دەوڵەتی مادە.

ـ لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکان، ئاسەوارگەلێ پەیدا بووە کە بۆ سەردەمی «هەخامەنشییەکان»دەگەڕێتەوە. هەروەها ئەم لێکۆڵینەوانە نیشان دەدەن کە ناوچەی هەوشار لە سەردەمی «ئەشکانییەکان»و «ساسانییەکان»ناوەندی گەشە و پەرەپێدانی شارستانیەت بووە. «قەڵای بەڵکیسا»لە سەر کێوی «دووهاچە»لە تەختی سلێمان دەڕوانێت، لە ئاسەواری سەردەمی «ساسانییەکان»ە. هەبوونی ئاورگەی «ئازەرگوشەسب»یەکێک لەو شوێنەوارە کەونانەیە کە فردۆسی بە جێگای گەورەپیاوان دەیناسێنێ و لە «شاهنامە»لە ژێر «نامەی ڕۆسەمی فەڕۆخزاد بۆ براکەی»ئاوا باسی لێدەکات:

ـ چو نامه بخوانی، خرد را مران/ بپرداز و برساز با مهتران

ـ همی تاز تا آذرآبادگان/ به جای بزرگان و آزادگان

ـ همیدون گله هرچه داری ز اسب/ ببر سوی گنجور آذرگشسب

ـ ئەگەر چی ئەوڕۆ ناوبانگی تیکاب و هەوشار زۆرتر بە هۆی «کۆمەڵەی باستانی تەختی سلێمان»ە، بەڵام سەدان شوێنەواری کەونارایی دیکە لە هەوشار هەن کە بە ناوی»ئاسەواری نەتەوەیی ئێران(آثار ملی ایران) تۆمار کراون. هەبوونی شوێنەوارە کەونارایی و مێژووییەکان لە ناوچەی هەوشار بەستێنێکی پڕبایخە بۆ پەرەپێدان بە پیشەی سەیران و گەشتیاری. گەشتیاری پیشەیەکی دوو جەمسەرییە کە دەتوانێ وێڕای بوژاندنەوەی ئابووری ئەم ناوچەیە، لە سەر پاراستنی ژینگەکانی هەوشاریش کاریگەری هەبێ. بەڵام بەداخەوە ئەم بەستێنە گرینگە لە لایەن کاربەدستانەوە وەلانراوە و تەواوی هێز و تواناکان بۆ دەرهێنان و هەڵکێشاندنی زێڕ و ئاڵتوون لە کانگاکانی «ئاغەرە»و «زەڕەشۆران»تەرخان کراوە و سروشت و ژینگەی هەوشار تەنیا بۆ بەرژەوەندی تاقمێک شێوەرد کراوە. پاراستنی ژینگەی ناوازەی هەوشار و پەرەپێدان بە پیشەی گەشتیاری یەکێک لەو تایبەتمەندیانەیە کە پێویستە لای لێ بکرێتەوە.

٣- دابونەریت

ـ بەردەوامی هەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەک لەپێناوە ڕێزگرتن، ڕاگرتن، پاراستن و پەرەپێدان بە بایەخە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانە. ئەگەر ڕەسم و یاساکان یان دابونەریتەکان لە کۆمەڵگا وە پشتگوێ بخرێ و زۆر بایەخیان پێنەدرێ، بەرەبەرە شوناسی نەتەوەیی یان قەومی لەناو دەچێ و ڕەوتی «توانەوە (ئاسیمیلاسیون) ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەهێزتر و بەرینتر دەبێ. کاتێ ڕەوتی توانەوە پەرەی سەند، نامۆیی و لەخۆ بێزار بوون، دەبێتە هۆی گلان لە ڕاستەڕێ و پەسەند کردنی دابونەریتی نەتەوەکانیتر. مرۆڤێ کە لە کورەی زمان و کەلتوری بیانی قاڵ بووە هەوڵ ئەدات لە کۆمەڵگا و نەتەوەی خۆی تەوەللا بێ.

ـ ناوچەی هەوشار وەکوو زۆربەی ناوچەکانیتری کوردەواری نەریتگەلێکی تایبەتبە خۆی بووە و پێشینیان بۆ پاراستنی بایەخەکان، تێکۆشان و نەسرەوتنێکی بێکۆتایان بووە. بەڵام جیل و بەرەی ئەوڕۆیی وێڕای بایەخ نەدان بە دابونەریتەکان، ئاوڕدانەوە لە ڕەسم و یاساکان بە مانای پاشکەوتووی دەزانن. لەحاڵێک دا ئەگەر سەبارەت بە وڵاتە پێشکەوتووەکان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەک لەمەڕ ڕوانگەی ئەوان لە بارەی پاراستن و پەرەپێدان بە دابونەریتەکانیان ئەنجام بدرێ، دەبینین کە لە پەنای تێکۆشان بۆ بوژانەوەی ئابووری، بایەخە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لە بیر نەبردۆتەوە و بۆ پەرەپێدان بە دابونەریتەکانیان، لە یاساونەریتی نەتەوەکانیتر کەلک وەردەگرن.

ـ بەداخەوە و سەد مەخابن، لە هەلومەرجی ئەوڕۆدا لە ناوچەی هەوشار بەشێ لە دابونەریتە نەتەوەیی و کۆنەکان کە سەرچاوەیان بۆ بیر و باوەڕە کەونارایییەکان دەگەڕێتەوە و زۆرتر ڕەنگ و بۆنی مێژوو و ئوستوورەییان پێوەیە وەلانراون و بە جارێک بزر کراون. یەکێک لەو نەریتانە، «کۆسە کۆسە»پێش هاتنی جێژنی کۆنی کوردەواری یان ساڵی تازەیە کە بە شێوازی شانۆیی ئەنجام دەدرا. بەڕێوە بردنی ڕۆژی «هەڵا یان شوکرگوزاری»کە لە ئینگلیزی (thankgiving day) پێی دەگوترێ یەکێک لە دابونەریتەکانی ناوچەی کوردەواری بەتایبەت هەوشارە کە دوای تەواو بوونی کاری مەزرا و مووچە بۆ ڕێز گرتن لە بەرهەم و پێداوەکانی سروشت و خوای میری مەزن، بەڕێوە دەچوو کە بەداخەوە پشتگوێ خراوە.

ـ جلوبەرگی هەوشارییەکان تایبەتمەندی خۆی بووە کە خەڵکی شوێنەکانیتر بە دیتنی ئەو جەلوبەرگانە دەیانزانی کە ئەو کەسە خەڵکی هەوشارە، بەڵام جلوبەرگی هەوشاری وەکوو زۆرینەی دابونەریتەکانیتر یا گۆڕدراوە یان بە جارێک لەناو چووە. دابونەریتەکانی هەوشار ئەوەندە زۆرن کە باس کردن لە سەر ئەوانە، وتارێکی جیاواز هەڵدەگرێ. مەبەست لەم باسەیش، شی کردنەوەی دابونەریتەکان نییە، بەڵکوو گرینگی بایەخدانە بە ڕەسم و دابە ڕەسەنەکان.

ـ لە دواهەمین وتە، پێویستە بێژم کە ڕاگرتن، ڕێز گرتن، پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایک، بە واتای دواکەوتن نییە، بەڵکوو بەستێنێکی هەرە مەزن و پیرۆزە بۆ پێشکەوتن لە بوارگەلی جۆراوجۆر.



د. محەمەد ڕەحیمیان ـ تیکاب

# کوانووی کەلەپووری هەوشار

## (ڕێزنامەی میرزا حوسەین فەقیهی گەزەردەرە)

میلان کۆندرا لە ڕۆمانی «هەرماندا»ئەیژێ: «چیان لێ بەسەر دێ ئەو بلیمەتانەی کە لە سەردەمێکی ناکۆکدا لە دایک دەبن، کە چی بۆ ئەو کات و ساتە و بۆ ئەو دەورانە نەخوڵقاون».

کەسی زۆرمان لە مەڵبەندی کوردەواریدا پێ شک تێ کە بەهۆی چەپگەردی گەردوون، هەر یەک بە تەورێ بەر سزای گەردوون دەکەون و دەوران دەوری وان نییە و زەمانە پیریان دەکات و لەبیریان دەبات. بەو شێوە کە ئەشێ بپشکوێن و بالا بکەن، هەلیان بۆ نارەخسێ. کەسی وا هەیە کە ئەگەر دەور دەوری خۆی بایە و لە کاتی خۆیدا سەری هەڵدایە، بگرە نووسەر و پسپۆڕ یان شاعیر یان هەڵکەوتەیەک بایە لە هەڵکەوتەکان.

مامۆستا میرزا حوسەین فەقیهی (لالە حوسەین) لە دایک بووی ١٣١٤ی هەتاوی لە ئاوایی گەزەردەرەی هەوشار سەر بە شاری تیکاب، کوڕی گەورەی مەلا میرزا ئەحمەد کوڕی خەلیفە ئەڵماس[١](کە لە سەردەمی خۆیدا وەک کەسایەتییەکی ئەدیب و شاعیر، بەناوبانگ بوە)، کوڕی مەلا موستەفا کوڕی مەلاعەبدولکەریم. میرزا حوسەین بە میرمنداڵی و لاویەتی لە خزمەت باوکی بەڕێزی و هەر وەها مەلا و ئەدیب و خوێنەوار و کەسایەتییە هەڵکەوتەکانی ناوچەدا پەروەردە دەبێت. بەم چەشنە گیانی تینووی بە مەعریفەی ئایینی و زانست و ئەدەب تێراو دەکات. بە وتەی خۆی،هەر لەو سەردەمەوە حەز بە خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی ئەکات. کەڵکەڵەی ئەوە ئەکەوێتە گیانی کە خۆی وتەنی کوردی نووس و کوردی خوێن وێت. مامۆستا کە بە ماوەی سی ساڵ (١٣٧٥- ١٣٤٥ هەتاوی) بەرنوێژی و مەلایەتی ئاوایی گەزەردەرە ئەگرێتە گەردن، لە فێرکاری و ئامۆژگاری و وانەوتنەوەوە بگرە تا شایی و شیوەن بە دەم خەڵکەوە بوە و وەکوو ئەرکێکی پیرۆز ڕوانیویەتە ئەم بابەتەوە. لە لای خەڵکی وا باوە دەڵێن «لالە حوسەین لە شاییا ئەچێتە داواکاری، دەس وەوی ئەنێتە ناو دەس زاوا، سەرچۆپیەکە ئەگرێت و زەماونەکە ئەگەڕێنێ و کارێک بۆ خاون زەماون نامێنێ. لە شیوەنا مردیەکە ئەشۆرێ، تەڵقینی دائەدا و وە



خاکی ئەسپێرێ و ئەیلاوێنێت و هیچ کارێک بۆ خاون مردی نامێنێ».

لالە حوسەین بە دڵێکی حەسرەتوارەوە هەست بە کەمایەسی و ملکەچی گەل و نیشتمانی خۆی دەکات، خەمی نەتەوە و گەلەکەی گەشە و گرشانەوەی کوردەواری ئۆقرەی لێ دەبڕێ. بۆیە مەعریفەی حوجرە دەگوزێتەوە بەرهێوانی مەعریفەی کوردی و لە دیواخانی فۆلکلۆری کوردیدا بە دوای پێکهێنانەوەی ماڵی کوردەواری و دۆزینەوەی سیمای کوردی دەکەوێت. بە خاکەسارییەکی سوقراتیەوە بەرۆەک بە لاوەکان ئەگرێت و ئەپرسێت: «کوردی خوێن کوردی نووسی یان نا؟ ئەزانی کورد کییە و کەلەپووری کوردی چییە؟ مێژوو ئەزانی یان نا؟»بە ورووژاندەوەی ئەم پرسیارانەوە بێوچان لە هەوڵی ڕوونکردنەوەی واقیعی مێژوو و ڕەواندنەوەی ئەو تەمە زەخت و زاڵە بوە کە ڕەنگی کوردی پێی بزرکاوە و دەنگی کوردی پێی داخراوە. بۆیە لەهیچ دیوانخانێک دانەنیشتوە کە باسی کوردی لێ نەبێت و لە بەر هیچ پاڵپشتێک پاڵی نەداوەتەوە کە پشتی کوردی پێی گەرم نەوێت. لە هێچ باخێک نەحەساوەتەوە کە بولبولی کوردی لێی نەخوێندبێت و لە سێبەر هێچ دارێک وچانی نەداوە کە واشەی کوردی لێێ نەنیشتبێت. لەهیچ شاخێک وە سەر نەکەوتوە کە بەرجەوەنی کوردی لێوەی دیار نەبێت. لە هیچ شەونشینیەک ڕۆنەنیشتیە کە

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە گۆڤاری: هوخت، ١٣٤٩، سال بیستم، شماره ٥، صدیق صفیزاده (بورهکهیی)، خلیفه الماس گزردرئی، ص: ٥٤.

هەروەها بڕوانە: سدیق، بۆرەکەیی(سەفیزادە). مێژووی وێژەی کوردی، هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٨

هەواڵنامەی کتێب

قسەی کوردی دانەمەزراندبێت و نەقڵ و حەقایەتی کوردی نەکردبێتە شەوچەلەی شەوگارە درێژەکانی پاییز. لە هیچ ماتەمینەیەک بەشداری نەکردوە کە کوردی نەلاواندبێتەوە. نەچوەسە سەرچۆپی هیچ زەماوندێک کە بە گۆرانی و ڕەشبەڵەک عەرزی پێ نەلەرزی بێت. بەم چەشنە دایم و دەرهەم بە خەمخۆریەوە خەڵکی بەرەو خوێندن و زانست هان داوە و لەم تەمەنە هەشتاو پێنج ساڵەیەیدا کچ و کوڕی کوردی بۆ خوێندنەوە و خۆناسینەوە دنە داوە و لە زانایی و لێکەوتەیی منالی کورد هەڵبەستی هۆنیوەتەوە. زێرینەپرستەی قسەکانی هەر ئەم دێڕە بوە کە: «منالی کورد ئاوایە و منالی کورد وای کردیە و وای وتییە». مەبەستیشی لە ئەم وتەیە ئەوە بوە کە مێژووی کورد بخاتە سەر زاران و بڵێت کە ئەم کوردە ناوبزرکاوە، ناوی لەنێو ناواندا بوە و ئاوا بێدەستە و دەسەلات نەبوە. ڕەنگە دووپاتەکراوەترین وتەی سەر زاریی هەر ئەمە بێ کە دایمە ئێژێتی: «کەس نەووە بمانناسێنێ و نەناسمان فرەس».

مەیلی ناسینەوەی ڕوومەت و ڕۆحی کوردی، مەیلێکە بەرەو مەعریفە و هەرمان. ئەو مەیلە ناسک و نازدارە کە لە دڵێکی حەسرەتوارەوە هەڵئەقوڵێ، «لالە حوسەین» ئەکاتە ئەودالی ڕێگای خۆشەویستی. «مەژلووم»ئاسا، عاسای ئەودالی بەدەس ئەگری و کەشکۆڵی دەورێشی ئەکاتە شانی بۆ گەیشتن بە «لەیل»ی کوردی. بە ڕەزای گەردوون، گەنجی خۆشی وەجێ تێڵێ و بەوێنەی «بەڕەزا»هەڵوەدای ڕێی تەمەننای «وەنەوشە»ی کوردی ئەوێت. شار بە شار و ناوچە بە ناوچە ڕێگا دەبڕێ و ئەچێتە خزمەت شاعیر و نووسەر و زانا و بلیمەتانی سەردەم وەکوو مەلا محەمەدی ڕەبیعی، مەلا عەبدوڵا ئەحمەدیان، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، محەمەد قازی، ئەحمەد قازی، مامۆستا حەقیقی، مامۆستا ئاسۆ، مارف ئاغایی و زۆر کەسی دیکە بەڵکوو دڵی نەسرەوتە و دەردەداری کوردایەتی پێ تێمار کات و ئاگری ئەوینی پێ دامرکێنێ. هەر کوڕ و کۆبوونەوەیەکی کوردی بەرێوە دەچێت خۆی پێ ئەگەیەنێت و دڵی پێ ئەبووژێنێتەوە. هەر گۆڤارێکی کوردی بڵاو دەبێتەوە، پاسەبانی لێ دەکات و ئەیکات بە ئەرشیڤ، بە شێوەیەک کە ئێستاکە ئەرشیڤێکی تێر و تەسەل و دەوڵەمەندی لە گۆڤاری «سروە»، «ئاوێنە»، «ڕامان»، «شی و زۆربەی بڵاڤۆکە کوردیەکان پێکهێناوە. قسەی سەر و بن زاری ئەوەیە کە «ئەشێ نەیێڵین کەلەپوورەکەمان بڕاکێت».

لە کاتی قسە و باسدا بۆ هەر وتەیەکی فاکت و بەڵگەیەک لە گەورە پیاوان و لەو کتێبانەی کە خوێندویەتی دەهێنێتەوە: لە هەژار و مەلامستەفا و حوزنی مۆکریانی و علائەدین سەجادییەوە بگرە تا سەعدی و مۆعین و دێهخودا. زاری دایمە بە شێعری نالی و وەفایی و هێمن و بەیت و باو و گۆرانی ڕەسەنی هەوشار ڕازاوەتەوە:

تەخت توێڵەکـەی وەک مانگ لە بەیان
شۆڵهی لێم کێشـا، شەوەق لێم دەمان
گرتی سـەرچۆپی وە دەشـان دەشان
گۆشـەی دەسـماڵۆ بۆ کێ ئەوەشان؟
شـەوارم شـەق کـرد تەپڵـم دا لە کۆ
چـەن تەقـالام دا نەگەییـم وە تـۆ
ئـەو وادە تـۆ داو من شـەو نەخەفتم
هاتمـە سـەر وادە و دزەڵـدز کەفتم

شەو و ڕۆژ و کات و ساتە سۆزمەندەکانی بە گۆرانی و کەلیمەی خۆش تاماندوە و خۆی پێ حەساندووتەوە.

دەنگم دەرنایە بۆ کەلیمەی خۆش کێفەل بسووتێ، بەحریێل بێتە جۆش

دەڵێت: «منال کورد ریازی باش زانییە. تماشاکەن بزانن چۆن ئەم کەلیمەیلیە خستەیەسە یەک»:

وە سـولتان بالـغ مـاڵ لـە نسـارە
کوشـتەی ئـەو خاڵـە هـەژدە هـەزارە
شەشـی کوژیاگە، شەشـی زامـدارە
شەشـی وە سـەرگەرد ئەو سەروێن لارە
سـیودوو دیانەکـەی تـەلای ئەڵـەدۆش
دوو دە و هەفت و پەنج. شەیدای شەڕ فرۆش

هەرچی گۆرانی لە دەنگبێژ و دەنگخۆشی هەوشاری بیستییە و هەستی پێ هەڵخرینگاوەتەوە، لە چەند دەفتەردا کۆی کردوە و کردوویە بە بەیازی باڵی مێژووی هونەر و جوانیناسی هەوشار. هۆگری خۆی بۆ گۆرانی و فۆلکلۆر دەباتەوە سەر کتێبەکەی محەمەد موکری١ و دەگێرێتەوە کە: «وەختێ کتاوەکەی دوکتور محەمەد موکریم خوێنەوە وە خۆمم وت کاواریەک کە سەفیری ئێران بوە لە رووسیاتا، بایەخی وە گۆرانی داگە من چۆن بایەخی پێ نەدەم هەر ئەم کتاوە بوە باییس ئەوە کە گۆرانیەکانم کۆ کردەوە». لالە حوسەین سەرەڕای کۆ کردنەوەی گۆرانیەکان بە گشتی، بە شێوەی تایبەتی گۆرانیەکان کەسێک بە ناو مام ڕەحمان داشبلاغی کۆ کردیەسەوە کە لە مەڵبەندی هەوشاردا کەسێکی نەقاڵ بوە و بە وتەی میرزا حوسەین چیرۆکی شیرین و فەرهاد و ڕۆسەم و زۆراو و مێعراجنامە و بەیت و کەلیمەی زۆری بە دەنگ و ڕاوێژێکی خۆشەوە چریوە. دیسان بە وتەی خۆی بە خوێندنەوەی ئاسەواری «ئەبولقاسم نەجوا)»٢ سەبارەت بە «فەرهەنگ عامیانە»، لە سهنگ و بایەخی کەلەپووری خۆماڵی و فەرهەنگی زارەکی تێگەیشتوە.

ئەگەر تێگەیشتوو و هۆگرێکی زوان و ئەدەب یان هەر دۆست و ناسیاو یان نەناسیاوێک سەردانی بکات، بە دڵێکی فراوانەوە وەری ئەگرێت و دەڵێت: «وە خێر بیت لالە گیان، سەربەرزمتان کردیە. دار ئەگەر پیر وێت باز ئەنیشێتە بانی».

مامۆستا فەقیهی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی پێکهێناوە کە زۆربەی کتێبەکانی باسی مێژوو و ئەدەب و دەفتەر و دیوانی شاعیر و نووسەری کوردە و خاڵێکی سەرنجڕاکێشی ئەم کتێبخانەیە ئەوەیە کە زۆربەی

---

١. بروانە: مکری، محمد، گورانی یاترانەهای کردی، تهران: کتابخانە دانش، ١٣٢٩

٢. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم ئاسەوارە بروانە: خدایی نیا، مهین، فرهنگ عامە، پژوهشهای ادبی و مردم شناسی سید ابوالقاسم انجوی شیرازی(نجوا)، تهران، فروزان روز، ١٣٨١

کتێبەکان مژار و پیشکەشی نووسەرکانیانی لە سەرە.

خاڵی هەرە گرینگی ژیانی هزری و فکری میرزا حوسەیەن کە لە سەرەتای وتارەکەدا بە شارستەی «گوێزانەوە لە حوجرەوە بۆ بەرهەیوانی کوردی»ئاماژەم پێدا، ئەوەیە کە عەقڵانییەتی ئایینی بە عەقڵانییەتی نەتەوەیی رەنگاندەوە و فەقاهەتی بە داب و نەریتی کوردی گرێ داوە و بە شێوازێکی کرداری و بە بوێرییەوە، هیچ داب و دەستوورێک و هیچ نەریتێکی باوی کوردەواری بە ناشەرعی نەزانیوە و هەر هەڵس و کەوتێکی تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتی کە مۆرگی نەتەوەیی پێوە بوە، داکۆکی لە سەری کردیە و رەواجی پێداوە و زۆرتر باوەڕی بە ئایینێکی نەتەوەیی بوە.

بە گشتی با بڵێین میرزا حوسەیەن لەو کەسانەیە کە توانیویەتی «هایدگێر»کوتەنی «عالەم» ێک بۆ خۆی پێک بێنێت. عالەمێک کە «بوون»ی مرۆڤ لەوێدا ئەدرۆشێتەوە. کەسەکان لەم عالەمەدا خۆیان ئەنوێنن و جیهان ئەدوێنن. لە خۆیان تێ ئەگەیێن و خۆیان ئەبینن. مەرجی تێگەیشتن لە رەنجەکان و خۆشی و ناخۆشیەکانی ‹هەبوون›، گێرانەوە و وتنەوەی ئەو عالەمەیە. عالەمێک کە بە زمان و لە زماندا ساز ئەبێت و بە زمان ئەگێردرێتەوە. ئەوانەی لە عالەم بێوەرین، خۆیان ناژین و جیهانیان نییە. ‹لالە› سیمای خۆی لە عالەمێک کە بە جەوهەری کورد و کەلەپووری پێکهاتوە ئەبینێت، بۆیە شاد و پڕ سەمەر و «بەختیار عەلی»وتەنی لە دەرەوەی کاتدا ئەژێت. ١ زیانێک کە لە پێناو کۆکردنەوەی چل و پێنج بابەت سەبارەت بە کەلەپووری کوردەواری چوەتە سەر و وەکوو عالەمێکی «هایدیگێری› بووژاوەتەوە.

بابەتگەلێک کە بریتین لە: گۆرانییەکانی ناوچەی هەوشار/ژنهێنان/خواردەمەنییەکان/ شەوچرای دیوەخان/ کشت و کاڵی خۆماڵی/ ئاژەڵداری ڕابردوو/ ئاوایی ئێمە گەزەردەرەی هەوشار یان حەوت شار/ شەوگاری پاییز / دیوانی مام رەحمان / عەزیز و کوبرا / زەردەهەنگ / هەم ژن و هەم ژان / خانخانی و دەرەبەگی / قسەی خۆش ون نەبێ باشە/ وتە زێڕینەکانی باوک و باوەپیارەکانمان/ تۆبە دادان / باوەڕەکان / نانی تەویر / پرسە و سەرەخۆشی / کەکرە جاڕ / وتوووتەی کۆن و تازە / پێناسی پەرتووک / یارییە لە بیرەوەچووەکان / نامەکان سروە / لە هەر ماڵێ هەواڵێ / بەمانە ئەوانە بڵێن / نامە کۆنەکان / گەلەڕاوێژی / وتەی دەوری تەنوور و کوانوو / بەیت و وتەی پرش و بڵاو/ وتەی جۆراوجۆر/ گروگاڵی خۆم / وتەی ناو خەڵکی / یان تۆ یان هیچ کەس(وەرگێرانی دیوانە شێعرێکی مریەم حەیدەرزادە/ بۆ پێکەنین / سم سم کەرە و چنگ چنگ یاسێ/ ژن بە ژن یان گەورە بە بچووک / بەهارە واژووڕ / هەڵبەستی پرش و بڵاو / شەڕ و تاڵان / کارە دەستییەکانی پیاوانە/ کارە دەستییەکانی ژنانە / تتواف یان سەرشەخسی/ فەرهەنگی وشەی ڕەسەنی کوردی سروە.

---

١. بروانە: بەختیار عەلی، کەشتی فریشتەکان، سلێمانی: ئەندێشە، ٢٠١٧.



**محێدین دوستی (ڕزگار) ـ تیکاب**

کـۆنە شـــاری مێژووە شاری تیکاب
شوێنـــەوارێکی زووە شاری تیکاب

بست بە بستی خـــاکی زێڕە،داخەکەم
خۆی کە لێی بێ بەش بووە شاری تیکاب

زامی ســـوورڕوساتی هەر دەکولێتەوە
جەستـــەییکی ماندووە شاری تیکاب

بۆ وە دی هێنـــانی مافی ئەم گەلە
خوێنی ســووری ڕشتووە شاری تیکاب

خەونی چەندین پادشـــای خستوتە گۆڕ
تەرمی وانی ناشتـــووە شاری تیکاب

هەرکە لێی دوور دەبمەوە دڵتەنگ ئەبم
چون دڵم پێی بەستـــووە شاری تیکاب

چـاوەڕێی ئەو ڕۆژەمە «ڕزگار»بێ
تا بووە هەر کـــورد بووە شاری تیکاب

***

ســەبرکە تا هـــەتاو دەردێ لە ئاسـۆ
دەبـا پڕ بێ لە شـینکەو گـوڵ کەژوکۆ

هەتـا بێـت و بەهـــار کانـی بتوقـێ
دڵـی زامـــداری خاکیـش بێتەوە سـۆ

هەتـا ئاواتـێ من غونچەی دەپشـکوێ
لـە سـینەت پێ بگـــەن نارنج و لیمۆ

بمێنـە تاکـــوو باڵندەی خـــەیاڵم
بـە هیـوای هەڵفریـن دەرکا پـەڕ و پۆ

ســـەبرکە تا سنـــوور دەبـڕن هەڤاڵان
بسـێنن مافی کــورد ئەمجـار بە واژۆ

هەتا«ڕزگار»ی من هەر وا بە تاسـەم
ژیان خۆشـــە، بە ئـازادی، لە گەڵ تۆ



# ڕوومەتی شاراوەی هەوشار
# لە خشتی ماناییەکان‌دا

د. عەباس ئاغایی ـ تیکاب

«ئیزیرتوو»وشەیەکە کە دەمانباتەوە بۆ ٩٠٠ ساڵ بەر لەزایین. تەنانەت بەر لەوەی دیاکۆ ئیرادەی ئەوەی کردبێ کە کوردەکان دژ بە ئاشوور یەک بخاتەوە. ئیزیرتوو نزیک بە دووسەت ساڵ ناوەندی دەسەڵاتی مانایییەکان بووە کە بەشی باشووری گۆمی ورمێ واتا ناوچەکانی «موکریان»، «هەوشار»، «هەوەتوو»و «گەرووس»ی لە خۆ گرتووە. بە پێی ئاماژەی هەندێ سەرچاوە لە باشوورەوە تا نزیکەی کرماشانی ئەوڕۆکانێ، بەرەو ڕۆژهەڵات بەشێکی زۆر لە ناوچەی «ئاتورپاتاکان»، بەرەو باکوور دراوسێی دەسەڵاتی «ئورارتوور»بووە و هەر وەها لە لای ڕۆژئاواوە پاڵی دابووە بە دەسەڵاتی ئاشوورەوە. وێڕای ئەوەی کە ئەم دەسەڵاتە بەشێکی گرنگ لە مێژووی ناوچەکەیە، خاوەنی خاڵێکە کە کەمتر خوێنەرێکی مێژوو سرنجی داوە، ئەویش ئەوەیە کە هاوکات کەوتبووە نێوان زلهێزانی سەردەمی خۆی، بە هزرێکی سیاسییەوە توانی بووی لانی‌کەم لە مەودای دوو سەدە دەسەڵاتداری، هاوسەنگی نێوان دراوسێکانی خۆی وەکوو ئیلام و کاسی و ئورارتوور و بەتایبەت ئاشوور ڕابگرێ و لە دەرفەتەکان‌دا قەبارەی دەسەڵاتی خۆی بەرفراوانتر بکا. هەرچەند لە ئاکام‌دا ڕووخانی بەسەردا سەپێندرا و نەوەی دوای دەسەڵاتە مەزنەکە هەندێ جار پاڵیان دا بە دەسەڵاتی ئاشوورەوە، بەڵام هەر ئەو ڕاهێنان و سیاسەتەی کە لە ئیزیرتوو بناخەی چاندبوو، بوو بە گەورەترین پاڵپشتی دیاکۆ بۆ بناخەدانانی دەسەڵاتی مادەکان.

تاکوو ساڵی ١٩٨٥ی زایینی، زانیارییەکان سەبارەت بە دەسەڵاتی مانایییەکان زۆر کەم و دەگمەن بوو و جگە لە چەن وشە لە سەر خشتە نووسراوەکانی سەردەمی ئاشوور و ئاماژەکانی دیاکۆنۆف، شتێکی زۆرتر لە بەردەست‌دا نەبوو. لەو ساڵەدا و بە پێی تۆێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئاسەوارناسان لە مەودای حەوت کیلۆمتری شاری بۆکان، شوێنێک کەوتوەتە بەرچاو کە ئێستاکە بە قەڵایچی (واتا قەڵاچێ یان شوێنی قەڵا) بەناوبانگە. لەو کاتەدا لاپەڕەی چەرخەکانی حەوت بۆ نۆی پێش لەزایین لە ناوچەی باشووری گۆمی ورمێ، تۆزیان تەکیا و تا ڕادەیەکی زۆر تەمی سەر ڕوومەتیان ڕەویاوە. لە قەڵایچی هەندێ خشتی بۆیەکراو و خەملێندراو دۆزراوەتەوە کە بریتین لە وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ و خودا، [ڕەنگە خالدی یا هدادی لە خودایانی مانایییەکان بوون] گوڵ و گیا. ئەم خشتە بەڕەنگانە دەسەلمێنن کە مرۆڤی ئەو سەردەمە لە بابەتی دروست کردنی کاشی و ڕەنگ کردن چەن لێزان بوونە کە لە دوای سێ هەزار ساڵ ئەو دەستکردانە تا ڕادەیەکی زۆر شێوە و کوالیتی خۆیان ڕاگرتووە. هەروەها بێجگە لە شوێنەواری قەڵاکە، لە قەڵایچی کوچکێک دۆزراوەتەوە کە بە ڕێنووسی ئارامی هەندێ سەرچاوە باس لە سەربەخۆیی ڕێنووسەکە دەکەن نووسراوەیەکی لێیە کە باس‌وخواس لە سەر مانایییەکان قووڵتر دەکاتەوە. وەرگێڕاوی نوسراوەی سەر کوچکەکە بەم جۆرەیە:



«ئەو کەسەی کە ئەم کوچکە یادگارییە لە ناو بەرێ لە شەڕ یا خۆ لە ئاشتی‌دا، ئەوەی نەهامەتی لە ڕووی زەوی‌دا هەیە، خودا بەسەری‌دا بیارێنێ. نەفرەتی خوداکانی لێ بێ. نەفرەتی خالدی کە لە زعتر جێگیرە، لێی بێ. زعتر؟ وای لێ بێ کە حەوت مانگا بە گوێرەکەیەک شیر بدەن و تێر نەبێ. وای لێ بێ کە حەوت ژن لە تەنوورێک‌دا نان بکەن و پڕ نەبێ. وای لێ بێ کە دووکەڵی ئاگر و دەنگی ئاش لە وڵاتەکەی‌دا نەمێنێ. وای لێ بێ کە خاکەکەی ببێتە شۆرەکات و وای لێکا لە گیا تاڵەکان ژاراویتر بێ. هەر پادشایەک لە سەر ئەم کوچکە (شتێک بنووسێ) وای لێ بێ کە هداد و خالدی دەسەڵاتی لە ناو بەرن. وای لێ بێ کە هداد لە وڵاتەکەی‌دا هەورەبرووسکە نەخولقێنێ. وای لێ بێ و...»

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە چۆن دەتوانین ئاسەواری نوێ لەسەر ئەم ژیوارە کۆنە بدۆزینەوە؟ چ ئامێر و بەربژێرێک دەتوانێ یارمەتی ئاسەوارناسان و مێژووناسان بدات بۆ لکاندنی بەشەکانی‌تری مێژووی پەیوەندیدار بەم دەسەڵاتەوە؟ بەش بە حاڵی خۆم پەنا دەبەمە بەر بارەگای وشە کۆنەکان و ناوە ڕەسەنەکان. سەرەڕای گۆڕانکارییە سروشتی و دەستکردەکان، هەندێ لە وشەکان بە دڵنیایەوە هەڵگری مێژوویەکی نهێنین. گەر سرنجی وشەی ئیزیرتوو وەکوو پێتەختی مانا و هەروەها زیکرتوو کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بووە بدەین، هەندێ وشەی هاوشێوەی دیکەی لە ناوچەکەدا دەدۆزینەوە کە ناچنەوە سەر ناوەکانی دیکە. بۆ وێنە ناوی چەن پارچە ئاوایی وەکوو «قەپلانتوو»و «سەڵتەکەڵتوو»، ناوی شوێنەوارێکی مێژوویی وەکو «کەرەفتوو»و هەروەها ناوی ناوچەیەکی بەربڵاو وەکوو «هەوەتوو».

زۆرم هەوڵدا بەتایبەت لە سەر مێژووی کەرەفتوو و هەوەتوو، شتێکی تایبەت بدۆزمەوە کە بیسەلمێنێ سەر بە چ دەسەڵاتێکی تایبەت بوونە، کە بەداخەوە شتێکی وام دەست نەکەوت.

ئەمە بێجگە لە واتا نەرێنییەکەی، باسی بابەتێکی ئەرێنیشمان بۆ دەکات کە بگرە شوێنەوارێکی ئاوەها کۆن و پتەو وەکوو ئەشکەوتی کەرەفتوو بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی مانایییەکان. لە وشەکانی سەردەمی ژیواری ئیزیرتوو وشەیەکی‌تر بەدەستمان گەیشتووە بە ناوی «هاچە»بە واتای بەرزایی، کە ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە بەرزترین شوێنی ناوچەی هەوشار و بگرە بەرزترین شوێنی دەسەڵاتی مانایییەکان کە دەبێتە کێوی دووهاچە (بڵقەیس یان بەڵکیسە) و قەڵای دووهاچە کە شوێنەوارەکەی تا ڕادەیەک ماوەتەوە.

لێکۆڵینەوە لە سەر ئاوەها بابەتێک، ئەگەری ئەوەی هەیە دەرگای مێژوویەکی نوێ بە سەر ناوچەی هەوشار بەو هەموو پرسیارە بێ‌وەڵامەکان بکاتەوە. ئایا «زیندانی دێو»لە بەر دێوەکانی سەردەمی حەزرەتی سولەیمانی عبری ناو نراوە یان لەبەر ناوی خودای «دێوە»کە پێش دەسەڵاتی مانایییەکان بڕەوی هەبووە و لە شانامەی کوردی و فارسیش‌دا ڕۆسەم کە نوێنەری بڕوای نوێی سەردەمی خۆیەتی، بەردەوام لەگەڵ دێو وەکوو هێمای خودایانی پێشوو شەڕیەتی؟

ئایا تەختی سولەیمان بەڕاست تەختی سولەیمان بووە یا تەختی ساسان یا خۆ کەسێکی دی؟ دەکرێ دەسەڵاتێکی وەکووماننا لەسەر مێژووی هەوشار کاریگەر نەبووبێ؟

هەر بەو شێوە کە لە هەندێ سەرچاوەکان ئاماژە بەوە کراوە کە مێژووی قەڵای زێویە و حەسەنلوو، دەگەڕێتەوە سەردەمی مانایییەکان و هەروەها بەپێی سەرچاوە ئاشووریەکان، ئاماژە بە ناوچەیەک بە ناوی مسی لە ژێر دەسەڵاتی مانایییەکان کراوە کە کارناسان باس لەوەی دەکەن کە مسی ناوچەی تیکاب و بیجاڕ و دیواندەرەی گرتووەتەوە. ئەگەری زۆرە کە بەشێکی زۆر لە نهێنی‌ییەکانی ناوچەی هەوشار لە لای مانایییەکان بەجێ مابێ.

ئەحسەن ڕەشیدی - پاوە

# شەهید



جارێوەتەر وێم مدەو زەردەخەنەیتەر
بوو بە شاخو
چەنەم ویەری
هەتا نەبیەی سکەڵ
نەزانام
گیانت چن گەرما
هەتا نەبیەی شۆڕەبی
نەزانام
سێوەرت چن نەرما
بیرەوەریت نەگراونام
نەزانام
چ ڕۆخانێوە بیەیتەنە مدران
وێم مدەو دەساتەرە
پاسە مزانو
ڕێوازو سەرکەوتەیا
قامەتی سەوزیتەرە
تا بوەوو وەهاری گیرو
ئاخستانا دڵو من
ئێشەو مەزانی
چ سروودێو خەزانا
چننە پاییزێ مێمانێنێو
پەی مەرگوو تۆ
شیوەن کەرا
خۆزگە دیسان
سەنگەر بیایۆ دەسگیرانەت
خۆزگە چیا بیایاوە پشتیوانت
وێم مدەو ناڵەیتەرە برام
با خەبات بۆ بە دڵدار
زەمین کرێوەن
مەگەر ئامایت
سەهۆڵ مارۆ
مەگەر ئامایت
بۆ بە مێژوو عەداڵەتی
ساڵهان،
تابلۆ تابلۆ
خۆڕەمی وارانی کێشمێ
بێ ئانەیە تەڕێ بیمێ
قۆزی مانگە شەوێ مارمێ
بێ ئانەیە
شەوەزەنگەنە فریای بیمێ
ساڵهان
شەماڵ گلێران
ساڵهان
باغەوان هەڵقەرێزەش نەزریاینۆ
بەشکەم چەمەڕوانیش
مریۆ
چی ڕوانە
دەسوو شەماڵیش پەوە دریۆ



## کورتە ئاوڕێک لە بەیتی

# «وەنەوش و بەڕەزا»

## وێژراوەی مەحموو باوەئاغە (هەوشار)

سەید عادڵ ئەحمەدی- تیکاب

بەڕەزا کوڕی خانی گەورەی ناوچەی «هەردەوێڵ» لەخەوندا عاشقی وەنەوشە کچی خانی گەوری ناوچەی شارەزور دەبێت. ١ و پێکەوە ئەنگوستیلەکانیان دەگۆڕنەوە. بەیانی کە لەخەو ڕادەپەڕێ، خەونەکەی دێتەوە بیرو چاو لە قامکی خۆی دەکا، دەبینێ کە بەڕاستی ئەمە ئەنگوستیلەی وەنەوشەیە لە دەستی دا، زۆری پێ سەیر وعەجیب دەبێت کە چلون لەخەودا شت ئاڵو گۆڕ دەبێت. ناچار دەڕوا خەوەکەی بۆ بابی دەگێڕێتەوە، تابزانێ بابی لەم بارەوە چی دەزانێ؟بابێ دەڵێ ڕۆڵەگیان پەرییان وجندۆکان هەموکارێک بۆخۆشی خۆیان بە سەرئینسان دا دێنن، مەردی خودابە بیری لێ مەکەوە وپاش ماوەیێک ئەنگوستیلەی خۆتت بۆ دێننەوە. بەڕەزا هەمو کات وسات دڵی لای وەنەوشەیە وهەرچی دەکا دڵی ئۆقرە ناگرێ. ئاگری ئەوین لەگیانی بەربووە. باوکی دەزانێ کە کوڕەکەی عاشق وموبتەلا بووە، زۆری نەسیحەت دەکا دەڵێ تۆ تازە پێ گەیشتووی، تۆزێ سەبر بگرە، باشتروجوانتر لە وەنەوشەت بۆ دێنم. بۆخۆت دەزانی کە تەوای عیلات وخێڵات منەت دەبن کە من داوای کچیان لێ بکەم. تەوای کچە جوانەکانی ناوچەی دەسەڵاتی خۆمانت بۆ کۆ دەکەمەوە تاتۆ باشترین یان بۆ خۆت هەڵبژێری، ئیدی بۆچی نگەرانی ڕۆڵەگیان. قەد بیر لەو خەوە مەکەوە، هەرچەندی ئامۆژگاری دەکات، دڵی بەڕەزای جحێڵ هەرلەسەرکەیف وحاڵی خۆیە وبە گوێ ناگرێ. هەردەڵێ بابە من دەبێ حەتمەن بڕۆم ساحێبی ئەم کلکەوانە پەیداکەم. ناچار باوکی لێی توڕە دەبێ ودوعای لێ دەکا ودەڵێ ئیدی تۆ عاقی ولەوەبەدواوە کوڕی من نیت. بەڕەزا دڵتەنگ وتەنیا بە پای پیادە دەشت دەگرێتەبەرو لەماڵ دەردەچێ. تەواوی شارودێ ئەو دەمی ئێران دەگەڕێ ونایبینێتەوە. وەکو ڕەجاڵ یەک ساڵ ونیو بە دوی وەنەوشەدا دەگەڕێ، ئیدی هیچ شێوەوڕەنگی کوڕەخان وبەرگی جوانی لانەماوە، ئێستە کوڕەشوانێک زۆرلەو جوانترو وپۆشتەترە ئەمجار ڕوو دەکاتە ناوچەی کوردەکانی عێراق ولەوێ دەگەرێ.

واباشە بینەوە سەرباسی، وەنەوشە، وەنەوشە پێش ئەوەی بەڕەزا پەیدای بکا خەو دەبینێ کە بەڕەزا یەک ساڵ ونیوە کە لەدوی دەگەڕێ. ئێستە هاتوتە خاکی عێراق، ئەویش کاتێ لەخەو ڕادەپەڕێ ئارام وقەراری نامێنێ وبۆ کەنیزەکەی خۆی باسی خەوەکەی دەکا، حاڵی وەنەوشە پاش چەن ڕۆژێک بەتەواوی تێک دەچێ. دەزانن کە دەردی گرانە، باوکی وەنەوشە دەڵێ واباشە وەنەوشە بنێرمە هەواروکوێستان تالەوێ ئەم غەمەی لەدڵ نەمێنێ وسەری بە هەوای کوێستان وهەواروبەهاری خۆش گەرم بێت. باوکی وەنەوشەش وەکو باوکی بەڕەزا زۆر دەوڵەمندو لێهاتووی عێلی خۆیان بووە. دەستوردەدا چادرەی سیم وزەڕبۆ وەنەوشە ساز بکەن زۆر جێگایکی خۆشی بۆدابین بکەن. ٢ بەڵێ مانگی دوهەمی بەهار وەنەوشە بەدڵی غەمگین وبەبەرگی ڕەنگین ڕەوانەی کوێستان دەکەن. چەندین نوکەروکەنیزی لەگەڵ دەنێرن. وەنەوشە بە کنیزەکەی خزمەتکاری خاسی دەڵێ دەبێ زۆر هوشیار بێت هەرکەسێ کە هات بۆ هەوار من خەبەردار کەی تابزانم کێیە، چون یەقین دەزانم کە بەڕەزا لەدوی من دەگەڕێ.

واباشە بینەوە سەرباسی بەڕەزا کە چی بەسەرهات. بە ڕەزای بێکەس وشەیدا، کۆڵی نەداوە وهەرسورە لەسەر ئەوەی کە وەنەوشەی خۆێ ببینێتەوە، ناوچەی کوردەکانی عێراق دەگەڕێ ولەدوهەم مانگی بەهار، ڕودەکاتە هەواری ماڵی وەنەوشە. دەڵێی خەبەریان پێدابێت کە وەنەوشە لێرەیە، زۆردڵخۆش وسەرخۆشە ئەو خێڵاتانە دەگەڕێ

تاپاش ماوەییێک لەدۆر هەوارێک دەبینێ کە زۆرخێوەت ورەشماڵی تێدایە وچەندین چادری زەڕینی تێدایە کە تیشکی وەکو خۆر وڵاتی گرتۆتەبەر. بەخۆی دەڵێ دەبێ ئەمە مەسکەنی وەنەوشە بێت

بەخۆی کـوت یەقین ئـەم بریق وباقە
چـادرەی وەنەوشەولەگشـتی تاقـە

بەڵێ بە دڵەکوتێ وپایی پایی ڕودەکاتە ئەوچادرە. ئینجا واباشە بچینەوە سەروەختی وەنەوشەوە. وەنەوشە ئەم ماوە کە لەکویستانە هەمودەم هەرلەفکری بەڕەزادا دەبێ ولەگەڵ کەنیزی خۆی ڕاوتەکبیر دەکەن وبەوردی ئاگایان لەڕێگاوبان دەبێت. ڕۆژێک کاتی چاشتێکی بەرز، دەبینێ ڕێبوارێکی لیباس شڕۆڵی ڕومەت سوتاو ڕوی کردە هەواری ئەوان. وەنەوشە دڵی خەبەری پێ دەدا کە ئەمە بەڕەزایە، زۆر بە دیققەت چاوی لێ دەکا ودەڵێ:

گـەردون تـۆ بڵێـی خۆی بـەڕەزاوێ
ئەونـە گەڕیـاوێ وڕەنگـی گۆڕیاوێ
بڵێـی قیبلەکـەی دیـن ودونیـاوی
شـێوەی شـازادەی لەلانەمـاوێ؟

بەڕەزا ڕودەکاتە چادرەکەی وەنەوشەو نزیکی نیوەڕۆیە و گەرما زۆری بۆ هێناوە، زۆری تینو دەبێ وەنەوشە دەچێتە نێو چادرەکەوە وبە کەنیزەکەی دەڵێ بچۆ بزانە ئەو کابرا چی پێویستە؟بۆخۆشی لە نێو چادرەکەوە بەجوانی چاوی لێدەکا. بەڕەزا دەڵێ دادەگیان تۆزێکم ئاو دەیە زۆر تینومە، وەنەوشە لەنێو چادرەکەوە هەرای لێدەکا ودەڵێ:ئاو ئەخۆی یا ئاوودۆ؟بەڕەزا دەڵێ:

ئـاوودۆ ناخـۆم بۆمـن بێتامـە
کەچکـێ ئـاو بێنـا بۆبـان ئـەم زامە

وەنەوشە دڵی خەبەردەدا کە ئەمە دەبێ بەڕەزا بێت، بۆخۆی ئاوودۆێ بۆدەبا کاتێ چاو لە قامکی دەستی دەکا، ئەنگوستیلەکەی خۆی دەبینێ لەدەستی ئەودا، ئیدی بەیەقین دەزانی کە بەڕەزایە ولەوێ بەدیداری یەک شاد دەبن. بەڵام هەمیشە بەدکار وباعیس کار هەیە. دایکی وەنەوشە لەناکاو دێتە نێو چادرەوە ودەبینێ کە کابراییێکی ڕەشی چڵکن و لیباس شڕۆڵ لەپەنای وەنەوشەوە دانیشتوە، زۆری پێ سەیر ئەبێ وبە ناچاوی گرژەوە دەڵێ:

ئـەرێ وەنەوشـە ئـەم کابراکییـە
بۆحوجـب وحەیـای جارانـت نییـە

وەنەوشە بۆی دەگێڕێتەوە کە ئەمە بەڕەزایەو کوڕی گەورە خانی ناوچەی ئەردەوێڵە وسڵ ونیوێکە بۆمن دەگرێ و ئێمە لەخەودا عاشقی یەکتر بوێنە وبەجوانی باسی خەوەکەی بۆدەکا، بەڵام دایکی چون لەدڵیدا یەکێک لەخزمانی خۆی بۆ وەنەوشە دییاری کردبو، زۆر لەوەنەوشە توڕە دەبێ ودەڵێ ئەم کارانە شیاوی تۆ نییە:

هیچکـەس نازانـێ ئـەم گـەدا کییـە
لایقـی شـانی باوکـی تـۆ نییـە

بەڕەزا زۆر نارەحەت دەبێ وقسەکانی باوکی خۆی دەکەوێتە خەیاڵ، بەڵام وەنەوشە خێرا جوابی دایکی دەداتەوە وبەڕەزا دڵخۆش دەکات کە تۆ لەقسەی دایکم نگەران مەبە. باوکم لەم بارەوە بڕیار دەدا ودەزانم کە دڵی



هەردوکمان خۆش دەکات. پاش چەن سەعەتێک باوکی وەنەشە دێتەوە وبەڕەزا تەعزیمی لێدەکات ووەنەوشە باسی خۆی وبەڕەزای بۆدەکات. باوکی وەنەشە دەڵێت من تۆ ناناسم بەڵام چون وەنەوشە تۆی دەوێ دەبێ حەوت ساڵ شوانیم بۆبکەی ئەوجار دەتوانی بە وەنەوشە بگەی. بەڕەزا چاک لە باوکی وەنەوشە تێدەگا وقەبوڵی دەکە، ئەمجار باوکی وەنەوشە چەن شەرتێک بۆ شوانییەکەی بەڕەزا دادەنێت کە بزانێت ئایا بەڕەزا واقیعەن عاشقی ڕاستەقینەیەو قەبۆڵی دەکات؟بەڕەزا تەوای شەرتەکان قەبوڵ دەکات، ئەمجار باوکی وەنەوشە دەڵێ:

شـووان بێ بـەرەو با کەم قـڕە کەم
بۆحەوت سـاڵەکەت شەرت وبڕئەکەم
لەحەوت سـاڵەکەت ڕۆژێکی کەم وێ
ونەوشـەت نـادەم خاترت جـەم وێ
شـۆرەت ئەم ڕان کەس نەیـکا تەواو
ڕۆژێ حەفت کـەڕەت تۆ بیبەی لەئاو
شـۆرەت ئەم ڕانـە بچێ بـۆ مەنگۆڕ
لەسـێ هەزارمـەڕ دوانـی نـەکا قۆڕ
گشـتی لول بوێـت بۆبەردەم قەسـاو
شـیرلەگوانی بێـت چـون بارانـی تاو

بەڵی بەڕەزا قەبۆڵی دەکا وملی لەشوانی دەنێ، پەنج ڕۆژی دەمێنێ کە ەوت ساڵەکەی تەواو بێت. شەو خەو دەبینێ کە دونەفەر بە ناوی شاکە ومەنسورخان، هاتن لە کێو، بەرەکیان پێ گرت وزۆریان لێدا ولە وەنەوشەیان دورخستەوە وئەمیش لەتاوان ئاگریتێ بەردەبێ ولە نێوانی ئەواندا دەسوتێ. لەوەحشەت دا لەخەو ڕادەپەڕێ وئیدی تابەیان خەوی لێ ناکەوێ، دەزانێ کە چارەنوسی خراپە. سوبح کە وەنەوشە دێتە حەوشە ونان وچایی وەکو جاران بۆکێو بۆ دێنێ، دەبینێ کە بەڕەزا زۆر دڵتەنگ وزەردە

ڕەنگ وپەشێوە، وەنەوشە نگەران دەبێ ولێی دەپرسێ:

ئامـــان شـــازادە کوانـــێ دەنگەکـــەت
بۆچـــی پەڕیـــوە ئەمـــڕۆ ڕەنگەکـــەت
ئامـــان تامـــردن تـــۆم لەبیـــر ناچـــێ
تـــۆڕاس ئـــەم دڵتـــە وەمـــن بوواچـــێ
گەرتـــۆ دەردی دڵ بکـــەی تیکـــرارێ
پـــۆڵ من قـــات نییـــە بگـــرم کرێکارێ
کرێـــکارێ بگـــرم بابینێرمـــە کێـــف
قایمتکـــەم لەتۆی ڕەخـــت وخاوو لێف

بەڕەزا خەوەکەی ۆ دەگێڕێتەوە ودەڵێ وەنەوشە چارە نوسی ئێمە وەهایە کە بۆ یەک نەبین وبەیەک دڵشاد نەبین. هەرچی چارە بدۆزینەوە بێ فایدەیە. من چوار ڕۆژی دیکە وەتۆ میوانم. هەردوکیان زۆر دەگرین، وەنەوشە دەڵێ منیش لەگەڵت دێم بۆ کێو. باتۆش بێتاقەت نەبی وهەربەڵاییێک بێت بابۆ هەردوکمان بێت. بەڕەزا دەڵێ ڕۆژی ئاخر ورە، ڕۆژی پێنجەم وەنەوشەش مەڕی لەگەڵی ڕادەدا ودەڕۆن، نزیکی چاشت شاکە ومەنسورخان لییان پەیدا دەبن. وەنەوشە بە بەڕەزا دەڵێ ئامان تۆ هیچ دەنگێ مەکە هەرچێکیان کوت، بۆخۆم جوابیان دەدەمەوە، تۆهیچ دەخاڵەتێ مەکە. شاکە ومەنسورخان دێن وڕودەکەنە وەنەوشە وبە شێعر بازی لەگەڵی دەدوێن وئەمیش جوابیان دەداتەوە. بەڵام بەڕەزا دەوامی قسە ناخۆشەکانی ئەوان ناهێنێ ولییان دێتە دەنگ وئەوانیش هەردوکیان زۆری لێ دەدەن ودەستی دەگرن ولەگەڵ خۆیان دەیبەن ولەوەنەوشەی دوردەخەنەوە کاتێ ئاوڕێ بۆ وەنەوشە دەداتەوە کە زۆری لێ دورە لەتاوان بە قودرەتی خودا ئاوری تێ بەردەبێ ودەسوتێ. وەنەوشە کە ئەوڕوداوە دەبینێ، هەڵدێ کە فریای کەوێ. کاسەییکی شیری لەبەردەس دابوە لەگەڵ خۆی دەیبا کە بەسەرئاگرەکەیدا بکا، بەڵام لەشی بەڕەزا زۆرتر لەچەوری شیرەکە هەڵدەقرچێ. شاکە ومەنسورخانیش هەڵدێن. وەنەوشە هەرچی هەوڵ ئەدا هیچی پێ ناکرێ وبەڕەزا بەوچارەنوسەی دەمرێ. پێشتر بۆ وەنەوشە وەسیەت دەکا کە بەدەستی خۆی هەر لەوجێگا بینێژێ. وەنەوشەش هەمو ئێسکەکانی بە وەسیەتی خۆی بەخاک سپاردولاواندیەوە:

شـــەرت نیوە چڵەکەت هەرلەبیرم وێ
ســـۆزەێ قەقنەکـــەت دامەنگیـــرم وێ
ئـــەوە پەیمان وێ لـــە لای فریاد ڕەس
ئێترســـەرنەنم وەبـــان ســـەرین کەس
بەڕەزابـــێ تـــۆ، دڵ وە شـــەڕەنگ کەم
شایی ومۆراو دڵ، مێوان وەسەنگ کەم
شـــازادەی وەک تـــۆ نەکەوتـــە دەســـم
پـــەردەی جوانیـــم لـــەگڵ هەڵوەســـم

ئەمجار کە بە ڕەزای بە خاک سپارد شیر ومەڕی هێناوە بۆ هەوار، وەنەوشەی وێنەی مانگەوشە، ئێستە وەکو دەواری ڕەشی لێهاتبو، هەمو ڕۆمەت خوێناوی وچنگ وپەل سوتاو. کاتێ دایکی وەنەوشەی بەوحاڵە دیت، زۆری قسەی ناخۆش پێکردو وکوتی من وامزانی کە بابت مردووە، کێ بۆ شوانێکی بێ فەڕ ئاوا لەخۆی دەکا٣وەنەوشەش جوابی دایکی بەناخۆش دەداتەوە ولەخودا دەپاڕێتەوە کە پاش پرسەی بەڕەزا ئەمیش نەمێنێ، دوعای قەبوڵ دەبێ ولەسەرقەبری بەڕەزا گیانی دەردەچێ کاتێ تەرمەکەی وەنەوشە دێننەوە بۆ قەبرستانی شار، هەرچی دەکۆشن خاک بەئەمری خودا وەکۆ پۆڵای لێ دێ وهەڵناقەندرێ. زاناکان دەڵێن: خەڵکینە ئەمانە دوعاشق ومەعشوقی پاک وڕاستەقینەوخودایی بۆنە، بۆیە تالەکن یەک نەبن دەفن کردنی مەحاڵەناجار وەنەوشە دەهێننەوە پەنای بە ڕەزا ودەبینن کە زەوی لەوێ زۆرنەرم وڕاحەت هەڵدەقەندرێت.

هاتنـــە پـــاڵ عاشـــق ئیجازەیان ســـەند
خاک نەرم وشیرین قەوریشیان بۆکەند
وتیـــان خـــاک لێـــرە چەنێ وەشـــەرمە
ڕەزای خـــوا خۆیە، چە جوان و نەرمە
قەورێکیـــان بۆی کەند جەرییان ئێشـــا
گـــەورە تابووچک دەســـماڵیان کێشـــا

بـــەم شـــێوە ئـــەم بەیتـــە بەناکامـــی

وناخۆش تەواو دەبێت ودایکی وەنەوشە لە کردەوەی خۆی پەشیمان دەبێ ولەگەڵ بابی وەنەوشە یەکتری سەرزەنش دەکەن هەرکامەیان ئەوی دیکە بە تاوانکار دادەنێت:

دایـــە واچ، بەووەخـــت وەی وە حاڵمان
کوانـــێ چـــرای عێـــل، بێـــرو ماڵمـــان
باوک وت، بەووەخت داماو، لێو وەبار
بـــۆ وەســـڵی دودڵ، بوێتـــە خەتـــاکار
خەڵـــکان وەحەقێـــق بکـــەن ئەم باســـە
عاشـــق حەقێقی ئیســـەیش هەرواســـە

---

١- لەوە دەچێ ئەم ڕوداوە لە دەورانی دەسەڵات داری کوردەکانی ڕەوادی بووە کە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا تا یازدەی کۆچی لەوناوچە دا فەرمانڕەوایی یان کردوە.

٢- وەسفی چۆنیەتی چادرو وجێگای وەنەوشە لە چەندین دێڕ دادێنێ کە بە زاراوەی هەوشاری زۆرجوانە، من ویستم ئەسڵی بەیتەکە لە زمانی بێژەرەکەیەوە دابنێم تا ئەم شێوازەکوتنە جوانە لەچەن دێڕدا بۆ خوێنەران دەربخەم. خوالێخۆشبو، ، مەحموی باواغە=محمود بابایی، ئەم بەیتەی لەکاست دا خویندوە، منیش کۆم کردوتەوەوەکو پایان نامەی کارناسی باڵا ساڵی ٨٣ لەدانشگای سنە دامناوە.

٣- لەوە دەچێ کە دایکی وەنەوشە ئەم داوەی بۆ بەڕەزا نابێتەوە کە مەنسورخانی لەگەڵ شاکە هەناردبێت کە بەڕەزا بترسێنن. بەڵام پێش بینی ئەم کارەساتە نەکراوە. دیارە ئەم بەیتە ئاوێتەی ئەفسانەش بووە وتۆزێک سەمبولیک دەنوێنێ. لە کتێبی بەیتی وەنەوشە بەڕەزا کە بە شێعری خۆم دامڕشتوە ولەگەڵ چەن بەیتی دیکە هەڵمسەنگاندون بە بابەتەکانی تایبەت تاڕادەییێک ئیشارەم کردوە.

شاکەومەنسورخان خەڵکی ناوچە ئەیوانی گیلان غەربی کرماشانە، کتێبی، ، دیوان شاکە وخان مەنسور، ، ئێستە لەبازار داهەیە ومن لەکتێبخانەکەدا هەیە. پێمخۆشە خوێنەرانی بەڕێز چاولەو کتێبەش بکەن وشێوە زاراوە وشەخسیەتی ئەو دوشاعێرە بناسن.

سیروان ڕۆستەمی ـ تیکاب، هەوشار



## فۆلکلۆر و پەندی پێشینیانی

# ناوچەی هەوشار

پێشەکی:

فۆلکلۆر وشەیەکی لێکدراوە کە ئینگلیز و ئەڵمان و یونانی و... بە کاریی دێنن و هەر وەها بە مانای کەلپووری میلەت یا کەلتووری گەل دێت.

بەشێکی کەلتووری میلەت فۆلکلۆر زارەکیە کە پەندی پێشینیان، قسەی نەستەق، مەتەڵ، گاڵتەوگەپ، هنراوە، گۆرانی، شین و لاوانەوە و چیرۆکو ئەفسانە دەگرێتەو.

بەشێکیتری فلکلۆر کە پێی دەڵێن ئەتنۆگرافیا کە شتی مادی و نازارەکین وەک شایی و هەڵپەڕکێ و نەخش و نیگارو ئافرەت ڕازاندنەوەو ژن خواستن و بووک گواستنەوە و مردوو ناشتن و لێنانی چێشت وپیشە دەستیەکانی وەک دروستکردنی تەونو کەلاش چنین و جۆخین کووتانو ڕۆسەبرکردن و... دەگرێتەوە.

فۆلکلۆر هەم کەرەسەتەیە و هەم زانستیشە ناوەڕۆک و ڕووخساری فۆلکلۆریش هەمیشە بە پێیی گۆرانی قوناغی کۆمەڵگە و باردۆخی ژیانی گەلان گۆران کاری بەسەرا دێت بەڵام لە هەمان کاتدا شەقڵ و سیمای نەتەوەیەک دەنوێنێت.

ئەدەبیفۆلکلۆر و پەندی پێشینیان:

ئەدەبی فۆلکلۆر وەک پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق و مەتەڵ و گاڵتە و گەپ و هۆنراوە و چیرۆک و داستان و ئەفسانە یە ئەمانە ئەدەبێکن دەماو دەم و پشتا و پشت و ناوچە بە ناوچە هاتوە بەو جۆرە بڵاو بۆتەوە ئەم ئەدەبە باری ژیانی گەلەکە بە شێوازێکی ساکار دەنوێنێت و قۆناغەکانی مێژوویی و گۆرانکاریەکانی دەردەکات.

وەک دەزانین ئەدەبی ڕاستەقینە ئاوێنەی باڵا نمای ڕۆژگار و سەردەمی خۆیەتی و بۆ ئێمەی کوورد ئەو شتە ئەدەبی فۆلکلۆرە چوونکا ئەدەبی نوسراوەی دێرین و مێژوییمان دەگمەنە یا کە نا هەر تۆمار نەکراوە کە واتە فۆلکلۆر ئاوێنەی باڵانمای ڕابردوومانە و بە تەواوی ڕووناکیەکانو تاریکیەکانیەو.

ئەدەبی فۆلکلۆریمان زادەی هەزرو بیری باوک و باپیرانمانەو بۆنی ئەوان ئەدات چۆنە کاتێ کە کەسێک دەمرێت میراتی خۆی وەک لیباسو بازێ شت دا دەنێت دوای خۆی ئەوانیش وا بوونە و ئەمانەیان بۆ ئێمە جێ هێشتوە.

یەکێک لە مەرجە بنەڕەتیەکان بوون و مانەوەی هەر نەتەوەیەک خۆناسینە وەکوو دۆزینەوەی شوێنەوار و مێژوی باو باپیران.

ئەلەکسێندر کراب دەڵێت: فۆلکلۆر زانستێکی مێژوویە بۆیە دەبێ ئەم زانستە بپارێزرێتو ببێ بە بەردی بناغەی ئەدەبی پێشکەوتوو.

خاسیەتێکی فۆلکلۆر ئەوەیە کە لە ناو خەڵکدا ئێگجار زۆر بڵاوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتا بە تایبەتی ناوچەی ئێمە کە ناوچەی هەوشارەو سەر بە پارێزگای ورمێ و هەر وا لە بەینی شاری تیکابوو سایەن قەڵایە و دەورو بەری ٣٠٠گوندی لێیە کەم کەس هەیە شتێک لە فۆلکلۆری ئەدبی گەلەکەی خۆی نەزانێ و لە بەری نەبێ و بە وتن و گێڕانەوە دەری نەبڕێ.

پەندی پێشینیان بریتیە لە بەرهەمێکی زۆرکۆنی خەڵک.

پیاوانی دونیا دیدە بە پەندی پێشینیان لاوان و کوڕانی خۆیان فێری ڕەوشت و خوو ئەکەن.

خراپەو کەموو کورتی پێ چارە ئەکەن لە کاتی ناخۆشی و ماتەمدا پەنا ئەبەن بە ئەم پەندانە، پەندی واش هەیە بە وێنەی گاڵتە کردن و خەڵک بۆ خەم ڕواندنەوە ئەیگێڕنەوە.

پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق بە جۆرێک کەمتر مەبەس ئەدەن بە دەستەوە مانایان زۆر ڕۆشن نیەو جاری وا هەیە زۆرکەس لە مانای تێ ناگەن.

پەندی پێشینیان یا قسەی نەستەق دەستە وتەیەکی کوورتە کە مانایەکی فراوانوو کوورتی تێایە.

منیش زۆرجار لە شای و شین و ناوی خەڵکا و ئەم لاو ئەو لا جار جار ئەم پەندانەم ئەبیست و پێم سەیر بوون بۆیە پێم خۆشە ئێوەش هاوبەش بن لە بیستی ئەم قسانە کە کۆم کردوتەوە.

١. شەڕ لە ناو شێڤاو ئاشتی لە خەرمان (مەبەست: لە کاتی کاشتو ئەوەڵی کارا شەڕو ئاژاوەیە و کاتێ ئەگاتە وەختی بەرداشتو ئاخری کار خۆشیو ئاشتیە)

٢. خوا کێف ئەوینێ بەفر ئەکاتە سەری(مەبەست: یانێ کە کاتێ خوا کێف ئەبینێ بە پاییزا کە زەردەو ئەبێو بێ بایەخ بەفر ئەکاتە سەری لە کاتێکدا ئەم قسە ئەکەن کە کابرایە بێ کارو بارەو و هیچێکی گیر نایە)

٣. براییمان برایی کیسەمان جیایی(مەبەست: لە کاتێکدا بە کاری دێنن کە باسی حەساو کتاوی دروس حەساوی تێتە پێش)

٤. دەس خۆی نیەو ماری پێ ئەکوژێ(مەبەست: لە کاتێکدا بە کار دێ کە کابرایە شتێکی خەڵکی بە دەستەوەیەو ناپارێزێ)

٥. لوتێکی کا تێرێ و لوتێکی با

٦. قسەی خەڵکت لە کوێنا ژنەفت هی خۆشت لەوێنا بژنەفە. (مەبەست: لە کاتێکدا بە کاری دێنن کە کابرایە لە پشت سەری کەسێکیترا قسە ئەکات و ئەڵێ لەویا باسیان کرد و ئێژن قسەی ئەو کابرات لە کوێنا ژنەوت بەیانی پشت سەری تۆش هەر لەویا قسە ئەکەن)

٧. قەل بە قەل ئەیژێ ڕووت ڕەش(مەبەست: لە کاتێکدا

به کار دێ که کابرایه تەشەر بۆ کەسی‌ترئەخات و ئێژێ تۆ خۆیشت وەک منی بۆ ئاموجاریم ئەکەی)

٨. کلۆ بۆ بەرد ئەگیرێ(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که کاورایه خۆی مەسەڵەن نەخۆشیەکی خراپی هەیه بۆ نەخۆشی کەسێتر که زۆر ئاستەم نیه ئەگیرێ)

٩. ماڵ خۆت توون بگرەو کەس به دز مەزانه(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که مەسەڵەن کەسێ هۆشی به ماڵی خۆیەو نیەو کاتێ له دەسی ئەیا به هەر کەسێک گومان ڕەش ئەبێ)

١٠. دەس مانی بنه بان زک تێرەو(مەبەست: یانێ که کار بکەو هیلاک بەو به ڕاحتی مانویەتی خۆت دەر که)

١١. دار پوازی له خۆی نەوێ ناقلیشێ(مەبەست: له کاتێکدا ب کاری دێنن که کەسێک دۆست کارێک ئەکات به زەرەری دۆستێکی‌تر ئێتر ئەویش له بەر برادری ناتوانێ که تۆڵەی کاتەو بۆیه ئەڵێ با هەر وا بمێنێ به زەرەری من)

١٢. قەوم گۆشتی یەک بخوا ئێسقانی یەک ناشکێنێ(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که دو دانه خزم ئەبێ به شەڕیان و دوای ماوەیه کورت ئاشت ئەبنەو ئەڵێن دروسه شەڕ ئەکەن بەڵام هەتا هەتایه ئیدامەی نایەن یا له کاتێکدا که دو دانه خزم قسەیان نیه به یەکەو بەڵام له کاتێکدا ئەکەونه ناو کێشەو له بیری ئەکەن لەو کاتەدا به کاری دێنن)

١٣. کەسێ زرنگ وێت تاریکه شەو فرەس(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که کابرایه ئاهو داو ئەکات و ئەڵێ من زرنگم و هیچم گیر نایه)

١٤. قسەی ڕاس یا له شێت بژنەوە یا له مناڵ(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که مناڵێ یا شێتێ قسەی ڕاسێ دەڵێ و ئەڵێن که ئەوانه هیچ نازانن بەس ڕاستی لای ئەوانە)

١٥. سەر قەوی دەوڵەتەو پای قەوی مەینەتە(مەبەست: ئەم قسه به شێوەی تەنزەو بۆ گاڵته کردنه کەسێ سەری زل بێت ئەڵێن پوڵی زۆرەو کەسێ پایزل بێ ئەڵێن زەحمەت کێشە)

١٦. مس مس خۆش نیه خۆش نیه مسەفای پاک خۆشە(مەبەست:له کاتێکدا به کاری دێنن که کابرایه قسەیەک ئەکات منجه منج ئەکاتو نایەوێ به پاکی بیکات به قەست لەو کاته به کاری دێنن)

١٧. کەس وه دۆی خۆی نایەژێ تورشە(مەبەست: جوانی ماڵی خۆی له بەر چاوی خەڵک بەیان ئەکات)

١٨. ژێژۆ ئەیژێ داخۆم له کۆرپەی من نەرمۆڵەتر بێ(مەبەست: ئەمیش هەر مانای ئەوە قسەی بەرلاوە ئەکات که خەڵک ماڵی خوی له بەر چاوا شیرینه)

١٩. بەرد مەخه گۆم (مەبەست: یانێ کاتێ که نەفەرێ له ناو جەمعێکا قسەیەک ئەکاتو ئێتر سەرو تای نیه یا به زەرەری کەسێکه ئێژن بەرد مەخه گۆم و برۆی)

٢٠. چەم بێ چەقەڵ ناوێ(مەبەست: له کاتێکدا به کار دێ که کابرا ئەڵێن ئەم شەرایته سەخته)

٢١. ماڵ له خوی نەبوو مێوانیش ڕووی تێ کرد(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که کابرا شتێک هی خۆی نیەو خەڵکیش لیی ئیستفاده ئەکەن)

٢٢. مار خۆشی له سیر نایه سیر هەر له بەر پایا سەوز ئەوێ(مەبەست: کاتێ کەسێ قینی بێ له کەسێ‌تر و حەزی پێ نەکات)

٢٣. سەر سیری یا قنچکی پیاز(مەبەست: کاتێ که کابرایه له خۆوه خۆی ئەخاته ناوباسێ یا شەرێ یا ئاژاوەیه)

٢٤. سەرێ نایەشێ پەڕۆی پێوه ئەوەسی(مەبەست: له کاتێکدا که کابرا دەردیسەر بۆ خۆی دروس نەکات به کاری دێنن)

٢٥. سۆ له سۆ ئەچێ گلۆڵه له پۆ(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که ئەیانەوێ بلێن هەر شتێک له سەر ئەسڵی خۆیەتی)

٢٦. گا وه گلێنه، ڕیشه وه بنه توو(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که هەر شتێک ئەگەڕێتەو بۆ سەر ئەسڵی خۆی وەک ئەوە مناڵی کارێ ئەکات کابرای بابیشیئەو کارەی کردوه جا کارەکه جوان بێت یا ناشرین)

٢٧. گیا له سەر کۆک خۆی سەوز ئەوێ(مەبەست: ئەمیش هەر کاتێک که بیانەوێ بلێن هەر شتێک ئەگەڕێتەو ئۆ ئەسڵی خۆی و هەر شتێک له ئەسڵی خۆی ئەچێ)

٢٨. زوان پاسەوان سەره(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که کەسێ به قسه کردن خۆی ئەخاته دەردسەرەو یا کاتێ که کابرای به قسەیه خۆی له کێشەیه نەجات ئەدات)

٢٩. خوا حەق بزن کوڵ له شاخ دار ئەسێنێ(مەبەست: له کاتێکدا کەسێ حەقی کەسی‌تر ئەخوات و زڵمی لێ ئەکات و له جێگایێ ئەو زاڵمه لی ئەقەومێ ئەم قسه ئەکەن)

٣٠. دەم بسێێ سەر سلامەته(مەبەست: لەکاتێکدا به کاری دێنن که کابرایه به قسەیەک خۆی ئەخاته ناو کێشەو گێچەڵەو)

٣١. حەیادار له حەیای خۆی ئەترسێ بێ حەیا ئەیژێ له من ئەترسێ(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که کەسێ به زوان تاڵی قسه به کسی‌تر ئەکات یا توشی شەڕی ئەکات تەرەفەکەی هیچی پێ ناڵێ ل بەر ئەوی کێشەی بۆ دروس نەبێ)

٣٢. له ئاگر خۆڵەکەو ئەوێتەو

٣٣. خوا بیدا ناترسێ نەیدا ناپرسێ(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که کابرایه ئەبینن دەوڵەمەنه و پولو پارەیەکی زۆری هەیه و به یەک جاری له دەسی ئەدات)

٣٤. مریشک وه پای خۆی خۆڵ ئەکاته سەرخۆیا(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که کەسێک به دەس خۆی کێشه و گێچەڵ بۆ خۆی دروس ئەکات و خۆی توشی دەرگیری ئەکات

٣٥. خوورما له بەغا زۆره به ئێمه چی(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دینن که کابرا تاریفاتی شتهایه یا جێگەیەلێک ئەکات که له شەرایەتی ئەوان دووره)

٣٦. گەوره ئاوی ڕشت چوکه پێی تێ خست(مەبەست: چاولێکەری جووکه له گەوره)

٣٧. ئەسپ پێشکەشی دیانی ناژمێرێ(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که کابرا ئینتزارێکی هەیه له شتێک که به دیاری بۆیان هاوردیەو شتێکی له بێحیا نەداوه هەر چەن شتەکه خراپ بێتو تاریفێکی نەبێ)

٣٨. دەس کار ئەکات چاو ئەترسێ(مەبەست: له کاتێکدا به کاری دێنن که کارێک به چاو دیاره زۆرەو کابرا لیی ئەترسێ و ئێژێ ئەم کاره زۆره)






# ئوستوورەکانی کوردستان

ئەم وتارە بە بۆنەی چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی «ئوستوورەکانی کوردستان»لە لایەن نووسەری ئەو وتارەوە نووسراوە

**حەیدەر لوتفی نیا ـ سەقز**

هەواڵنامەی کتێب




کورتەی وتار

ئوستوورە زانستی بیر و هزری مرۆڤەکانە بەرانبەر بە دیاردەکانی سروشتی و ئەوپەڕسروشتی کە لە چاخەکانی پێش مێژووەوە (سەردەمی مرۆڤی نئاندرتاڵ)دەست پێدەکات تا سەردەمی مودێڕنیتە، کە باس لە ئاڵوگۆڕییەکانی ئوستوورەیی و ڕەمز و ڕازەکانی دەکات. لەم کتێبەدا لە باری ساختار و ناوەڕۆکەوە، ئەدەبی زارەکی و نووسراوەی ئەدەبی کوردی، کەوتۆتە لێدوان و توێژینەوە.

وشە سەرەکیەکان: ئوستوورە، ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی نووسراوە، داسنی، کاکەیی، سەیدەوان


ئەم کتێبە کە بریتییە لە کۆمەڵێک بیر و باوەڕی کۆنی کوردان، لە کۆنترین دەورانەوە تا کوو سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانییەت و سەنعەت و تێکنۆلۆژی و زانستی پزشکی و مێژوو... دەگرێتەوە. هەروەها باسی بەسەرهاتی گەلانی دەوروبەر و ئاسەواری ماکی و مینۆکی گەلان و بەتایبەت گەل و نەتەوەی کورد ئەکات. باسی زۆربەی چیرۆک و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی نەتەوەیی و هاوشێوەکی ئەوان لەگەڵ کەسایەتییە بەناوبانگەکانی دونیا و جێگە و پێگەی ئەوان دێنێتە ئاراوە. بەداخەوە تاکوو ئێستا سەرچاوەیەکی تایبەت لەم بوارەدا نەنووسراوە و کەمتر لە باری زانستییەوە لەسەر ئوستوورەکانی گەلی کورد شت نووسراوە و زۆرتر لە چوارچێوەی وتار و نامیلکە دایە.

ئەم کتێبە بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی ئەدەبی نووسراوە و ئەدەبی زارەکی و ئایینی و ئاسەواری مێژویی و بیروباوەڕکانی ساڵاچوان ڕازاوەتەوە و بە ڕاستی ئەم زانستە دەریایەکی بێسنوورە و ئەم کتێبەش دڵۆپێکە لە سیروان.

ئوستوورەکان یادگاری سەردەمانی کۆن و کەوناران. ئەو کاتەی مرۆڤەکان تووشی فرت و فێڵ و کوشت و کوشتار و قەتڵ و غارەت نەبوون باس لە سەرەتاکانی دەسپێکی ژیانی مرۆڤەکان و یەکم بەرەبەیانی پاک و بێگەردی خوڵقێنراوەکانی هەستی و تەنانەت سەرهەڵدانی گیا و گیانلەبەرەکان دەکات و بۆ هەر کامێکیان چیرۆک و بەسەرهاتێک ساز ئەکات و دواجار هەر کام لەوانە پەلوپۆیان لێ ئەبێتەوە و لە نێو میللەتاندا ڕیشە دائەکوتن.

چیرۆک و بەسەرهاتی ئوستوورەکانی کورد لە چەند شوێندا هاوشێوەی چیرۆک و بەسەرهاتی ئوستوورەکانی میللەتانی دونیایە و لە زۆر بواردا یەک دەگرنەوە و لەم کتێبەدا باسی ئەو جۆرە ئوستوورانە و هۆی ئەو هاوشێوەیانە لێک دراونەتەوە، بەڵام هەر کام لەوانە ڕەنگ و بۆن و بەرامە و لاک و مۆری نەتەوایەتی خۆیان پێوەیە. بۆ وێنە گەرچی ژیان و بەسەرهاتی «شێخ فەرخ»و»موێندو»لە ئەساتیری شاخی ئافریقا وەکو یەکن و یەک چەمک و بەسەرهات دەگێڕنەوە بە کەمێک جیاوازیەوە[١] یان هۆنراوەی ویرژیل»(ئێنید) هاوشێوەی شانامەی کوردی و فارسی بەتایبەت بەشێک لە چیرۆکی شانامەی کوردی و بەتایبەت ئەو شوێنەی کە پاڵەوانەکان بۆ ڕزگار کردنی «بیژەن»خۆیان ئەگۆڕن و ئەچنە پایتەختی ئەفراسیابەوە وەکو یەکن و سەرچاوەیەکیان هەیە، بەڵام هەرکام لەو چیرۆکە ئوستوورەیانە لە داوێنی کەلتور و زمان و فەرهەنگی خۆیدا جوانیەکانی دەرئەکەوێ. لە ئوستوورەناسی «تەتبیقی»کە

---

١. اساتیر جهان جلد دوم، دۆنارڕۆزنبربرگترجمه عبدالحسین شریفیان، انتشارات اساتیر ١٣٨٦

شاخەیەکی جوانە لە زانستی ئوستوورەیی، هەڵیاندەسەنگێنن. [1]

بەتایبەت ئایینە کۆنەکانی کوردەواری کە ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدان و هەزاران ساڵ لەمەو پێش وەکوو ئایینەکانی مێهری و میترایی، باجێڵانی و کاکەیی و یاری و شەبەک و ئێزەدی و داسنی و... پریەتی لە هەزاران تابۆی(بقە) ئوستوورەیی و ئایینی کە لێکۆڵینەوەی کتێبخانەیی و مەیدانی و نووسین لەم ڕوانگەوە ئەتوانێت دەیان کتێبی تازە بێنێتە ئاراوە و لەسەر باسە قوڵە ئوستوورەیەکان کە لە بەرەبەیانی مێژووی کوردا ڕوویان داوە و تا کوو ئێستە هەنگاو بە هەنگاو و قۆناخ بە قۆناخ هاتوە و گەیشتوەتە دونیای مودێرن و شارستانیەتی ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە بکرێ و وەکوو موزەخانەیەکی میللی نەتەوەی کورد بۆ بەرەکانی داهاتوو بپارێزرێت.

گەرچی کوردناسان و مێژووناسانی هەندەران وەکوو مینورسکی و ژوکوفسکی و ڕۆژلێسکۆ و ئوسکارمان و[2].. لەسەر کورد و مێژووی کورد کاری مەیدانی و کتێبخانەیی زۆریان کردووە، زۆرتر لە ڕادەی توێژەرانی کورد بەڵام کەمتر ئاماژە بە ئاڵوگۆری زانستی و عەقڵانییەتی مرۆڤ لە ئاڵوگۆڕی هزر و بیر و باوەرە ئایینی و دینی و کۆمەڵایەتی کراوە. لەم ڕووەوە یەکێک لە بەرچاوترین کارکردی ئەم کتێبە ئاماژەیە بەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە کە خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە ئەتوانێت ڕوانگەیەکی تازە لەسەر دیاردەکانی پیرۆزی ئایینی و دینی لە ژیان و بەسەرهاتی کورداندا ببینێت.

ئوستورەکان باس لەو بیر و باوەڕە کۆنانە ئەکەن کە ڕەنگە فەوتابێتن و لەناو چوبێتن، بەڵام لە چیرۆک و بەسەرهاتێک لە ئەدەبی زارەکی یان ڕستە و دێڕێکدا شوێنەواری مابێت. ئوستوورەوانەکان تێدەکۆشن لە ڕوی ئاسەواری ماکی و مینۆکی ئەو نەتەوە شکڵ و شێواز و قەد و قەوارەی ئەو ئایینە لە ناوچوە دووبارە چاکسازی بکەنەوە و تاکوو بزانن ئەو مرۆڤانە چۆن ژیاون و ڕەمز و ڕازی ئایینی ئەوان چی بووە و بۆچی فەوتاون و چیان بەسەر هاتووە، بۆ وێنە ئایینی داسنی کە ئایینێکی کۆنی کوردانە و پریەتی لە دەیان و بگرە سەدان ڕەمز و ڕازی ئوستوورەیی ئەمڕۆ فەوتاوە و نەماوە، بەڵام هیچ کات ئەوەم لە بیر ناچێت دایکی خوالێخۆشبوم بە هەر کەسێک کە ڕۆژ و نوێژی نەکردبایە ئەیوت ئەیژی «داسنیە». دواجار بۆم ڕۆشنەوە بوو ئێستاش داسنیەکان وەکوو تایفەیەکی کورد هەرماون، بەڵام نیشانێک لە ئایینی داسنیان نابینین وەکوو هەر دیاردە و باوەڕێکی ئوستوورەیی و کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هاتووە.

کاتێک بەیتی سەیدەوانم خوێندەوە بۆم دەرکەوت ئەم چیرۆکە هەرە کۆنە، باس لە ژیان و بەسەرهاتی ئەو خێڵ و تایفە دەکات کە زەمانێک لە سەر دینی داسنیان بوونە. بەداخەوە تا ئێستە سەرچاوەیەکی تایبەتم لەسەر ئەم ئایینە دەست نەکەوتوە ئەوەشی ببێت ناتەواوە. دواجار لە ڕوی وشەی «داسنی»زانیم کە کورتکراوەی وشەی «دیو یەسناو= دیوەزناو[3]»بووە، لێرەدا بە کەلک وەرگرتن لە زانستی ئوستوورەیی زۆر شتم بۆ ڕوون بۆوە کە ئەم بەیتە لیپاولیپە لە ئەندێشەی قوڵ و ئوستوورەییەکانی کۆنی کوردەواری. وشەی «دیو»یەکێک لە کۆنترین وشەگەلی کەونارای مرۆڤە [4] کە ناوی ئیلاهە یان خودا، یان دەستەیەک لە خودایان بوبێت، وشەی«یەسنا»بە مانای جێژن و سرود و ستایش و پەسەندی خودایان هاتووە، دواجار زەردەشت وەکوو بەشێک لە کتێبی «ئەوێستا «[5] بۆ ستایشی «ئەهورا مەزدا»بەکاری هێناوە، بەشێکە لە پێنج بەشی ماوەی کتێبی ئەوێستا.

بەگشتی وشەی «دیو یەسنا»بە مانای ستایشی دێئو یان دیو، واتە خوداوەند یان خوداوەندانە، چون لە کۆندا پێش ئایینگەلی مێهری و میترایی «دێو»خودا بوە، دواجار بە هۆی ئاڵوگۆڕی دینی، ئەم خودایە لە ڕادەی خودایی بۆ هەمیشە داکشاوە و بەپێچەوانەی ماناکەشی بە تەواوی بۆ مەوجودێکی ئەهریمەنی و شەیتانی بەتایبەت لە ئایینی ئیسلامدا گۆڕدراوە، پیرۆزایەتی ئەو وشە تەنیا لە ناوی ئایینی کۆنی داسنیان ماوەتەوە، کە داسنی بە مانای ئایینێک کە ستایشی ئەو خودایە دەکات.

عەزیز کۆری داسنی سەرۆکعەشیرە و گەورەپیاوی ئایینی ئەم دینەیە کە بۆ پشتیوانی لە بیر و باوەڕی ئایینی داسنیان بەرهەڵستی ئاڵوگۆڕە تازەکانیتری دینی وەکوو باوەڕ بە خودایەکی تازە و هەروا باوەڕ بە تەقدیر و سەرنویشت و شانس و بەخت دەبێتەوە و ئەیژێ ئەوانە هیچی واقعیەتی نییە و خورافەیە و لە ئایینی مندا، ئینسان و عەقڵانیەتی مرۆڤە ئەتوانێت بارودۆخەکان بگۆڕێت و داکۆکی لەسەر ئەوە ئەکات کە مەرگی مەلکەوان و نچیروان هیچ پێوەندیەکی بە دونیای متافیزەکەوە نییە و ڕوداوێکی سروشتیە و نابێت زەماوەند بوێستێت و دڵی کوران و کچانم لێ بێشێت. گەرچی بەیتبێژان ئەم کردەوەی عەزیز کۆری داسنی پێوەندی ئەدەن بە کفر و ناشکوری و یاخی بوونی ئەم کەلەپیاوە، بەڵام وا نییە ئەو بیرۆکە لە ئایینی داسنیان ڕیشەی هەیە و باوەڕی ڕێڕەوان و پێڕەوانی ئەو ئایینە وابووە کە مرۆڤەکان دەبێ تا ماون دڵی یەکتر ڕابگرن و لە خۆشی و شادیا بژین و غەم و پەژارە جێگەی نییە.

گەرچی لە زۆربەی چیرۆکە ئوستوورەیی حەماسییەکانی دنیا وەکوو «ئودیپ»و «سیزیف»و «پرۆمتە»و «ڕۆسەموزۆراو»و «سەیدەوان»سەرئەنجام لە بەرانبەر

١. بروانە مقاله بهمن سرکاراتی»پری در «اسطوره شناسی تطبیقی»

٢. ئەهلی حەق وەرگێرانی، هەولێر٢٠٠٥ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

٣. ناوی گوندێکیشە لە هەورامان

٤. بڕوانە ل٤٠ ئوستوورەکانی کوردستان

٥. بڕوانە کتێبی تەرجەمەکانی ئوستاد پورداوود لەسەر کتێبی ئەوێستا

سەرنویشت و جەبری بەسەرهاتەکان و سەرئەنجام تەسلیم بوونی قارەمانی سەرەکی تەواو دەبێ، بەڵام عەزیز کۆری داسنی تا دوایین ساتەکانی ژیانی لەگەڵ ئەو بەسەرهاتەدا بەشەڕ دێت و لە بەرانبەری ڕادەوێستێ؛ ئەمە ڕیشەی لە ئایینی «داسنی»دا هەیە. عەزیزە کۆر باوەڕی بە جەبر و تەقدیر و بەسەرهاتی دیاری کراو نییە، هەر بۆیە بەیتبێژان بە ناوی ناسپاس و کافر ناوی لێ دەبەن، چونکو عەزیزە کۆر بەپێچەوانەی ئەو خەوە شۆمەی کە دیویەتی بەرەو شەڕی جەبر و تەقدیر لە ژیان‌دا ئەڕوات و وەکو «ئۆدیپ»یونانی خۆی تەسلیمی بەسەرهات ناکات.

جودا لەمەش لەم ئایینەدا دەسەڵات و ئەسالەت لە لایەن «دێئۆوە»دراوەتە دەستی خودی مرۆڤەکان «دێئۆ»دونیای خوڵقاندوە و تەنیا تماشاچی کاروباری ژین و ژیانە. ئەمە مرۆڤەکانن لە ڕوی عەقڵانییەتەوە بەسەر کۆسپەکان‌دا سەرئەکەون کە ئەگەر ورد بینەوە مرۆڤەکان ئەمرۆکەش وەکوو بنەمایەکی قوڵی ئوستوورەیی گەڕاونەتەوە سەر مەکتەبێک بە ناوی «ئومانیست»واتە مرۆڤمەداری، یانی مرۆڤ خۆی جودا لە هەر خودایەک و متافیزیکێک خاوەنداری لە خۆی و ژیانی دەکات، یانی گەڕانەوە بۆ عەقڵانییەت کە دروشمی ئەمڕۆی شارستانیەت و زانستە، ئەم کتێبە باس لەو جۆرە بیرۆکانە و ئاڵوگۆڕانە دەکات.

یەکێک لە گرنگترین چەمکەکانی‌تراژدیا لە سەیدەوان‌دا ڕۆڵە کوشتنە، باوکێک نائاگاهانە بە دەستی خۆی منالێکی ئەکوژێ کە لە ئەدەبی جیهانی هاوشێوەکی ئەم جۆرەتراژدیا لە نێو میللەتان‌دا زۆرە و توێژەرێک بە ناوی «پیتێر»زۆرتر لە ٨٢ چیرۆکی لەم بوارەدا کۆ کردوەتە[١] و ناوی کتێبەکەی ناوەتە ڕۆسەم و زۆراو، کە بە ڕاستی چیرۆکی «سەیدەوان»لە هەمویان دڵ تەزێنترە، چونکوو باوکێک جودا لە وەی بە دەستی خۆی خۆشەویسترین جگەرگۆشەی خۆی ئەکوژێ لە ڕۆژێکا هەر سێ کوڕەکەی دەمرن، کە لە ئەدەبی جیهانی‌دا وێنەی نییە پیاوێک کە سەرئەنجام بە مەرگی ئاخرین جگەرگۆشەی شین و گابۆڕی دەگاتە عەرشی بەرین. دوای مەرگی ئەوانە کە بەهار و بوژانەوە دەست پێدەکات و دونیا پڕی دەبێ لە ژین و ژیانە و سەرهەڵدانی گوڵ و گیا و باران بە سەر گۆڕی کاکە سەیدەوان دا دەبارێ... هەموو ئەمانە پێوەندی بە بیرۆکەی قوربانی‌دانی سروشت و کشتوکاڵ و دەخڵ‌ودانەوە هەیە کە لە ڕێگەی خودا یان خودایان ئەنجام دراوە کە باوەڕێکی قوڵی ئوستوورەییە[٢].

ئەم کتێبە باس لە ئوستوورەکانی وەکوو ئاو و ئاگر و ئاسمان و تەنانەت دار و درەخت و گوڵ و گیا و و گیانلەبەرەکان و هۆی پیرۆزایەتی ئەوان لە نێو کوردان ئەکات و باسی ئەو چیرۆک و هەقایەتانە دەکات کە لەم بوارەدا ساز کراون و وەکوو موزەخانەیەکە کە پڕیەتی لە هەزاران بیر و باوەڕی کۆنی باووباپیرانی ئێمە سەبارەت بە هەستی و دیاردەکانی، بۆ وێنە داستانی ساز کردنی دەرمان و مەعجونێک دەکرێ کە ئەتوانێت مرۆڤەکان بگەنە هەرمانی و نەمری، هەر بۆیە لە هەقایەت و چیرۆکی لوقمانی حەکیم لە پزشکی‌دا ئەم مەعجونە جادوویە ساز ئەکرێ، بەڵام خواوەندی موتەعال، ئاگادار ئەبێت و فەرمان ئەدات بە حەزرەتی ئێزرایل ئەیژێ: ئەگەر فریا نەکەویت لوقمان پەی بە دەرمانی مردن بردووە، لەو کاتە دایە کە ئێزرایل دەگاتە سەری و شاپەڕێک ئەدات لە مەعجونی بێ مەرگی و لێژی ئەداتەوە[٣]یان باسی پەیدا بوونی گوڵە خەشخاشە دەکرێ کە چۆن سەوز بووە، بەسەرهاتی کچێکە کە تووشی نەخۆشییەکی زۆر سەخت ئەبێ و کاتێک ئەچێ بۆ لای لوقمان بە ناشرینترین شێوە لێی تووڕە ئەبێ و دەری ئەکات و کچە بە گریان دێتەوە بۆ لای دایکی و بە سەرهاتەکە ئەگێڕێتەوە، دایکی کچە بە دزیەوە ئەچێتە پشت پەنجەرەی دەرمانگاکەی لوقمان حەکیم، گوێ ئەگرێ ژنی لوقمان ئەیژێ: ئەی لوقمان بۆچی ئەو ئافرەتەو بەو جۆرە بە تووڕەیی دەر کرد ودەرمانت نەکرد. ئەویش ئەیژێ ئەگەر ئەو کچە لەگەڵ پیاوێکی بە هێز و هەیکەلی عەلاقە بکات ئەو نەخۆشیەی لە کۆڵ ئەبێتەوە، بەڵام مەترسی سەختی بە دواوەیە، دایک کچە ئەم ڕازە بە کچەکەی ئەیژێ و کچە بەو کارە چارەسەر ئەکرێ، بەڵام دەبێتە هۆی مەرگی ئەو کابرا و لەسەر گۆڕەکەی گوڵە خەشخاشە شین ئەبێ و بە دونیادا بڵاو ئەبێتەوە، کاتێک لوقمان ئەم بەسەرهاتە دەبیسێتەوە ئەنگوستی خۆی گاز ئەگرێ[٤]...

ئەم ئوستوورانە بەو جۆرە باس لە ڕازی مردن و گەڕان بە دوای دەرمانی مەرگ‌دا ئەکات کە دەغدەغەی ئەزەلی و ئەبەدی مرۆڤەکانە بەرانبەر بە دێوی ڕەش و مەترسی‌داری مەرگ و ئەمڕۆش زانستی پزیشکیش هەر بە دوای ئەو کێشە ئەزەلی و ئەبەدیانەوەیە و هێشتا نەیتوانیوە گرێ‌کوێرەکانی ڕازی مردن بدۆزێتەوە، کە بەو جۆرە دەر ئەکەوێ ئوستوورەکان زانستی بەشەرین سەبارەت بە هەستی و دیاردەکانییەوە کە لەم کتێبە و لە کتێبە ئوستوورەییەکانی دونیا زۆرتر لە سەدان چیرۆک و بەسەرهاتی وا لەسەر مردن و زیندوو بوونەوە هەیە کە باس لە فەلسەفەی مەرگ و ژیان ئەکات.

باسەکانی ئوستوورەی مەرگ لە تەواوی دینە کۆن و تازەکانی دونیادا گەورەترین چەمکی ژیانی مرۆڤە کە لە دینەکانی وەکوو: ئێزەدی و یاری و شەبەک و کاکەیی تاکوو ئایینی بودایی و جولەکە و دواجاریش ئایینی ئیسلام و لە کتێبە پیرۆزەکانیان بە چڕوپڕی باسی کراوە و هەزاران زانا و پسپۆڕ بوژاندویانەتەوە کە ئەم چەمکە لە نێو ئێزەدی وکاکەییەکان‌دا وەکوو تەناسوخ و دونادون و جامە بە جامە و ئاڵوگۆڕی ژیانی مرۆڤ لە دوای مردنی و گەڕانەوە بۆ داوێنی

١. کتێبی رستم و سهراب، مقدمه، انتشارات پیام نور
٢. فصلنامه علمی پژوهشی دانشگاه آزاد سنندج - خوانشی ساختاری داستان سیدوان – خسرو سینا ص٨٠

٣. ئارشیوی نوسەر و لوقمان نارپور - بێژەر نەبی موحەمەدیان تەمەن ٨٥ ساڵە دانیشتوی سەقز
٤. هەمان سەرچاوە



هەواڵنامەی کتێب

دایکی مرۆڤ واتە زەمین و سروشتی پاک و بێگەرد و ڕەستاخیزی دوبارە بەبێ ئەوەی وەکوو دینەکانیتر ڕۆژێکی پەسڵان و بەهەشت و دۆزەخێک دیاری بکرێ.

ئەم گەڕانەوە بۆ داوێنی سرشت و تێکەڵبوونەوە، یاسایەکی وزەی گەورەی هەستییە کە تا کۆتایی جیهان دووپات ئەبێتەوە، ڕوانینێکی عەقڵانییەتی بەشەرە سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ داوێنی پاک و بێگەردی دایکی زەمین، تاکوو تێکەڵ ببێتەوە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت کە ئوستوورەکان داکۆکی لەسەر گەڕانەوەی مرۆڤەکان ئەکەن بۆ دونیای پاک و بێگەردی بەرەبەیانی دەستپێکی ژیان و خوڵقێنراوەکان، ئەیانەوێ بەو جۆرە هێمنی و ئارامی و ئارامش بۆ ژیانی مرۆڤەکان بگەڕێتەوە.

ئەم جۆرە کتێبانە وەکو پردێکن لە نێوان سروشت وسرشتی پاک و بێگەردی باووباپیران و ژیانی پڕ لە خوێنمژین و بێبەزەیی و کوشت وکوشتار و هەزاران کارەساتی بەشەری ئەمڕۆ دیاری دەکات، بینە پردی ئاشتی و مرۆڤەکان وریا ببنەوە لە فەلسەفەی ژیان ومەرگ.

ئوستوورەکان باس لە خوڵقاندنی هەستی و دیاردەکانی و دواجار خوڵقاندنی بەشەر ئەکات و لە ئایینی کاکەییدا هاتووە خوا لەسەر چۆن خوڵقاندنی مرۆڤ لەگەڵ فریشتەی مەرگ واتە «پیر بنیامین»وتوویژ ئەکات و ڕای خۆیان دەردەبڕ سەبارەت بە ئافراندنی مرۆڤ و سەرئەنجام یەکم مرۆڤەکان ساز ئەکەن و خودا ڕوحی خۆی بە بەریان ئەکات.

دواجار هەر ئەم مرۆڤە ئەتوانێ بە پێڕەوی لە کتێبی سەرئەنجام و فەرمایشتەکانی پیرانی تەریقەت و چۆن ژیان ئاڵوگۆڕی بەسەرابێ و بگاتە ڕادەی حەوتەوانان و چلتەنان و فریشتەکانی ئاسمانی و سەرئەنجام وەکوو دڵۆپێک تێکەڵ دەریای زاتی پاکی خوداوەند ببێت، بەڵام بەپێچەوانە ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ کەسێکی شایستە بێت ئەوە هەر لە ڕادەی تەناسوخدا دەمێنێتەوە و لە هەر جار کە جامە بە جامە ئەکات تێکەڵ سروشت و گیا و گیانلەبەرەکان ئەبێتەوە، مەولەوی کورد دەفەرمێ:

هەرکەس تەوەلود دوبارەش نیەن
ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نیەن

گەرچی ئەهلی حەقەکان چەند فرقەن وەکوو شاخوشینی و باوە یادگار، شاە ئیبراهیمی و عەلیوڵڵاهی[1] و... لەسەر ئاڵوگۆڕ و دونادون و تەناسوخ و زۆر شتیتر وەکوو مەعاد و دۆزەخ و بەهەشت و... بیر و بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەسڵی گۆڕانی ڕوح و جامە بە جامە، ئەندێشەیەکی بنەڕەتییە و هەمویان باوەڕیان پێیە و بڕوایان وایە مرۆڤەکان تاکو هەزار و یەک جار ئەتوانن دونادونیان بە سەردا بێت.

هەرکەس بناسۆ شۆن جامەی وێش
نەی کۆچ و ڕۆڕۆ[2] نەدارۆ ئەندێش
ئەگەر بزانان شۆن جامەشان
وەمەشعەلەوە میان و مەشان[3]
یاران مەترسان لەم سیاسەتە
تەسلیمی گیانان چیون غیوتەی بەتە[4]

لە فەرمودەکانی «شێخ ئەمیر»لەسەر مردن و حلولی ڕوح و ئاڵوگۆڕی لیباسی ڕوح بوو.[5]

باسی خیلقەت و خوداوەند لە کتێبی پیرۆزی «سەرئەنجام»وەکوو دیتر چەمکەکانی بنەڕەتی ئەم ئایینە بەتایبەت هاتووە و باسی خودی خوداوەند دەکات و دەفەرمێ: خوداوەند لە نێودڵی مرواریدێکا دەژیا، و لەوێوە هاتە دەرێ و بە فەرمانی خوداوەند ئەو مرواریدە پرشوبڵاو بوو و لەو دوکەڵێک بەزەوە بوو کە بوو بە هۆی پەیدا بوونی ئاسمان و زەمین و خۆر و مانگ و ئەستێرە و گیا و گیانلەبەرەکان.

بە هۆی ئەوە کە ئاو و لافاو دونیای داگرتبوو هەموو گیا و گیانلەبەرەکانی لە شوێنێکا کۆی کردەوە و دواجار دەریاکان و گیانلەبەرەکانی نێو دەریای بە تەواوی خوڵقاند و هەموو شتێکی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی و هەموو دیاردەکانی لەیەک جودا کردەوە و زەوی پڕی بوو لە ئاوەدانی و ژیان دەستی پێکرد. خۆشی لەسەر تەخت دانیشتوو وتی: من خوداوەندگاری بێهاوتام.

لە سەرئەنجامدا هاتووە:

نە کانێ کەرەم هەرکەس یەک بەشێ
بەعزێ فەراوان بەعزێ خوا[6]چەشێ[7]

هیما و نمادەکانی ژیانی مرۆڤ یەجگار زۆرە و لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا دەبینرێ کە هەموی ڕیشەی لە ئوستوورە و بیر و باوەڕە کۆنە ئوستوورەیەکاندا هەیە، هەر لە شکڵ وشێوازی پەیکەری ناو ئەشکەوتەکانەوە بگرە تا جلوبەرگ و دابونەریتەکانی کۆمەڵگا و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لە ژێر کارکردی زاتی ئوستوورە دایە. «میرچا ئێلیادە»دەڵێ: هەر ڕەمزێک ڕوحێکی تێدایە و هەر خەونێک واقعیەتێک.

داگیرکاری وشە ڕوکێشەکانی وەک براکوژی یان باوک کوشتن و ئەولاد کوشتن و قەتڵ و ژێنۆسایدی مرۆڤەکان و ڕەگەزپەرەستی و نیشانە و وێنەی سەر ئاڵا و پەرچەمی میللەتان و ئاسەواری ماکی کۆن و نوێی بەشەری،بیروباوەکانی تاکە کەسی وکۆمەڵایەتی هەموی لە ژێر کارکردی ئوستوورەودەرونی ئوستوورە سازی مرۆڤدایە کە لەم کتێبە زۆرتر لە سەر ئاسەواری کۆن ورەنگ دانەوەیان لە ئەدەب وکەلتوری کوردی باس کراوە.

---

١. ئایین و اندرزیاری، مجید القاسی ل٣٧

٢. هات و چۆ
٣. ئەهاتن و ئەچون
٤. مراوی
٥. هەمان سەرچاوە ل٤٦
٦. خوێ
٧. ئایین و اندرزیاری مجیدالقاسی ل٩



جەلال پوورحەسەن ـ مەهاباد

# لێکدانەوەی پێکهاتەی نەحوی گێڕانەوەی ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازی تۆدۆرۆفەوە

پووختە:

ڕوانگەی پێکهاتەخوازی بە سەر دەقە ئەدەبییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە، یەکێک لەو ڕوانگانە خوێندنەوە و موتالای گێڕانەوەی دەقەکانە. یەکێک لەو شێوازە خوێندنەوەیانە شێوازی لێکدانەوەی گێڕانەوەیی «تۆدۆرۆفە»کە باشترین ئولگوویە بۆ لێکدانەوەی پێکهاتەی گێڕانەوە، تۆدۆرۆف سێ نموودی واتایی، قسەیی و نەحوی باس دەکات، لەو وتارە دەمانهەوێ پێکهاتەی نەحوی ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم بتۆژینەوە. ئەنجامی ئەو تۆژینەوەیە نیشان دەدات کە ئەو چیرۆکە لە ٤٩ پەیرەفت پێکهاتووە کە سێ جۆری نێوەندگیری، زەنجیری و نۆرەیی لە خۆدەگرێت.

وشە سەرەکییەکان:

گێڕانەوەناسی، پێکهاتەی نەحوی، تۆدۆرۆف، شازادە ئیبراهیم

## ١- سەرەتا

لە نێوان نەزەرییە جیاوازەکانی ئەدەبی، پێکهاتەخوازی توانیوێتی بە سرنجێکی زیاتر لە دەق هەم فۆرم و هەم نێوەرۆک شێوازێکی تایبەت بێنێتە ئاراوە، یەکێ لەو شێوازانە خوێندنەوە و لێکدانەوەی گێڕانەوەی دەقی چیرۆکەکانە. لێکدانەوەی گێرانەوە لە «پراپ»ەوە دەستی پێکرد، پراپ لە لێکدانەوەی زیاتر لە ١٠٠ چیرۆکی پەریانی ڕووسی، دەریخست کە بەردەوام لەو چیرۆکانەدا ٣١ کارکرد دووپاتە دەبنەوە، ئەگەرچی کەسایەتییەکان دەگۆڕێن، بەڵام کارکردەکانیان هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

یەکەم کەس کە باسی گێڕانەوەناسی کرد «تێزۆتان تۆدۆرۆف»بوو، تۆدۆرۆف لە سێ ڕوانگەوە گێرانەوەی لێکدایەوە: واتایی، قسەیی و نەحوی.

دواتر کەسانێکی وەک بارت و گێرماس بناغەکانی ئەو شێوەیان دارشت و ئەوەی ئەوڕۆ وەک گێڕانەوەناسی دەیناسین بەرهەمی ڕەنج و زەحمەتەکانی ئەوانە.

ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم یەکێ لەو ئەفسانانەیە کە سینە بە سینە تا سەردەمی ئێستا هاتووە و بە دەستی ئێمە گەیشتووە، هاوڕێی خۆشەویستم قاسم تاباک کۆی کردۆتەوە و لە تویێ کتێبێکدا لە چاپی داوە، ئەو ئەفسانەیە خاوەن پێکهاتەیەکی گێڕانەوەییە، بۆیە هەوڵ دەدەین لەو وتارەدا لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازی تۆدۆرۆفەوە باسی پێکهاتەی نەحوی دەقەکە بکەین و لە دڵی ئەو ڕادەی ئەو پەیرەفتانە دەربخەین کە بەرە بە بەرە چیرۆکەکەیان پێکهێناوە.

## ٢ – گرینگایەتی تۆژینەوە:

لێکدانەوەی پێکهاتەی چیرۆک و دارشتناسی ئەو، تیپەڕین لە توێژەکانی سەرەوەی دەق و گەیشتن بە ژێرسازەکانی، گرینگیەکی زۆریان هەیە تا بتوانین نیشانی بدەین چیرۆکەکان ئەگەرچی لە دارشتدا جیاوازن بەڵام خاوەن پێکهاتەی گێرانەوەییەکی هاوبەشن تا بەو شێوەیە وێچوویی و جیاوازییەکانیان ڕوون بکرێتەوە و لە ژێر تیشکی ئەو ڕۆشەنایە بتوانین پێکهاتەبەندی دەقەکان وەڕوو بخەین. لێکدانەوەی پێکهاتەخوازی دەقە ئەدەبیەکان یەکێ لە باشترینی ئەو ئیمکانانەیە کە دەتوانین کەلکی لێوەرگرین.

لێکدانەوەی بوتیقایی یانی لێکدانەوەی پێکهاتە ئەدەبییەکان لە چوارچێوەی باس و ئۆلگوو و پێوانە ئەدەبییەکان. بوتیقا ناتوانێ تەنیا تایبەت بە سەردەمی ئێستا بێت. دەبێ پێکهاتەکانی ڕابردوو و تایبەتمەندییەکانی ئەو پێکهاتانە بخرێنە ڕوو و لە پەنا ئەو پێکهاتە وەرووخراوانەی سەردەمی ئێستا دابنرێن و دواتر، بە بەرانبەر کردن لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهان بتوانین تیئۆرییەکی تەواو دروست بکرێ، ئەو جۆرە لێکدانەوەیە دەبێ بکرێنە پایە و ئەساسی خوێندن لە زانکۆکان. «براهانی،١٣٦٨:١٧»گرینگایەتی ئەم چەشنە تۆژینەوەیە دەخوازێ تا فۆرمەکانی چیرۆکی کۆن و سەردەمی ئێستای کوردی بە بەراوردکاری لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهانی نیشان بدرێ، جۆری ئەو تۆژینەوەیانە دەردەخات ئایا چیرۆکی کوردی ئەو زەرفییەتانەی هەیە بە پێی پێکهاتەخوازی هەڵسەنگێندرێ؟، ئەو وتارە لەو چوارچێوەیە بۆ وڵامی ئەو پرسیارە حەولی خۆی دەدات.

## ٣ – پێشینەی تۆژینەوە:

پێشینەی ئەو جۆرە تۆژینەوەیە لە جیهاندا زۆر درێژخایەن نییە، ئەگەرچی هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ بوتیقای ئەرەستوو، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا فۆرمالیستە ڕووسەکان یەکەم کەسانێک بوون کە لە ڕوانگەی زمانناسییەوە سرنجیان داوەتە فۆرمی نووسراوەکان و دواتر پێکهاتەخوازەکانیش هەم گرینگیان داوە بە پێکهاتەی دەقەکان و هەمیش ناوەرۆکی دەقەکانیان لێکداوەتەوە. بەرهەمی ئەو لێکدانەوەیە کۆمەڵێک سرنجی نوێی لە ئەدەبیاتدا بەرهەم هێناوە کە هەتا ئەورۆکە کەلکی لێوەردەگیرێ، دواتر پاش پێکهاتەخوازەکانی وەک دریدا و فۆکۆ و قوتابخانەی فرانکفۆرتییەکان بە گرینگی دان بە دارشتی زمان و توێژی زمانی و پێکهاتەی نەحوی ڕستەکان باسی لێکدانەوەی پەیڤینیان هێنایە گۆرەپانی نووسین، دوای ئەوەش زمانناسی ڕەخنەیی کەسانێکی وەک ڕاجێر فاولێر و دواتر لێکدانەوەی پەیڤینی ڕەخنەیی سەری هەڵدا؛ کەسانێکی وەک فێرکلاف و لاکلائۆ و... ، بە ڕوانگەیەکی زماننانسانە پێکهاتە و دارشتی دەقەکانیان داوەتە بەر سرنج.

لە کوردیدا ئەوەی تا ئێستا سەبارەت بە ئەفسانەکان کراوە زیاتر کۆ کردنەوەی ئەو ئەفسانانە بووە. ڕۆژهەڵاتناسانێک وەک ئۆسکارمان، م. ب. ڕۆدینکۆ، ئەبوویان ئەرمەنی، نیکیتین، مینورسکی و هەر وەها ئەو کوردانەی وەک قەناتی کوردۆ، عەرەب شەمۆ، مەلا مەحموود بایەزیدی، باقی سەفاری هەورامانی، فاروق حەفید، گیو موکریانی، پیرەمێرد، عەلائەدین سەجادی، هاشم سەلیمی، هێمن، مەولوود ئیبراهیمحەسەن و هتد،

بەڵام لەو نێوەدا عیزەدین مستەفارەسوڵ ڕوانگەیەکی گەلێک بایخداری سەبارەت بە ئەفسانە و ئۆستوورەکان هەیە. ئەو پێی وایە ئەفسانە نمودی خێر و شەڕە، ئەو خێر و شەڕە لە چوارچێوەی مرۆڤ کە سەرچاوەی ڕووناکی و خێرە و لە هەمان کاتدا دێو و شەیتان سەرچاوەی شەڕە نیشان دراوە «سلیمی،١٣٩٠:١٢». بەڵام وەک بەشی تیپشناسی لە ئەفسانەکان و چیرۆکەکاندا دەتوانین ئاماژە بە شێوەی تیپشناسی بکەین کە لە چەندیەک لە کۆکردنەوەکاندا ئەنجام دراوە لەوانە مەکتەبی فەنلاندییە، کە بە مەکتەبی تیپناسی جیهانی «ئارنێ تامپسۆن»ناسراوە. هەم کتێبی چیرۆک و ئەفسانەکانی ڕۆدینکۆ و هەم کتێبی چیرۆکی هاشم سەلیمی بەپێی ئەو تیپناسییە ڕێک خراوە، بەڵام لە دیتری کۆکراوەکاندا تەنیا کار لە سەر گردهێنانەوەکان کراوە. سەرجەم لەو شێوە وتارەی کە کار لە سەر گێڕانەوەناسی بکات کەمە. بەڵام کتێبەکەی مەولود ئیبراهیمحەسەن کە هاشم سەلیمی باسی دەکات بەداخەوە من وەدەستم نەکەوت لەو بەشەش کاری کردووە. یەکێکیتر لەو وتارانە لێکدانەوەی گێڕانەوەیی شێعری هەڵۆی سوارەیە لە لایەن جەعفەری قارەمانی و لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازی گێرماسەوە دەقەکەی لێکداوەتەوە، بەرهەمی ئەو تۆژینەوەیە کارێکی بەپێزە. بەڵام تا ئەو جێیەی نووسەری ئەو وتارە ئاگادارە لە سەر ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم هیچ کارێکی پێکاتەخوازانە ئەنجام نەدراوە و ئەوە یەکەمین بابەتی تۆژینەوە دەبێت لە سەر ئەو ئەفسانەیە.

٤ – شێوازی تۆژینەوە:

شێوازی تۆژینەوە لەو وتارەدا لە سەر ئەساسی ڕوانگەی تۆدۆرۆفەوەیە، لێرە پێویستە شێوازی لێکدانەوەی پێکهاتەخوازی تۆدۆرۆف بۆ پێکهاتەی گێرانەوە باس بکرێ تا بنەمای نەزەرییەکان و شێوازی لێکدانەوە لەو ئەفسانەیەدا ڕوون بکرێتەوە.

بەڵام پێشتر واباشە باسی فۆرمە بەربڵاوەکانی(بسیط) ئاندرێ یوڵس بکەین، یوڵس پێی وایە تەواوی گێڕانەوەکان لە دە فۆرمی گێرانەوەیی پێک دێن:

١. ئەفسانە، ٢. ساگا، ٣. ئۆستوورە، ٤. مەتەڵ(معما)، ٥. زەربولمەسەل، ٦. نمونە(مثال)، ٧. بیرەوەری، ٨. حەکایەت، ٩. نەقڵ و نەزیرە، ١٠. چیرۆک (قصە)

هەڵبەت دەکرێ ئەو فۆرمانە زیاتریش بن و تا ڕادەی ١١ تا ١٢ فۆرم لە هەر فەرهەنگێک زیاد بکرێن، بۆ نموونە لە کوردیدا ئێمە بەیت، حەیران، لاوک و بەندمان هەیە کە دەکرێ لەو فۆرمانەی یوڵس زیاد بکرێن. ئەو جیاکارییەی یوڵس ڕەهەندەکانی گێرانەوەی دیاری کرد لە چوارچێوەی فۆرمە جیاوازەکاندا و بەو شێوەیە فۆرمەکانی گێرانەوە دیاری کران.

لێکدانەوەی پێکهاتەی چیرۆک بۆ یەکەم جار بە کاری پراپەوە دەستی پێکرد لە کتێبی «دارشتناسی چیرۆکی پەرییەکانی»ڕووسی. پراپ بە لێکدانەوەی پێکهاتەیی زیاتر لە ١٠٠ چیرۆکی پەرییەکان ٣١ کارکردی کەسایەتییەکانی دیاری کرد کە بەردەوام دووپاتە دەبوونەوە، ئەگەرچی کەسایەتییەکان دەگۆڕدران، بەڵام کارکرد و ڕۆڵی ئەو کەسایەتییانە لە چیرۆکەکاندا هەر بە یەک شێوە بوو، ئەو کارە ئێزنی دا تا پراپ پێکهاتەیەک بۆ چیرۆک قابیل بێت. کاری پراپ گرینگیەکی زۆری بوو بۆ لێکدانەوەی پێکهاتەیی چیرۆک و گێرانەوە. «پراپ بە کەلک وەرگرتن لە دارشتناسی گیا کە لە ساز و کاری گیا ورد دەبێتەوە، دەست دەکات بە لێکدانەوەی شێواز و دەردانی قەواعیدی پێکهاتەیی چیرۆکەکان، لە سەر ئەساسی ئەو لێکدانەوەیە هەر ئەو جۆرەی کە دەکرێ نمودی زمان لە ڕێگەی گرامێری زمانەوە باس بکرێت. لە ڕێگەی ناسینی گرامێری چیرۆکەوە دەتوانی پێکهاتەی جیاوازی دەق و لایەنەکانی دەر بخرێن. ئەو شێوازە چیرۆکێک نە لە سەر بونیانی کەسایەتییەکان بەڵکوو لە سەر ئەساسی کردەی کەسایەتییەکان و چۆنییەتی پێوەندیی بەرابەری ئەوان(قارەمان و دژە قارەمان) و چۆنیەتی کردارەکانیان(بەرخۆدان، سەرکەوتن، هەڵاتن، گەڕانەوە بۆ وڵات و...) و دووپاتە بوونەوەی کردەکان و وێنەکان لێکدەدرێنەوە. (فلکی،١٣٨٢:٢٨)

یەکەم کەس کە کارەکەی خۆی بە گێڕانەوەناسی چیرۆک پێناسە کرد تێزۆتان تۆدۆرۆف بوو، ئەو لە دەستووری زمانی «دێکامێرۆن ١٩٦٩» نەزەرییەی خۆی لە سەر بنەمای زمانناسی بونیاد دەنێ «مکاریک، ١٣٨٤:١٥١»هەر وەک لە شێوازی پێکهاتەخوازیدا باوە ئەو بە چکۆلەترین یەکەی گێڕانەوە دەست پێدەکات. تۆدۆرۆف سێ یەکەی گوزارە، پەیرەفت و دەق دیاری دەکات، لە ڕوانگەی ئەوەوە چکۆلەترین یەکەی گێڕانەوە گوزارەیە، هەر گوزارەیەک بە دوو شێوەیە: ئەلف گوزارەی تەوسیفی کە لە کەسایەتی و وەسفەوە پێک دێت: ئەلف شەڕانییە، ب گوزارەی کاری کە لە پێوەندی کەسایەتی و کردەوە پێک دێت: ئەلف بێ دەکووژێ. «یانسن، ١٣٦٨:١٣٧٨ نەقل لە راضیە آزاد»گوزارەی دەستپێک لە ڕوانگەی تۆدۆرۆفەوە خاوەن دۆخێکی هاوسەنگ و جێگیرە بۆیە هەمیشە یەک پەیرەفت لە پێنج گوزارە پێک دێت هێزێک ئەو دۆخە یەکانگیر و هاوسەنگە دەشێوێنێ بە هۆی ئەو شێواندنەوە دۆخێکی ناجێگیر و ناهاوسەنگ دێتە ئاراوە، دواتر هێزێکی دیکە لە دژی هێزی سەرەتایی حەولی ساز کردنەوەی جێگیری و هاوسەنگی دەداتەوە و بەو شێوەیە جێگیرییەکیتر پێک دێت کە بەرابەری جێگیری سەرەتاییە، بەڵام دەقیق وەک ئەو نییە «تودۆرۆف، ١٣٨٢:٩١»گێڕانەوە هەمیشە لە دۆخێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دۆخێکیتر، لە بەردەوامی گێڕانەوەدا هەمیشە دۆخێکی یەکانگیر تووشی شێواندن دەبێت و لە کۆتاییدا هێزەکان دۆخێکی هاوسەنگیتر حاکم دەکەنەوە.

لە چیرۆکدا هەمیشە پەیرەفتەکان تێکەڵ دەبن ئەو تێکەڵبوونەشە کە ڕێگە بە بەردەوامی گێرانەوە دەدات تا بەو شێوەیە چیرۆک درێژەی هەبێ، بە درێژەدانی گێرانەوە دەق ساز دەبێت. لە ڕوانگەی تۆدۆرۆفەوە هەر چیرۆکێک لانیکەم خاوەنی یەک پەیرەفتە، بەڵام لەوانەشە چەندین پەیرەفت تێکەڵ بن بۆ ئەوەی چیرۆکێک ساز بێت. «اسکولز،١٣٨٣:١٦١»

ئەگەر بمانهەوێ یەک پەیرەفت بە شێوەی نمودار نیشان بدەین ئاوای لێدێ: هێڵێک لە چەپەوە بۆ لای ڕاست دەست پێدەکات، بەڵام لە نێوانی ڕێگەدا دەشکێ و دواتر وەک خۆی لێدێتەوە:




(وێنەی ژمارە ١)

١ هاوسەنگی سەرەتایی: دۆخێکی جێگیرە کە چیرۆک لە ئەوێوە دەست پێدەکات، نیشاندەری ژیانی ئاسایی قارەمان یا کەسایەتی سەرەکی گێرانەوەیە.

٢ – هۆکاری تێکدەر: هێزێکە کە دۆخی هاوسەنگ و جێگیری سەرەتایی دەشێوێنێت و تێکی دەدات، بەو شێوەیە ژیانی قارەمان تووشی شێواوی دێت، ئەوەش دەکرێ هەر

شتێک بێت وەک: بیرێک، کردەیەک، ڕووداوێک یا....

٣ – ناهاوسەنگی یا دۆخی تێپەڕ: دۆخێکی نوێیە کە بە هۆکاری هێزی تێکدەرەوە دێتە ئاراوە کە دەبێتە هۆی تێکدانی بارودۆخی ئاسایی ژیانی قارەمان یا کەسایەتی چیرۆک و قارەمان حەول دەدات چارەسەری ئەو دۆخە بکات و هاوسەنگیەکە بگەڕێنێتەوە و لەو شێواوییە ڕزگاری بکات.

٤ – هۆکاری سازندە و پێکهێنەر: هێزێکە لە دژی هێزی تێکدەر دەجولێتەوە تا بەو شێوەیە دۆخی ناجێگیر بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی ژیانی قارەمان. ئەو هێزە هەر شتێک دەتوانێ ببێت: وەک: کەسێک، شتێک، بیرێک، کردەیەک یا ڕووداوێک.

٥ – هاوسەنگی کۆتایی: جێگیریی و هاوسەنگییەکە کە جارێکی دیکە دوای حەول و تێکۆشانی قارەمان بۆ سامان دانی ئەو دۆخە ناجێگیرە پێکدێتەوە ئەوە وەک هاوسەنگی و جێگیری سەرەتایی وایە، بەڵام لەگەڵ ئەو یەک نییە.

تۆدۆرۆف بەوە دەگات کە هەر گێڕانەوەیەک لە دوو بەش پێک دێت، یەکەم دۆخێکە کە بارودۆخی سەرەتایی و بارودۆخی هاوسەنگی یەکانگیرکراویی کۆتایی باس دەکات کە لە کۆتایی گێڕانەوەدا پێک دێتەوە، دووهەم ئەو بەشە تێپەڕە دەگرێتە خۆی کە بارودۆخی سەرەتایی دەشێوێنێت و دۆخێکی ناجێگیر دێنێتە ئاراوە.

لە بەشی یەکەمدا بارودۆخی ئاسایی و هاوسەنگی سەرەتایی باس دەکرێ کە دواتر لە کۆتایی گێڕانەوەدا سەرلەنوێ ئەو هاوسەنگییە وەدەست دێتەوە. تایبەتمەندی ئەو دۆخانە ئەوەیە کە ڕاوەستاو و دووپاتەبوون، بەو واتایە کە ڕووداوەکانی دووپاتەبووە بە شێوەیەکی لە بڕان نەهاتوو بەرهەم دێنەوە و دووپاتە دەبنەوە. لە بەشی دووهەمدا کاتێک کە گێڕانەوە لەو دۆخە جێگیر و هاوسەنگە دەترازێ و دەچێتە دۆخێکی ناجێگیر و ناپابەرجا کە نیشانەی دەرچوونە لە دۆخی جێگیری سەرەتایی و جوڵە کردنە بەرەو دۆخی جێگیری کۆتایی. بەشی دووهەم، هەمیشە دۆخێکی پڕ جووڵە و ژیوەرە و هیچ ڕووداوێک زیاتر لە جارێک ڕوو نادات. »آزاد، ١٣٨٨«

هەر پەیرەفتی چیرۆکێک لەو پێنج دۆخە کە بە شێوەی پێنج گوزارەی گێڕانەوەیی بەرهەم دێن، پێک دێت، بەڵام ئەو پەیرەفتانە بە سێ جۆر لە نێو دەقی چیرۆکدا ڕوو دەدەن کە دەبنە هۆی ئەوەی گێڕانەوە درێژەی هەبێت:

١ – نێوەندگیری(درونەگیری): لە نێوەندگیری‌دا یەک یا چەند پەیرەفت دەبن بە یەک گوزارەی پەیرەفتی سەرەتایی وەک ئەوەی چیرۆکێک لە نێو چیرۆکێکی‌تردا ڕووی دابێت تا بەو شێوەیە ئەو یەک یا چەند پەیرەفتە کارکردی ئەو گوزارەیە وەئەستۆ بگرن کە تێی‌دا ڕوویان داوە، بە جۆرێک کە پەیرەفتێک تەواو دەچێتە دڵی پەیرەفتی سەرەتاوە و جێگرەوەی یەکێک لە گوزارەکان دەبێت. بۆ نموونە گوزارەی یەک و دوو و سێ باس دەکرێ و گوزارەی چوار خۆی دەبێت بە پەیرەفتێکی دیکە لە نێو ئەو پەیرەفتەدا و دوایە گوزارەی پێنجەمی پەیرەفت باس دەکرێ.

٢ – زنجیرەسازی: لە زنجیرەسازی‌دا پەیرەفتەکان وەک حەڵقەی زنجیرێک لێک دەتەنرێن و بە دوای یەکتری دادێن، هەر پەیرەفتێک پێنج گوزارەکەی خۆی تەواو دەکات و دواتر پەیرەفتێکی دیکە دەست پێدەکات. لێرەدا گێڕانەوە وەک باس کردنی کۆمەڵە چیرۆکێک وایە لە نێو دڵی دەقی چیرۆکی سەرەتایی.

٣ – نۆرەیی: لەو شێوەیەدا گوزارەی پەیرەفتەکان تێکدەتەنرێن بە جۆرێک کە گوزارەیەک لە یەک پەیرەفت دێت و دوایە گوزارەیەک لە پەیرەفتێکی دیکە باس دەکرێ، گوزارەی هەر پەیرەفتێک بە نۆرەی خۆی لەگەڵ گوزارەی پەیرەفتێکی دیکە دێت. »تودوروف، ١٣٨٢: ٩٣ و ٩٤«

٥ – کورتەیەک لە چیرۆکی شازادە ئیبراهیم:

سوڵتانی ئەستەمبوڵی منداڵی نەدەبوو چوو بۆ حەج، لە ڕێگەدا عابیدێک دوو سێوەی دەداتێیە بۆ ئەوەی یەکیان خۆی و خێزانی و ئەوەی‌تریان بەهەمەنی وەزیر و خێزانی بیخوات. بەو شێوەیە دەبنە خاوەنی دوو کوڕ بە ناوی شازادە ئیبراهیم و خان محەمەد. کوڕەکان گەورە دەبن و دەنێردرێنە بەر خوێندنی لە ژێر زەمینێک کە چل میتر لە ژێر زەوییە. دواتر کوڕەکان لە خوێندن تەواو دەبن و ساز دەبن بۆ ڕاو، لە نێو چزرگە و باغێکدا شازادە دەبینێ کە عابیدێک دەگری و پۆرترەیەکی بەدەستەوە، شازادە دەیبینێت و بێهۆش دەبێ و دەگەڕێنەوە و داوا لە سوڵتان دەکات خاوەنی ئەو پۆرترەیە کە کچی پاشای دەمیشقییە بۆی بخوازێ. شازادە و خان محەمەد دەیانهەوێ بچن بۆ دەمیشقێ، بابی و بەهەمەنی وەزیر لەشکرێکیان لەگەڵ دەخەن و دەستوور دەدەن لەشکر هەر شەوەی بەشێکیان بگەڕێتەوە تا لەو چوونە پەژیوان ببنەوە، لەشکر هەموو دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوان ناگەڕێنەوە تا بەو شێوەیە دەگەنە دمیشقێ و هاوڕێیەکیان ڕەگەڵ دەکەوێ دوای ئەوەی کەشتییەکەیان لە بەحری عومانی نوقم دەبێت، حامیدی مەلا کە مامی موڵک و تەختی لێ داگیر کردووە. لە دمیشقێ ماڵێک دەگرن و دەچنە قەراری نۆشافەرین. دوای ئەوەی لەگەڵ نۆشافەرین ئاشنا دەبن و خۆ بە یەکتری دەناسێنن هاتوچووی کۆشکی نۆشافەرین دەکەن. عاشقانی نۆشافەرین دەکەونە حەولی کووشتنی شازادە و هاوڕێکانی. بەو جۆرە بشێوی لە شار پەیدا دەبێت و داوا دەکەن پاشای دەمیشقێ کچەکەی بە شوو بدات. پاشا سێوێکی پێ دەدات دەڵێ لە هەر کەسی بدات نۆشافەرینی لێ مارە دەکەم. لە ڕۆژی کۆبوونەوەی عاشقاندا نۆشافەرین لە لایەن دێوانەوە دەدزرێت و دەیبەنە کێوی قافێ. شازادە لە لایەن تووتی عابیدێکەوە هەڵدەبژێرێت و کتێبێکیشی پێدەدات و ئەویش لەگەڵ هاوڕێیەکانی دەڕۆن بۆ قاف، لە ڕێگەدا سیمرغ نەجات دەدەن کە بە تیر پێکراوە و مەلحەم لە سەر برینی دادەنێن و سیمرغ دەیانباتە هێلانەی خۆی. لەوێ شازادە هەژدیهای دەریا دەکوژێ و جوچکەکانی سیمرغ دەپارێزێ و سیمرغ هەر ڕۆژەی دەیباتە بەر بارەگەی دێوێک و شازادەش لەگەڵ دێوەکان شەڕ دەکات و لە ئاکامدا هەموویان دەکوژێ و لە کێوی قاف بە یارمەتی کتێب هەر چل پلەکە تێدەپەڕێنێ و تلیسمەکان پووچەڵ دەکاتەوە و نۆشافەرین و کچی شای پەریان ڕزگار دەکات و دەگەڕێنەوە. لە ڕێگەدا لە لایەن ئەمیری سەلیم دەرماندا و دەکرێت و شای پەریان لە وڵاتی خۆی چاکی دەکاتەوە و لە ڕێی گەڕانەوەدا لەگەڵ لەشکری ئەلیاسی عاشق بە شەڕ دێن و دواتر ئەلیاس بڕیار دەدات بچێتە ژێر چەتری شازادە. بەو شێوەیە شازادە نۆشافەرینی دێنێ و هەمووی عاشقانیش هەر کام بە مرادی خۆیان دەگەن، خوشکیشی دەدات بە ئەلیاس و تەخت و موڵکی حامیدی مەلاش لە مامی دەستێنێتەوە.

٦ تۆژینەوەی شێوازی گێڕانەوەی نەحوی شازادە ئیبراهیم لە سەر ئەساسی ڕوانگەی تۆدۆرۆڤەوە:

هەر وەک باسمان کرد تۆدۆرۆف پێی وایە هەر گێڕانەوەیەک لانی‌کەم لە یەک پەیرەفت تا چەندین پەیرەفت ساز دەبێت، چیرۆکی ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم لە ٤٩ پەیرەفت پێک هاتووە، کە سێ جۆری زنجیرەیی و دەروونەگیری و نۆرەیی لە خۆ دەگرێت.

بەر لەوەی باسی پێکهاتەی پەیرەفتەکانی و شێوەی

لێکتەندرانیان بکەم وا باشە ئاماژەیەک بە پێکهاتەی ئەفسانەیی چیرۆکەکە بکەم تا بزانین ئەو دەقە چۆن لە ئیمکانەکانی ئەفسانە کەلک وەردەگرێ تا گێرانەوەیەکی ئەفسووناوی بخولقێنێت.

لەو چیرۆکەدا لە ئەمرازگەلێک کەلک وەرگیراوە کە هاتنیان لە نێو دەقەکاندا ئەفسووناویان دەکات، وەک دوو سێوی بەهەشتی کە دەبنە هۆی بەروبووی مرۆڤ و منداڵێک کە بەو شێوەیە لە دایک دەبێ خاوەن هێزێکی لە ڕادەبەدەرە ئەو هێزە هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەو دوو کورە بچنە شەڕی چەندین هەزار پاڵەوان و شەرکەر تا لە ئاکامدا سەرکەون. هەڵگرتنی نۆشافەرین بە فیل و باڵی دێوان، شەڕی شازادە لەگەڵ دێوەکان و کووشتنی هەموویان بە هێزی ئەوپەڕی، هاتنی سیمرغ و هەژدیها، کێوی قاف، چل پلەکە و پووچەڵ کردنی تەلیسم، باسی پەرییەکان و شای پەریان و کچی پەریان کە هاوکات لەگەڵ نۆشافەرین شازادە ئیبراهیم ڕزگاری دەکات. بەو شێوەیە، گێرانەوە لە ئیمکانەکانی ئەفسانە کەلک وەردەگرێ تا بنەما و بناغەی گێرانەوەکەی پێ ساز بکات.

هەر کام لەو چیرۆکانەی لە نێو ئەو دەقە دان خۆیان دەتوانن چیرۆکێکی سەربەخۆ بن کە هەر چیرۆکەی لە چەندین پەیرەفت پێکهاتوون بۆیە زیاتری پەیرەفتەکانی ئەو دەقە بە شێوەی زنجیرەیی پێکەوە لکاون و کۆی دەقەکەیان بەرهەم هێناوە.

چیرۆکی شازادە ئیبراهیم بە سەفەری سووڵتانی ئیستەمبوڵی بابیەوە دەست پێدەکات تا بچێتە حەج و لەوێ لە خودا بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی عەولادێکی بداتێیە. لە ڕێگەدا عابید دوو سێوی دەداتێیە و دەگەڕێتەوە، دواتر سەفەری شازادە ئیبراهیم دەست پێدەکات بۆ ئەوەی بە نۆشافەرینێ بگات و بەو جۆرە بە وەسڵی شاد بێت و بیخوازێت. بنەمای زۆربەی ئەفسانەکان لە سەفەرەوە دەست پێدەکات و سەفەرەکان زیاتر بە دوو شێوەن، سەفەر لە جیهانی زەین و ئەو پەرسرووشت و سەفەر لە جیهانی ڕاستەقینە. هەمیشە سەفەری قارەمان بە شێوەیەک دەست پێدەکات کە یا شتێکی لێ ئەستێندراوە یا وا هەست دەکات کە کەسێک یا شتێک لە ژیانی ئەو دا کەمە و پێویستە ئەو بۆشاییە بە دوور بوونەوە لە وڵات و زێدی خۆی و وەدەست هێنانی پڕ بکرێتەوە، بۆیە قارەمان حەولی گەڕان و ئەنجامی کاری سەرسووڕهێنەر دەدات تا ئەوەی لە دەستی داوە بیگەڕێنێتەوە یا ئەو شتەی بۆ وەدەست هێنانی لە ماڵ دەرکەوتووە وەدەستی بێنێ و بگەڕێتەوە. سەفەر هەمیشە لە چوون و گەڕانەوەیەکدا ڕوو دەدات. «کمبل، ١٣٨٠: ١٩٠»

زۆر کات لەو سەفەرانە دایە قارەمان بە بلوغ دەگات و باشتر جیهان فام دەکات. لەو چیرۆکەشدا سەفەر لە شاری ئیستەمبوڵەوە بەرەو شاری دەمیشق کە نۆشافەرینی خاوەنی پۆرترە لەوێیە ئەنجام دەدرێت. لەو بەینەدا ڕووداوگەلێک ڕوو دەدەن تا بە شێوەیەک پەیرەفتەکان دوابخرێ و مەودا دانان بن بۆ ئەوەی پێگەیشتنی شازادە بە نۆشافەرین دوا بخەن. دوای ئەوەی لە سەر ئەفسانەکان و قارەمانی چیرۆکی ئەفسانەکان و شێوەی سەفەر و لە وڵات دوور کەوتنەوەیان باس کرا نۆرەی لێکدانەوەی گێرانەوەناسانەی پێکهاتەخوازی تۆدۆرۆفە لە سەر دەقی ئەو چیرۆکە.

پەیرەفتی یەکەمی ئەو چیرۆکە بە شێوەی نێوەندگیریە، بە واتایەک لە جێی گوزارەی سێهەمی ئەو پەیرەفتە، پەیرەفتی دوو و سێ جێگەیان گرتووە؛ بەڵام با گوزارەکانی پەیرەفتی یەکەم نیشان بدەین و بزانین چۆن پەیرەفتی دوو و سێ دەبن بە گوزارەی سێهەمی ئەو پەیرەفتە.

١ هاوسەنگی و دۆخی جێگیری سەرەتایی: سوڵتانی ئەستەمبوڵی لە بارەگای خۆی دانیشتبوو.

٢ – هۆکاری تێکدەر: خەمی نەبوونی عەولاد.

٣ – دۆخی ناهاوسەنگ و ناجێگیر: پەیرەفتی ٢ و ٣

٤ – هۆکاری سازندە و پێکهێنەر: خواردنی دوو سێو لە لایەن سوڵتان و وەزیر لە گەڵ ژنەکانیان.

٥ – هاوسەنگی و دۆخی جێگیری کۆتایی: حامیلە بوونی ژنی سوڵتان و وەزیر.

بەڵام دوو پەیرەفتی دوو و سێ کە لە جێی گوزارەی ٣ پەیرەفتی یەکەمن چۆن لە نێو پەیرەفتی یەکەمدا جێگیر بوون:

پەیرەفتی دوو:

١ – چەند نجوومدارێک کە لەو مەملەکەتە بوون.

٢ – کۆ کردنەوەیان بۆ سەیری نجووم.

٣ – هیچ پێ نەکرانیان دوای چل ڕۆژ.

٤ – بە فریا گەیشتنی پیری بە ئیختیار و پێشنیاری چوونە حەج بۆ پاڕانەوە لە خودا بۆ پێدانی عەولاد.

٥ – وەڕێ کەوتنی سوڵتان بۆ حەج.

پەیرەفتی سێ:

١ – سوڵتان هەر وا کە دەڕۆیشت.

٢ – تووشی چزرگە بوون و نەزانینی چ کردن.

٣ – مانەوە تا بەیانی و دیتنی عابید و پرس و سوئال.

٤ – پێشنیاری نەچوونە حەج و پێدانی دوو سێو لە لایەن عابیدەوە.

٥ – گەڕانەوەی سوڵتان بۆ مەملەکەتی خۆی.

ئەگەر ئەو سێ پەیرەفتە لە نموداریکدا نیشان بدەین بەو شێوەیەی لێ‌دێت:

پەیرەفتی١:



(وێنەی ژمارە ٢)

لە پەیرەفتی ٤ەوە تا هەتا پەیرەفتی ١٨ بە شێوەی زنجیرەیی پەیرەفتەکان بە دوای یەکتریدا هاتوون، بەڵام پەیرەفتی نۆزدەهەم بە شێوەی نێوەندگیرییە کە پەیرەفتەکانی ٢١ هەتا ٣٩ لە جێی گوزارەی چوارەمی پەیرەفتی ١٩یەمین، بەڵام دیسان پەیرەفتی ٣٣ بە شێوەی نێوەندگیرییە و پەیرەفتی ٣٤ تا ٣٩ لە جێی گوزارەی سێهەمی پەیرەفتی ٣٣ین، بەو شێوەیەی خوارەوە:

پەیرەفتی ١٩:

١ – سازانی نێوان نۆشافەرین و شازادە بۆ ئەوەی سێوی پێ‌دادات تا شای دەمیشق بیدات بە شازادەی.

٢ – بردنی نۆشافەرین لە لایەن زەیلەمەی دێو و ئاڵقەمەی دێو.

٣ – لە دەست دانی نۆشافەرین.

٤ – پەیرەفتەکانی ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣(٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٩).

٥ – ڕزگار کردنی نۆشافەرین و گەڕانەوە لە قاف.

گوزارەی چوارەم لە ئامادە بوونی شازادە ئیبراهیم بۆ چوونە قاف و سەفەر بەرەو قاف و کووشتنی دێوان و سەرکەوتنی لە چل پلەی قاف لە خۆ دەگرێت کە پەیرەفتەکانی ٢١ هەتا ٣٩ باسی حەولەکان دەکەن بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە.

ئەگەر ئەوە بە شێوەی نمودارێک نیشان بدەین ئاوای لێ‌دێت:



شکڵی ژمارە ٣

بەڵام پەیرەفتی١٩ و ٢٠ بە شێوەی نۆرەیی گوزارەکانیان تێکەڵ بە یەک کراوە کە شێوەی

تێکەڵ بوونی گوزارەکان لە خوارەوە دەخەینە ڕوو:
– گوزارەی یەک پەیڕەفتی ١٩: سازانی نێوان نۆشافەرین و شازادە بۆ ئەوەی سێوی پێدادات تا شای دەمیشق بیدات بە شازادەی.
– گوزارەی یەک پەیڕەفتی ٢٠: ڕاوەستانی عاشقان لە بەر دەرگای کۆشکی نۆشافەرین و ڕاوەستانی نۆشافەرین لە سەر باڵاخانەکە.
– گوزارەی دووهەم و هاوبەشی پەیڕەفتی ١٩ و ٢٠: بردنی نۆشافەرین لە لایەن زەیلەمەی دێو و ئاڵقەمەی دێو.
– گوزارەی ٣ پەیڕەفتی ١٩: خۆ ئامادە کردنی شازادە ئیبراهیم بۆ چوونە قاف و ڕزگار کردنی نۆشافەرین.
– گوزارەی ٣ پەیڕەفتی ٢٠:چوونە لای عابید و پێشنیاری ئەوەی تووتی لە لای هەر کەسێک بخوێنێ ئەو ڕاسپاردەی سەفەری قاف بکرێ.
– گوزارەی ٤ پەیڕەفتی ٢٠: خوێندنی تووتی لە لای شازادە.
– گوزارەی ٥ پەیڕەفتی ٢٠: بڵاوەی مەجلیس و چوونی شازادە بۆ ماڵە پاشای دمیشقی.
– گوزارەی ٤ پەیڕەفتی ١٩: حەوڵ بۆ ڕزگار کردنی نۆشافەرین لە لایەن شازادەوە.
– گوزارەی ٥ پەیڕەفتی ١٩: ڕزگار کردنی نۆشافەرین و گەڕانەوە لە قاف.

بەو جۆرە گوزارەکانی پەیڕەفتی ١٩ و ٢٠ بە شێوەی نۆرەیی چوون لە پاڵ یەکەوە لە کاتێکدا گوزارەی دووهەمی هەردوو پەیڕەفت هاوبەشە، بەڵام سەرەتا گوزارەی یەکی پەیڕەفتی ١٩ دێت جا دوایە گوزارەی یەکەمی پەیڕەفتی ٢٠، دواتر گوزارەی سێهەمی پەیڕەفتی ١٩ دێت و دواتر گوزارەی سێهەمی پەیرفتی ٢٠، دوای ئەوە دوو گوزارەی ٤، ٥ ی پەیڕەفتی ٢٠ دێن و دواتر دوو گوزارەی ٤ و ٥ ی پەیڕەفتی ١٩، ئەو بەشە لە چیرۆکەکە خەیاڵاویترین بەشی چیرۆک ئەژمار دەکرێ، ئەوەش لە تێکەڵ کردنی ئەو دوو پەیڕەفتە بە دەست هاتووە دوو گوزارەی دووهەم و سێهەمی پەیرفتی ١٩ و چوار گوزارەی سەرەتایی پەیڕەفتی ٢٠ فەزایەکی پڕ ئێستریس و دڵەڕاوکە نیشان دەدەن، بە شێوەیەک کە نۆشافەرین نیگەرانی ئەوەیە ئایا ئەو سێوەی کە دەیهاوێ شازادە دەتوانێ بیگرێتەوە؟ شازادە نیگەرانی ئەوەیە ئایا ئەو سێوەی پێدەگات و لە شوێنێکی گونجاو ڕاوەستاوە؟ عاشقان هەموو چاوڕێن ئایا نۆشافەرین ئەو سێوەی بە کێ دادەدات؟ دوای بردنی نۆشافەرین لە لایەن دێوانەوە ئایا کێ دەچێ ڕزگاری بکات؟ ئایا کێ لە نێو هەموو عاشقانەدا ئەو سەلاحیەتەی هەیە بچێ نۆشافەرین ڕزگار بکات؟ ئایا تووتی عابید لە لای کێ دەخوێنێ و کێ ئامادەی ڕۆیشتنی ئەو سەفەرە دەبێ؟ ئەو کۆمەڵە پرسیارە لایەنی دڵەڕاوکێ و پڕ ئێستریس بوونی ئەو بەشە لە چیرۆکەکە نیشان دەدەن.

لە پەیڕەفتی ٤٠ تا ٤٩ هەموویان بە شێوەی زنجیری دێن و چیرۆکەکە بە کۆتایی دەگات. بەڵام با گوزارەکانی پەیڕەفتی کۆتایی(٤٩) باس بکەین:
١ – دروست کردنی ٧٠٠ پاپۆڕ بۆ سەر دەریای عۆمانێ.
٢ – بڕیاری گەڕانەوەی شازادە بۆ وڵاتی ئێستەمبوڵێ.
٣ – هاوڕێ بوونی ئەلیاس و هەموو عاشقان لەو سەفەرەدا.
٤ – مارەکردنی خوشکی خۆی(شازادە ئیبراهیم) لە ئەلیاس و خوشکی عاشقان لە یەکتری.
٥ – بە ئەنجام گەیشتنی دڵی هەمووی عاشقان.

شکڵی ژمارە٤



نیشان دەدات کە کۆی پەیڕەفتەکانی ئەو چیرۆکە چۆن گێڕانەوەکەیان پێکهێناوە، چیرۆکێک کە بنەماکەی لە سەر ئەفسانە ساغ بۆتەوە. لایەنی ئەفسانەیی دەقەکە فەزا و دۆخێکی خەیاڵی زۆر بە هێزی لێ ساز کردووە، بگێڕەوە بە هێنانی ئەو چەند لایەنە (دێو، پەری، کێوی قاف، ئەژدیها، سیمرغ و هێزی ئەفسانەیی قارەمان و هاوڕێکانی) گێڕانەوەی ئەفسانەیی بە پێویست دەزانێ و لەو دەقەدا کەڵکی لێ وەرگرتووە.

٧ – ئەنجام:
دوای لێکدانەوەی پێکهاتەی نەحوی گێڕانەوەی ئەفسانەی شازادە ئیبراهیم دەرکەوت داڕشتی ئەو ئەفسانەیە بە چ شێوەیەکە کە بۆتە هۆی ئەوەی ڕەوایەتەکە چیرۆکێک ساز بکات. شێوەی پەیوەندی پەیڕەفتەکان وەدەری دەخات لە نێو ئەو چیرۆکەدا چەندین چیرۆک هەن کە دەکرا بە شێوەیەکی جیاواز هەرکامەیان بۆ خۆیان چیرۆکێکی سەربەخۆ بن.
لەو چیرۆکەدا ٤٩ پەیڕەفت هەن کە بە هەر سێ جۆری نێوەندگیری و نۆرەیی و زنجیری پێکەوە لکاون، زیاتری پەیڕەفتەکان بە شێوەی زنجیری بە دوای یەکتریدا دێن، بەڵام لە سێ پەیڕەفتدا نێوەندگیری هەیە کە پەیڕەفتی ژمارە ١ و ١٩ و ٣٣ لە خۆ دەگرێ، لە نێوان پەیڕەفتی ١٩، ٢٠ نۆرەگیرییە. بە کەڵک وەرگرتن لە شکڵەکان و هەروەها نیشاندانی گوزارەی چەندین پەیڕەفت بونیادەکانی نەزەرییەی تودۆرۆفمان لە سەر دەقی ئەو چیرۆکە باس کرد.
بنەمای ئەو چیرۆکە لە دوو سەفەر دەست پێدەکات؛ سەفەری سوڵتانی ئەستەنبوڵی بۆ داوا کردنی منداڵ لە خودا و سەفەری شازادە ئیبراهیم لەگەڵ خان محەمەدی هاوڕێی بۆ وەدەست هێنانی نۆشافەرینێ.
سەفەر بناغەی ئەو گێڕانەوەیە کە بۆ وەدەست هێنانی شتێکە کە قارەمان زێد و وڵاتی خۆی جێ دێڵێت تا دوای وەدەست هێنانی ئەو شتەی بۆی ڕۆیشتووە قارەمانانە و سەرکەوتوانە بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.
لێرەدا شازادە ئیبراهیم ئەو قارەمانەیە کە هەموو دژە قارەمانانەکان لە نێو دەبات تا بتوانێ حکوومەتی ویستی دڵی خۆی بەرپا بکات، ئەو داسەپاندنی ویستە لە ڕازی کردنی بابیەوە بۆ خوازبێنی تا ڕازی کردنی پاشای دەمیشق بۆ پێدانی کچەکەی لە خۆ دەگرێ. قارەمانی ئەو چیرۆکە لە هەموو هێزە زەوینی و ئەو پەرییەکان کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی بە ویستی دڵی بگات.

سەرچاوەکان:
١ – اسکولز رابرت،١٣٨٣، درآمدی بر ساختارگرایی در ادبیات؛ترجمە فرزانە طاهری، چاپ دوم، تهران، نشر آگە
٢ – تودوروف تزوتان، ١٣٨٢، بوطیقای ساختارگر؛ترجمە محمد نبوی؛ چاپ دوم، تهران، نشر آگە
٣ – مکاریک ایرناریما، ١٣٨٤، دانشنامە نظریەهای ادبی؛ترجمە مهران مهاجر و محمد نبوی، تهران، نشر آگە
٤ – تاباک قاسم، ١٣٨٨، شازادە ئیبراهیم، چاپی یەکەم، نەشری هیوا
٥ – براهانی رضا، ١٣٦٨، قصە نویسی؛ چاپ اول، نشر البرز
٦ – آزاد راضیە، فصلنامە پژوهشهای ادبی، سال٧، شمارە ٢٦
٧ – فلکی محمود،١٣٨٢، روایت داستان؛ چاپ اول، تهران، نشر بازتاب نگار
٨ – کمبل جوزف، ١٣٧٧، قدرت اسطورە؛ترجمە عباس مخبر، چاپ اول، تهران، نشر مرکز
٩ – سلیمی هاشم،١٣٩٠، چیرۆک، چاپ اول، تهران، نشر آنا

# ئەفسانە (Fable)

د.شەماڵ ئیسماعیل پوور- سەقز

وێژە خاوەنی چەندین جۆری تایبەتە و ئەفسانە یەکێک لە جۆرەکانییەتی. ئەفسانە سەرگوزیشتە و ڕووداوێکی خەیاڵییە لە ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەر و بوونەوەری بەسامی وەک دێو و هەژدیها و غوول و هەروەها پەری و فریشتە کە ئاوێتەی گەلێک ڕەمز و ڕازە و بە مەبەستی ئامانجی ئاکاری و فێرکاری ئافرێندراون. ئامانجی بەرهەمهێنانی ئەفسانە لە ڕاستیدا سەرقاڵ کردنی مرۆڤە و لە پەنا ئەو سەرقاڵ کردنەشدا ئەخلاق و ئازایەتی و لێبوردوویی و لە خۆبردوویی و مرۆڤ دۆستیس ئاوێتە کراوە. ئەفسانەکان سینگ بە سینگ پارێزراون و لە ڕاستیدا کۆنترین جۆری وێژەن. بێگومان ڕیشەی ئەفسانە لە ئوستوورە دایە. ژیانی منداڵان پڕ بووە لە چیرۆکی ئەفسانەیی. هەر نەتەوەیەک ویستوویەتی شانازی و کەرامەت و گەورەیی خۆی ئاوێتەی ئەفسانەکان بکات و لەو ڕێگایەوە بیگەیەنێتە مێشک و دڵ و دەروونی بەرەی داهاتووی خۆی. هەمووی ئەو شتانەی کە گەلێک خۆی پێرادەنێ، دەکرێ لە ئەفسانەکانی ئەو گەلەدا وەبدۆزی.

ئەفسانەکان پڕن لەو جەنگاوەر و پاڵەوان و زانا و هونەرمەندانەی کە گەلێک بەوانەوە خۆی دەناسێنێ. دەکرێ لە ئەفسانەدا بیر و باوەڕ و دابونەریت و جۆری تێفکرینی هەر نەتەوەیەک دەستنیشان بکەیت! ئەو شتەی لە ئەفسانەدا زۆر زەق و بەرچاوە و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، بوونەوەری جادوویی و شتی سەرسووڕهێنەرە. ماکس لۆتی(Max Loti) لێکۆڵەری سویسی پێی وایە پاڵەوانی ئەفسانەکان ناتوانێ بە تەنیا لەشکان نەهاتوو بێ و تەنیا پشت بە خۆی ببەستێ، بەڵکوو بە یارمەتی جادوو یا خۆ شتێتر سەرکەوتوو دەبێ.

ئەفسانەکان زۆر جار سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ڕازی سەرکەوتن لە یەکگرتوویی دایە. چونکە مرۆڤ ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە تەنیا پەرجۆی سەرکەوتن هێزی گشتییە.

یەکێک لەو گەوهەرە نایابانەی کە مرۆڤ دایمە بە شوێنیدا گەڕاوە و وەچنگی نەکەوتووە، دادپەروەری بووە. بۆ گەیشتنی بەم گەوهەرە، چالاکی نواندووە و خوێنی ڕژاندوە و ژیانی لە سەر داناوە و برسییەتی و چەرمەسەری لەڕێدا چێژتووە. بۆ ئەوەی کە ئەم بابەتە زەق بکاتەوە و وەکوو میراتێکی پڕبایەخ بە بەرەی داهاتووی بگەیەنێ و بە ئاواتی گەیشتنی بە ڕۆژانی پڕ لە دادپەروەری دامەزراندنی یۆتۆپیا(utopia) ئەفسانەی خوڵقاندووە و نیازەکانی مرۆڤی تێدا نیشان داوە.

برۆنۆ بتلهایم لە کتێبی سێحری ئەفسانەکاندا شرۆڤەیەکی دەروون ناسانە لە ئەفسانە دەکات و دەڵێ: چیرۆکی پەرییەکان ئەوە فێری منداڵان دەکات کە ژیان پڕ لە کێشەی بێئامانە و ناکرێ مرۆڤ خۆیان لێ گێل بکات. ئەمە کاکڵی بوونی مرۆڤە و کاری شیاو ئەوەیە کە هیچ کات نەدۆڕێین و دڵنیا بین ئەم کێشە بێئامانانە دانە دانە وەلا دەچن و لە کۆتاییدا سەر دەکەوین. برۆنۆ لای وایە نووسراوەکانی ئێستا بۆ منداڵان هیچ لەو کێشانە نادوێن و منداڵانیش بۆ ڕاوەستان و بۆ بەردەوام بوون هان نادەن. ئەو پێی وایە کە نووسینەکان دەبێ لایەنی خێر و شەڕی مرۆڤ باس بکەن و هەڵگری ئەو ڕاستییە بن کە مرۆڤ دەتوانێ هەر دوو لایەنی خێر و شەڕی تێدا بێت و لە کۆتاییدا دژ بە شەڕ بێت و بەڵای خێردا بشکێتەوە.

دەکرێ ئەفسانەکان بە چەندین دەستە دابەش بکەن کە هێندێکیان ئەمانەن:

ئا) ئەفسانەی ئایینی فەلسەفی: بیرمەندان لە دێرزەمانەوە سەرقافڵەی بیری مرۆڤ بوون بۆ بیر کردنەوە لە فەلسەفەی بوون و وڵامدانەوە بە دەیان پرسیاری لەم چەشنە. مرۆڤ هەمیشە ویستوویەتی لە سەر چۆنییەتی پەیدا بوونی خۆی بدوێ و وڵامی پرسیارەکانی خۆی بداتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت منداڵان کاتێک هێدی هێدی بە قۆناغی دەرهەست(ئەبستراکت) دەگەن، ئەم چەشنە پرسیارانە سەرهەڵدەدەن و زەینی منداڵ بە خۆوە خەریک دەکەن. یەکێک لەو ڕێگایانەی کە منداڵان بە وڵامی هێندێک لە پرسیارەکان دەگەیەنێ، ئەفسانەیە. لە لایەکیتریشەوە مرۆڤ کاتێک نەیتوانی لە ڕێگەی زانستەوە بە وڵام بگات، لە ئەفسانەکاندا بۆ وڵام دەگەڕێ و ئەفسانەی ئایینی فەلسەفی سەر هەڵدەدات کە بەدڵنیاییەوە لە ڕاستییەکانەوە هەڵدەقوڵێن.

ب) ئەفسانەی نوێ: بۆ ئەوەی کە ئەفسانەکان بۆژۆ نەبن و لە لایەن نووسەران و خوێنەرانەوە پشتگوێ نەخرێن، نووسەرانی ئەم بوارە، ئەفسانە کۆنەکانیان گۆڕیوە و لە تام و بۆن و ڕەنگی نوێیان پێچاون و بەرهەمی جوان و جێی سەرنجیان خوڵقاندووە. ئەم نووسەرانە لە نووسینی ئەفسانەکاندا لە مرۆڤ و بووکەڵە و ئاژەڵ کەڵکیان وەرگرتووە و کاری زۆر سەیر و سەمەرەیان بەم کەسایەتییانە کردووە. جیاوازی بەرچاوی ئەم ئەفسانە نوێیانە لەگەڵ ئەفسانە کۆنەکان ئەوەیە کە نووسەرێکی دیار نوێیەکەی نووسیوە و ئەفسانە کۆنەکان فۆلکلۆرن و سینە بە سینە پارێزراون.

پ) ئەفسانەی ئوستوورەیی: مرۆڤ بۆ بەیان کردنی پرسی بەدیهاتن و هەستیی و چۆنییەتی دروست بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ و هەروەها زانیاری وەدەست هێنان لە سەر خوداکان لە زمانێکی ڕەمزاوی هاسان کەلکی وەرگرتووە کە ئەم جۆرە بەیان کردنە دەچێتە بواری ئەفسانە ئوستوورەییەکانەوە. پاڵەوانی ئەم ئەفسانانە نیمچە خوداگەلێکن مەزنەمرۆڤ کە خاوەنی هێز و توانایی تایبەتن.

ت) ئەفسانەی پاڵەوانی و حەماسی: گەلانی جیهان بۆ باس کردن لە شانازی و پاڵەوانییەتی خۆیان جۆرێک لە ئەفسانەی ئوستوورەییان خوڵقاندووە کە بەردەوام شانازییان پێوە کردووە و خۆیان پێوە هەڵکێشاوە. لەم ئەفسانەیەدا کەسایەتییەکی کەم وێنەیان هێناوەتە مەیدان و زۆر هەستیارانە بە شان و باهۆیاندا هەڵگوتووە و لەم ڕێگەوە ویستوویانە پاڵەوانی ڕاستەقینە دروست بکەن و گەورەیی نەتەوەکەیان بپارێزن. زۆر جار ئەم ئوستوورەیە دەبێتە سەرچاوەی مێژووی گەلێک. دیارە گەلی کوردیش لەم بوارەدا دەوڵەمەندە و ئوستوورەی نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر لەم بابەتەیە. هەروەها دەتوانین ئەفسانە بە چەندین بەشیتری وەکوو ئەفسانەی دڵداری، سیحراوی، پێکەنینی، ئاژەڵان و... دابەش بکەین.

هەموو گەلانی جیهان بۆ نیشان دانی دەسپێکێک بۆ گەورەیی و ئازایەتی خۆیان و هەروەها دەرکەوتنیان وەکوو نەتەوەیەکی کۆن و ناوداری سەرگۆی زەوی، ئەفسانە یا خۆ ئوستوورەیەکی سەرنج ڕاکێشیان خوڵقاندووە و بە ئارەزووی دڵ لەو چیرۆکەدا خۆیان نیشان داوە. بەداخەوە لە بەر تۆمار نەکردن و نەنووسرانەوەی ئەفسانە و ئوستوورە کوردییەکان، بە درێژایی مێژوو شتەکانمان لێ دزراوە و گەلانیتر بە ناوی خۆیانەوە تۆماریان کردووە. پاشانیش کوردی کوڵوڵ لە خێر و بێری هەموو شتەکان چۆتە دەرێ و لە کاولەوێرانی خۆی خزاوەتەوە و چاوی لە دەم و نووسراوەی نەتەوە سەردەستەکان بریوە و بەو شتە ڕازی بووە کە بۆیان نووسیوە یا خستوویانەتە پاڵی. ئەگینا کەم نەتەوە هەیە بە ڕادەی کورد خاوەنی ئەفسانە و ئوستوورە و گۆرانی فۆلکلۆری کەموێنە بێ. هیوادارم نووسەران و دڵسۆزان ئاوڕێک لەم بابەتە گرینگە بدەنەوە.

سەرچاوەکان:


١ – انواع ادبی، حسین رزمجو، مشهد ١٣٧٠

٢ – مجله کتاب ماه، شهریور ٧٩، شماره ٣٥، مقاله افسانەها

# مار و هەژدیها لە ئەفسانە و ئوستوورەدا



کۆکردنەوە و وەرگێڕان: کەریم ڕەحمانی - بانە

لە قسەی کوردەواریدا مار و هەژدیها کێشکچی گەنجینەن و لەبەر دەرکی ئەشکەوت کۆشکاندا دیدەوانی دێو و درنج و ئەفسوون لێکراوانن. مار جێی بەقایە نییە و دەبێ بە دار شەرعی بکەی.

لە بەیتی شێخ مەند و شێخ ڕەشدا، شێخ ڕەش خۆی لە شێخ مەندی ئامۆزای دەکاتە ڕەشمار،هەتا پێیەوە بدا بۆ ئەوەی بمرێ و نەبێتە مەزنی بنەماڵە و تایەفە:

شێخ هادی دە شێخ ڕەشی دەکوتا دەیکوت:کاکە ئەوە شێخ مەندی ئامۆزامانە دەچنەوە نێو شارییە/ ئەوی دەکەن بە گەورە، ئەمە دەکەن بە چووکایەتی وییە/ نوێژکەرە، نوێژی ناچێ/ خۆی لێبکەوە بە مارێکی ڕەشی لغاوەسپییە/ لێی بچۆوە دەپەڕەی تاتییە/ بەبەری پێیەوە دەوە تا تووکی سەری بەبا دەبییە/ خۆ ئەوە شێخ ڕەش دەبوو بە مارێکی ڕەشی لغاوەسپییە/ لێی دەچووە دەپەڕی دەتاتییە/ (بەیتی شێخ مەند و شێخ ڕەش، گۆواری سروە ژمارە٣ساڵی حەفتاوپێنجی هەتاوی)



هەژدیها بە مارێکی گەورە دەڵێن کە چوار پێی کورت و ئەستووری هەیە و لمبۆزێکی زەلامی بە قەرا زارکی ئەشکەوتی هەیە و کاتێ دم هەڵدەپچڕێ ئاگری لێ دێتەدەرێ. لە پەڕاوی ئەساتیری ئێراندا دەنووسێ:

هەژدیها دەعبایەکی سەیرو زەلامە هەم خزۆکە و هەمیش فڕندەیە باڵی لە هەڵۆ و چنگی لە شیر و کلکی لە مار دەچێ لە دمیەوە ئاور دێتەدەرێ (ئاساتیری ئێران – وەرگێڕانی تەباتەبایی) لە «عەجایەبولمەخلووقات «دا لەمەڕ هەژدیهاوە دەنقیسێ: کاتێ مار درێژیەکەی بە سی گەز و تەمەنی بە سەد ساڵ گەیشت هەژدیهای پێ دەڵێن.

لە قسەی کورەواریدا دەڵێن:مار مار بخوا دەبێتە هەژدیها. بە کەسی وریا و بزۆز دەڵێن:دەڵێی مارە، دەڵێی هەژدیهایە. دەڵێی ددانی مارە. هێند وریایە دایمە دوو چاوە ماری لە گیرفاندایەو.....

ئاڕم و لۆگۆی ڕێکخراوی لەش ساغی جیهان مارە. چونکێ مار نیشانەی وریایی و بزۆزی و زیتییە. وشەی «بێمار»لە زمانی کوردی و لوڕی و فارسی و بەلووچی (زمانە ئێرانییەکان) دا لە دوو بەشی «بێ»و «مار»دروست بووە. یانی کەسێ وەک ماروریا نییە و نەخۆشە.

مار، ئادەم لە بەهەشتدا دەخاپێنێ و دەبێتە هۆکاری وەدەرنانی لە بەهەشت. ئیمام محەممەدی غەزالی لە کیمیای سەعادەت دا

دەڵێ: عەزابی کافران لە گۆڕدا ئەوەیە کە نەوەدو نۆ هەژدیها بە سەریدا زاڵ دەبن. دەزانی هەژدیها چییە؟ نەوەدونۆ مارە، هەر مارێکیش نۆ سەری هەیە، پێوەی دەدەن و گازی لێ دەگرن (کیمیای سەعادەت ل٩٥)

لە پەڕاوە دینییەکانی ڕێچکەی ئیبراهیمدا هاتووە کە داردەستەکەی مووسا بوو بە مارێکی زەلام و دەخوشا و مار و سێحری سێحربازانی هەڵلووشی. یا وەکازەکەی مووسا بوو بە هەژدیها و کری سیحربازانی قووت دا. ڕەشمار لە گۆڕدا گیانی بێ بڕوایان و خراپکاران ئازار دەدا. تەبەری دەڵێ:شەیتان بە شێوەی چوار پێ هاتە بەهەشت دەتکوت شێرە، لەوێ پێیەکانی کەوتن و بوو بە مار.

فیردەوسی لە پەڕاوی قوڕئانی عەجەم (شانامە) بە پێی پێڕستی «ولف «پتر لە دووسەد جاران وشەی «هەژدیها «و پەنجا ڕاش «مار «ی دەکار کردووە.

لە شانامەی فیردەوسیدا جەمشید غەڕڕە و خراپ دەبێ خەڵکی هاوار و داوا لە زوححاک کە پاتشای عەڕەبان دەبێ دەکەن. ئەویش دێتە ئێران و جەمشید لە نێو دەبا و خۆی دەبێتە پاتشای ئێران. ڕۆژێ ئیبلیس لە بیچمی پیاوچاکدا دێتە کۆشک و زوححاک دەخاپێنێ و هەر دوو شانی ماچ دەکات. لە جێ دمی دوو مار شین دەبن هەرچی دەیان بڕنەوە سەر لە نوێ هەڵەسوون دێننەوە. دیسان ئیبلیس دێت و ئامۆژگاری زوححاک دەکات و دەڵێ هەموو ڕۆژێ مێشکی دوو لاوی کوڕیان دەرخوارد دەدا تا ئارام بگرن. زوححاک لە شانامەدا ئەژیدیهاک،دوا پانشای ماد نییە. کەسێکی تازی واتە عەڕەبە.

شوێنی هەژدیها: لە دەقە کۆنەکاندا هاتووەکە هەژدیها هەم لە ئاودا و هەمیش لە ویشکایی و هەوادا دەژی.

مەسعوودی، باوەڕی وایە کە هەژدیها وەک گێژەڵووکە بە حەوادا هەڵدەچێ. هێندێ باوەڕیان وایە کە هەژدیها هەمان هەوری ڕەش و تاریکە و بارانی بە لێزمەی پێوەیە. (فرانسشلی). لە مینووی خرەد دا هاتووە کە گرشاسب دەگەڵ هەژدیهایەک بە نێوی «گەندرووو»لەبەژدا بەشەڕ هات و دوایە ئەوی کێشایە نێو زەریایە و نۆ ڕۆژان پێکەوە شەڕیان کرد. لە یەشتەکانی ئەوێستادا هەژدیها لە وڵاتی»یاوڕی «کە هێندێ پێیان وایە بابلە دەژی. (کرستن سن)

زەکەریا قەزوێنی دەنووسێ: هەژدیها دەعبایەکی زەلامە و لە ئاودایە کە مڕ بوو دێ لە ئیشکایی خۆی هەڵدەخا و تاوەکە لێی دەدا و وەکوو کۆلکەزێڕینە چەند ڕەنگ دەنوێنێ. (عەجایبەل مەخلووقات)

قەزوێنی دەنووسێ: لە کۆڕی ئەمیر ئیلکانیدا دانیشتبووم دەیانگێڕاوە، دەیانکوت:»هەژدیها مارێکی هەرەزەلامە لە ویشکاییدایە چونکە گەندەڵی و خراپەی زۆری دەکرد خوداوەند لە دەریای هاویشت بەڵام ئاوژییان لەترسی و لە دەستی دەستیان کردە گریان و هاواریان لێ هەستا. خوداوەند هەژدیهاکەی هاویشتە وڵاتی یاجووج و ماجووج.

لە قسەی کوردەواریدا دەڵێن: هەژدیها هەر مارە هێندە ژیاوە و گەورە بووە دەست و لاقی لێ ڕوواوە ئیتر بە زەویدا ناخشێ و بە چوار پەل دەڕوا. ئاور لە دم و زبان و چاوی دێتەدەرێ. شەوان دیویانە زرەزڕ، زنجیرێکی ئەستوور لە عاسمان شۆڕکراوەتەوە و فریشتەکان زنجیرەکەیان لە نێو قەدی هەژدیها بەستووە و هەڵیانکێشاوە بۆ ئاسمان. یان لە عاسمانەوە بە زنجیرێکی ئەستوور خواردنی لە لایان خواوە بۆ دێ بۆ ئەوەی گی

هەر چەند هیچ کەسێ دەرەوەستی هەژدیها نایەت و هەژدیها باڵندە لە حەوا مرۆڤ و گیانداران لە زەوی لە نێو دەبا هەوا پیس دەکا گژوگیا ڕەش هەڵدەگەڕێنێ ئاوی کانی و چۆمەکان ڕەش دادەگیرسێنێ.

ئەم کەسانە لە شانامەدا هەژدیهایان کوشتووە:

سام لە ئێران، ڕۆستەم لە مازندەران، ئیسفەندیار لە تووران، بارامی گۆڕ لە هێند و تووران، بارامی چووبین لە چین، ئەردەشیر لە کرمان و ئەسکەندەر لە وڵاتی نەرم پێیان.

نیزامی شاعیری کوردی، فارسی نووس کە تورک بە ئی خۆی دەزانێ و تاقە بەیتێکیشی بە تورکی نییە دەڵێ: جێگای هەژدیها ئەشکەوتانە.

از ایـن غـار بایـد عنـان تافتـن
بـه غـار اژدهـا را تـوان یافتـن

من لە کتێب گەلی کوردیدا باسی ئەفسانەی مار و هەژدیهام نەدیوە(شای مارانی لێ دەرچێ) بەڵام بە منداڵی لە پیرەپیاوان و پیرێژنانم بیستووە و لێرەدا ئەوەی لەبیرم ماوە دەیگێڕمەوە. ساڵان لە وەرزی سارد و سەقەمی زستاندا تەنیا جێگەی گەرم کن سۆبەی مزگەوتان بوو کابرایەک کە بە درۆزن و خۆ هەڵکێش بەناوبانگ بوو و پیاوان گوێیان بۆ قسەو وبەسەرهات و حەکایەتەکانی ڕانەدەگرت و هەر منداڵانی لێ خڕ دەبوونەوە و بۆ منالانی دەگێڕاوە. دەیکوت لەگەڵ فلانە ئاغای تبت(گوندێکی بۆکان) - ناوی ئاغاکەشی دەبرد من لەبیرم چۆتەوە - لە شاخی... ڕاومان دابەست. کەروێشکمان هەڵساند. بە دووی تاژی و کەروێشکدا هەڵاتم لە ئاوالانم هەڵبڕام. کەروێشک خۆی کرد بە ئەشکەوتێکدا، تاژییەکەش بە دوویدا. هەتا ئەودەم ئەو ئەشکەوتەم نەدیبوو - باسی کەروێشک و ڕاو و تاژی تەواو، باسی ئەشکەوتەکەی دەکرد - تەماشا دەکەم پاتشا و پاتشا ژن و کچ و کوڕ و وەزیر و نۆکەر و..... لەسەر کورسی (سەندەڵی) دانیشتوون و پڵاو گۆشت لەبەر دەمیان. نانی دەخۆن بە ئەمری ئەوخودایە هوڵم لە چێشتەکە هەڵدەستا، دەتکوت تازە لێنراوە. گشت عالەمەکە ببوونە بەرد. مارێکی زەلام بە قەرا هەژدیهایەک لەبەر زارکی ئەشکەوتەکە نیگابان بوو. ئەویش ببوو بە بەرد. تەواوی حاجەت و کەل و پەلیان لە زێڕ بوو. بە پەلە خۆم بە.... ئاغا گەیان لە نووکەوە بۆم گێڕایەوە. خێرا ئاغا لەگەڵ چەند کەسان هات بۆ ئەشکەوتەکە. بەڵام ئەشکەوتی چی؟ هیچ نەمابوو، هیچ دیار نەبوو. ئاغا زۆرم لێ تووڕەبوو. دوای ماوەیەک لە بۆکان ئاغا ئەو بەسەرهاتەی بۆ شابوختی گێڕایەوە. (شابوختی یەکێ لە نیزامیانی ئاواڵی ڕەزاشابوو ببڕ و بکوژ هەر خۆی بوو لە کرماشان شەقامێ بە نێویەوە بوو زۆری خراپە لەگەڵ کورد و لوڕ کرد) شابوختی کوتی نۆکەرەکەت ڕاست دەکا ئەو ئەشکەوتانە بە سەد ساڵ جارێ ئەویش بۆ دەمێکی کورت زاریان دەکرێتەوە.

هەمان چیرۆک لە ناوچەی بانە بۆ کێوی ڕەشەقەڵاتی پشتی گوندی ڕەشەقەڵات کە دوندەکەی حاڵەتی قەڵای هەیە دەکوترێ. لە ئەفسانەی ئەمریکای لاتینیشدا مار و هەژدیها پاسەوانی قەڵا و کۆشک و خەزێنە و گۆڕی کەسە مەزنەکان.

فەقێ ئەحمەدێکی پیاوچاک لە چیرۆکەکاندا بوو دەچوو کچی پاتشای لە چنگ دێوان ڕزگار دەکرد دێوان کچەیان لە ئەشکەوتدا زیندانی کردبوو و هەژدیهایەکیان بە لایەوە دانابوو فەقێ ئەحمەد هەژدیها دەکووژێ و لیچ ولێوی دەکا و کچە ڕزگار دەکا.

مەزنانی کەونارا جەواهێراتیان لەگەڵ مردووی خاوەن شکۆدا دەناشت بۆ ئەوەی کەس دەری نەهێنێتەوە ژاری مار و دووپشکیان دەپژاندە نێو گۆڕ و بەرد و خۆڵی نێزیک مردووەکە. لەساڵانی دواتریشدا هەرکەسێ گۆڕەکەی دابایەتەوە ئەو ژارە کاری لێدەکرد و دەیکوشت. ئیدی خەڵکی بۆ عەیامێک نەیاندەوێرا دەسکاری ئەو گۆڕە بکەن و بە ئەفسووناوی نێویان دەبرد و بە پیرۆزیان دەزانی.

لە پەڕاوی «داراب نامەی تەڕسووسی»لە مەڕ هەژدیهاوە ئەم چیرۆکە هاتووە:دوو دانە مار وەدەرکەوتن و سڵاویان لە تەمرووسیە کرد و کوتیان ئەی ئادەمیزاد! هاتووین عوزرت لێ بخوازین، تەمرووسیە گوتی ئێوە چ دەعبایەکن؟ کوتیان ئێمە پەری بووین ئەو ڕەشمارەی کە تۆکوشتت مار نەبوو، دێو بوو. ئەو ئێمەی ئەفسوون کردبوو. هەموو جارێ لە شێوەی هەژدیهایەکی ڕەشدا لە کێو دادەگەڕا و دەچووە لێواری دەریا، ئاوی دەخواردەوە و ئەم دوڕگە پێنج فرسەخییەی پاوان کردبوو. (داراب نامەل ١٩١)

لە ئەوسانەی ئورووپادا لە هەر جێیەک ئەشکەوتی لێبێ هەژدیهاشی لێیە. هەژدیها چاوی تیژە. باڵدارە. خواردنی

له عاسمانەوه بۆ دێ. لەسەر گەنج دەکەوێ. پاسەوانی گەنجینەیە. مەبەست له گەنجینه عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤه.

له نامیلکەی پەهلەوی «ئائوگمەدئیچا»دا باسی هەژدیهایەک دەکا که گایەک به قەپاڵێ هەڵدەلووشێ و مێملی گشت گیاندارانه.

له شانامەدا به نێو تەنیا ناوی هەژدیهایەک دەکا به نێوی «شێرکوپی»که کچی پاتشای چین و زۆر لاوی دیکەشی هەڵلووشیوه.:

چـو آن شـیر کپـی ز کوهـش بدیـد
فـرود آمـد او را بـه دم درکشـید
بـه یک دم شـد او از جهـان در، نهان
سـر آمد بـر اُن خـوب چهـره جهان

ل١٤٦ بەیتی٢٢٩٩

له وڵاتی نەرم پێیان هەژدیهایەک هەبوو که ڕۆژێ پێنج سەر گای له خەڵکی پاژ دەستاند و دەیخواردن. خەڵکی پاژ هانایان بۆ ئەسکەندەر برد ئەسکەندەریش ژارێکی له ئاوێته کردنی گووگرد و قسڵ و نەوت و زەڕنیخ ساز کرد و له پێستی گایەکی ئاخنی و هەژدیهاکه خواردی و تەقییەوه و له نێو چوو. (بەیتی ١٦٥ ل٤٩)

له حەوت پەیکەری نیزامیدا گۆرەکەرێ که هەژدیها جاشکەکەی خواردبوو سکاڵا دەباته کن بارام و بارام دەبا بۆ ئەشکەوت (شۆنی هەژدیهاکه) بارام هەژدیهاکه دەکووژێ. (حەوت پەیکەر ل٧٥)

ساڵان ئەگەر مانگ یا خۆر دەگیرا دەفەیان لێ دەدا و سڵاواتییان به دەنگی بەرز دەکوتەوه.. نیزامیش ئیشاره بەو قسەیه دەکا و دەڵێ:کاتێ مانگ یان هەتاو دەگیرا خەڵکی پێیان وابوو ئەوه هەژدیها پەلاماری داون دەبێ خەڵک بچنه سەربان تەنەکه و دار و بەرد بکوتن و قاو و قیژ بکەن هەتا هەژدیها بترسێ و بەریان دا.:

لیلـی کـه چـراغ دلبـران بـود
رنـج خـود و گنـج دیگـران بـود
گـر چـه گهـر گرانبهـا بـود
چـون مـه بـه دهـان اژدهـا بـود

(لیلی و مجنون ل ٢٢٣)

تایبەتمەندییەکانس هەژدیها:

١– هەژدیها دم دەکاتەوه ئاوری لێ دەبارێ و له دووڕرا دەتوانێ هەموو شتێ بسووتێنێ و قووتی دا. ئەبولفەتح ڕازی دەبێژێ: کاتێ حەزرەتی مووسا داردەستەکەی فڕێ دا بوو به هەژدیها و له دمییەوه ئاگر دەهاتەدەرێ. (ئەبولفەتح ڕازی ل٢٠٩)

عەجایبەلمەخلووقات لاپەڕە٤٤٨ دەنووسێ: ئەو شەوه تا بەیانی لەو سەر کێوەوه ئاور دەباری، خەڵک دەیانکوت ئەوه هەژدیهایه هەناسه هەڵدەکێشێ و هەناسه دەداتەوه که ئاوەها دەبێته ئاورێک. هەژدیها دوو زمانی ڕەش و سووری هەیه.

مەسعوودی دەڵێ:هەناسەی هەژدیها دەتوانێ دارێک هەڵپڕووزێنێ.

جونەیدی دەڵێ: ئەوەی خەڵک له ئەفسانەدا پێیان وایه هەژدیهایه، هەژدیها نییه، بەڵکوو گڕکانه. له گڕکاندا دووکەڵ به حەوادا دەڕوا (زمانه ڕەشەکەی هەژدیها) ئاگر به سەر دار و گژوگیا و جڕوجانەوەر و ئاوەدانیدا دەبارێنێ (زمانه سوورەکەی هەژدیها) دووکەڵەکەی هەوای ناوچه پیس دەکا. ئاوی چۆم و کانیاوەکان دەگۆڕێ و بۆ خواردنەه نابن. کاتێ که گڕکان دەنیشێتەوه شوێنی ڕشانەوەی وەکوو لاقێکی ڕەشی گەوره به چیاوه دەمێنێتەوه یان وەکوو گەردنێکی درێژ و ئەستوور دەردەکەوێ و چەندین ساڵیش دووکەڵ دەکا که کەس ناتوانێ لێی نێزیک بێتەوه.

٢ – هەژدیها دیاردەیەکی شەیتانی و تێکدەر و حەق کوژه و کاری چاک ناکات.

٣– له ئەفسانەکاندا نەبیستراوه هەژدیها له دایک بووبێ و یان له هێلکه سەری جووقاندبێ و خۆی بێچووی هەڵێنابێ. له نەکاو له سەرچیا و دەریا هەڵدەچێ خەڵک و گیانداران ئازار دەدا. جاری وایه باسی هەژدیهای حەوت سەر دەکرێ که دیاره ئەوەش تەنوورەکانی گڕکانه، چونکێ گڕکان له چەند جێی پەنای یەکەوه هەڵدەچێ و ئاور دەبارێنێ.

٥ – گڕکانەکانی فەلاتی ئێران ئی سەردەمی پێش مێژوون. یانی سەردەمێ که مرۆڤ هێشتا خەتی نەدیوەتەوه و مێژووی نەنووسیوه. له سەردەمی هاتنی گەله ئارییەکان هێشتا گڕکانەکان دووکەڵیان لێ بەرز دەبۆوه. گڕکان ناسی ڕووسی هاڕوون تارینی دەڵێ:گڕکانەکانی فەلاتی ئێران هەتا سەردەمی مادەکانیش دووکەڵیان لێ هەڵدەستا. چیا گڕکانییەکانی فەلاتی ئێران دەماوەند، سەهەند، سەبەلان، ئاگری، تەفتان... و لانیکەم سێزده گڕکانی چووکه که پێنجی له بیجاڕ و ئەوانی دیکه له کرمان و یەزد که ئەمانه هاوکاته لەگەڵ کۆچی ئارياييەکان. کاتێ ئارییەکان دێنه نێزیک دەماوەند، گڕکانی دەماوەند له حاڵی وەمراندن دایه هەر ئەوه دەبێته ئەفسانەی هەژدیها کوشتنی گڕشاسب یان سام و نەریمان و بەند کرانی له لایەن ڕۆستمەوه و... (ل١٢١ شانامه)

٦ – ساڵانی زوو زۆر دەباری ئاو و زۆنگاو و کانی و چۆم فره بوون دەعبای وەکوو تیمساح و کوڕوکودیل و سەگاو و.... زۆر بوون. هەر ئەوانەش گیاندارێکیترسناک بوون و وەیان بۆ دانیشتوانی نیزیک خۆیان هەبوو خەڵک بەوانیان دەکوت هەژدیها. بارام دەچێ هەژدیهایەک له سەر کانییەک له سەرووی چۆمێک له نێو ئەشکەوتێکدا دەکوژێ و کچ یا ئاژەڵێکی لێ دەستێنێتەوه ئەوه هەر دەبێ تیمساحی زەلامی چاخی کۆن بووبێ. ئاڵوگۆڕی جوغرافیا له دەورانی ئێمەشدا به ڕوونی دیاره.

به بیرەوەری ئێمه سەدان کانی و چۆم له نێو چوون. گژوگیا فەوتان. باڵنده و دەعبا نەمان، زۆنگ و کارێزان مریشکی تێدا بنێوه. بۆ وێنه ساڵان له ناوچەی بۆکان شەوان دەبوایه ئاگات له خەرمان و زەرحات بەتایبەتی گەنمەشامی بوایه بۆ ئەوەی بەراز نەیخوات و شێوی نەکات. به لێدانی سەددی بۆکان لەسەر چۆمی چەغەتوو هەم دارستانه جەنگەڵ ئاسا بەرینەکەی فەوتا و هەم بەراز و دیتر گیاندارانیش له نێو چوون. له داوێنی چیای «کڕۆجه»له نێوان گوندەکانی دەرزیوەلی و بەردەزەرد و ئەحمەدئاوادا شوێنێکی لێیه به نێوی «سەگاوکەکان»کاتی خۆی ئاو و زۆنگاو بووه و به نێوەکەیڕا دیاره که سەگی ئاوی لێ بووه بەڵام ئێستا ویشک و برینگه.



هاشم سەلیمی ـ تاران

## ئەفسانە و چیرۆکی کوردی

# بەستێنی شکۆ و کەرامەتی مرۆڤایەتییە

بە رامان و وردبینییەکی قووڵ بەسەر ئوستوورە و ئەفسانە و چیرۆکی گەلاندا دەتوانین هەندێک بنەما و بناغەی مەکتەبەکانی فەلسەفی و فکری و ئایینی و سەرهەڵدانی شارستانییەت و تەنانەت ڕەمزوڕازی ئافراندنی جیهان بناسین. بەوهۆیەوە هەر لێکۆڵەرێکی تامەزرۆ، بیهەوێ توێژینەوەیەکی ڕاستەقینە و بنەڕەتی لەم بەستێنەدا ئەنجام بدا، بەر لە هەر هەنگاوێک دەبێ خوێندنەوەیەکی چڕوپڕ لەسەر ئوستوورە و ئەفسانە و چیرۆکی نەتەوەی خۆی و گەلانیتر بەجێ بێنێ. ئەفسانە و چیرۆکی کوردی کاکڵی ڕەسەنی پڕتام و چێژی ئەدەبیاتی زارەکین کە بەپێی ڕوالەت و نێوەرۆکی تایبەتییانەوە وەک ژانرێکی ئەدەبی بریتیین لەکۆمەڵێک دیاردەی سروشت، ڕووداو، کارەسات، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی لەڕابردوویەکی کەونارایی و کۆن هەتا ئێستاکە گێڕانەوە و بیستنیان دەبێتە هەوێنی مێژووی ڕووداوەکان، پەند وەرگرتن، سەرقاڵ بوون، شاد بوون و گاڵتەوگەپ کردنی مرۆڤەکان.

لەڕوانگەیەکیترەوە ئوستوورە، ئەفسانە، ڕەنگدانەوەیەکە لەبیروباوڕ، خورافە، هیوا و ئاواتی مرۆڤەکانی سەرەتایی، هەتا ئێستاکە بەردەوام بەرەبەرە گوێزراونەتەوە و وەک کەلەپوورێکی پڕ بایەخی مەعنەویی گەیشتوونە دەست ئێمە. زمانی کوردی بەهۆی پانی و بەرینی جوغرافیایی و باروودۆخی مێژوویی، خاوەن گەلێک زاراوە و بنزاراوەیە. لەبەرئەوەیە کە وشەی چیرۆک لە لایەن خەڵکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بەو پێیە بێژ دەکرێت. لەباکوور شارەکانی: دیاربەکر، وان، بەتلیس، شەمزینان و ماردین دەڵێن: چیرۆک، چرچرۆنک، سەرهاتیا .شارەکانی: ورمێ، خۆی، سەلماس و ماکۆ: چیرۆک، ئەفسان، چیر

لەموکریان شارەکانی: مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، بانەو سەقز دەڵێن: چیرۆک، حەقایەت، حەکایەت، نەقڵ و نەزیلە و بەسەرهات.

لەشاری سنە و ناوچەی هەورامان: ڕاز. لە باشوور شارەکانی: سلێمانی، چیرۆک، مەتەڵ، سەرگوزەشتە، حکایەت و دیرۆک.

ئەفسانە و چیرۆک بنەمای هەر جۆرەئافراندنی ئەدەبی و هونەری، نووسیاری و وتارین. ئاسەواری نووسەران، شاعیران و هونەرمەندانی پایەبەرزی جیهانی وەک: شکسپێر، تولستۆی، ویل دورانت، ویکتورهۆگۆ، هەروەها نووسەران و هونەرمەندانی ئێرانی و کوردی وەک: هەژار، هێمن، مەولەوی، حافز، فیردەوسی و نالی، شێرکۆبێکەس، عبدوڵڵاپەشێو، بەهمەن قوبادی و یەڵماز گونای ئاوخۆرگەی ئەو چیرۆک و نەقڵ و نەزیلانەن کە خەڵکانی کوچە و بازارکوتوویانە و بیستوویانە.

دوای ئەو بەڕێزانە ڕێک و پێکیان کردوون و وەک ئاسەوارێکی ئەدەبی و هونەری بڵاویان کردۆتەوە.یاشارکەمال دەڵێ: من پەروەردەی فەرهەنگی نەنووسراوم، بە چیرۆک و ئەفسانە و بەیت ڕاهاتووم، پردی نێوان ئەدەبی نووسراوە و نەنووسراوم. کاتێک کەدەنووسم دەچمەوە سەرشێوەی فۆلکلۆریکی خۆمان [ لوقمانی – ٣١]

ئوستوورە، ئەفسانە، چیرۆک لە ژانرە دەوڵەمەندەکانی ئەدەبی زارەکین کە بە دوو بەشی هۆنراوە و پەخشان دابەش دەکرێن. بەشی هۆنراوە بریتییە لە گۆرانی، بەیت وباو، لایەلایی. بەشی پەخشان وەک: ئەفسانە، چیرۆک، پەندی پێشینیان، مەتەڵۆک و...

بەرلەوەی بچینە سەر باسی بنەڕەتی، وا باشە لە پێشدا ئاماژەیەک بە چەمکەکانی ئوستوورە، ئەفسانە و چیرۆک بکەین. ئەگەرچی زۆرجار ئەو چەمکانە وەها تێکەڵاو بوون، ناکرێ سنوورێکیان بۆ دیاری بکەی و هەنووکەش پێناسەیەکی سەربەخۆیان نییە و هەر خاوەن ڕایەک بەپێی پێوەر و بڕشتی خۆی، بۆچوونی خۆی دەربڕیوە. برایانی گریم(یەکەم چیرۆکناسی جیهانی) لەسەر ئەو بڕوایەن کە چیرۆک پاشماوەی ئەستوورەی کەونارایین و دەتوانین لەم بەستێنەدا خوداکان و پاڵەوانەکانی ئوستوورەیی سەرلەنوێ زیندوو بکەینەوە.

بە ڕوانینی نووسەری ئەو وتارە دەتوانین چەمکەکانی ناوبراو بەو پێیەی خوێندنەوەیان بۆبکرێ :

ئا: ئوستوورە کۆنترین وێنەی خەیاڵ و پەروەردەی مرۆڤەکانە کە بۆ سەردەمی بەر لە مێژوو دەگەڕێتەوە. یانی ئەو زەمانی کە مرۆڤ لە هەمبەر دیاردەکانی وەک: باو و باران، سێلاو، باسریشک، ترووسک و برووسک بێدەسەڵات بوو. توانای لێکدانەوە و شرۆڤەی ڕووداوەکانی سروشتی نەبوو، بە ناچار پەنای بۆ سێحروجادو، ڕەمڵ و ئەستوورلاب دەبرد و بۆ هەرکام لەدیاردەکان ئیزەدێکی دیاری دەکرد. ئیزەدێکی کە لەسەر زەوی گشت هاوچەشنەکانی خۆی لەژێر چاوەدێری دایە و لەگەڵ جیهانی سەرووی سروشت (متافیزیک)پێوەندی هەیە.

ب: ئەفسانە: بۆ دەورانی دوای مێژوو دەگەڕێتەوە، لەو دەورەدا مرۆڤ بەهێزی بیر و ئەندیشە و ڕامان، بۆ پاراستن، دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان هەندێک چارەسەری دۆزیوەتەوە یانی «ئەفسانە کە ڕۆژێک لە کۆمەڵێک ڕووداوی سەیروسەمەرە دوور لە سروشت و ڕاستی پێکهاتبوو، وردەوردە لە ژیانی واقیعی نیزیک بۆوە و جلوبەرگ و بیروهزری ژاکاوی لەبەر داکەندرا و دیمەنێکی تازە و لەباری

بەخۆیەوە گرت»[ محجوب- ١٢٤]
هەروەها مرۆڤ بۆ گەیشتن بەژیانێکی بەختەوەرانە، دوابینی وشیارانەی کردووە. بیری لەبوونەوەرانی خەیاڵی کردووە کە لە ژیانی ئاسایی کەلکیان لیوەرگریَ و مەراق و ئاواتەکانی خۆی پیَ بەدی بیَنیَ. «بیَجیَ نییە کە لە ئەفسانەکاندا، تووتی قسەکەر، بوولبوولی خۆش ئاواز ویَژەر، ئاویَنەی گیانان، ئەسپی پەرەندە و چەرخ و فەلەک وەک سیمبولی ئاواتیَکی باش دیَنە ئاراوە، ئەمڕۆ لەپیَناو ئەو ئاواتانە، لەبری تووتی قسەکەرو بوولبوولی ویَژەر، ڕادیۆ، لەبری ئاویَنەی گیانان، تەلەویزیۆن. لەبری ئەسپی پەرەندە و چەرخ و فەلەک فرۆکە یان گەمیَی کەیهانی دەبینن»[ ڕەحمانی-٢٠]
ب- چیرۆک: پیَوەندی هەیە بەسەردەمی گۆڕان(تکامل) ی میَژوویی ژیانی مرۆڤ و دەورەی دۆزینەوەی یاسا زانستییەکان بەسەر دیاردەکانی سروشتی و سەرهەڵدانی چەند شارستانییەتی گەورە و مەکتەبی فەلسفی و ئەدەبی و هونەری. لەچیرۆکەکاندا پیَوەندی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگادا باس دەکریَ یانی چیرۆک (داستان) لەگەڵ دنیای مۆدیَرنی مرۆڤی هاوچەرخ سازگارییان هەیە.

میَژووی چیرۆکبیَژی

ئوستوورە، ئەفسانە و چیرۆک لە سەردەمی مرۆڤەکانی سەرەتایی و دوایەش دەورانی ئاژەڵداری و کشت و کاڵ و یەکجیَنشینی لادیَ و شار، هەروەها شارەستانییەتەکانی کەلدانی و سۆمیَری و میَلیتانی و خوریدا، کاریگەری بەرچاویان لە سەر هەل و مەرجی ژیان و بیروباوەڕی خەڵکی سەردەم هەبووە. ئەفسانەکانی گیلگەمیَش، داری ئاسۆریک و ڕاوچی یادگاری ئەودەم و ڕۆژگارانەن. ئایینەکانی ئاسمانیش بۆ تیَگەیاندن و پەرە و گەشەی بیرووڕای خۆیان لە ئەفسانە و چیرۆک وەک ئامڕازیَک کەڵکیان وەرگرتووە. دەڵیَن ئەسکەندەری مەقدوونی یەکەم کەسیَک بووە کە بە شەوانە، ئەفسانەویَژی پەرە پیَداوە. ناوبرا و گرووپیَکی هەبووە کە بۆ پاراستنی حکوومەتەکەی ئەفسانەی پڕ لە زیَدەڕەوی و پڕوپاگاندەیان بۆ بڵاودەکردەوە. [ ٤٣٧ – ابن ندیم]
ئەنووشیروانی ساسانی کە لە سەردەمی  شەشی زایینی ژیاوە، بۆ یەکەمجار سەرناوی «عادل»ی بۆ ناو وناوبانگی پڕدرۆ و دەلەسەی حکوومەتەکەی هەڵبژاردووە. چەند سەدە دوایە، سووڵتان مەحموودی غەزنەوی لەساڵی ٣٨٧ کۆچی مانگی، دەسەڵاتی پادشایەتی ئیَرانی بەدەست هیَنا و شاعیرانی هەلپەرەستی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە، هەتا باسی دادپەروەری و بویَری سولْتان بکەن. شاعیرانی ئەو دەربارە، هیَندەیَکی زۆر لە چیرۆکەکانی پادشایانی ئیَرانی و ڕۆمیشیان ڕەپاڵی دادپەروەری سووڵتان مەحموود داوە. [ د. جەعفەرقەنەواتی – دەست نوشتە]
شاعەباسی سەفەوی لەسەدەی١٦ زایینیدا دەرویَشانی سلسلەی عەجەمی بەسەر ناوی «نەقیب» ناردە ئاوەدانی و شارەکانی ئیَران، هەتا ویَڕای بانگەشەی ئایینی شیعە، چیرۆک و ئەفسانەی سەیر و سەمەرە بەزانایی و لیَهاتوویی ناوبراو لە کۆبوونەوەکان و قاوەخانەکاندا بڵیَنەوە. [ محجوب -١٣٤]. نەقیبولمەمالیک ئاخرین چیرۆکبیَژی دەرباری ناسرەدین شای قاجارە کەچەند داستانی وەک: «امیرارسلان» و «ملک جمشید» و «زرین ملک»ی گشت شەویَک بەرلەخەوتن بۆ پادشای دەگیَڕاوە. نوکتەیەک:لەزۆربەی ئەفسانە و چیرۆکی ناوچەکانی شیعەنشین وەک ئیَران و عیَراق قارەمانی چیرۆک، شاعەباسی سەفەوییە، بەڵام لەوڵاتانی سوننی نشینی عەرەبی، پاکستان و ئەفغانستان قارەمانی داستان، سووڵتان مەحموودی غەزنەوییە. ئەوبابەتە لەکوردستانیش بەپیَی ناوچە سوننی و شیعەنشینەکانیش دا هەر وا باو بووە.

پیَشینەی ئەفسانەو چیرۆک ناسی کوردی

یەکیَک لەکۆنترین ئاسەواری ئەفسانەکانی جیهانی کتیَبی بەنیَوبانگی «هەزارویەک شەوە» کە لەهیندوستان ڕا هاتۆتە ئیَران و دوایەش لەوڵاتی عەرەبان سەری وەدەرناوە. ئەوکتیَبە لەلایەن «ئانتوان گاڵان» وەرگیَڕاوەتە سەر زمانی فەرانسەیی و تا ئیَستا بەچەند زمانی زیندووی دنیایە تەرجەمە کراوەتەوە. «برایانی گریم»یەکەمین ئاسەواری مرۆڤناسانەی خۆیان لەسەدەی ١٩ لەسەر چیرۆکەکانی جندۆکە و پەری بە زمانی ئالمانی بڵاوکردەوە. ئەم کتیَبە دەماوەیەکی کەم دا سەرنجی گەلانی ئورووپایی بۆلای خۆی ڕاکیَشا. لەدوای برایانی گریم بزاویَکی هەمەلایانە بۆ کۆکردنەوەو تویَژینەوەی بەشەکانی دیکەی ئەدەبی زارەکی لەئوروپا و ئامریکا و سۆویەت وەڕیَکەوت. بەو جورە هەزاران ژانری فۆلکلۆریک لە فەوتان و نەمان ڕزگاری بوو. پاش ئەوەیکە گەشتیارانی ئوروپایی لەسەدەی١٩ ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد ناسینی فەرهەنگ و زمان و فۆلکلۆری کوردییان لە ژیَر پیَناسەی «کوردناسی» لەپرۆگرامی کاری لیَکۆڵینەوەی خۆیاندا گوونجاند.
ئەگەرچی لە تۆژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان هیَندیَک هەڵە بەدی دەکریَ و تەماحی ئابووری و بەرژەوەندی سیاسی دەبیندریَ بەڵام دیسانیش کارەکانیان جیَگەی ڕیَزوسپاسە. لەبەر ئەوەیکە هەتا ئەوسەردەمی گەلانی جیهان ئاگاداری گەنجینەی پڕشکۆی فەرهنگی و هونەری پیَشینەی خۆیان نەبون. لەلایکیترەوە ئەوان ڕیَورەوشتی لیَکۆڵینە لە بەستیَنی زانستەکانی ئینسانی (خەلک ناسی، دەرون ناسی، فۆلکلۆرناسی و ئایین ناسی)یان فیَری گەلان کرد کە لیَرەدا دەبیَ سپاس و قەدردانی ئەو کەسانەی کە لەبازنەی کوردناسی هەنگاویان هەڵیَناوەتەوەو فەرهەنگی ئیَمەیان پاراستووە بکەین. هیَندیَک لەو کەسایەتییانە بریتیین لە: «زانای سوئیَدی، ئەلبیَرت سۆتسین (١٨٤٤- ١٨٩٩ز) بەهاوبەشی ئیگین پریم دو کتیَبیان بەناوی کەشکۆلی کوردی بەزمانی ئاڵمانی بەچاپ گەیاند کەلەناوەرۆکی ئەو کتیَبانەدا گەلیَک چیرۆک و داستانی کوردی بەوەرگیَڕانی ئاڵمانییەوە بڵاوکردەوە.[ شوکریەڕەسووڵ – ٣٠]. پرۆفسۆر ئاڵبیَرت فۆنلکۆک لەسالی١٩٠١ ز لەناوچەی زنجیرلی تورکیا ٣ بەرگ کتیَب بەناوەرۆکی چیرۆک و پەندی پیَشینیان لەچاپ داوە. [ جەمال نەبەز ٢٩].هۆگۆمەکەس لەناوچەی ماردین بەزاراوەی کرمانجی ساڵی ١٩٢٦ ز کتیَبیَکی چیرۆک و ئەفسانەو پەندی پیَشینیان بەزمانی ئاڵمانی لەشاری لینینگراد بەچاپ گەیاندووە. [ جەماڵ نەبەز -٣٢]
پرۆفسۆر ئوسکارمان لەبەینی ساڵەکانی (١٩٠٠-١٩٠٥ز) لەشاری مەهاباد، سەردەمی «مظفرالدین شاه قاجار»بەهاوکاری میرزا جەوادی قازی کتیَبیَکی پڕبایخ کە بریتییە١٩ لە بەیت و باوو چیرۆک لەزمانی دو کەس بەنیوی ڕەحمان بەکر لەدیی گاگەشی (مەهاباد) و میرزا ئەسکندەر، «بەیت بیَژانی بەنیَوبانگی موکریان»کۆ کردۆتەوەو لەشاری بیَرلین بەنیَوی «تحفه مظفریه»لەچاپ داوە دوایەش مامۆستا هیَمنی نەمر دەقی ئەوکتیَبەی گەراندۆتەوە سەررێنووسی کوردی و لەشاری هەولیَرچاپی کردووە. مامۆستا پیَشەکیَکی ڕیَکوپیَکی لەسەر نووسیوەو سەبارەت بەکارەساتی قەڵای دمدم، نیزیک بە٤٥ لاپەرەی لەکتیَبی «عالم آرای عباسی»لەزمانی فارسی گەراندۆتەوەسەر کوردی. کەلەسەر هەر ١٩ بەیت و باوبیرورا

بۆ چونی خۆی دەربڕیوە. [ هێمن ٦٩-٢٥]

کتێبی ئەفسانەکانی کوردی کۆکراوەی م.ب. ڕدنیکۆ کەلەلایەن کەشاوەرزەو، وەرگێراوەتەسەر زمانی فارسی. هەر ئەو کتێبەی کەریم حسامی کەبریتییەلە٦١ ئەفسانەی سێحروجادو دەگەڵ ٤٠ چیرۆکی ئاژەڵان گەڕاندۆتەوەسەر زمانی کوردی.

هەروەها کتێبی «افسانەهای کهن کردی»لە نووسینی ڕێژی لێسکوی فەرانسەوی لەلایەن محەممدی ڕەیانی گەراوەتەوەسەر زمانی کوردی. «سەرنجدان لە مێژووی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی لە ڕوسیای قەیسەری بۆ کۆتایی نیوەی یەکەم سەرەتای دووەمی سەدەی ١٩ ئەگەڕێتەوە. بە تایبەتی لەکارەکانی ڤ.دیتیل/خ.ئاپوڤیان/ئی پیریزان / پ – لیرخ/ئا. ژابا /یە گیزاروْڤ/ سەرکیس ئایکۆنی / میللر و... دا دەردەکەوێ». [شوکریەڕەسوول– ٣٣]. یەکێک لە دەستنووسەکانی فۆلکلۆریک بەتایبەت سەبارەت بە دابونەریت و ٤٠ چیرۆک بەهاندانی «ئەلکساندر ژابا» شابەندەری ڕووس لە شاری ئەرزڕۆم لەلایەن مەلا مەحموودی بایزیدی نووسراوەو دەستنووسەکەی لە کتێبی سینپێترزبورگ پارێزراوە. کە لەدوایە دەقی کتێبەکەی جەمال نەبەز دوزیوەتەوەو لەساڵی ٢٠٠٤ ز لەشاری هەولێر بە چاپی گەیاندووە. [ رەشید ئەفەندی –٥]. «پ – لیرخ»لەو ماوەی کە لەشاری «ڕوسلاڤل» دابو بەهۆی ئەو ٥٠ کوردە بەند کراوەی لەوێ بوون توانی ژمارەیەکی زۆر لەو چیرۆک و داستان و پەندی پێشینیان چاپ بکا. [ شوکریەڕەسوول – ٣٤]. واسیلی نیکیتین شابەندەری ڕووس لە ورمێ، ساڵیانێک لەنێو کوردان دا ژیاوە دەڵێ: «ڕوسیەو بەتایبەت زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ڕوس، باشترین بەستینی بۆ توێژینەوەی کوردناسی دیاری کردووە. ئەو لە شوێنێکیتر دەڵێ: بەسەربەرزییەوە داوا بکرێ کەڵک وەرگرتن لە بەڵگەکان، سەبارەت بە کوردان کە تا ڕادەیەکی لە ڕوسییە کەڵەکەکراوە.»[نیکیتین-٦٠٢]. ڕۆژهەڵاتناسی ڕوس «ی.ف – فاریزۆڤ» «لە وتارێک لەپێشەکی کتێبی کورد و کوردستانی نیکیتین دەنوسێ: «فۆلکلۆری کوردی دەگەڵ گشت بەشەکانی لە نێو فۆلکلۆری ڕۆژهەلات دا خاوەنی پلەو پایەی یەکەمە. «[ شوکریەڕەسول – ٣٥] .»لەولاتی ئەرمەنستان زیاتر لەگشت کۆمارەکانی سۆویەتی ڕابردو بەهۆی بوونی کەمینەی کورد، بەفۆلکلۆری کوردی گرینگی زۆر دراوە. لەنێوان ساڵەکانی(١٩٣١-١٩٤٣ز)کۆمیتەیەک بە بەشداری جەرایە گەنجۆ، حاجی جووندی، ئەمینی عەڤداڵ، کاروزاکاریان و ئاستۆرخەجاتوریان لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بەربڵاودا گەلێک چیرۆک وپەندی پێشینیان کۆ کردۆتەوە کە گەنجینەیەکی بێ وێنەی ئەو وڵاتە دەژمێردرێ». [ شوکریەڕەسوول – ٣٦]. کارەکانی حاجی جووندی بەگەورەترین سەرچاوەی فۆلکلۆری کوردی ناسراوە.[ ئەورەحمان –١٠١].»ئوردیخان جەلیل، جەلیل جەلیل و جەمیلەجەمیل لەبنەماڵەی جاسمی جەلیل هەر ساڵەی کتێبێکیان لەسەر فۆلکلۆری کوردی ئامادەکردووە. .یەکێک لەکارە هەرەگەورەکان و زانستییەکانی ئوردیخان جەلیل کتێبی داستانی قارەمانێتی کورد، «خانی لەپ زێرین – دم دم «بوو کەساڵی ١٩٦٧ز پلەی دوکترای پێ وەرگرت.»ی. ئائوربیلی ڕەییسی فێرکاری لێنینگراد لەساڵی ١٩٥٦ز دەگەڵ قەناتی کوردۆ توانی بەشی «کوردناسی» لەژێر گروپێکی زانستی وەرێخەن و گەلێک خوێندکار پەروەردەبکەن. هەروەها ئەوسەردەمی خانم مارگرێت ڕۆدنیکۆ کتێبەکانی شێخی سەنعان، لەیلی مەجنون، حارسی بەتلیسی دابونەریتی کوردان، تازییەداری کوردەکانی قەفقاز بەچاپ گەیاند. [ شوکریەڕەسوول – ٤١-٤٢] ڕۆدینکۆ بەیتی مەم و زینی بەهاوکاری د. کەریم ئەیووبی گەڕاندەوەسەر زمانی ڕوسی.

سەبارەت بەنووسەران و توێژەرانی کورد لە بواری بەشەکانی دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردیدا، دەیان کتێب و وتارلە سەدەی بیستەمدا بەچاپ گەیشتووەو بڵاوبۆتەوە. لێرەدا لەبەر درێژ نەبوونەوەی وتارەکە، ناتوانین ناوەکانیان ڕیزکەین. تەنیا دەتوانین بڵێین ئەم بەرێزانە باشترین خزمەتییان بە کەلەپوور و هونەر و ئەدەبیاتی زارەکی گەلەکەمان کردووەو هەتا هەتایە ئاسەوارەکانیان لە کتێبخانەی کوردی و لەناخی دڵماندا دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی کەئەوان، دەهەڵومەرجێکی بێدەرەتان و بێ پشتیوانی، فەرهەنگ و کەلەپووری خۆیان بەخێو کردووە.

شی کردنەوەی ناوەرۆکی چیرۆکەکان:

سامانی گەش و سەرزیندوی ئەدەبیاتی زارەکی کوردی، هەروەک دەپێشدا باس کرا، سەرنجی توێژەرانی خاریجی و کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و لەسەر ئەفسانەو ئایین و داب و نەریتی وڵاتەکەمان دواون. «هەر بۆیەشە کە زانایان و پسپۆرانی وەک مار، نیکیتین، مینۆرسکی، سیمینۆڤ، ڤیلچفیسکی و لاسکۆ هەروەها نووسەری گەورەی کورد عەرەب شەممۆ بگرە(ئەبووڤیان)یش ئەفسانەیان کردووە بە کەرەسەیەک بۆ ساغ کردنەوەی هێندێ بیروباوەری ئایینی کۆن و تازەی کورد. ئەمانە زۆر لەوێنەی دێوودرنج و پەری و ڕۆژومانگ و بەردو درەخت وهێندێ جانەوەر بەتایبەتی لەوێنەی مار دواون.»[ عزالدین – ١١]

یەکێک لەکۆنترین چیرۆکەکان دەگەڕێتەوە سەر ئەفسانەی ئافراندنی جیهان و مرۆڤ. لەو ڕوانگەی ئایینی کەونارای «ئێزدی»یان کە خودای هەتاو دەپەرەستن و پەلەوەری «تاوس»بە نمادی خوا لەسەر زەوی دەناسن. بەباوەری وان، «تاوسی فریشتە»سیمبولی خێرو خۆشی و مامۆستای یەکەمی مرۆڤانە.

مرۆڤ بەیارمەتی تاوس دەچێتە بەهەشت، تاوس بەفرمێسکی خۆی ئاگری جەهەننەم دەکوژێنێتەوەو لەجەزرەبەی تاوانباران دەنێو ئاگردا پێشگری دەکات.»[ نەجم ئەلوەنی – ٦١].دوای هاتنی ئایینی ئیسلام، ئێزەدییان بەڕواڵەت هەتاو پەرەستی وەلادەنێن بەڵام ئێستاش ڕووبەهەتاو نوێژ دەکەن و مردووکانیان بەرەو هەتاو دەنێژن. کە ئەو باوەڕە تێکەڵاوی ئایینی کۆنی میترائیسمە، هەر بۆیە پرۆفسۆر ماررێ ڕوسی دەڵێ : «ئایینی ئێزدی، ئایینی بێ خەوشی کوردییە.»[ نیکیتین – ٤٩٢]. لەنێو، چیرۆک و ئەفسانەکاندا مێژوو ئەخلاق، داب و نەریت و هەمەچشنە ڕەفتار و کرداری باب و باپیران بەتایبەت ئایین و مەزهەب وەبەرچاو دەکەوێ و «هەرزانایەک بییەوێ لە ئایینی کۆنی مرۆڤەکان بگات،دەبێ بەرلەهەمووشتێک لە ئەفسانەوە دەست پێ بکا، چوونکە سەلمێندراوە ئایین خۆی لە ئەفسانە پێچاوەو ئەفسانەش خۆی لە ئایین لوول داوە.»[ مەولوود – ٨].لەهێندێک ئەفسانەکاندا باوەری ئایینی تێکەڵ دڵداری و خۆشەویستی دەبێ. لەو ئەفسانانەدا حەزرەتی خدری زیندە یاروویاوەری کەسانێکە کە گرفتاری کارەساتێک دەبن. «مێهرو وەفا» دوو دڵدارن کە بۆ گەیشتن بە یەکتری ساڵیانێک تووشی کوێرەوەری و دەربەدەری دەبن و لێکدادەبڕێن. پاش قەدەر ئەییامێکی دوور تووشی یەکتری دەبنەوە بەڵام یەکتر ناناسنەوە. لەپڕرا خدری زیندە تووشییان دەبێ و دەڵێ: ئەنگۆ مێهرو وەفان. لە عەرش و قوورش چارەنووستان لێکگرێدراوە. وەفا کوتی: ئەگەر ڕاست دەکەی ئێمە بکەوە بەجحێڵی چواردەساڵە. خدر کوتی: ئەنگۆ بەو ڕێیەی دابڕۆن. خولا دو کانی لەزێڕ و زێو لەپێشتان داناوە. خۆی تێهاوێن. مێهر خۆی دەکانی زێوی هاویشتو وەفاش دەکانی زێڕی.

کاتێک هاتنەدەرێ، وەفا کەچاوی لەمێهر کرد هێندەی پێ جوان بو لۆچێکی لەکانی زێڕەکەی پێ هەڵپرژاند. مێهر ئەوەندی دیکەجوان بوو.[سەلیمی – ٤٤٧] . خدری زیندە و خدر ئەلیاس دو پیرەمێردن کە لەچیرۆکەکاندا، تەمەنی هەتاهەتاییان هەیە. یارو یاوەری مرۆڤانی چاک و پاکن. ئەگەر لەشوێنێک مرۆڤێکی چاک لێی بقەومێ و دەستی بەهیچ کوێ ڕانەگا، یەکێک لەو دوپیرە بەهانایەوە دێن و ڕزگاری دەکەن. خەباتو تێکۆشان لەژیاندا لەتایبەتمەندییەکانی مرۆڤی کوردە، هەربەو پێیەش بەبیروباوەڕێکی پتەو قایم ڕێگای پڕ کەندو لەندی ژیان دەبڕێ هەتا ئەو ڕۆژەی کە بەئاواتی خۆی دەگا. لێرەدا «قارەمانەکە لەژیاندا مەبەستێکی هەیە. ڕێگەی حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دەگرێتەبەر، حەوت کاڵەی ئاسن لەپێیدا، وردوخاش دەبێت تا دەگاتە مەبەست.»[ عزالدین – ٢١]

لەچیرۆکی «گوڵی گوڵ خەندەران»قارەمانی داستان کە زردایکی هەیە، بە ڕێنمونی وەزیر لە کوشتنی ڕزگار دەبێ. چارەنووس قارەمانی دەگەڵ مەلەکەیەکی جوان ئاشنا دەکا. پێکەوە دەچنە دوورولاتی. پادشای ئەوشارە تەماح دەمەلەکەی دەکا. چەند پیلانی مەترسیدار بۆقارەمان دادەڕێژێ. قارەمان لەهەمووان دا سەرکەوتوو دەبێ. وای لێدێ پادشا فریوی قارەمان دەخوا و بەهەویای ئەوەیکە پادشا دەگەڵ ڕووحی دایک و باوکی ملاقات بکا، بەڕێنموونی قارەمان دەچێتەناو مەنجەنیقی ئاگر. پادشا دەنێو ئاگردا دەسووتێ و قارەمان و مەلەکە بەئاوات و مەبەستی خۆیان دەگەن و ژیانی بەختەوەرانە دەست پێدەکەن.

دەچیرۆکی کوردیدا خەبات و ململانە لەنێو قارەمانانی میللەت دژی پادشا وحاکمانی ملهوور وەبەرچاو دەکەوێ، لەلایەک قارەمانی گەل بەدڵێکی پڕ لەئەوین و وەفاداری و نیشتمان پەرەستی دێتە ناو گۆڕەپان لە لایەکیتر پادشا و حاکم دەقەلافەتی دێو و شێر و ورچ و گورگ دا دەبیندرێن لەئاخری کاردا، ئەوە مرۆڤە کە بەسەر دوژمن دا زاڵ دەبێ و وەسەر دەکەوێ.

مەرگ لەسەردەمی ئافراندن هەتا ئێمڕۆ، هەمیشە میشک و بیری مرۆڤی هەژاندووە. زەمانێک بۆ ڕزگاری لەمردن بەتەمای وەدەست هێنانی «ئاوی ژیان» بووە هەتا لانی کەم وەک حەزرەتی نووح، تەمەنی هەزار ساڵەی هەبێ.

«میرمەح»شازدەیەکەباوکی لەژێرخانی ماڵ دا پەروەردەی کردووە. هەتا قەت هیچ دژواری و ناخۆشی نەبینێ. بەڵام تێپەڕبونی ڕۆژگار، میر محی لەلانەی دەردێنێ و گشت ڕاستییەکان بەچاوی خۆی دەبینێ. میر مح بەهەوای تەمەنی هەتاهەتایی، تەرکەوڵات دەبێ و پاش ئەوەیکەدەگاتەوڵاتی پەرییان، چەند ساڵ خەریکی عەیش و نۆش دەبێ، بەڵام دڵی بۆ گەرانەوەی زێد و ماڵەبابی تەنگ دەبێ، پەرییەکان سێ سێوی دەدەنێ کەلەلای خۆی ڕاگرێ و نەیان خوا. هەمیشەهەر زیندو دەمێنێتەوە. بەڵام دەئاخریدا دو سێو دەداتە، کەسانێک کەدەیانەوێ تەمەنی هەمیشەییان هەبێ، سێوێکیش بۆ خۆی دەخوا و پێرادێ. [ قەناتی کوردو – ١٩٩]

بەشێکی زۆر لەچیرۆکەکان باسی پەلەوەرو ئاژەڵانە. لەچیرۆکەکاندا، ڕەفتارو کرداری مرۆڤەکان لەقالبی ئاژەڵ و پەلەوەر بەدیهاتووە. وەک شێر پادشای دارستان، گورگی درندە، ڕێوی فێلباز، ماری حەوت سەر، ئەسپی شەس پێ، هەڵوی بەرزەفڕ، بولبوولی خۆش ئاواز، کەڵەبابی بێ وەخت. دەچیرۆکی سێحراویشدا، تاڵەمو، قوتوی جادویی، سێو، کەوش، ئەنگوستیلەوئەسپی باڵدار بەدی دەکرێ. ئەوکارانەی کەلەدەست مرۆڤ نایە، بەو ئامرازانەئەنجامی دەدا- بۆ وێنە: قارەمان بەکەلک وەرگرتن لەوانەحەوت دەریا وحەوت کێو دەپێوێ و سەر کەوتو دەبێ. مار بوونەوەرێکی خزۆکە. سێحراوی ئەهریمەنییە. مارەکان ڕێکخراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە، شای ماران بەسەریان دا حکوومەت دەکا. مارەجووتەکان ئاشقەو ماشقەن. ئەگەر کەسێک یەکیان بکوژێ. ئەوەی دیکەتۆڵەی لێدەکاتەوە. لەچیرۆکی مێژوویشدا، بیرەوەرییەکانی گزنیفۆنی یونانی سەبارەت بەکوردان لە٢٥٠٠ ساڵ لەوەپێش، هەروەها بەرگری ١٢ سواری مەریوان لەبەرامبەر ١٢٠٠٠ سپاهی – پێش هاتنەسەرتەختی پادشایەتی نادرشای ئەفشار جێی سەرنج و تێرامانەو نیشان دەدا کەنەفرەت لەبیانی و پاراستن و خۆشەویستی نیشتمان دەگەڵ خوێنی کورد تێکەڵ بووەو خۆی نیشان دەدا. «کاتێک شاعرێکی گۆرانی بێژ و گەرۆک، باسی بوێری و ئازایەتی کەسێک وەک یەزدان شێر یا عەبدولرەحمان پاشا بەقام و هەوا دەبێژێ، بەڕاستی نەقلی شەڕێک دەکا کەبەنێوی کورد دژی بێگانەبەدی هاتووە.»[ نیکیتین ٥٣٧] بوێری و ئازایەتی ژنانی بلیمەت لەچیرۆک و بەیتەکانی کوردی دا جێگای حورمەت و ڕێزلێنانە. لەشەری دمدم کەخانی برادوست نیزیک بەساڵێک دژی سێڵاوی لەشکری شاعەباسی سەفەوی، بەرگری لەخۆیوئێل و داروودەستەکەی دەکا، دەشکێ و قەڵای ناوبراو وەچەنگ نەیاران دەکەوێ. پاش چەند ڕۆژ یەکێک لەژنەکانی خانی برادۆست دەگەڵ هێندێک لەدەست و پێوەندی خۆی، هێرش دەکاتە سەرقەڵا و دەیگرنەوەو سپای شاعەباس وەدەردەنێن. ئەگەرچی دوبارەقەڵاکە دەکەوێتە دەستی داگیرکەران. دەگێڕنەوە کاتێک کە خانیکورد دەشکێ، ٦٦ کەس لە ژن و منداڵی خان لەبەر ئەوەیکەوەدەست دوژمن نەکەون و بێ حوورمەتییان پێ نەکرێ، خۆیان فرێدەدەنە سەر کێوی شەمشیرخان، ئەو ژن و منداڵە تێکرا هەر لەهەوای دەبنە کۆترو لەشەقەی باڵ دەدەن و بەرەو ئاسمانی شین هەڵدەفڕن. لەبەیتی دمدم دا، لەکتێبی «تحفەمظفریە»سەبارەت بەو ڕووداوەحەماسییە ئاوا ئاماژەکراوە:

کێ بو لەخاتونی خانی / قبول ناکەین کافرستانی/ خۆیان هەڵدەدێرن لەچل کەوانی/ئەی دمدمی بەردی دلان / جێگەی خان و خان ئاودەلان/ ئێستا بووی بە مەسکەنی خەرتەلان. (لاپەڕەی ٢٠٢ و ٢١٧)

پۆلین بەندی:

دو کتێبی «چیرۆک و ئەفسانەی موکریان»و «چیرۆک، افسانەها وقصە های کردی»بۆ یەکەمین جار لەلایەن نووسەری ئەو وتارە پۆلینبەندی و چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەکتێبی چیرۆک و ئەفسانەی موکریان، ١٠١ چیرۆک کە بەرهەمی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەساڵەکانی ٢٠٠٨– ٢٠١١زایینی لەشارو ئاوەدانییەکانی بۆکان، مەهاباد، سەقزو سەردەشت بوون، لەسەر بنەڕەتی مەکتەبی جیهانی «ئارنە – تامپسۆن»ی فەنلاندی پۆلین بەندی کراوە کە بەلەبەر یەکنان دەگەڵ چیرۆکەکانی مەکتەبی ناوبراو ٥٧ چیرۆکی کوردی، شان لەشانی چیرۆکی جیهانی دەدەن، یانی کۆدی مەکتەبی ناوبراو دەگرنەوە و ٤٤ چیرۆکیش بێ کۆد ماونەوە کە وێدەچێ ئەوانە چیرۆکی ڕەسەنی زمانی کوردی بن. کە لەباب و باپیران بە یادگار ماونەوە. هەروەها ٢١ چیرۆکیش لەلایەن «د. جعفر قنواتی»مامۆستای پایەبەرزی چیرۆکناسی ئێرانی دەگەڵ ئاسەواری کلاسیکی فارسی دەقاودەق کراوە.

پەراوێز (١)

لەپێرستی ئارنە – تامپسۆن چیرۆکەکان بەچوار دەستەی بنەڕەتی و چەند ژێر دەستەدا بەش دەکرێن. بۆ هەرکام لەوان تیپ (پۆل – چین) دەگەڵ ژمارەیەکی تایبەت لەبەرچاو

گیراوەکەبریتیین لە:

١ – چیرۆکەکانی جانەوەران [ ١–٢٩٩]

٢ - چیرۆکی ئاسایی وەک:

چیرۆکی جادوویی [ ٣٠٠ – ٧٤٩]

چیرۆکی ئایینی [ ٧٥٠ – ٨٤٩]

چیرۆکی دڵداری [ ٨٥٠ – ٩٩٩]

چیرۆکەکانی دێوی گەوج [ ١٠٠٠ – ١١٩٩]

٣ – چیرۆکی گاڵتەو و گەپ [ ١٢٠٠ – ١٩٩٩]

٤ – چیرۆکی پەیتا پەیتا [ ٢٠٠٠ – ٢١٩٩]

[ مارزۆلف – ١٠]

جێی ئاماژەیە کە ولادیمیر پراپی ڕوسیش شێوازێکی دیکەی بۆ ڕێک وپێک کردن و پۆلین بەندی چیرۆکەکان لەسەر شی کردنەوەو لێکدانەوەی پێکهاتەو قالبی ئەو بەرهەمانەی ڕاگەیاند کە یەکەمینجار، ئەو شێوازەی لەسەر «ئەفسانەی پەرییەکانی ڕوسی»دەکار کرد. «پراپ لەسەر ئەو بڕوایە بوو کەسایەتی نێو چیرۆکەکان گەلێکن بەڵام ئەوکارانەی ئەنجامی دەدەن وەک یەک دەچن کەوایە دەتوانین چەند وینەیەکی گشتی دیاری بکەین کە پێکهاتەی سەرەکی چیرۆکەکان دەگرێتەوە کە کارکردەی پێدەڵێن. هەروەها «لویی ئیستراوس»«کلود برمۆن» «ئالێن داندس» و «گرماس» سەبارەت بەبیچم ناسی (ریخت شناسی) ئەفسانەکان یەکەم هەنگاویان هەڵێناوە. [ خدیش – ٣]. ئولریش مارزۆلف دەنووسێ: سەبارەت بەچیرۆکەکانی کوردی تا ئێستا چەند جار کوتراوە کە ئەوانە خاوەن ماهییەتی تایبەتین و کوردان لەهەر شوێنێک بن خۆیان بەخاوەن فەرهەنگێکی یەکگرتوو دەزانن. ئەگەر وابێ نابێ بێچاوەدێری و یەکلایانە، وەسەر ناوچەیەکیتر بگێردرێن. بەبڕوای ئێمە، لەسەر زمانی چیرۆکەکانی پێوەند بەکورد، تورک، تورکەمان، بەلووچ، عەرەب زمانەکانی دانیشتوو لەئێران و هەروەها گروپە چکولەترو ئارامییەکان کە لەباکوری ڕۆژئاوای ئێران دەژین، دەبێ توژینەوەو تیپناسی جیاواز بکرێ. [ مارزۆلف – ٢٥]. دیارە ڕوانینو مەبەستی مارزۆلف، چیرۆکە ڕەسەنەکان، بەیت و باوەکان و چیرۆکە هۆنراوەکانی کوردییە. دەنا شێوەی دارشتن و نێوەرۆکی ڕادەیەکی بەرچاو لەپەخشان و چیرۆکەکانی کوردی، دەگەڵ چیرۆکی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت هیندی و ئێرانی لێک نیزیکن.

مۆتیڤ: لەزۆربەی ئاسەواری ئەدەبی و کلاسیک و زارەکی دا وشە یا نێوێک زەق و دیارەو لەسەرەتا هەتا ئاخری هەر دوپات دەبێیەوە کە کاریگەری بەرچاویان لە دارشتنی پێکهاتەی ئەم مژارانەدا هەیەو بەشێوازو مەبەستی دیارو نادیار خۆی دەنوێنێ کەپێی دەڵێن «مۆتیڤ». مۆتیڤ ئەم ناو وکەس و کەرەستەو کات و شوێن ودەستەواژەیە کە لەنێو ئەفسانەو حەکایەتەکاندا زۆر دوبارەدەبنەوە.[ مەولود–١٣]. مۆتیڤەکان بەتێکرایی باری مانایی ئەرێنی نەرێنییان هەیە. باری ئەرێنی وەک: خودا، خدری زیندە، دەروێش، سۆفی، فرشتە، پەری، شەوچرا، گەوهەر، سوڵتان مەحموود، هەیاسی خاس، باڵولەشێت، کورەکەچەڵە، قەرەتاژدین.

باری نەرێنی وەک: شەیتان، پادشا، دێو، دێوەزمە، جندۆکە، ئەژدیها، بەکرەشۆڤار. هێندێک باری مانایی جۆراوجۆریان هەیەوەک: ئاسمان، مانگ و ڕۆژ، ئەستێرە، کەڵەشێر، پەپوسڵەمانکە، ئەسپی شەش پا، کڵاوی سەخرەجند، پێڵاوی ئاسن، مانگ و ڕۆژ، شێر، ڕێوی، سەگ، گورگ، کولەکەی ڕووح، جانانەی جادو، پیرێژنی مەکرباز.

گرینگی بایخی ئەدەبی زارەکی

یەکێک لە کێشەکانی فەرهەنگی ئێمەو وڵاتانی لەحاڵی گەشەسەندا، دورکەوتنەوە لەفەرهەنگ و مێژوو و داب و نەریتی خۆماڵی و چاولێکەری لەفەرهەنگی بیگانەیە. ئێستاش هێندێک خەڵکی ساویلکە لەسەر ئەو بڕوایەن، ئەگەر بمانەوێ، پەیژەی پێشکەوتن ببڕین، دەبێ لەتەپڵی سەر هەتا بەری پێ نووقمی فەرهەنگ و نەریتی ڕۆژئاوا بین. غافل لەوەیکە ڕۆژ ئاوایەکان بەتایبەت پسپورەکانیان، هەنوکەش لەنێو شارستانییەتی خۆیاندا بەشوێن ئەوپرسیارەن کەبۆچی لەرەسەنایەتی کولتوور و داب و نەریتی باب و باپیرانی خۆیان دابڕاون ؟ لەسەفەرو کۆبونەوەیەک دا کەچەند کەسایەتی فۆلکلۆریستی ئێرانی وەک سەید ئەحمەدی وەکیلیان و د. جەعفەر قەنەواتی لەساڵی ١٣٨٨ه / ٢٠٠٩ ز لەکۆنگرەی «مەولانا جەلالەدین ڕۆمی»لەوڵاتانی نۆرویژ و سوئید و ئاڵمان بەشدارییان کردبوو، دەیانگێڕاوە لەوڵاتی نۆرویژ بەچوارو نیو میلیۆن نفووسەوە– زیاتر لەهەزار چیرۆکبێژی پیشەیی و حیرفەیی هەن کەبەهەمان ڕەوشتی پێشوو، چ لەمەدرەسەو ڕەستوران، چ لەمیوانییەکان و تەنانەت لەکافی شاپی زانکۆکانیش، هەروەک حەکایەتخوانی خۆمان لەڕابردودا، چیرۆکەکان دەڵێنەوە. ئەوان دەیانگوت: لەهەمایشی مەولاناناسی لەشاری ئوسلۆ چیرۆک بێژانی وڵاتانی سوئید و ئینگلیز هێندێک داستانی وەک حەزرەتی مووسا و شوانییان هێنابۆ سەر شانۆ.چیرۆکبێژی نۆرویژی فەرمانبەری حکومی نین. و لەژێر باڵی (N.G.O)کانن، خەڵک بۆ بیستنی ئەو چیرۆکانە پارەدەدەن و دادەنیشن و گوێ دەگرن. و کەیفی پێوەدەکەن. لەڕێی گوێ ڕاگرتن بۆ چیرۆک – هێمنایەتی خۆیان دەستەبەردەکەن.

ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کەنووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی بەنێوبانگی جیهان، لەژێر کاریگەری ئەدەبی زارەکی گەلەکەیان دا توانیویانە ئەوشاکارە هەتاهەتایانە پێشکێشی گەلی خۆیان و دنیا بکەن. سەبارەت بەگرینگی و نەخشی چیرۆک و ئەفسانە»ماکسیم گۆرکی» نووسەری ناوداری ڕوسی دەڵێ: «ئەفسانە زایەڵەو کاردانەوەی ژیانی کۆمەلایەتییە.» [ ڕەحمانی– ٩] لەبیرمان بێ کەئەفسانەو چیرۆک وەک پاڵەوانەکان گیاندارن و دەگەڵ خوێنەر و بیسەر دەدوێن. ئەوان ڕاز و ڕەمز و بیر و ئەزموونی شاراوەیان لەڕۆژگارانی کەونارایی، هەتا ئێستا دەمێشک و هەناودا هەیە یانی»تەنیا دەلاقەیەکی نوورانییە کە تیشک دەخاتە نێوتاریکخانەی سەدەکان و دەورو زەمانەکان. [ محجوب – ٢٤]. دیارەئەفسانەی کوردی دەبێ وەک بێژەرانی خۆی لە ناوچەکانی جۆراوجۆری ژئوگرافیایی وڵات کە لە کەش وهەوای فەرهەنگی تایبەت دارێژراون و گەشەونەشەیان کردووە، بنوسرێتەوەو تۆماربکرێ. بەو هیوایە ڕۆژێک ئەو یادگارە گەورەو گرانە کە بەشێکی پڕ بایخی ناسنامەی کوردن لەلایەن پسپۆڕانی چیرۆک و ئەفسانەناس تەواوی وشەو ڕەستەو دەستەواژەو موتیڤی زاراوەو بنزاراوەکانی سەرتاسەری کوردستان کۆبکرێتەوەو توێژینەوەیان بۆبکرێ. کەفەرهەنگی چیرۆک و ئەفسانەی کوردی بۆ هەتاهەتایە بپارێزرێ. هەتا ئەو کەلەپوورە دەولەمەندە وەک قەڵغانێک لەهەمبەر هوروژمی فەرهەنگی بێگانەدا بپارێزرێ و زمانەکەمان پاک و پاراو بمێنێتەوەو نەهێڵین مرۆڤگەلی هەلپەرەستی بێگانە لەباوەشمان دەرێنن و ڕەنگ و مۆرکی خۆیانی لێبدەن و لەهەراجەبازاری دەغەڵیدا بیفرۆشن. دەبێ بۆ خۆمان قوڵی پیاوەتی لێ هەڵماڵین و وەک بیلبیلەی چاو بیپارێزین و گشت بەشەکانی ئەدەبی زارەکی لەلایەن زانایان و پسپۆرانی خەمخۆری گەڵ شرۆڤەوپۆلین بەندی بکرێن.

ئەگەرهەرنەبوو، کۆیان کەینەوە لەدەرفەتێکی گوونجاو

توێژینەوەیان لەسەر بکەین، وەک ئەو بەرنامانەی کە»ئینجەوی شیرازی» ٤٥ساڵ لەوەپێش لەسەر ڕادیو ئێران کردی و هەزاران بەڵگەو سەنەد وکەل و پەلی خەڵکی ئێرانی بەیاریدەری نیزیک بەسێ هەزار فەرهەنگیاری فەخری بێ جیرەو مواجب کۆکردەوە و گەنجینەیەکی بێ وێنەی لەبوارەکانی داب ونەریت و جل و بەرگ و ئەفسانەو لایەلایەو گۆرانی و. .. پێکهێنا. لەوەش گرینگتر کاری کارستانی کتێبی «فرهنگ افسانەهای ایران «لەنووسینی»عەلی ئەشرەفی دەروێشییان وەڕەزاخەندانی مەهابادی «یەکی لە١٩ بەرگ دایەو نیزیک بە٢٠٠٠ ئەفسانەو چیرۆکی سەرتاسەری خەڵکی ئێران تێدا گوونجاندراوە. ئەو کتێبە بۆخۆی ووتەی خەیالی و مێژوی کۆمەڵایەتی خەڵکانێکەکە بەکەلک وەرگرتن لەهونەری چیرۆکبێژی، دەردو و ڕەنج و خۆشی و ناخۆشی و هیواو ئاوەتەکانی دورودرێژی خۆیان لەسەدەکانی کۆن و قەدیم دەربڕیوەو لەلایەن بەرەکانی پێشو بۆ بەرەکانی ئێستا و داهاتو بەیادگار بەجێ هێشتووە.

لەبیرمان نەچێ: ئەدەبی زارەکی (چیرۆک، ئەفسانە، مێژوو، بەیت و باوگۆرانی زمانی کوردی) شوناس و ناسنامەی فەرهەنگی و بڕبڕەی پشت و ئەستووندەگی تاوڵی مرادی گەلەکەمانە.

سەرچاوە
١-ابن ندیم، محمد بن اسحاق، الفهرست.ترجمەمحمدرضا مجدد. نشر اساطیر. تهران ١٣٨١- ز
٢- ئەوڕەحمان حاج مارف، کوردناسی، کۆری زانیاری، بەغدا ١٩٧٤ – ز
٣- جەمال نەبەز، کوردناسی، کۆری زانیاری، بەغدا ١٩٧٤ – ز
٤- خدیش، پگاە- ریخت شناسی افسانەهای جادویی – نشر علمی فرهنگی تهران ١٣٨٧ ە
٥- د. قنواتی- دست نوشتە
٦- ڕەشید ئەفندی، چل حەکایەت – مەلا مەحموودی بایزیدی، ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤ ز
٧- رحمانی روشن، افسانەهای دری – سروش- تهران، ١٣٧٧ ە
٨- سەلیمی هاشم، چیرۆک و ئەفسانەی موکریان – سەردەم – ٢٠١٣ ز
٩- شوکریەڕەسوڵ، ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر ١٩٩٧ ز
١٠- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی – چاپخانەدارلجاحظ – بغداد ١٩٧٠ ز
١١- قەناتی کوردۆ. افسانەهای کردی،ترجمەهێمن – انتشارات عابد تهران ١٣٨١ ە
١٢- لووقمانی ڕەحیم – ئاورێک لەافسانەو فۆلکلۆری کوردی – گۆڤاری سروەژمارە١٠٣ وەرەقی ١٢٧٣
١٣- مارزۆلف اولریش – طبقە بندی قصە های ایرانی، نشر سروش تهران ١٣٧٦ ە
١٤- محجوب – محمد جعفر – ادبیات عامیانەایران – نشر چشمەتهران ١٣٨٦ ە
١٥- مەولوود. د. ئیبراهیم حەسەن – قەدەغەشکێنی – سەردەم سلیمانی ٢٠٠٠ ز
١٦- نەجم ئەڵوەنی. ئەفسانەو پەندی کۆمێدی، گاڵتەئامیزی کوردی هەولێر ٢٠٠٧ ز
١٧- نیکیتین واسیلی، کرد و کردستان –ترجمەمحمد قاضی – نشر نیلوفر – تهران ١٣٦٦
١٨- هێمن، محەممد ئەمین شیخولئیسلامی. (ئوسکارمان) نشر سەیدیان – مهاباد ١٣٦٤ ە

**سۆما یووسفی ـ کامیاران**



ئێوارەیەک پاییز بە سێبەرێک ڕەش و نامۆ پێکەنیت و چاوت قرتاند.

من بە پێکەنینێک منداڵانە بەڵێنم دا تا کۆتایی هەناسەی هەنار سێبەرت بم.

نازانم بیرم کورتە یا حەز بە فەرامۆشی دەکەم کە ئاوا باسی دابڕانمە و دەگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو، وەرزی دوواهەمین بیرەوەری...

دەمێک بوو لە پشت پەنجەرەی تەنیایی سەیری کوێستانم دەکرد و ئاخێک سوورم هەڵدەکێشا بۆ مەرگی خەونەکانم.

نە تۆ زانیت نە من درکاندنم لە لات باسی هەناسە و یەکەم دەنگ و تاڵی.

لە خەیاڵی کچانەمدا من بووکی ئارەزوو و تۆ پاشای کۆشکی باخچەکان بووی، کۆشکێک لە سەر باڵای چیایەک ڕەنگاوڕەنگ و ڕەش و سپیی.

باڵام نەکرد بەڵام مێشکم باڵای بەرز بوو وەک دار چنارەکانی قەراخی ڕێگای کانی، ئاخ وتم کانی کەچی کانی باری کرد وسەرچاوەی کوێر هەڵوەری. وەک تۆ کە بێدەنگ بارت کرد لە کازیوەیەک بەهاری، نە نە لە پاییزێکی نزیک ڕۆیشتی.

کورسییەک سارد، من بێدەنگ، تۆ ماقی ئەوپەڕی شەقام و تابلۆیەک عاشقانەی. کۆخەیەک دەکەم و خەونەکانت دەفرێنم، سەیرم دەکەی، سەرم دادەخەم و لەگەڵ پێم کایە دەکەم.

باسێک بێ پەیوەندی دادەمەرزێنم سەبارەت بە جگەرە و زیانەکانی و تۆ ئارام پێدەکەنی و دەبێژی: من یەک ئاوات و هەزار ڕێگام لە سەر دایە بچم بۆ داهاتوویەک بێ پاییز یا بمێنم لە شەوەزەنگی ڕابردوویەک خەیاڵاوی پێدەکەنی و بە دووکەڵی جگەرەکەی کایەی دەکرد و دیسان لە ڕۆیشتن وتی لەناکاو گوتم: من کچێکم لە گوندێک دوور بەڵام جادەیەک ڕەشتاڵی من دەگاتە سنووری مەودا.

به سەرسامی سەیرت کرد و وتت: تێناگەم لە قسەکانت؟

من خۆم لە قسەی خۆم تێناگەم بەڵام دەزانم بەهار کە دێت دڵی من شەق شەق دەبێت وەک هەنارێک بێ ڕەنگ کە سوور نییە بەڵام تامی تایبەتە وەک باوەڕەکانی تۆ...

لە ناکاو وتی: عاشقی؟

گوتم: هههە مەگەر عاشق بەس قسەی جوان دەکات؟

گوتی: نە قسەکانت شێتانەیە

گوتم: شێت دڵی پاکە و منیش شێتم و دڵپاک.

بزەیەک تاڵی کرد و وتی دڵنیابە ئەوین درۆیەک شیرینە و تۆ کچی لادێ قەت عاشق مەبە کە بەرگەی ئەم دەردە ناگری.

تێناگام.

ماڵاوایەک سارد و بێ ڕەنگ، من گەڕامەوە بۆ وەرزی شەوبێداری ئەو ڕۆیی بۆ وەرزی تارای سوور.

بە تەمای پاییزم تەواو بێت و بگەم بە کۆتایی عەشق و تۆیش لە لاپەڕەی کۆتایی چیرۆکت بنووسی: تارای سوور

بووکێک بوو ئەسیری دوو دەلاقە، دەلاقەی یەکەم هیچکات ئاوەڵا نەبوو و تەم و مژی تەنیایی داپۆشاند و دەلاقەی دووهەم ئاوەڵا، هەر شەو یەک خەونی لە ئامێز دەگرت.

تارای سوور، پاییز کۆتایی عەشق بوو

هەناری باخچەی پاشا لەوبەر کانیاوی لادێ چاوەڕێی ما، هیچکات نەگەیشتە وەرزی گەین.

سەوز لە ئامێز گەڵاکانی خۆی شاردەوە

دەنگی هەناسەی باران دێت، کچێک ئارام ئارام لە تەنیایی پاییزدا بۆ مەرگی تاراکەی فرمێسک دەچۆڕێنێ.



هەواڵنامەی کتێب



ڕووناک و سولەیمان خودایاری دەگەڵ باوکیان

# ئەسعەد خودایاری

سولەیمان خودایاری ـ مەهاباد

ئەسعەد خودایاری، لە دایک بووی ساڵی ١٣٠٨ی هەتاوی لە شاری سنەیە و هەروەها لەو شارە تا پۆلی شەشی سەرەتایی دەرسی خوێندووە. دوایی بە هۆی نەداری ماڵی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات. لە تەمەنی ١۴ ساڵی باوکی کۆچی دوایی دەکات و دوو برا بە ناوەکانی «ناسر»و مەنسوور و خوشکێک بە ناوی زەمانە و دایکی بە ناوی کەوکەب خانم لە پاش باوکی بە جێ دەمێنێت. چونکە خۆی براگەورە بووە مەجبوور دەبێت لە خوێندن بگەڕێتەوە و بە خاتری بژێوی بنەماڵەکەی ڕوو لە کاسپی بکا. دوای چەند ساڵ ئیشکردن دەچێت بۆ نێو ڕیزی ئەرتەش و لە شاری سەقز ئیش دەکات. دوایی براکانی، خۆیان گەورە دەبن و هەرکامێک لەوان کار دەکەن و لەسەر توانایی ئەسعەد چاوەڕێ نابن.

ئەسعەد دوای چەند ساڵ هەست بە ئێش و ئازاری خەڵک و زوڵم و زۆری پاشایەتی دەکات، بیری کوردایەتی تێیدا پێک دێت. تازە شۆڕش لە موکریان، واتە کۆماری کوردستان لە مەهاباد گەشەی کردبوو بە نەهێنی لەگەڵ چەند کەسی ناوداری سنە ناسراوی پەیدا کردبوو. بە ناوەکانی ڕەحمەت شەریعەتی، سەید عەتا، هاشم شێخانی و دوایی لەگەڵ «صارم الدین صادق وزیری» کە سێ کەسی یەکەم ئەندامی کومیتەی شاری سنە بوون، ماوەی چوار مانگ لەگەڵ ئەو سێ کەسە هاتووچۆی هەبووە. دواتر بە بڕیاری ئەو سێ کەسە بە چەکەوە لە ئەڕتەش ڕا دەکا و دەچێت بۆ شاری مەهاباد.

بۆ یەکەم جار لە ماڵی ژنێکی تێکۆشەر و خاوەن بیر و باوەڕ بە ناوی فاتمە چاوشینی کە کوڕەکەی ناوی فەتاح چاوشینی دەبێت جێگیر دەبێت. هەر لەو ماڵە لەگەڵ یەکەم کادر لە شاری مەهاباد بە ناوی غەنی بلوریان و دوایی لەگەڵ خەلیل سەدیقی ئاشنا دەبێت و لە نێو یەکێتی لاوان درێژە بە کار و باسی سیاسی- تەشکیلاتی دەدات. بە هۆی لێهاتوویی و تێکۆشانی جیدی دەبێتە کادرێکی پێشکەوتووی حیزب و لە مەڵبەندی مەنگوران لە ناوچەی مەهاباد- پیرانشار «کومیتەی بلباس»بە ناوی نهێنی مەلا عەلی خەریکی کاروباری دەبێ وبە پیاوێکی بە ناوبانگ و تێکۆشەر بە ناوی حەمە ڕەشی سیاقۆڵ تێکەڵاوی دەبێت. کاک حەمەڕەشی لە نێو خەڵکدا زۆر خۆشەویست و باوەڕپێکراو بوو. کە دوایی خوشکی حەمە ڕەشی دەبێتە هاوسەری سولەیمان موعینی و دوو منداڵ بە ناوەکانی سیامەند و سامڕەند دوای سولەیمان موعینی بە جێ دەمێنن.

ئەسعەد خودایاری کەمکەم لە نێو خەڵکدا ناسراو دەبێت و دەتوانێت خەڵکێکی زۆر لەو ناوچەیەدا بەرەو حیزب ڕابکێشێت و لەلایەن حیزبەوە بەرپرسیاریەتی گەورەتری پێ دەسپێرن. دەبێتە بەرپرسی مەڵبەندی مەهاباد، سەردەشت، پیرانشار،نەغەدە و شنۆ. هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ورمێ بە ناوی «حەمە عەلی»ئیش دەکات و زۆربەی کەسایەتی ئەو سەردەم وەک ئەحمەد ئاهەنگەری، بنەماڵەی سەعدی، لەتیف لاجانی ، ئەمیر عەشایری، گەورەکانی سەرووکانی و .... زۆر بە باشی یادی دەکەن و زۆر هەڵسووڕاو بوو.

هەروەها لەو مەڵبەندانە لەگەڵ تێکۆشەرانی ئەو سەردەم وەک: کەریم حیسامی، سەعید کوێستانی، سەید ڕەسوڵ بابی گەورە و ئیسماعیل ق ئیش دەکات. هەروەها زۆربەی ئەو کەسایەتییانە لە نووسراوەکانیاندا زۆر بە باشی یادی دەکەن.

دوای سێ ساڵ لە ئیش کردنی تەشکیلاتی لە یەکەم کۆ بوونەوەی کادران کە ئەو سەردەم کۆنگرە نەبوو بە ناوی کۆبوونەوە بڕیار دەدرا، ئەسعەد خودایاری وەک ئەندامی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت. دوای ماوەیەک ئەسعەد لە لایەن حکومەت شناسایی دەکرێت و لەگەڵ دوو هاوڕێی حیزبی بە ناوەکانی محەممەد ئەمین ڕابتی و ئەحمەد ئاهەنگەری دەست بەسەر دەکرێن و ڕەوانەی زیندانی قزڵقەڵای تاران دەکرێن.

دوای ڕزگار بوون لە زیندانی قزلقەڵا، محەممەد مەولودیان «حەمەدی مەولود»کە ئەسعەدی زۆر خۆش دەویست، کچەکەی خۆی بە ناوی ئامینە دەدات بە ئەسعەد و هاوسەرگیری لەگەڵ ئامینە دەکات. دوای چەند مانگ، ئەسعەد بە تەنیا ڕوو لە باشوری کوردستان دەکات و لە باشوری کوردستان چاوی بە ئەحمەد تۆفیق «عەبدوڵڵا ئیسحاقی»و قادر شەریف «هاشم حەق تەڵەب»دەکەوێ و هەر لەوێ ئیشی تەشکیلاتی



پێدەسپێرن. دوایی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات و ئەمجار بۆ دووهەم جار لە لایەن ساواک دەست بەسەر دەکرێت و دەینێرن بۆ زیندانی شیراز و لەو زیندانەدا زۆر ئەشکەنجە دەکرێت و داوای هاوکاری لێ دەکەن. ئەویش پێیان دەڵێت با بیری لێ بکەمەوە. وەختێک لە زیندان ڕزگار دەبێت ئەو پێشنیارەی بە ئەحمەدتۆفیق و قادر شەریف ڕادەگەیەنێت کە ئەو وەخت ئەحمەدتۆفیق کەسی یەکەم لە نێو حیزبدا بوو. ئەوانیش پێی دەڵێن زۆرمان پێ باشە کە قەبوڵی بکەی. هەرچەند ئەسعەد زۆر پێ داگری دەکات کە لە باشور نەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات، بەڵام هەر دەینێرنەوە بۆ مەهاباد. هەرچەند دەڵێ من کەسم ناردووە بۆ مەهاباد کە منداڵەکانم بۆ بهێنن، تازە من بۆ مەهاباد ناگەڕێمەوە.

ئەسعەد کە دەگەڕێتەوە مەهاباد، خێزانەکەی دەچنە سلێمانیە و یەکەم جار لە ماڵی شێخ لەتیف، کوڕی شێخ مەحموودی نەمر جێگیر دەبن.

ئەسعەد دوای دوو مانگ لە مەهاباد دەبێت و بۆ بەهەڵە بردنی ساواک لەگەڵیان دەبێت. دوایی ساواک پێیدەزانێ کە ئەسعەد درۆیان لەگەڵ دەکات و قسە و باسی ساواک بۆ حیزب دەنێرێت. ئەسعەد بۆ جارێکیتر لە شاری مەهاباد دەست بەسەر دەکرێت و خێزانەکەی کە لە سلێمانییە دەبێت، منداڵی دەبێت و ناوی کوڕەکەی ماموستا برایم ئەحمەد و عومەر دەبابە بە ناوی «شۆڕش» لێدەنێن.

ئەسعەد هێستا هەواڵی لە دایک بوونی کوڕەکەی پێ نەگەیشتبوو، چونکە لە زینداندا بوو. دوای ماوەیەک لێ بووردنی گشتی دەردەچێت و ئەسعەد و زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە زیندان دابوون ئازاد دەکرێن.

دوای چەند ساڵ منداڵەکانی ئەسعەد دەگەڕێنەوە بۆ مەهاباد. ئەسعەد کە لە زیندان ئازاد دەبێت، ماڵێک لە مەهاباد، لە ڕەشەی قاچاغچی بە کرێ دەگرێت. چەند ساڵ لەو ماڵەدا دەبن. ئەسعەد پیاوێکی باڵابەرز و بەڕواڵەت جوان و لە ژیانی خۆیدا زۆر بە ئوسوول و ڕێکوپێک بوو. لە بیرمە هەر وەخت ئاوی نێو گەرووم فرێ دەدا، دەیکوت کاری وا مەکە و تفەکەت قوت بدە، چونکە بۆ دەورووبەر خراپە. من دوای پێنجساڵ باوکم نەدیتەوە. وەختێک چووم بۆ قووتابخانە، لە قووتابخانەی «بزرگمهر»لە گەڕەکی کانیمام قەنبەران، زۆربەی ماموستاکانی ئەو سەردەم ئاغای سیراجی، سەمیمی، پەنجەویی، مفتی، فتوحی و ماموستاکانی دەبیرستان وەک کاک یونس بلوریان، ڕەشید شەرەفی، فەتاح زوبەیری، محەممەد مەولانی، زۆریان موحەببەت پێ دەکردم و هەمیشە یادی باوکمیان دەکرد. چونکە لە نزیکەوە ئەسعەد خوداياریان دەناسی و تەنانەت ژن و پیاوە باشەکانی شاری مەهاباد هەر بەو شێوەیە. من هەتا تەمەنی ١٢ ساڵی پێمزانی کە باوکم شەهید بووە. هەتا ئەو وەخت هەر پێیان دەکوتم کە باوکت قاچاغچییە و لە کوردستانی عێراقە ناتوانێت بگەڕێتەوە.

وەختێک لە سلێمانیە گەڕاینەوە بۆ ئێران، لە ئیدارەی سجیل بە ناوی شۆڕش ناسنامەیان پێنەدام. ناچار ناسنامەکەم بە ناوی سولەیمان خودایار دەرچوو. دوایی منداڵێکی دیکە لە دایک بوو بە ناوی ڕووناک کە ئەو وەخت ئەسعەد لە زیندان بوو و دوایی شەهید بوو و کچەکەی نەبینی. ڕووناک چونکە باوکی نەبوو بە ناوی ڕووناک خودایار ناسنامەیان پێنەدا. ناچار بە ناوی دایکی، ڕووناک مەولوودیان ناسنامەی وەرگرت.

ئەسعەد کە دەچێتەوە باشوری کوردستان، بەنیازی ئەوەیە قەت نەگەڕێتەوە مەهاباد تا وەختێک وەزع خۆش دەبێت. بەداخەوە ململانێی نێو کادرەکانی حیزب دەستی پێ کردبوو، کەسی یەکەمی حیزب بە ناوی ئەحمەد تۆفیق، بە هۆی بیر و باوەڕی تەسک و خۆ بە زل زانینی نەیدەتوانی کەسانێک کە لە خۆی سیاسی و زاناتر بوون وەر بگرێ و لە نێو کادرەکاندا تێدەکۆشا دژایەتییان بکا و بە خراپ ناویان بەرێت وەک سدیق ئەنجیری، ئەسعەد خودایاری، ئیسماعیل شەریف زادە و ... . تەنانەت نەیدەویست ڕەخنە لە کەس قبووڵ بکات. هەر لەو سەردەمەدا سدیق ئەنجیری، لەلایەن ئەحمەد تۆفیق، داوای لێ دەکرێت کە بۆ مەقەڕی بارزانی بڕوات. بەداخەوە هیچ کات نەگەڕاوە و جێگای مردن و ناشتنی وەدەر نەکەوت لە چ شوێنێکە. هەروەها قادر شەریف لە شاری سلێمانیە و لە ماڵێکدا تەقەمەنی(مواد منفجره)ی بۆ دادەنرێت و ئەویش بە بێ دەنگی دەکوژرێت.

ئەحمەد تۆفیق خۆی یەک لایەن بێ ئەوەی بە کادرەکانی حیزب ڕابگەیەنێ و لەگەڵ چەند کەسێک ڕاوێژ بکا، بڕیار بە کوشتنی ئەسعەد دەدا. تا شەوێک کە ئەسعەد لە شاری قەڵادزێ لە ماڵی پیاوێکی نەتەویی و کورد خۆشەویست بە ناوی ساڵحە جوجکە دەبێت، سێ کەس لە جەماعەتی ئەحمەد تۆفیق کە دوو کەسیان کوردی ڕۆژهەڵات و یەکیان کوردی باشور دەبێ، دەچنە سەر ئەو ماڵە و ئەسعەد دەست بەسەر دەکەن و بێ ئەوەی پرسیاری لێ بکەن لەو ماڵە دەیبەن بۆ دەرەوە. دوایی بنەماڵەی ساڵحە جوجکە باسیان لێ کردبوو کە ئەسعەد تەنانەت یەک دەمانچەی پێ نابێ کە بەرگری لە خۆی بکات. ئەسعەد بە سادەیی دەست بە سەری دەکەن. هەر ئەو شەوە، بەداخ و کەسەرێکی زۆر دەیبەن بۆ دەرەوەی شاری قەڵادزێ و بۆ ناوچەی سەید ئەحمەدان لە کێوێک بە ناوی قەبری عوسمان شەهیدی دەکەن. هەتا چەند ساڵ بنەماڵەکەی لە شەهید بوونی ئەسعەد هەواڵیان نەبوو و نەیاندەزانی لە چ شوێنێکە و چی بەسەر هاتووە. دوای چەند ساڵ لە کۆبوونەوەکانی حیزبدا لە ئەحمەد تۆفیق پرسیار دەکەن کە ئەسعەد چی بەسەر هاتووە. ئەحمەد تۆفیق چونکە لە کردەی خۆی پەشیمان دەبێت، هیچ قسەیەک ناکات. لە کۆبوونەوەکانی دیکەدا ئەو پرسیارە لە لایەن زۆربەی کادرەکانی حیزب دێتە گۆڕێ و ڕوو لە ئەحمەد تۆفیق و سولەیمان موعینی دەکەن. ئەحمەد تۆفیق هیچ وەڵامێک ناداتەوە. سولەیمان موعینی تەنها ئەوە دەڵێت کە ئەحمەد دەزانێ و ئەو پرسیارە لە ئەو بکەن. لە ئاخریدا ئەحمەد هیچ قسەیەکی پێ نابێت و دەڵێ: ئەسعەد بۆ مەئمووریەت چووە بۆ باکوری کوردستان.

ئەسعەد لە دوای خۆی دوو منداڵ بە ناوەکانی سولەیمان و ڕووناک بەجێ دەهێڵێت.

هەواڵنامەی کتێب

عەلی مەحموودی (ئاودێر) - بانە

# وتوویژ لەگەڵ مامۆستا ئەسعەد فەرەجیان

## مامۆستا و ڕاهێنەری بواری مووسیقا و هەر وەها یەکەمین دامەزرێنەری فێرگە و هونەرستانی مووسیقی لە شاری بانە




**پرسیار: کاک ئەسعەدی بەڕێز دەکرێت خۆت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری بەیان بناسێنی؟**

وڵام: ئەسعەد فەرەجیان لەدایکبووی شاری بانەم، بە هۆکاری بنەماڵەمەوە هەر لە منالّیەوە لەگەڵ هونەری مووسیقا ئاشنا بووم، لە ساڵی ٧٧ وە بە شێوەی ئاکادمیک شوێن مووسیقی کەوتم، لە ساڵی٨٠ چوومە هونەرستانی مووسیقا لە شاری سنە، لە ساڵی ٨٤ وەرگیرام بۆ ناوەندی کۆنسێرڤاتواری تاران و لەوێ لە زەمینەی مووسیقی ڕاک بۆ فەوقەدیپلۆم ئیدامەم بە خوێندن دا. پاشان بۆ کارناسی موسیقی لە دانشگای هونەری شیراز قبوول بووم

دووای چەند ساڵ دابڕان لە خوێندن ئێستا خوێنکاری باڵای کارناسی (فەوقە لیسانسی) ڕشتەی لێکۆڵینەوەی «پژوهێشی هونەر»م.

پرسیار: دیارە چالاکانە هەوڵ و تەقەلات داوە بۆ بەدەست **هێنانی خولیاکانت لە بواری مووسیقادا؛ دەکرێت بفەرمووی لەو کاتەوە لە خوێندن دوور کەوتوویتەوە چ چالاکیەکت هەبوە؟**

من هەوڵ و تەقەلام داوە کە لەگەڵ خوێندندا بتوانم چالاکی و داهێنانم هەبێت، لە ساڵی ٨٤ وە ڕەسمەن لە ناو بانەدا دەستم بە کار کرد هەوڵم ئەدا چالاکیەکانم پرۆگرامێکی درێژخایەن بێت، بە یارمەتی دۆستان و پسپۆڕانی ئەوبوارە هەم لە ناو شاری بانە و هەم دۆستانێک کە هاوزانکۆییم بوون لە تاران شێلگیرانە تێکۆشاین.

بۆ یەکەم جار ئەمکارانم لە بانە بەڕێوە بردەوە، بە شانازی دەزانم لە خزمەتتانا بەیانی کەم کە لە پێش مندا هەوڵی بۆنەدراوە:

١- هێنانی ئامێری درامز و گیتار ئێلیکتریکی بۆ یەکەم جار لە قاڵبی کۆنسێرتێکی لێکۆڵینەری (پژوهشی) مووسیقا بۆ شاری بانە.

٢- بە تاپۆ گەیاندنی ئەنجومەنی مووسیقی

٣- دانانی کارگای ئامووزشی مووسیقی

٤-بەڕێوە بردنی مێهرەجانەکانی مووسیقی کە گرینگترینیان جەشنوارەی سەراسەری کشوەری مووسیقی تایبەت بە نابینایان بوو کە بە هاوکاری دۆستان بۆ یەکەم جار لە شاری بانە بەڕێوە چوو.

٥- کەلاسی مووسیقی منداڵان بە شێوەی ئاکادمیک لە بانە و ناوچەدا.

٦- دامەزراندنی فێرگەی مووسیقی.

٧- کردنەوە و دامەزراندنی هونەرستانی مووسیقا سەر بە وەزارەتی پەروەردە کە ئێستا قووتابیان بە شێوەی ڕەسمی خەریکی خوێندنن کە هیوادارم زیاتر پەرەی پێ بدرێت و هەموو ناوچەکانی دیکەش کەلکی لێوەربگرن.

**پرسیار: باسی هونەرستانی مووسیقیت کرد کە بۆیەکم جار لە بانە و ناوچەدا دامەزرێنەرەکەی بۆ خۆت بووی**

**پرسیارەکەم ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک لایانەکانی پەیوەندیدار هاوکاریان کردووی؟ ڕوانگەی خەڵک لەو ئاستەدا چۆن بووە؟**

وڵام: بەڵێ هەروەها کە عەرزم کردن ئەم چالاکیانە بە یارمەتی بەشێک لە دۆستان بووە نەک هەر خۆم بە تەنیایی هونەرستانەکەش بە بروای خۆم پێویستە وەک هونەر و مووسیقا کاری بۆ بکرێت ئەو کارەش ئەبێت ڕیشەیی و بنەڕەتی بێت و بە شێوەی ئاکادمیک و عیلمی بڕواتە پێش. لە پێشدا خەڵک ئەبێ بزانن کە مووسیقاش عیلمە، تەنیا ئەوە کە نەفەرێک ئامێرێک بە دەستەوە بگرێت و ئاهەنگێکی زۆر سادە لێ بات نابێتە ژەنیار و هوونەرمەند، ئەبێت جەخت بخەینەسەر کۆمەڵگا کە مووسیقا بۆ خۆی علیمێکە و مەستەر و خوێندنی هەیە وەک ڕشتەکانی کەی تەجروبی، بیرکاری، ئینسانی و مێعماری و... مووسیقیش

ڕشتەی تەحسیلی هەیە کە بەداخەوە کاری کەم بۆ کراوە لەو ڕادەیە کە لە سەرتاسەری کشوەرا لە وانەیە لە دە دانە زیاتر نەبێت کە زۆرتریشی لەو شارە گەورانە وەک تاران و یەزد و ئیسفەهانە. لە ناوچەی خۆمان یانی ڕۆژئاوای ئێران تەنیا سنە هەیەتی و ئێستاش کە توانیومانە لە بانە داینێین، بۆخۆی هەنگاوێکی گەورەیە کە شتێکی وا لە تەواوی کشوەرا بە تێعدادی کەم هەیە لە شارێکی چکۆڵەی وەک بانە دایمەزرێنین ئەویش هەر وا کە عەرزم کردن بە یارمەتی دۆستان و لایەنگرانی خۆشەویست پێک هاتووە. دۆستانێک چ لە تارانەوە کە لە بواری عیلمیەوە یارمەتیان داوم و دۆستانێک کە لە بواری دامەزراندنی هوونەرستانەوە پاڵپشتم بوون.

گەورەترین یارمەتی لە لایەن بەڕێز عەلی مەحموودی(ئاودێر) وە بوو کە هیچ کات نەی هێلا تەنیا بم بەوپەڕی وروە ڕاشکاوانە تێکۆشا بۆ ئەو کارە پیرۆزە، لە بواری فەننیەوە کاک عادڵ قەسسابی و کاک ئەنوەر ڕەحیمی و کاک ئەحمەد ئەمینزادە بە دڵ لە گەڵما بوون تا ئێستاش هەر یارمەتیم ئەدەن. هەر وەها ئیدارەکانی پەیوەندیداریش وڵامدەر بوون، موجەوزەکەمان لە لایەن ئیدارەی پەروەردەوە (ئامووزش و پەروەرش) پێدراوە، بەڵام بەڕاستی ئیدارەی ئێرشاد و ئاغای خۆشبەخت کە بەرپرسیەتی زۆر یارمەتیان داین بۆ دامەزراندنی ئەم هوونەرستانە چالاکانە تێکۆشان کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

بەڵام کۆمەڵگا!

دەردەکە گرانە بەڕاستی...

بەڵام ئێمە هەوڵ و تێکۆشانی خۆمان بەردەوامە چوون باوەڕم ئەوەیە کە ئەگەر مووسیقا بە شێوەیەکی عیلمی و ئاکادمیک کاری بۆ بکرێت لەسەر ئەندیشە و تەفەکور و شعووری کۆمەڵگا کاریگەری فراوان و باشی دەبێت، ئەگەر ئەم کارە نەکرێت و مووسیقاکەمان بە هەڵە و لاڕێدا بڕوات خەسارەیەک دەبێت بۆ سەر کۆمەڵگا. پێویستە خەڵک ئاگادار بکرێنەوە ئێمەش وەک نەتەوە پێشکەوتووەکان خاوەنی ئەندیشەیەکی ڕاستەقینە بین منداڵەکانمان ئاوێتەی دنیای جوانی مووسیقا بکەین تا لەم سەردەمەدا فەرهەنگسازی زۆر پێویستە هەر لە میدیایا و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بگرە تا دەگاتە مامۆستاکانی ڕاهێنان و پەروەردە تەنانەت بنەماڵەکانیش لەو بەستێنەدا کاریگەریان زۆرە بۆیە پێویستە بە شێوەی ڕیشەیی و بنەڕەتی کاری بۆ بکرێ ئەم میکانیزمە هەم تاک دەگرێتەخۆ هەم کۆمەڵگا.

**پرسیار: بەڕێز فەرجەیان لە پەیمانگا و هونەرستانەکەتان چ ئامێرایەک بە شێوەی وانە دەگوترێتەوە؟ بۆشم باسکە کە لە هونەرستان چ ڕشتەیەک بۆ خوێندن هەیە؟**

وڵام: لە هونەرستان تا ئێستا دوو ڕشتەی مووسیقی و عەکاسی دامەزراوە کە بەهیوایین لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕشتەکانی‌تری هونەری پێ زیاد بکرێت، بەڵام ئێستا هەر لە سەر عەکاسی و بە تایبەت مووسیقی زوومان کردووە، لە ڕشتەی مووسیقی‌دا ئامێری پیانۆ وەکوو دەرسێکی گشتی تەواوی ئەو کەسانەی کە دێنە ڕشتەی مووسیقیەوە ئاموزشیان پێ ئەدرێت لە زانکۆش هەر وایە، پیانۆ وانەیەکە کە پێویستە فێر ببن. چوون ڕشتەی مووسیقی شاخەی سازی ئێرانییە لە سازەکانی ئێرانیا وەک باغلەمە، تار، سێتار، عوود، دەف، تۆمبەک، سەنتوور و... هەر سازێک کە عەلاقەیان پێی هەبێت هەڵی ئەبژێرن و ئاموزشیان پێ ئەدرێت.

**پرسیار: پێت وایە مووسیقی بە شێوەی خوێندن لە ناو بنەماڵەکاندا جێگای خۆی کردۆتەوە؟ ئەگەر وانییە چ ئامۆژگاریەکت هەیە؟**

وڵام: بەداخەوە نەخەیر، ئەوە کە بڵێین کۆمەڵێک ئاگادار بن و بیناسن جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەوەیا کە جێی خۆی کردبێتەوە.

جێی خۆی کردۆتەوە یانی ئەوە کە بە لایەنی کەمیشەوە بڵێین ئەبێ لە سێ چوار ماڵا، ماڵێک ئامێرێکی مووسیقای لێ بێت. کە ئەو شتە نییە، کەواتە جێی خۆی نەکردۆتەوە. زۆریش پێویستە کاری بۆ بکرێت، چوون بە ڕای من لەسەر شعووری کۆمەڵگا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە، بەڵام ئەگەر ئاکادمیک و عیلمی کاری بۆ بکردرێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر خراپ و نادروست بڕواتە پێش بۆ کۆمەڵگا کاریگەریەکی زۆر خراپتری ئەبێت، ئاستی ئاگایی نەتەوەیەک دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە هەموو هەوڵی خۆم ئەدەم بۆ پەروەردە کردنی کومەڵگایەکی زانا و ئاگا. بڕوام وایە ناتوانین چاوەڕوان بین کە خەڵک ئەم شتە هەروا قەبووڵ کات، ئەبێ پێی تەزریق کەی لە خۆبردووی پێویستە، بۆ ناساندنیشی ئەبێت زاناکان و پسپۆڕانی ئەو بوارە کاری بۆ بکەن و ئیدارەکانی پەیوەندی داریش یاریدەدەر بن.

هەر وەها کە عەرزم کردن ئێمە هەوڵمان داوە ئامانجێکی درێژخایەن بخەینە ڕێ، سەرەتا بە یارمەتی پسپۆڕان و ئۆگران ئەنجومەنی مووسیقیمان دامەزراند و بە کۆمەڵگامان ناساند و فێرگەمان دانا و دووای دە ساڵ لە دامەزران و کارکردنی ئاموزشگا، هونەرستانمان بە فکر گەیشت کە ئێستا بەردەوامە بە هەر حاڵ ئێمە هەوڵی خۆمان ئەدەین و ئەبێ بزانین نەتیجەی چۆن ئەبێت کە هیوادارم باش بێت، کۆمەڵگاش دەبێت ئاورێکی بەرپرسانە لەو بزاڤە باتەوە ئەم ئەکسیۆنە کاتی بردووە تا بە ئێرە گەیشتە، پێویستە بنەماڵەکان لە ئاست هونەر و مووسیقای نەتەوەکەیان هەست بە بەرپرسیاریەت بکەن چاوەڕوانین بۆ دروست کردنی داهاتویەکی باشتر بۆ منداڵانی خۆیان هەوڵ بدەن و خوێندەواری و زانستی خۆیان بەرنە سەرەوە کە ئەم هەوڵ وتێکۆشانە قازانجی باشی دەبێت لە ژیانی تاکە کەسی و کۆمەڵگادا بە هیوای داهاتوویەکی گەش و ڕووناک.

**پرسیار: دووا وتەت کاک ئەسعەد؟**

وڵام: سپاس بۆ ڕێکخستنی ئەم وتووێژە و سپاس کە منتان بەسەر کردەوە. هیوادارم گۆڤاری بەیان هەروا بەردەوام بێت و لە لووتکەدا وەمێنێت. ئەم جۆرە کارانە دەبێتە هۆی دڵگەرمی و پەرەپێدان بە چالاکییەکان. من ئەو بەڵێنیە ئەدەم کە تا توانایم هەبێت بۆ گەل و نەتەوەکەم تێکۆشم لەم ڕێگەدا تەنیا خزمەتم بۆ گرینگە، هیچکات بیرم لە مادیات نەکردۆتەوە هەروەک ئەندامان و بەڕێوەبەرانی گۆڤاری پرسەمەری بەیان کە شێلگیرانە تێکۆشاون هیوادارم هەر سلامەت و بەردەوام بن.

محەممەد نەسروڵڵازادە ـ ڕەبەت

# مجێوری گۆڵێ

ئەوەی ڕاست بێ بۆخۆشم نازانم لە کەنگێوە بەڵام ئەوەندەی وەبیرم بێت زۆر منداڵ بووم کە باسی مجێوری گۆڵێم بە گوێدا چپاوە و لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە و بنەماڵەدا گوێم لەو دەستەواژە بووە. ئێستاشی لەگەڵ بێ وەک شتێکی سەیر و سەمەرە یان بڵێین قسێکی نەستەق و تەنانەت تانە لێدانێک لەسەر زار و زمانانە و وەک بیستوومە و دیویشمە ئەم قسەیە سنووری بەزاندووە و نەک هەر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڵکوو پەلی بۆ کوردستانی باشووریش هاویشتووە و لەوێش وەک ئێرە بۆتە بنێشتەخۆشکەی سەر زاران. پیاو بە ڕاستیگوتن ماڵی وێران نابێ، پێموایە بۆخۆشم هەتا تەمەنی حەڤدە و هەژدە ساڵی وەک خەڵکی گوندەکەم و زێدی لەدایکبوونم (گوندی گۆڵێ) ئەو ڕستەیەم دەگوت، بێ ئەوەی بزانم چییە و چی لە پشتە و لە کوێڕا هاتووە و چۆنە ئاوا کەوتۆتە سەر زاران و خۆی گەیاندۆتە پشت کێوی قاف؟!

دوو سێ شەو لەمەوبەر مۆبایلەکەم زەنگی خوارد هەڵم گرت ژمارەکەی نەناسراو بوو

ـ ئەڵۆ

ـ بەڵێ فەرموو

ـ سڵاو کاکە

ـ سڵاو برام

ـ کاک محەممەد؟

ـ کام محەممەد؟

ـ محەممەد نەسرولڵازادە

ـ بەڵێ بۆخۆمم، فەرموو

ـ ببورە کاکە موزاحیم بووم...

لە پاش چاک و چۆنییەکی گەرموگوڕ و برێک باسوخواس، گوتی کاکە من کەریمی ڕەحمانیم، خەڵکی بۆکانم و دانیشتووی بانەم و مامۆستای قوتابخانەم و ژمارەکەتم لە مامۆستا ـ ک. د. ئازاد ـ وەرگرتووە و سڵاویشی دەگەیاندی. پرسیارێکم هەیە ئەگەر بە ئەرک نەبێ و زانیاریت لەسەر هەبێ تکایە وەڵاممان دەوە.

ـ سپاس بۆ مامۆستا ک. د. ئازاد و دەستی بەڕێزیشت خۆش بێت و تکایە فەرموو ئەگەر زانیاریم هەبێ بەسەرچاو.

ـ کاکە بەسەرهاتی مجێوری گۆڵێ چییە و لە کوێڕا هاتووە؟ بەڵام بەرلەوەی وەڵامم دەیەوە ئاگادارت دەکەمەوە ئێمە گۆڤارێکمان هەیە بە ناوی ـ بەیان ـ تکایە ئەگەر بە کورتیش بێت وەڵامەکەم بە نووسراوە بدەیەوە چونکە بە نیازین لە گۆڤارەکەماندا بڵاوی کەینەوە.

ـ بەسەرچاو برام. چەن ڕۆژێکم مۆڵەت بدە خوا پشتیوان بێت بە نووسراوە وەڵامت دەدەمەوە.

ـ زۆر سپاس چاوەڕوانم خواحافیز

ـ خواحافیز

گوندی گۆڵێ هەڵکەوتوو لە ناوچەی گەورکی سەردەشت کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری ڕەبەت. لە ڕەبەتەوە سێزدە



کیلۆمیتر دوورە و لە بناری کێوی تەرخان خۆی مەڵاس داوە و کەشوهەوایەکی کوێستانی هەیە. بە پێی دێرۆک، مێژووی دروست بوونی بۆ دووسەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. لە لای ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ گوندەکانی بانە و بۆکان هاوسنوورە. پشتی بە قەڵاتەوەیە و لێڕەوارێکی زۆری هەیە و لە دێرزەمانەوە دێیەکی قەرەباڵغ بووە. هەرچەند نزیک بە دووسەد ماڵی لێ ڕۆیوە ئێستاش زیاتر لە پەنجا شێست ماڵە و ژیان لەوێ بەردەوامە. ئەم گوندە خاوەنی مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی کە هەڵدەگرێ چەندەها لاپەڕەی لەسەر بنووسرێت بەڵام ئێمە لێرەدا باسی مجێورەکەی دەکەین.

وەک بۆخۆم لە زاری ڕیشسپییان و بەساڵاچووان و تەنانەت کوڕی مجێوری مەشهوور ـ حەوڵامەلا ـ م بیستووە ئەو مەسەلە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری سەد و چەند ساڵ لەمەوبەر. لەم گوندە مامۆستایەکی لێ بووە بە ناوی ـ مەلا محەممەد ـ کە ئێستاش نەوە و نەتیجەی لەو دێیە هەر ماون. وەک دەگێڕنەوە مەلا محەممەد مەلایەکی دوازدە عیلم نەبووە واتە دەرسی مەلایەتی تەواو نەکردووە. بە قەولی قەدیمیان کوڵکەمەلا بووە و بەشی پێشنوێژی و یاسین و تەلقینێکی زانیوە و خەڵکیش لەبەر ئەوەی مەلا محەممەد خەڵکی وێ بووە و بە هەرزان مەلایەتی بۆ کردوون، چەند ساڵێک مەلایەتی پێ دەکەن بەڵام بەراتێکی وای نادەنێ کە پێی بژی و ژیانی ماڵومنداڵی پێ دابین بێت. ئەویش لەبەر هەژاری و نەداری خۆی لە پەنای مەلایەتیدا مجێوری مزگەوت و شوانیی گاڕانیشی وەخۆ گرتووە. ئەو زەمان تەنانەت هەتا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر مامۆستای ئایینی ئێواران بۆ ماوەی بیست خولەک بە تایبەت لە مزگەوتی گوندەکان حەدیسی دەخوێندەوە. مەلا محەممەد چونکە مجێوریش بووە دەبوو وێڕای خاوێن ڕاگرتنی مزگەوت ئەگەر کەسێک تووتی بایە، ئاویشی بۆ بردایە. ئێواران پێش ئەوەی دەست بکا بە حەدیس خوێندنەوە، بە خەڵکەکەی دەگوت کێ تینوویەتی با ئاوی بۆ بێنم دەنا دەچمە سەرەوە، واتە دەچمە میحراب و حەدیس دەخوێنمەوە!

ئیتر لەو وەختەوە مجێوری گۆڵێ کەوتۆتە سەر زاران و بەتایبەت ئەگەر خاوەن ماڵێک وەپشت میوانێک بکەوێ یان چوونکە لەسەرووی گەورەتر لە خۆی دانیشێ پێی دەڵێن بۆتە مجێوری گۆڵێ و لای سەرەوەی لێ گرتووین.

بە کوردی و بە کورتی ئەوە بوو بەسەرهاتی مجێوری گۆڵێ. ماوەتەوە بڵێم وێڕای خۆشحاڵی لە ناسینی زۆر بەڕێز کاک کەریمی ڕەحمانی، ئاواتی گەشە و پەرەستاندن بۆ گۆڤاری بەیان دەخوازم و هیوام وایە خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤارەکە لە هەڵە و کەموکووڕیم ببوورن.



نامدار جابری - دهلران

# فۆلکلۆر؛ ساڵفێ
# (چیرۆك) ئەفسانێ پەرگوڵ وو کەپنەکسێ

(کوردی کورمانجی پەهڵەیی)

دڤەشن ڕۆژگارۆ دوتە بالاًبەرز وو چاوڕەشێ دەی گەلاونەلە خوار ئاودانانە دژی. دوت فرە ڕیینێ بی. ئەیچە بی هێگاتەکێ هەرشەوکی ڤ گەرد ئەفتاو شەڕ دکرد. بلنگ وو باریک چی تەرکێ ئەنار. هێ سەرڤەنێ دنیا دە ئەلرن لاوینێ خوە.

بایس شپ شەپە کولەکێ بهارێ بژنەفتانا تا بزۆنستانا شەوەکینێ بهار یەنی چە؟! هێکێ شپێ کولەکێ دپێچیا دەو کۆرنگە ک دژیا، تازە دنیا چەو ڤاز دکرد کە ڕۆژە.

بەلێ، یێ دنیا بی، یێ ئاودانان، یێ کۆرنگە وو یەکلە دوتێ ک هنای دکردن پەرگول. پەرگۆل دوت نە، پەری یێ بی ک دێ ئژێ ئەودیر نەت ک نەت.

دەی کۆرنگە شۆنێ هەم دژیا. شۆن فرە کوڕ ڤ کارێ بی. کوڕ باریکێ بلنگی بی. ئی شۆنە هەمیشە کەپنەکێ سێ یێ دخستێ سەر شونەلێ وو هەر شەوەکی ئەژ دەرکەل(دەرماڵ) پەرگول کل دیا، دچی دەی دەروبۆنە وو کولەلە، دنیالە خوە دچەرەن وو دلەڤەرەن تا ئێڤارە. ئێڤارە ک دڤی دووارە دنیالە ئەژ دەرماڵ پەرگول کل دیا وو گل دیا ڤەر ماڵ.

نە مەردمە کۆرنگە هەمەو بژناسێ یەک بین، هەمەو ئەژ ساڵفێ(چیرۆکێ) ئەشقە کەپنەکسێ وو پەرگول دزانستن. هەردکۆ دە ناو کوڕەل وو دوتەلە کۆرنگە دیاری بین.

تاکە ڕاوێ پشت سەرەو دیەت وو دچی. گاگای ڕاو دکەفت ئێڤارە، کەپنەکسێ هێکێ کل دایە گۆمەلێ بەلی دایە ڤ پەرگول. گاگای ڕاو دکەفت یێ ڕۆژ کەپنەکسێ پڕ توورە کوچکێ کۆلنگ دایە ڤێ. هەرگل ڕاوێ دکەفت.

باوە پەرگول شەوەکی نان گەرمێ ساجی دایە ڤ کەپنەکسێ. ئەیچە بی ک ڕۆژ بێ ڕاو نەڤی. هەر ڕۆژێ هەم ڕاو خوە داشت. کەپنەکسێ بێ دیین لەیل، شەوەکینەل شۆنی کرا نەڤی، ئەو ڕۆژە ئاو هەم ئەژ گەلی یێ ئەوخوار ن چی.

ڕۆژ چی ڕۆژ یەت، تا یێ ڕۆژ ئەژ ڕۆژەل برێ سووار ئەژ بان یەتن. ئەژ دیر کەوسووارێ دیار بی برێ سووار هەن ئەل شونێ وو تووس دکەرن، دیان لاوینە کۆرنگە.

تا مەردم خشی خواردن کە فەم بکەرن ئانە کێن ها دیان، کەوسوار وو سوواورەلە گەردێ، نان ئەل دەر ماڵ باوکێ پەرگول. مەردم تا چەوڤۆ کەفت ئەل کەوسوار دێ زانستن کێیە!

ئەو دەمە، دە ئی ڤلاتە ئاودانانە تەنیا یێ کەوسوار فرەتر نەڤی ک ئەڤەیش جوجوخان بی.

جوجوخان بی ڤ ناو. جوجوخان کیخای گەپ یەکێ ئەژ هوزەلە ئاودانان بی. کیخای زورمل وو باجگرێ بی. مەردم دێ دزانستن جوجوخان یەت وو چینێ ڤ هەر ڤلات تەنیا ڤەر باج گرتنە. جوجوخان ڤ هەر ڤلات ک پا دنا یا کیخای دوت دکرد یا مهۆن وو ئەسبێ دخوەست یا پیل، دنیا وو خەلە.

ئەو دەم وو ڕۆژگارە ئەیچە بی هەرکەس زور بداشتا کیخا بی، کەسێ هەم نەبایس نە ڤێ بڤتا. هەرچی بخوەستا بێ بروبەرگەرد زی زی دنان ئەل ڤەرێ.

هیچ کەس جریەت ن کرد ک ئەژ ژێرێ بارە خوەستێ جوجوخان دەرچوو. هەمە دزانستن ئەگەر گوش نەگرن ڤ گەرد تفەنگچیەلێ لاوینن.

کەوسووار ئەژ کولە ئەسب پاپیا نەڤیە یەکێ ئەژ سووارەلێ زی ئەژ کولە ئەسب گنج کەن ئەوخوار، دمێ ئەوساری ئەسب ئەژ دەستێ خان گرت.

باوک پەرگول زی دەو کرد ئەو نووای وو سلام کرد ئەل خان وو دمای کێفخوەشی ئەسب خان ڤەسێ، تووری کەووجەو خست دە سەر ئەسبێ، پڕێ ئاهرەلیش کەووجەو کرد ڤەر ئەو چارڤالە.

جوجوخان هەم ڤ ڕێ وو ڕەسمێ کیخای چی دە دیڤەخان نیشت، مرک دا ئەل سەرێ چەند بالشت وو هشارە دا ڤ سووارەل خوە گرد ڤ ڕزگ بنیشن.

پەرگول ڤ گەرد دوتەلێترک مەشکە ڤ کول لاوینێ کەنی پشت کۆرنگە چیە، ئەژ یەتن جوجوخان وو سووارەلێ هیچ خەڤەر نەیرێ. دالکە پەرگولیش زی ئاو دنێ ئەل سەرێ تەش، چای تازە بخسێ دە دەم. تا چای دەم دیارێ جوجوخان و باوک پەرگول هەم بنیا دەمتەڤە دنن. ئەژ چە ساڵفە ک نیارن. دالک پەرگول ئەوری نیشتەکردە، گوش ددا، بزانی خان ڤەرچە یەتیە ماڵ یەونی!

هێکێ چای دڕژنێ، دە لای خوە دڤەشێ: یا خوەدا خوەت، ئمڕۆ شەڕێ جوجوخان بخست ئەولا. هەر گلێ ک پالدمە دووارە ددا ئەولا، خوەدا خوەدا دکرد ک تا خان نیشتیە، پەرگول نای.

دمایێ دەمتەڤێ فرە، خان ڤەر دکەرێ ئەل باوکە پەرگول، دڤەشێ: هەز ن کەری بزانی ئمڕۆ من ڤەرچە یەتمە ماڵە تو؟

باوکە پەرگول دیای ڤ جواو: خان ماڵ، ماڵە خوەتە. ئەمر، ئەمرێ تۆنە.

جوجوخان هەم دڤەشێ: ئمڕۆ یەتمە کیخایێ دوتەت، تا دوتەت نەڤەرم جایێ ن چم.

باوک ک دڤینێ هیچ ڕێ وو دەسلاتێ نەیرێ، دوت پێشکەش خان دکەرێ. خانیش دەستوور ددێ ساز و دوهل دیارن، دو ڕۆژ

وو دو شەو ساز ددن، شایی دکەرن.

داڵک تا ئژنەوێ ئەسر ددێ ئەڵ ناو چەوێ. داڵک دنیشێ ڤ ئەسر ڕژەنن، دە دڵ خوە دڤەشێ ئەمکە ڤ پەرگوڵ چە بڤەشم، جواو کەپنەکسێ چە بم.

پەرگوڵ وو دوتەل مەشکە ڤ کوڵ ها دیان. نزیک دوون، دەنگ سازوودوهڵ ئژنەون. دچن دە فکر ئەمکە چ سات سازوودوهڵە؟

نزیکتر ک دیان فیر کەرن سازوودوهڵ هە دەر ماڵ پەرگوڵ. پەرگوڵ فکر دکەرێ بەڵکی داڵک وو باوکێ قەبووڵ کردنە ڤگەرد کەپنەکسێ داوەت بکەرێ، ئەمکەیش سازوودوهڵ کوتن.

پەرگوڵ تا دیای نزیک وو چارڤال دڤینێ دێ زانی ئاخر شەڕ و نهاتیە. زانی بەخت ڕەشە ڕۆژگار بیە.

داڵکێ تا ئەژ ژێرێ پاڵدمە دووار پەرگوڵ دڤینێ زی دەو دکەرێ، دچوو نووا پەرگوڵ. سەرە دوت دنێ باڵوش، ڤگەردێ ئەسر دڕژنێ.

ئێڤارە دوو، کەپنەکسێ ئەژ دنیا بێ خەڤەر تا دیای چارڤالە جوجوخان دڤینێ دێ زانی چ چارەڕەش بیە. دنیال ول دکەرێ، بزن ددێ دە کەپو.

ڕۆژە سێهم باوک پەرگوڵ ڤ کەپنەکسێ دڤەشێ: کەپنەکسێ پەرگوڵ سوواریێ ئی ئەسبە بکە، تا دەر ماڵ جوجوخان بڕەسنێ.

کەپنەکسێ هەم، بەڤی، ک تەنیا لەیل وو یارێ بی، سووار ئەسب دکەرێ وو جمنن لاوین ماڵە خان. ئەما خان سووارەل ئەو نووا هنارد تا خەڤەر بن ئامادێ جەشن بوون.

ناو ڕێ کەپنەکسێ دڤەشێ ڤ خان: کیخا جوجوخان ئەو نوواتر ژێرێ ئەو کەمەرە کەنی ئاو خوەشێ هە بچێمن دە بانە کەمەرە ئاسۆگێ خویێ دێرێ گڕێ ڤچۆنێ بێمن بەڵکی کەڵێ دە سەر ئاو کەنیە کوشتی ڤەر شۆمە ئمشەوت. حێفە خان دەست پەتی بچوو ڤەر ماڵ.

جوجوخان دڤەشێ: ئی قسە ئەڵ دڵم نیشت. بچێمن ڤەر ئاسۆگە. کەپنەکسێ کەفێ ئەو نووا ئەژ خوەشی هەم پای ئەو زمی نیای. هێدی هێدی دچن تا ڕەسن ڤ ئاسۆگە.

ئەسبەل ڤەسن ئەڵ دارێ. خوەیۆ دنیشن ژێر دارە نەرمەڤەنێ. کەپنەکسێ قەپێ چەقچیلە کو دکەرێ تا تەش ئەوکرێ. کتلی ڕەشێ ئەژ توورە دراریێ، پڕێ ئاو دکەرێ، دنێ ئەڵ تەش.

دمایێ چای خواردن کەپنەکسێ دڤەشێ ڤ خان: ئەی خان من و تۆ بچێمن ئەو دیارە کەمەرە بینێمن کەڵ نەتیە سەر کەنیە. خانیش تفەنگ ئەڵگرێ، دچوو ئەودیارە کەمەر. خان بێ یە ک بزانی چە هە ڕێڤارێ، دپرسێ، کەنیە هە کووڕا؟ کەپنەکسێ دڤەشێ بچوو ئەو نوواتر ژێرێ ئەو تلە گەپە دکەفێ. خان تا دچوو ئەودیارە کەمەر، کەپنەکسێ درەنگ ن کەرێ، دست دنێ ئەڵ پشت خان، ڤ سەر هووای ددێ ئەوخوار. خان دە پاییێ کەمەر، ڤ توپە ددێ ئەڵ زمی.

خان دمرێ. پەرگوڵ وو کەپنەکسێ ڤەر یێ ک کەسێ شک ڤێ یۆ نەکەرێ سووار ئەسبەل دوون، دچن لاوینە ماڵ کیخا جوجو دە کورنگێ بەردڤاڵ. نزیک ماڵ کیخا جوجو کەپنەکسێ ڤ پەرگوڵ دڤەشێ: ڤ هیچ کەس هیچ نەڤەش تا دووارە دیام لاوینت، ڤگەرد یەک هڤایمن، دە ڤلاتێترک دژیمن.

جوجو خان دو ژنێترک هەم دە ماڵ دێرێ. هێکێ پەرگوڵ وو کەپنەکسێ دڕەسن ماڵ، ژنەلێ جوجوخان دپرسن: ئەنی کیخا جوجوخان هەکووڕا؟

پەرگوڵ جواو ددێ: دە ناو ڕێ ڕەنێ کەڵ دی، کەفت شونۆ بەڵکی ئژەو بکوشێ.

ژنەلە کیخا جوجو ڤ کڵ وو چەپڵەڕێژۆ بەڤی دەرن ناو ماڵ، ئەڵ سەرێ جلەجای نوو دە ماڵگەی نوو دنیشننێ وو خزمەت ڤێ دکەرن.

دمایێ چەن ڕۆ ک هیچ خەڤەرێ ئەژ کیخا جوجو نیای، چەن کەس سووار دچن لاوینە ماڵە باوکە پەرگوڵ. ئەژ باوکە پەرگوڵ دپرسن ئەژ کیخا جوجو خەڤەر نەیرێ؟

باوک جواو ددێ ئەژ ئەوڕۆژە ک بەڤی برد ڤەر ماڵ هیچ خەڤەر نەیرم.

کەپنەکسێ هێکێ فەم دکەرێ ک سووارەل یەتنە ڤاهو جوجوخان زی توورە دنێ ئەڵ سەرێ شون، دچوو ڤەر کۆڕنگێ شڵەت، دە ئشکەفتێ خوە هەوشار دکەرێ.

داڵکە پەرگوڵ نە ئەژ دوسی وو ئەشقە پەرگوڵ وو کەپنەکسێ دزانست، ڤ پەرگوڵ وو کەپنەکسێ دوشک دوو. دە دڵ دڤەشێ هکمەن ئی دوونە کارسهاتێ ڤ ڕاسێ ئاوردنە.

دچن ئەژ پەرگوڵ نۆن و شونە جوجوخان دپرسن. ئەڤەڵ هاشا دکەرێ، دڤەشێ هیچ ن زانم. یەک دو ڕۆ دچوو ڕاو دکەفێ کەپنەکسێ هەم شون گۆم بیە. دێ هەست دکرن هە ژێر سەر ئی دو کەسە. ئاخرێ پەرگوڵ ڤادار دکەرن هەمە چی بڤەشێ.

پەرگوڵ هەم هەمە چی دگرێ دە مل، ئەژ بن تا سەر یەنی ئەژ ئەشق وو ئاشقی یێ ڤگەرد کەپنەکسێ تا ئەژ کەمەر خستنە جوجوخان.

دمایێ ئەودەر کەفتنە، کوشتنە جوجوخان برێ سووار دچن لەشە کیخا دنن ئەڵ سەرێ قاترێ، دیارنێ ڤەر ماڵ.

لەشە جوجوخان دە جاییێ دیر ئەژ ڤەورستان ئسپارن.

دمایێ ئسپاردنێ جوجوخان، برانگەلە پەرگوڵ دچن ڤەر شڵەت، کەپنەکسێ دە بنە ئشکەفتێ پەیدا دکەرن، ڤگەرد خوەیۆ دیارن.

برانگەلە پەرگوڵ، کەپنەکسێ یێ ڤ خاترە خیانەتێ ک کردیە یێ ڕاست دەرن، ددنێ دەستێ بنەماڵ و خزمە جوجوخان. ئەونی هەم کەپنەکسێ یێ دەرن دە نزیک ڤەورێ جوجوخان زنەزنە چاڵێ دکەرن.

چەن ڕۆ هەنی ئەژ زنە چاڵ کردنە کەپنەکسێ، هوز جوجوخان دچنە دەر ماڵە باوکە پەرگوڵ دگرن وو دڤەشن: ئێمە پەرگوڵ هەم دخوازێمن تا ئەڵ ڤەرێ کەپنەکسێ زنە چاڵێ بکەرێمن.

برانگەل جواو ددن: ئێمە پەرگوڵ ڤ ئێڤە نەیمن. یێ پیا ئەجاڵ یێ پیا کوشیایە تمام. هوزە جوجوخان پا دکەرن دە یێ کڵاش دڤەشن یا پەرگوڵ یا شەڕ.

برانگەل جواو ددن: شەڕ.

دو ڕۆژ هەنی هەر دو هوز شەڕە سەختێ دکەرن. فرەتر ئەژ دە پیا دکوشێ. هەمەو هەم دە یێ ڤەورستان ئسپارن. سەر هەر ڤەورێ ڤ بەرد، بەردچکێ دنن ک ئەژ ئەوڕۆژە ڤ ئەوجا دڤەشن چکە لەنەت بی.

ئەژ ئەو ڕۆژە تا ئەمکە، ئی ئەشق ئەوجا نەڕەسیە بیە مەسڵەتێ. هەرکەس ک تەشێ ئەشق بکەفێ دە گیانێ، ڤێ دڤەشن: دخوازێ چی پەرگوڵ ڤلار ئەژ ڤلات بنی؟



**براوەی یەکەمی کێبەرکێی گۆڤاری بەیان لە بەشی پەخشان**

کاوە داوەری کورد ـ مەریوان

# شمشاڵ و مێژوو

گەورەترین شانازی هەر میللەتێک، تایبەتمەندی و جیاوازی فەرهەنگ و هونەر و داب‌ونەریتی ناوخۆییە و لە سەر ئەو مەزنیە، ئامانجی پێشاندان بە هەموو میللەتانی جیهان‌دا لە ئارا دەگرن. زمان وەکوو پێناسەیەکی تایبەت و سەرەکی، دەتوانێ جیاوازیەکی زۆر بەرزتر دروست بکات. زمان واتە دەنگ و وشە و شێعر و نووسین و تەنانەت زمانی هونەری یان زمانی مۆسیقایی کە بە هەرا دێتە دەنگ. لە هەموو وڵاتانی دونیادا، هونەر وەکوو گەورەترین ئاسەواری کۆمەڵگا و ژیان و مانەوە چاوی لێ دەکرێ.

ئێمەی کوردیش وەکوو شانازیەکی زۆر مەزن، دەتوانین بە تایبەتمەندیە زۆر جیاوازەکانمانەوە خۆمان بە دونیا بناسێنین و بە گەشاوەیی و لێهاتووی باس و قسەمان بۆ وتن بێت.

ئێمەی کورد، خاوەنی هەزاران ساڵ مێژووی جیاواز، جوگرافیای تایبەت، جلوبەرگی ڕەسەن و زمان و فەرهەنگ و هونەر و مۆسیقا و داب‌ونەریت و ئەدەبی زۆر سەرەکی، پێویستە ڕاگری هەموو ئەو شتانە بین کە هەمانە و وەکوو کوردێک لە جیهان‌دا دەمان نەخشێنێ.

یەکێک لەو جیاوازیانەمان، مۆسیقامانە. بە گوێرەی هەموو بەڵگە و ئاسەوار و ناسنامەیەک، زیاتر لە ٧ هەزار ساڵە مۆسیقا لە ناو ئێمەدا بووە و هەیە و دەمێنێ و پەرەی پێدەدرێ.جیاوازی مۆسیقایی کوردی لەوەدایە کە چ لە بواری ئامێر و چ گۆرانی و دەنگ، ناتوانین لە هیچ میللەت و شوێنێکی دونیادا نموونەیان پەیدا بکەین.

یەکێک لەو ئامێرانە کە بە درێژایی مێژوو لەگەڵ میللەتمان‌دا ژیانی کردووە و وێژەی خولقاندوە، شمشاڵە. بەو بەڵگە مێژووییانە کە لە بەر دەستمانە، زیاتر لە ٥٥٠٠ ساڵ لەمەو پێش لە ناوچەی مێزۆپۆتامیا یان کوردستانی گەورە، هاوکات لەگەڵ یەکجێ‌نشینی و مانەوەی گشتی خەڵک، یەکەمین نۆتەکانی مۆسیقا لە داوێنی شاخەکان و دارستانەکان و هەستەکان، لەسەر ئامێری شمشاڵ، خۆی نەخشاند و بوو بە هۆی خولقاندنی دەنگ و سۆز و شادی و سەما و ژیانەوە.

یەکەم جار شمشاڵ لە داری شیلان ساز کرا.

داری شیلان کە لە شاخەکانی زاگرۆس بە زۆری پەیدا دەبێ، قامەتێکی باریک و لاواز و لوولەیی هەیە و لە دەرەوە پێستێکی سەخت و لە ناوەوە وەکوو فیبرێکی نەرم و ناسک بەرچاومان دەکەوێت. شیلان ناوێکی ئافرەتانەی کوردیە. یەکەم بەڵگەکانیش پێشاندەری ئەوەیە کە شمشاڵ ئامێرێکی ئافرەتانەیە نەک پیاوانە. ئەمەش خۆی نیشاندەری ڕێز و حورمەتی میللەتی کوردە بە ئافرەت و بەو بەڵگە مێژووییانەی دیکەش کە هەیە لە مێژووی کورددا، ٢١٣ پادشای گەورەی ئافرەتمان بووە کە هەر کام بنکە و قەڵای حکومەتی تایبەتی خۆیان بووە.

لەو سەردەمەدا، کورد بە ئاستێک لە بیر و بۆچوون گەیشتبوو کە بەم شێوازە لوولەیەکی لە داری شیلان بەدەست ئەهێنا؛ دارەکەیان بە قەدی دیاری کراو دەبڕی، ماوەیەک لە بەرانبەری خۆرەوە دایان دەنا، دواتر هەر ئەو دارەیان لە نێو شیری مەڕومالات دەهاویشت تاکوو نێوی دارەکە کە وەکوو فیبر بوو ئاوێتەی ئەو شیرە ببێت.

کاتێ بە باشی شیری دەمژیە خۆی، دارەکەیان دەخستە بەر هێلانەی مێروولە. چونکو نێوی دارەکە شیری لەگەڵدا بوو، مێروولەش سەری دەکردە دەرهێنان و خواردنی نێوی دارەکە. ئەو شتەی کە دوای ماوەیەک دەمایەوە لوولەیەکی دارینە بوو. کاتێ لوولە دارینەکە ئامادە دەبوو بە زانینی خۆیان کونیان لێ دەر دەهێنا و پاشان مۆسیقایان پێ دەژەند.

یەکەم جار شمشاڵ سێ نۆتی بوە کە دواتر لە سەر ژمارەی پیرۆزی ئایینی میترائیزم یان زەردەشتیەکان، کە دەبوو بە ژمارەی حەوت؛ حەوت کونیان لەسەر شمشاڵ دروست کرد.

ژمارەی حەوت زۆر بابەت و مانای لەسەرە؛ وەکوو حەوتەوانای ئاسمان، حەوت قاتی ئەرز، حەوت دەروازە، حەوت خانی ڕۆستەم، حەوت تاق و مەعبەد و... کە هەموویان زۆرێک باس و چیرۆک و بەڵگەیان لەسەرە. ئەم ئامێرەش هەر لە سەرەتاوە بە مەعنا و هەستەوە هاتە ئارا و دەستی بە خۆنەخشاندن کرد. شمشاڵ بوو بە ئامێری شین و شایی، وا جێگر بوو کە لەگەڵ هەموو هەست و سوز و ڕووداوێکی میللەت‌دا دەهاتە پێش و مێژووی وڵاتی لە خۆی‌دا تۆمار دەکرد.

ئاهەنگی چەمەری لێ ساز بوو. کە بۆ شین و شین‌گێڕی و ناشتنی تەرمەکان دەژەنرا. ئاهەنگی هەڵاڵە زەردە ساز بوو بۆ گۆڕینی وەرز و ڕووداوەکان. ئاهەنگی سەحەری بۆ شایی و هێمنی و ئاهەنگی حەسبە بۆ دەرمانی نەخۆشیە دەروونیەکان و هەزاران ئاهەنگی مەزن و لێهاتوو و پڕ هەستی دیکە.دواتر شمشاڵ بوو بە دایکی ئامێرە هەناسەییەکان و منداڵانێک وەکوو نەی، سۆڕنا، دووزەلە، کلارینێت، ساکسیفۆن و زۆرێکی دیکە هاتنە دنیا.

بۆ مێژووی ئامێرە هەناسەییەکان دەتوانین چاوێک بە کتێبەکانی زەبور، تەورات و ئێنجیل بخشکێنین کە باس لەوە دەکەن مرۆڤ بە مۆسیقاوە پێی ناوەتە سەر ئەرز و هەر پێش مرۆڤیش مۆسیقا بووە. لەوانە زیاتر کتێبی سینووهە، پزیشکی تایبەتی فیرعەون، کتێبی ئینسان و حەیوان، بەردەنووشتە و بەردەکێشراوە و نموونەی ئامێری شمشاڵ لە مووزەی میسر و لووری فەرانسەدا دیارن کە وەکوو ئامێرێک لە ناوچەی مێزۆپۆتامیا ناو دەبرێن.

شمشاڵ ئامێرێکە کە هەزاران ساڵی مێژووی بە خۆوە بینیوە و جیاوازی ئەوندە زۆرە کە هەموو کەسێ دەکێشێتە باوەشی خۆی و هێمنیەکی زۆر مەزنی پێ دەبەخشێ.

سۆز و هەستی شمشاڵ جیا لە هەموو ئامێرەکانی دیکە، بلاوێنی ژیانەوە و بەهار و مانەوەیە.

تەنانەت دەنگی ئەو ئامێرە هەموو گیان لەبەرەکانی سروشتیش دێنێتە سەما و سۆز و سەرنج و پەروەردەکاری گوڵ و باخیش دەبێ.

شمشاڵ، سۆزی چیاکانی کوردستانە.

لەهەر ناوچەیەکی کوردەواری‌دا، بە گوێرەی زمان و سۆز و شوێنی ژیان و ڕوودا و هەستەکانیان، ئاهەنگی تایبەت بە شمشاڵ ساز کراوە و ژەنراوە.

لە ناوچەکانی ئیلام و لوڕستان بە دایە دایە و لە باوەشی هۆرە و چەپلە و سەحەری هەورامان و بەیت و لاوکی موکریان و بادینان، ئاهەنگی تایبەتی شمشاڵ بیستراوە.

شمشاڵ، زۆر ژەنیاری بەناوبانگی پەروەردە کردوە و لە داوێنی میللەتی ناوە.

نەمر مامۆستا قالەمەڕە، وەکوو ئەستێرەیەکی گەشی شمشاڵی جیهانە. خۆی هەمیشەیی کرد و ڕۆڵەکانی دیکەی نیشتمانمان، لە ڕێگای هونەر، شمشاڵیان بە دڵ لێداوە.

لەسەر گەورەیی شمشاڵ سەدان لاپەڕە دێتە نووسین.

ئێمە خاوەنی مەزنترین و بێ هاوتاترین هونەر و ئامێر و داشتەکانی جیهانین؛ بۆیە بە ئەرکی گەورەی دڵ و شان و وجودمان بزانین کە بیانپارێزین و بۆ فێربوون و پەرەپێدان و تێهەڵچوونی‌دا، بە هەموو وجودمانەوە تێبکۆشین.

**براوەی یەکەمی کێبەرکێی گۆڤاری بەیان لە بەشی چیرۆک**



**هاجەر هووشیار ـ بۆکان**

# سەفەری دڵۆپەکانی باران

هەموو شت تەماوییە. تەنانەت باوەڕ بە بوونی خۆم ناکەم. نازانم ئەگەر هەم، چۆنم؟ بۆخۆم بە تەنیا کەسێکم، یان نا بە ئاوێتەبوون لەگەڵ ئەوانی دیکەیە کە هەم.

لە کوێین؟ تەنیا دەزانین لە وڵاتێکی بەرفراوانی یەکرەنگی سپیدا وێڵین. پەنا بە پەنای یەکین، بەبێ درزێکی بچووک؛ وەک ڕاخەرێکی گەورەی هاوریشم. ئەوەندە سووکین کە نازانین چۆن خۆمان ڕاگرین هەتا لە ڕۆیشتندا هێندە لێک نەئاڵێین کە دواتر خۆشمان بۆ نەدۆزرێتەوە.

هیچ سنوورێکی دیاریکراو لێرە نابینم. لەنێو هیچ مێشکێکدا ناگونجێم. دەستی کەس پێم ڕاناگا. تا کاتێکیش شاراوەم، بوونم مانای نییە. دەکەومە وڵاتی وەهم و گومانەوە.

جاروبارە هەندێکمان بۆ سەرەتاتکێ دەستی ئەوانیتر بەردەدەن و لێمان دوور دەکەونەوە. ئەو کۆمەڵانەی وا دەڕۆن هەرجارە و بە شکڵێک خۆ وەدەر دەخەن. تاقمێکی بچکۆلانەی وردکۆل هێدی هێدی لێمان دوورتر دەکەوێتەوە و تێچووی ئەم دوورییە لەناوچوونی خۆیانە. بوونمان لە یەکگرتوویمانە.

خۆمان بە شێوەیەک هۆکاری ئەم وەهمەین. بەرچاوی یەکمان گرتووە. جاروبارە تینێک، تیشکێک هەستی بینینی دونیات دەداتێ. بەڵام کاتییە و زوو تێدەپەڕێ.

هەرچەند لەناوچوونیان دەبینین، ئێستاش ناتوانین هەستی خۆشی فڕین، لە دڵماندا زیندەبەچاڵ بکەین. جاروبارە بایەکی سەرشێت دێت و مەراقی ئازادبوون دەخاتە نێو مێشکمانەوە. جاروبار تێکەڵ بە جەماوەرێکی نامۆ دەبین کە ڕێنیشاندەریان ڕەشەبایە.

ئێرە مەڵبەندی بێ کات و ساتە. زەمان دیاردە و پێناسەیەکی دیاری نەکراوە. تۆ بە دوای چاوەڕوانییەکی بێ‌بن‌دا وێڵی. تامەزرۆی هەبوونی.

ئەم کۆمەڵبوونە ورەمان دەخاتە دڵ و ترس و دڵەڕاوکێمان لێ دیاری ناکا. هیوا زیندوو ڕادەگرین و لە کاتی لەناوچوونیشدا کەمتر ئازار دەبینین. دەڵێی ئیلهامێکە لە زەینمان کە سەرتر لەم دەشتە شینە بێ‌بنەدا دەستێکی نامو خەریکە بڕیاری کۆمەڵکوژیمان واژۆ دەکا و پێکەوە بوونمان هێمای خۆڕاگری و ئازایەتییە.

دەستێکی نادیار لەم گەردوونە دەبێتە هۆی نزیک بوونت لەگەڵ ئەوانیتر. تا دێ بەرچاوت ڕەشتر و لێڵتر دەبێ. سات بە سات، سەرما لەشت سڕتر دەکا. تەنیا هیوای ئاڵوگۆڕییەک، پەرۆشی ئەم گۆڕانکارییە لە پڕتاوانەت پەرتەوازە دەکا.

نازانین بۆ کەوتووینەتە مەڵبەندێک و شوێن و کات لەوێدا، هیچ نییە جگە لە زایەڵەی چاوەڕوانیمان. چاوەڕوانیی چارەنووسێکی نادیار، بەبێ گوران و هەرڕۆژەیی.

قامچییەک لە ناکاو ژان و بڕکێک دەخاتە نێو جەستەی سڕت. ڕووناکییەک تیژ لەبەر چاوت تێدەپەڕێ. هاوار و گرمەوهۆڕ سەرانسەری وڵاتی بێ‌وڵات دادەگرێ. هێزێک سەرۆبەخشانە دڵم هێور دەکا. سەرەتای هەبوون، ژان و ئازارە، ڕووناکی و لاچوونی پەردە و تارماییە.

وردەوردە لە بینینی هەرڕۆژەیی یەکتر وەڕەز دەبین، دڵسارد دەبین لە داهێنانی دەرەنجامێکی ڕوون. نازانم ئەمە میراتی ساردی دڵی خۆمانە یا فەرمانی خوای ئاسمانەکان.

بەڵام گەرچی ساردین هێزێکی نادیار دیسان لێکمان نزیک دەکاتەوە. تا ئێمە زیاتر هانا بۆ یەک دەبەین سەرۆکمان دەمارگرژتر دەبێ. تیشکی هیواکان بەرەو ڕەشاییەکی چڕ دەفڕن. شەوەزەنگە و پەرۆشی وڵات دادەگرێ. تەنیا شتێک کە هەستی پێ دەکەین و لێی دڵنیاین ئەوەیە لەگەڵ یەکترین، دەستمان لێک دەئاڵێ و نەرمەنەرم سروودی ڕزگاری دەخوێنین.

گەرچی ئێستا دڵمان هێور بووەتەوە، بەڵام کەوتووینەتە بەر شەلاخی توند و تیژی فەرمانبەرمان. ئێستا دەزانین هەر ئەم بایەی کە ببووە بیرۆکەی خولیاهێنی داهاتووی ڕوون، خۆی بەردەستی ئاسمانە.

دووهەم هەنگاوی هەبوون ڕۆیشتنە.

لەژێر تەوژم و گوشار، پۆل پۆل لێک گرێ دەدرێین. هەرچی تینی ژیانمان لێ دەستێنن ئێمە قورس و قایمتر دەبین. دەڵێی هیوایەکی نوێ لە دڵمان چەکەرەی داوە. دەڵێی خەریک دارشتنی دەسەڵاتێکی نوێین. هەرچی هەیە چاومان نووقاو و دڵمان ئاواڵەیە. ناچارین لە کۆچ، ئەویش بە کۆمەڵ. بارگەمان تەنیا ئاواتە زیندووەکانمانە.

لە پاش ڕەهێڵی گەورە کەوتینە ڕێ. هەرچی بەرەو خوارێ ڕۆدەچووین هەستمان بە جودایی لەگەڵ یەکتر دەکرد. بەڵام ئێستاش هەر پێکەوەین. هەرکاممان کەوتووینەتە جەستەیەکی سنووردار.

لێزمەی ئەم کۆچە دیمەنێکی دڵڕفێنی نەخشاندووە. ڕەنگە ڕێکەوتی ئەم کۆچە دوایی ببێتە مێژوویەکی دڵهەژێن و پڕمانا کە بۆ زانینی تەنیا دەبێ بێن و ئاوێتەمان بن.

مەودای مانەوەم لە دنیای تەماوی و هەروەها نەرم و نیانی هەڵم بوون، بەسەردەچێ. لە حەوێقی ئاسمان بەرەو ناخی زەوی بەرێ دەکەوم.

پتەوین، زیندووین، ترپەی دڵمان، خرمەی پێمان، بەڵگەمانە. هەموومان بەم چوارچێوە نوێیەمان دڵخۆشین. دەڵێی تازە لەمانای ژیان دەگەین. دەڵێی تا ئێستا هەموو ژیانمان تەنیا تاپۆیەک بووە لە مان. ئێمە ڕێبواری ئاوەڕێی بوونین.

بست بە بست کە دەکەومە خوارێ هەستی بێ‌کۆتایی بوونم لەگەڵ سنووردار‌بوون جێگۆڕکێ دەکا. دەبمە دڵۆپێک ئاو. گەرچی ژیانم بەرتەسکە بەڵام لانیکەم دەزانم؛ هەم و دەبیندرێم. تا دەکەومە خوارێ دەسووڕێمەوە، سەرانگری دەکەم.

نێوێکی نوێ تەواوکەری ئەم سەفەرەمانە؛ «باران». ڕێژنەبارانێک کە قەرار وایە مزگێنی‌هێنەری ژیانەوە بێ. وەبیرخەرەوەی شادی و پێکەنین و گەشانەوە. خۆمان لە دڵەوە قاقا دەکێشین و دەنگدانەوەی ئەم شادییە کۆلکەیەکی زێڕینی حەوت‌ڕەنگە لە گۆی ئاسمان. هێمای جوانی یەکگرتوویی.

گەر ئاسمان تەنیا ڕەنگێکی مات و دوورەزەینە؛ زەوی مەکۆی ڕەنگ و ڕووناکییە. شوێنێک کە بە بینین و بیستن و دەستلێدان و تام و بۆن، ژیان مانا دەکرێ.

لەم سەما و هەڵپەڕکێیە دایە کە بڕیار دەدەین پۆلپۆل بەرەو مەڵبەندێک بڕۆین. هەندێکمان بەسەر خونچە سوور و سپی و پەمەییەکاندا دادەبارین؛ هەندێکمان لەسەر گوڵپەڕ و سەوزەڵانی پێدەشت و چیاکان و هەندێکیشمان خۆ دەخەینە باوەشی پڕهومیدی زەریا.

ڕێک دەکەومە سەر گوڵپەڕی بەیبوونێک لە پێدەشتێکی قەراغ چۆم. بزەیەکی گەش دەکەوێتە سەر ڕوومەتی سپی و ناسکی.

زەوی لە بوونمان شادە.

لە بوونم شادم.

ڕێبواریی سەفەرێکی نامۆ پێناسەمانە و تێکڕا میوانی سەرقافڵەی ژیانین.

# وێژەوانانی موکریان



سەید نووح عینایەتی(نەبەز) - مەهاباد

بەپێی بڕیاری گۆڤاری بەیان، هەموو ژمارەیەک چەند کەس لە چالاکانی بەستێنی فەرهەنگی و ئەدەبیی وڵاتەکەمان دەناسێندرێن.
لە ئەم ژمارەیە: حاجی قادر قادری و کەریم ڕەسووڵپوور

## حاجی قادر قادری (هیوا)

حاجی عەبدولقادر قادری ناسراو بە هیوا شەوی ئەوڵی ڕەمەزانی ساڵی ١٣١٢ (ساڵی بەفرە زۆرەکەی) لە دێی شێخاڵی هاتۆتە دنیا، لە بەر ئەوەی ئەو شەوە ساڵەوگەری لە دایک بوونی حەزرەتی غەوسە نێوی عەبدولقادری لێ دەنێن، باوکی ڕەحمان و دایکی ناوی ڕەعنا بوو، خوێندنی سەرەتایی لە شاری ساباڵاغ خوێندووە و لە لای مامۆستایان عەبدوالقادر ئەفەندی و عوسمان دانیش و وردی و موئمینی کوردی فێربووە و لە حوجرەی مزگەوتی سوور قورئانی خەتم کردووە، لە تەمەنی پازدە ساڵی دا بە پێی دابی ئەو وەختی دەچێتە گوندکانی قۆرغان و خورخورە و گابازەڵە و هەمزاوا و تازەقەڵا و عەمبار بۆ پەیداکردنی بژیوی، دەرس بە منداڵی ئاغاوەتان دەڵێ و لە سەر و بەندەی دا دەس بە شێعر کوتن دەکا، ئەوکات ڕادۆیەکی بێ سیمی لە مەهاباد دەبێ لەو ڕێ یوە شێعرەکانی بڵاودەکاتەوە، ساڵی ١٣٢٦ دەورەی یەکساڵەی پەروەردەی مامۆستایان دەبینێ و بە شێوەی ڕەسمی دەبێتە مامۆستای قوتابخانە بەڵام واز لە خوێندن ناهێنێ و هەموو ساڵان دەئیمتیحان و تاقیکاری دا بەشداری دەکا و لیسانسی مافی ئیسلامی لە دانیشگای تاران وەردەگرێ و چەند ساڵان لە تاران دەرسی عەرەبی دەڵێ و شەش مانگێک ئەرکی تەعاونی فەرهەنگیانی بەستووە دەبێ، پاشان بۆ ماوەی سێ ساڵ بە نێوی مامۆستای دەرەوەی وڵات ماڵی دەچێتە وڵاتی بەحرەین و لە وێش جگە لە دەرس کوتن لە شت فێربوون واز ناهێنێ و وەک دەڵێ: وڵاتانی سووریە و کوەیت و ئینگلیس و فەرانسە و ڕۆم و یۆگسلاوی و تورکیە گەڕاوە و دوو جار چووە بۆ زیارەتی ماڵی خودا، ، تا ئێستا چەند کتێب و نامیلکەی خۆی بە چاپ گەیاندووە. هیوا لەمانگی سەرماوەز١٣٩٩ماڵاوایی لەژیان کرد.

### شانوی ژیان

مەهاباد شاری شیرینم وڵاتم
گوڵی باغی هیوا و هەست و خەباتم
ئەتۆ شانۆی ژیانی هەستی مێژوی
ئەتوی ڕەمزی گوڵانی بێ خەڵاتم
ئەتۆ بێشکەی سەر و سەردارەکانی
ئەتوی ئەستێرەکەی ئاسۆی نەجاتم
ئەتۆ کانگەی هونەرمەندانی زانای
هەتا هەم من لە ژینا خۆڵی پاتم
ئەتو جێی عیلم و عیرفانی و مەکۆگای
ئەتۆ گرشەی، ئەتوی ئاوی حەیاتم
ئەتوی تاریخی بەرزی نیشتمانم
بە کوردی هەر ئەتوی هات و نەهاتم
ئەتۆ نادەم بە میسر و چین و لوبنان
ئەگەر سەد شاری دیش بکرێن خەڵاتم
چ ئەستەنبول، چ پاریس و چ لەندەن
هەمووی ناگا بە سوچێکی وڵاتم
ئەمن نات دەم بە بەغدا گەرچی بشڵێ
کە بەغدام و لە نێو دجلە و فوراتم!
لە بیرم ناچی نا ساغ بو چ یا ساغ
ئەتۆ ساباڵاغ! ئەتوی قەبروقەڵاتم
ئەگەر لاوانی تۆ شادبن منیش هەم
ئەگرمات بن ئەمیش هەروام وماتم
لە بونت دا، نەبونت، لە شینا.
دەگەڵتم هەر دەگەڵتم هەر لە لاتم
لە لاتم من لە ماتەم دا، وەک و زوو
فیداکارم فیداکارم فیداتم
بەسازی تو دەرەخسم گەرچی سازنیم
هەتاقەت قەت نەڵێن پێم بێ وەفاتم
بەیادت هەم چ نیزیک بم چ لێت دور
بەتۆ مەشغولە لە حزەوکات وساتم
نەخۆشخانەت بۆمن خانوی ژیانە
کوری تۆم و کوری تۆم و «هیوا »تم
هەتا بوی هەرگوڵ و
گوڵ بوی و گوڵ هەی
هەتا هەی هەرگوڵی، گوڵ ئەی و لاتم

## کەریم ڕەسووڵ پوور(وریا)



شاعیری ناسکخەیاڵ مامۆستا کەریم ڕەسووڵ پوور بە نازناوی(وریا) یەکێک لەو شاعیرە خۆشەویستانەی دەوەری موکرانە کە ساڵیانێکی تەمەنی خۆی تەرخانی پەروەردەی منداڵان و هەروەها خزمەت بە شێعر و فەرهەنگ و ئەدەبی نیشتمانەکەمان کردووە. مامۆستا وریای ئازیز بە گوتەی خۆی و لە زمان دایکی خۆشەویستییەوە، لە دە تا پازدەی مانگی ڕەزبەری ١٣٤٤ لە ئاوایی گوێکتەپە لە بنەماڵەیەکی هەژاردا چاوی بە دنیا پشکووتووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بنەماڵەکەیان کۆچیان کردووە بۆ ئاوایی قزلقۆپی، هەر لەوێ پێناسە (سجیل)یان بۆ وەر گرتووە و بە هەڵە ڕۆژی لەدایکبوونیان حەوتی ڕەشەمەی ساڵی چل و چواری هەتاوی نووسیوە. خوێندنی سەرەتایی لە ئاوایی لەج و لە دەشتی شارویرانی مەهاباد، خولی ناوەندی لە قوتابخانەکانی (ئەدەب)ی مەهاباد و سەبای گوێکتەپە و دواناوەندیشی لە ساڵی ١٣٦٦ لە دانیشسەرای تەربیەت موعەللیمی مووده‌ڕپیسی مەهاباد تەواو کردووە و هەر لەو ساڵەشدا بە شانازییەوە بۆ خزمەت بەنەوەنەمامەکانی وڵاتەکەی، لە پەروەردە و بارهێنانی مەهاباد دامەزراوە و دەستی بە کار کردووە. پاشان خوێندنی زانکۆی لە قۆناغی(کاردانی) لە تەربیەت موعەللیمی (ڕەجایی)ی ورمێ و هەروەها (کارناسی) لە تەربیەت موعەللیمی تەباتەبایی ورمێ بە ئەنجام گەیاندووە و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٣٩٣ دوای ٣١ ساڵ خزمەتی پڕشانازی خانەنشین کراوە.

بە گوێرەی گوتەکانی خۆ لەبواری هونەرییەوە هۆگرێکی زۆری بە گۆرانی، مۆسیقا، لاوک و حەیران هەیە و زۆر جار گۆرانی هونەرمەندانی بەناوبانگیشی گوتووەتەوە و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لە ناخیدا لە وێنە شێعرییەکان ورد بێتەوە و جوانکارییەکانی شێعر بدۆزێتەوە. خۆی گوتەنی:

«لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و دوای ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی کاتێک نووسراوە کوردییەکانم بەردەست کەوت بێ مامۆستا فێری خوێندن و نووسینی کوردی بووم و شانازی نووسین بە زمانی دایکیم بەرکەوت و بەردەوام درێژەم بە چالاکییەکانی هۆنەریم دا و هۆگرییەکی زۆرم بەشێعرەکانی مامۆستایان، هێمن، هەژار، وەفایی و... هەبوو و بە ئەوینەوە چێژم لێ وەر دەگرتن.»

مامۆستا وریای خۆشەویست هەر ئێستا نیشتەجێی شارە جوانەکەی مەهابادە و توانیویەتی خۆشەویستیی خۆی لەناخی دۆستان و هۆگرانی ئەدەب و وێژەی کوردیدا جێ بکاتەوە. داوای تەمەنی پڕ لە شانازی بۆ دەکەین و هیوادارین لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا سەرفراز و سەرکەوتوو بێ.

### جەفای گەردوون

فەلەک تاکەی لەدەستی تۆ بناڵم ؟
دەدەی ئازار و ئێشم پیری زاڵم !
دەبەسبێ با ستەم دەی شادی بێنە !
دڵە و زامارە چێتر مەی شکێنە !
بەسە تاکەی مەزەی تاڵی بچێژین ؟
سروشکی سوور و ئاڵی بۆ بڕێژین !
هەتاکەی ژانی ژینم بەردەوامە؟
بەچی سارێژ ئەبێ ئەم کۆنە زامە ؟
بەهارم تابەکەی چەشنی خەزان بێ ؟
عەلاجی خەم لەبۆ ئاوی ڕەزان بێ ؟
بەهاودەم کێ بناسم؟ نیمە هەمدەم !
بکەین هاواری زەخت و ژینی پڕخەم !
لەلێومان تابەکەی باری زەبوونی،
بمێنێ و هەر بە ئاواتی نەبوونی،
بە لەز تێپەڕ ببن ڕۆژانی لاوی ؟
ببینە کایە بۆ دەورانی داوی!
بەبیری خۆ نەکەم ئەم ژینە تاکەی؟
بگۆڕە ڕەوتی سووران زووکە هادەی !
دەبێ تاکەی بەبیری مەرگی خۆ بم ؟
لە بۆ ژین تابەکەی من ڕەنجەڕۆ بم؟
بلەرزە تۆ لە هاواری هەژاران !
بدە مەودای ژیانی کۆنە یاران !
تەمەن ڕۆیی وهەمووی ڕەنج وجەفا بوو!
ئەگەرچی هەوڵی بوون هەردەم وەفابوو!
شەکەت هاتم،شەکەت چووم وشەکەت دێم!
لە جەوری پڕ لە کۆسپی ئێشەکەت ڕێم !
ئەجەل دەیزانی گەر، ئەم ژینە تاڵە !
هەموو خۆشی لە ژینم دا مەحاڵە !
چلۆن بوو هاتنم کێ وا تەمای گرت ؟
لە لانەم بایەقوش بۆچی پەنای گرت؟
بڕووخێ تاج وتەختت چەرخی گەردوون!
بزانە کێ لە جەوری تۆ لە دەست چوون !
فەلەک چەرخت لە گەڕیان با بوەستێ !
لە بۆ کەس بۆ نەماوە توزە هەستێ!
فەلەک بمری و لە دەورت ڕەشبەڵەک بێ !
کە پیلانت، لە بۆ (وریا) کەڵەک بێ !



هۆمەر نۆریاوی ـ هەورامان

# دەنگێك، یادەوەری دروست دەكات

**(هونەرمەندی خودان شێوازی هەورامانی،بەهرۆز بەڵخەیی،لە هەڤپەیڤینێک دەگەڵ گۆڤاری بەیاندا)**



دەستپێک:

هەر لە دێرزەمانەوە، هەورامان، مەکۆی سەرهەڵدانی کۆنترین و ڕەسەنترین نەغمە کوردییەکان بووە و دیرۆکی هونەری کوردی ئەمەمان پێ دەڵێت. یەکەمین نەغمە هەرە ڕەسەنەکان، سەرەتا لە هەورامان یان بە واتایەکی ڕاستتر، لە گۆرانستانی کۆنەوە سەر هەڵدەدەن. ئەرچی تەمەنی نەغمە دێرینە هونەرییەکانی دی کوردستان(بەیت، حەیران، لاوک و بەستە)یش، بە هەمان ڕادە کەڤنە.

هۆرە، سیاچەمانە و چەمەری لە گۆرانستانەوە سەر هەڵدەدەن و بە درێژایی دیرۆک، سەدان هونەرمەند لەم پێناوەدا خەبات دەکەن و دەنگی ڕەسەنایێتی هونەری کوردی، بۆ هەر هەموو کوردستان دەگوێزنەوە و ئەم ڕەوتە هەتا هەنووکەیش هەر درێژەی هەیە و دەیان هونەرمەندی مەزنی وەک ئۆسمان هەورامی، برایانی کەیمنەیی، جەمیل نەوسوویی، سەباح هەورامی، عادل هەورامی، جەهانبەخش غەففووری(بەخشە)و چەندان سیمای دیکەی هونەری، لووتکەکانی ئەم هونەرە ڕەسەنەن کە بەختەوەرانە دەنگێکی وەک «بەهرۆز بەڵخەیی»، بە هەمان ڕێچکەدا دەچێت کەچی خاوەنی قورگ و شێواز و ستایلی تایبەت بە خۆیەتی و هونەرەکەی، بەرامەی ڕاستینەی کانیاو و چۆم و ڕووبار و هەوارە بەرزەکانی نیشتمانی کوردانی پێوەیە و کە گوێت لە گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە دەبێت، ڕاست دەڵێی لە نێو قووڵایی دەربەند و دۆڵ و بەسەر بەرزاییەکانی چیا سەرکەشەکانی هەورامانەوەیت و گوێ لە دەنگی مەل و باڵندەی هەرێمەکەی ناخ دەگریت.

لێرە و لەوێ، لە نێو دنیای ستران و موزیکی کوردییدا، لە ساڵدا دەیان دەنگخۆش، بەهرەی هونەری، گۆرانیبێژ و هونەرمەند دەردەکەون بەڵام گەلێک کەمن ژماری ئەو دەنگانەی کە هەر لە یەکەم دەرکەوتنیانەوە، هونەرەکەیان تا سەر ئێسقان، مۆرکی کوردی پێوە دیار بێت و لەسەر هەست و نەستی گوێگر و بەردەنگ کاریگەر بێت و خاوەنی ستایل و شێوازی تایبەت بە خۆیشی بێت.

بە درێژایی دیرۆکی گۆرانیی کوردی، نزیکەی هەر پەنجا ساڵ جارێک، دەنگێک و سیمایەکی ڕەسەنی هونەری دەردەکەوێت کە هونەرەکەی، مۆرکی ڕاستینەی ئاواز و سترانی کوردی پێوە بێت و یادەوەری لای جەماوەر چێ بکات.

بەهرۆز بەڵخەیی، یەکێکە لە دەنگە هەرە ڕەسەنەکانی هەنووکەی نێو گۆرانی کوردی کە بە گوێبیستبوونی گۆرانییەکانی، هەمان هەستت لا دروست دەبێت و چی یادەوەریی ئەم کوردستانە مەزنەیە، هەمووت لە لا سەد هێندە شیرینتر دەکات. دەنگێکە، هێورییەکی دەروونییت پێ دەبەخشێت و لە نێو خودی سرووشتی کوردستانەوە، چریکەی دێت و خێرایش تا بە دوورەدەستترین دڵان، ڕێ دەبڕێت.

کە گوێت لەم دەنگە ئۆقرەبەخشە دەبێت، ڕاست دەڵێی لە نێو ئامێزی خودی نیشتمانداییت و ئەو دەنگەیش، وەک دایکێکی میهرەبان و سەرتاپا سۆز، دەتلاوێنێتەوە و ئۆخژنی دەخاتە نێو دڵ و گیانەوە.

لە نێو جیهانی بەرفرەوانی گۆرانی کوردییدا، بە درێژایی دیرۆکی ئەم هونەرە، ئەو دەنگانەی بتوانن بە قووڵایی ناخی مرۆی کورددا ڕۆ بچن و یادەوەری دروست بکەن و هەر هەمیشەیش بمێننەوە، ڕەنگە ژمارەیان ئەوەند زۆر نەبێت.

بەهرۆز بەڵخەیی، لەم سۆنگەوە، یەک لە دەنگە هەرە

بلاوێنەکانی ئێستای نێو گۆرانی کوردییە کە هەمان کارتێکەری لەسەر مرۆ هەیە و نەغمەی سەر ڕۆحی ئەم سترانبێژە، ئەوەندە لە دڵەوە نزیکە کە سوکنا بە گیان دەبەخشێت.

کە گۆرانی دەچڕێت، دار و بەردی هەورامان و بگرە هەر هەموو کوردستان لە تەکیدا وەلەرزانە دەکەوێت و هەمان هەست و نەستیش بۆ مرۆ دەگوێزێتەوە.

لەگەڵ نەغمەی حوزناویی پاییزدا، ئەم دەنگەیش پاییزێک دەیگرێت، کە زستان دێت، دەچێتەوە نێو کوێستانە سەرکەشەکانی هەورامان و دەنگی بەفری لێ دەنیشێت، کە بەهار دێت، خۆی دەبێتە بەهار و وەک لەنجە و لاری مرۆ و دار و دەوەنی هەورامان، ئەمیش لەنجە دەیگرێت و دواجاریش کە سەبوونی هاوین، ڕوو لە گیان دەکات، شنەی بلاوێنی، فێنکایی بە دڵ و گیان دەدات.

لە سەردەمێکدا مخابن هونەری کوردی، لەبەر ناشارەزایی و قووڵنەبوونەوەی زۆر دەنگخۆشی ئێستای نێو گۆرانی کوردی، تا دێت بەرگە ڕەسەنەکەی لەبەر دادەماڵدرێت و پتر دەکەوێتە بن کارتێکەری ئاواز و موزیکی عەرەبی و تورکی و فارسی، سەرهەڵدان و دەرکەوتنی دەنگێک کە لە خودی کوردستانەوە وەک ئاوێکی بەخوڕ، دەڕژێتە نێو ڕووباری گۆرانیی کوردییەوە، مژدەی سبەیەکی گەشمان پێ دەبەخشێت.

ئاواز و مێلۆدییە ڕەسەنەکانی نێو گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە، وانەیەکی هەرە هەستیار بۆ نەوەی ئێستا دەگوێزێتەوە کە بەداخەوە لە لایەن بەشێکی فرەی بە ناو هونەرمەندی ئێستاوە، پشتگوێ خراوە؛ئەویش دەوڵەمەندبوونی مێلۆدی و ئاوازی کوردییە کە هێشتاکە هەر پار و مەڵبەند و ناوچەیەکی ئەم کوردستانە، ئەوەندە لیوڕێژی مێلۆدیی نوێیە کە هونەرمەندان دەتوانن ئەم سامان و سەرمایە هونەرییە کە وەک خودی سرووشتەکەی کوردستان خوڕسکە، بەرگێکی هونەریی سەردەمییانەی بکەنە بەر و وەک براندێکی هونەری، بۆ نێو موزیکی جیهانی بگوێزنەوە. ئیتر تا کەنگێ گەنجەکانمان تەنێ لاساییکەرەوە بن و ئاواز و مێلۆدی عەرەبی و تورکی و فارسی بۆ ناو هونەری کوردی بگوێزنەوە لە حاڵێکدا هێشتاکە پەییان بە زەنگینیی سامانە هونەرییەکەی خۆیان نەبردووە!

کەس دژی نوێخوازی لە نێو دنیای هونەردا نییە بەڵام لاساییکردنەوی ڕووت و کەوتنە دووی مۆسیقای گەلانی دی، نە تەنێ خزمەت نییە بگرە هەم داماڵینی بەرگی ڕەسەنایەتی لەبەر سامانە هونەرییەکەی میللەت و نەتەوەکەی خۆتە و هەمیش

ڕاستە بوونی پێوەندی لە بەینی هونەری گەلاندا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری هەنووکەیە لێ، توانەوە لە نێو هونەری نەتەوەکانی دیکەدا بە بێ ئەوەی بتوانیت هونەرە پاکژەکەی خۆت بگوێزیتەوە، زیانێکی لە قەرەبوونەهاتوو، لە سامانە هونەرییەکەی نەتەوەکەت دەدات.

بەداخەوە بەشی زۆری بەناو هونەرمەندانی هەنووکە، تاقەتی ڕۆچوون و پەیجۆریی و ئاوڕدانەوە لە سامانی دەوڵەمەندی هونەریی خۆیان نییە و لە پڕێک دەست بۆ مێلۆدی و ئاوازێکی نەشازی بیانی دەبەن کە تەمەنی ڕەنگە بەقەد عومری گوڵێک بێت کەچی کاتێک ئەم دیاردەیە هەموو کۆمەڵگە بتەنێتەوە، دەبێتە زیان و خەسارێکی گەورە بۆ هونەری کوردی.

بەهرۆز بەڵخەیی، ئەوەندە گیانی سیخناخی مێلۆدی و ئاوازی ڕەسەنی کوردییە کە لە کورتە ماوەیەکدا توانیویەتی پێ بنێتە جێپێی گەورە هونەرمەندانی هەورامان و زۆر زوو جێ پەنجەی بەسەر موزیک و گۆرانی کوردییەوە دیار بێت و ڕێبازە هونەرییەکەی هونەرمەندانی وەک هۆشیار حەمە فەرەج، ئیسماعیل سابوور، عادل هەورامی، عەدنان کەریم، بەهجەت یەحیا، مەریوان سەفائەدین، پەیوەند جاف، سامان عومەر، عەتا قەرەداخی، وەیسی محەممەد، چۆپی فەتتاح، کانی، فرمێسک و گەلێک هونەرمەندی ڕاستینەی‌تر، زەنگین و دەوڵەمەندتر بکات. شیاوی ئاماژەپێدانە کە «بەهرۆز عەلی حەمەرەحیم»، ناسراو بە «بەهرۆز بەڵخەیی»، ساڵی١٩٧١(١٣٥٠ی هەتاوی)لە گوندی «بەڵخە»ی هەورامانی لهۆن(سەر بە پارێزگەی سلێمانی/هەڵەبجەی ئێستا)، دیدەی لە ڕووی ژیان هەڵدێنێت. خوێندنی خۆی لە پەیمانگەی تەکنیکی، بەشی کارەبا کۆتایی پێ هێناوە. شای ئازیز، سەیری هەوارگە، سا خوایە هەڵکەی، بە مەولا، دووربیت سۆچناش، مەقامی سەیاد، ئیشەو هەر چەنی تۆ بی خەیاڵم، بۆ مەلە، دووریی تۆ، هەوارنشین، شای سۆسەن خالان، هەورامان ڕەنگین، خاڵۆی ڕێبوار، شەوان بێداری، کزەی شەماڵ، هەیات هەیات، شاهۆ، وە یادی ساڵان، لالۆ، دووریی وەسێشا، خەزان، ناوی ژمارەیەک لە ستران و گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە دێنە ئەژمار.

شیعری فۆلکلۆر، دەورێکی هەرە بەرچاو لە نێو گۆرانییەکانی بەهرۆز بەڵخەییدا دەبینێت. هەروەها ئەم هونەرمەندە، بەرگی گۆرانی وەبەر شیعری شاعیرانی وەک، خەمبار هەورامی، فەیسەڵ هەدایەتی، موعتەسەم شافیعی(لالۆ)و چەندان شاعیری دیکەدا کردووە.

بۆ تاوتوێی وردتری دۆخی هونەری گۆرانی لە ناوچەی هەورامان و کەسایەتییە هونەرییەکەی ئەم هونەرمەندە، گۆڤاری «بەیان»، هەڤپەیڤینێکی دەگەڵ ئەنجام داوە کە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم وتووێژە هونەرییە ڕادەکێشین.

بەهرۆز بەڵخەیی، لە کەیەوە ئاوێتەی دنیای هونەر دەبێت و یەکەمین بەرهەمی هونەری کەنگێ بڵاو دەکاتەوە؟

- دەستپێکی کاری هونەریم بۆ ساڵی ٢٠٠٠(١٣٧٩ی هەتاوی)دەگەڕێتەوە. هەر هەمان ساڵ(٢٠٠٠)، یەکەم سێدیم بە ناوی «هیجران»بڵاو کردەوە. ئەندامێکی تیپی مۆسیقای «پەیام»لە هەڵەبجە بووم کە ١٣ گۆرانیم دەگەڵ ئەم تیپەدا تۆمار کرد. پاشان بوومە ئەندامی تیپی موزیکی «شنروێ»لە سلێمانی و چەندان گۆرانیم لەگەڵ ئەم گرووپە مۆسیقاییەیشدا تۆمار کردووە. هەروەها لە کۆمەڵە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی کەناڵە کوردییەکاندا بەشدار و چەندان گۆرانیم پێشکەش بە لایەنگرانی گۆرانییەکانم کردووە. پتر لە ٣٥ گۆرانی تۆمارکراوم هەیە کە مێلۆدی زۆربەیان هی خۆمە. مامۆستا ئۆسمان هەورامی، برایانی

کەیمنەیی، جەمیل ئەحمەدی(نەوسوویی)، یادگەش سەباح هەورامی و گەلێک هونەرمەندی دی هەورامان، بە کۆڵەکە سەرەکییەکانی گۆرانی هەورامی دادەنرێن کە ئێستایش نەوەی تازە، سوود لە ئاواز و مێلۆدییەکانیان وەردەگرێت. هەروەها لە ڕێی ئەم هونەرمەندانەوە، گەلێک ئاوازی ڕەسەنی ناوچەی هەورامان لە فەوتان ڕزگار کراون چونکە پێش ئۆسمان هەورامی، برایان کەیمنەیی و جەمیل نەوسوویی، جەهانبەخش غەففووری(بەخشە)، چەندان گۆرانیبێژی‌تر لە مەیدانەکەدا هەبوونە بەڵام لەبەر نەبوونی ئامێرێک کە بتوانێت دەنگیان و بەرهەمیان تۆمار بکات، ئەوەندە لە نێو جەماوەردا ناسراو نین. مامۆستا ئۆسمان، برایانی کەیمنەیی و جەمیل نەوسوویی، بە داهێنەرانی سیاوچەمانە دادەنرێن کە بە سەدان ئاوازی شاز و ناوازەیان تۆمار کردووە کە هەتا دنیایە نەوە لە دوای نەوە، شانازییان پێوە بکات. سەباح هەورامی، یەک لەو سترانبێژە ڕەسەنانەی ناوچەی هەورامانە کە گەلێک تازەگەری لە گۆرانی هەورامیدا کرد کە من بۆ خۆم سوودم لە هەر هەموویان بینیوە و خۆم بە قەرزباریان دەزانم. یادی سەباح هەورامی هەردەم گەش و تەمەنێکی ئاوێتەی تەندروستی و سەربڵندیش بۆ هونەرمەندان ئۆسمان هەورامی، برایانی کەیمنەیی و جەمیل نەوسوویی.

چلۆن سەیری ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردی بەتایبەت هەورامی دەکەیت و تا چەندە کارتێکەری دەنگی هونەرمەندانی وەک ئۆسمان هەورامی، برایانی کەیمنەیی، جەمیل نەوسوویی، سەباح هەورامی و... بەسەر خۆتەوە دەبینیت؟

• بە بۆچوونی من، هونەر لە کوردستاندا لە ئاستێکی باشدایە بەڵام خەریکە ڕێچکە کوردییەکەی لای هەندێک هونەرمەند لەدەست دەدات و بەداخەوە لای ژمارەیەک لە هونەرمەندان بەرگێکی کرچوکاڵی کراوەتە بەر؛ بۆیە پێویستە هونەرمەند، هونەرەکەی لە پێناو خزمەت بە گەل و نەتەوەکەی بێت و لە کاروانی ڕوو لە پێشکەوتنی هونەر لە وڵاتانی دیکەیش، دوا نەکەوێت چونکە یەک لە ڕێگەکانی ناساندنی هەموو نەتەوەیەک، لە ڕێی هونەرەکەیەوە ئەنجام دەگرێت. پێویستە ئەو مێلۆدییانەی کە هونەرمەندان پەنایان بۆ دەبەن، هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەکەی خۆیان بن یانژی زیندووکەرەوەی مێلۆدییە ڕەسەنە کوردییەکان بن بەشکوو لە فەوتان ڕزگاریان بکەن و بەردەوامیش لە هەوڵی ئەوەدا بن هونەری کوردی، تێکەڵ بە هونەری وڵاتانی‌تر نەکەن و مێلۆدی فارسی، تورکی و عەرەبی، بۆ نێو هونەری کوردی نەگوێزنەوە چونکە هونەری مۆسیقای کوردی بۆ خۆی گەلێک زەنگین و دەوڵەمەندە.

تا چەندە بە کار و بەرهەمی هونەریی نەوەی ئێستای هەورامان گەشبینیت؟

• گەلێک بەرانبەر هونەرمەندانی ئێستای ناوچەی هەورامان گەشبینم. کە دەبینم تازەگەری لە شیعر و مێلۆدی هەورامیدا دەکرێت و چەندان گۆرانیبێژ، دەنگخۆش و شاعیری نوێ لە هەورامان هاتوونەتە ناو بواری هونەرەوە کە هەر هەموویان لە لام خاوەن ڕێزن. داواکارییم لەو بەرێزانەی کە دەنگخۆشن و دەتوانن خزمەتی هونەری ناوچەی هەورامان بکەن، ئەوەیە کە هەوڵێکی زیاتر بدەن و بەردەوام دووی تازەگەری و داهێنان بکەون و مێلۆدی تازە بهێننە ناو گۆرانی هەورامییەوە چونکە هەورامان بۆ مێلۆدی و گۆرانی، دەوڵەمەندترین ناوچەی کوردستانە. تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، هونەرمەندانی پارچەکانی دی کوردستان، سوود لە مێلۆدییە ڕەسەنەکانی دەڤەری هەورامان وەردەگرن و بگرە گۆرانی هەورامی دەخەنە نێو بەرهەمەکانیانەوە. ڕاستیت گەرەکە گۆرانی هەورامی ئێستا گەلێک زیاتر لە جاران، لایەنگر و داژداری هەیە.

چلۆن دەتوانین پاشخان و سامانی ڕابردوو بۆ پێشخستنی موزیک و گۆرانی ئێستا دەکار بێنین؟

• ناوچەی هەورامان لە هەموو بوارێکدا، زەنگینی و دەوڵەمەندی پێوە دیارە بەتایبەت هونەر کە خاوەنی بەسەدان مێلۆدی هەرە ناوازە و ڕەسەنە. بۆ ئەوەی ئەم مێلۆدییانە بۆ گوێچکەی نەوەی نوێ بگوێزینەوە، پێویستە گۆرانییەکان ئاوێتەی زمانی موزیک بکەین تا خەڵکانی زێتر لە هەر هەموو پارچەکانی دی کوردستان گوێگری مێلۆدی و گۆرانی ڕەسەنی ناوچەی هەورامان بن و چێژ لەم هەموو مێلۆدییە ڕەسەنە کوردییانە وەربگرن. هەورامان، یەک لەو دەگمەن ناوچانەی کوردستان دێتە ئەژمار کە مێلۆدی و ئاوازەکانی، مۆرکی ڕەسەنایەتییان پێوەیە و تۆ ناتوانیت هیچ جۆرە مێلۆدییەکی دیکە بۆ ناو ئەم مێلۆدییە ڕەسەنە بگوێزیتەوە. هەر چەشنە مێلۆدییەکی نارەسەن و بێگانە بێتە ناو مێلۆدی ناوچەی هەورامانەوە، خەڵک یەکسەر و دەستبەجێ دەیناسنەوە و پەی بە نارەسەنبوونی دەبەن. هەر بۆیە هونەری ئەم ناوەی کوردستان، بۆ خۆی ئەوەندە زەنگین و ڕەنگینە کە پێویستی بە هیچ جۆرە مێلۆدی و ئاوازێکی ناوچەیەکی دی نییە چونکە هونەرەکەی ئەم ناوەی نیشتمان، بۆ خۆی گەلێک پوخت و ڕەسەن و پاک و بێخەوشە و ناتوانیت تێکەڵ بە هیچ جۆرە مێلۆدی و ئاوازێکی‌تری بکەیت.

چی بکرێت گۆرانی هەورامی خێراتر بۆ هەر هەموو کوردستان بگوێزرێتەوە؟

• پێویستە هونەرمەندی هەورامانی بگەڕێتەوە ئامێزی هونەرە ڕەسەنەکەی خۆی و بەردەوام تازەگەری تێدا بکات و مێلۆدی نوێ بدۆزێتەوە و بەرگی گۆرانی بکاتە بەر.

هونەرمەندی هەورامانی دەتوانێت بە سوودوەرگرتن لە مێلۆدییە ڕەسەنەکان و ئاوێتەکردنیان بە دنیای موزیک(ئامێرە مۆسیقاییەکان)، بۆ ئەوانەی شارەزای دیالێکتی هەورامی نین، لە ڕێی زمانی موزیکەوە بەرەو گۆرانی هەورامی پەلکێشیان بکات و چێژ و ڕەسەنایەتی ئەم سامانە دەوڵەمەندەیان بۆ بگوێزێتەوە هەتا لە دڵەوە گوێ بۆ گۆرانی هەورامی ڕادێرن. ئەرچی گۆرانی هەورامی بە بێ مۆسیقا لە لای خەڵکی هەورامان خۆشتر و دڵگیرترە بەڵام بۆ ئێستا، گەر ئاوێتەی ئامێری موزیک بکرێت، زۆر باشترە چونکە ئەوانەی ئاشنا و شارەزا بەم دیالێکتە پاراو و هەرە دەوڵەمەندە کوردییە نین، لانیکەم

بتوانن چێژی پێویست لە مێلۆدییە ڕەسەنەکانی هەورامان وەربگرن.

چلۆن دەکرێت هونەری موزیکی ڕەسەنی هەورامان لە مرۆی بەناو هونەرمەند و دەنگخۆش قوتار بکەین و سامانی ئاواز و مێلۆدی ئەم ناوەی کوردستان زێتر بڵاو بکەینەوە؟

• لە ڕاستیدا مرۆی دەنگخۆش سەرەتا پێویستە دووی ستایل و شێوازێکی هونەری بۆ خۆی بکەوێت و نابێت تەنیا دەوری لاساییکەرەوە ببینێت. چونکە ئەگەر تەنیا پشت بە بەهرەی دەنگخۆشییەکەی ببەستێت، پاش کورتە ماوەیەک ئەوەندە لە ناو جەماوەردا دەوری نامێنێت. دەنگخۆشی و تێکست و ئاواز، هەر سێ پێکەوە، تەواوکەری یەکدین و کەسایەتی دەنگخۆش دروست دەکەن. ئاواز و هونەری ڕەسەن هەرگیز لە ناو ناچێت چونکە هونەری ڕاستینە هەمیشە وەک چەکێکی کارا، دووی مافە ڕەواکانی نەتەوەیەک دەکەوێت یان بە واتایەکیتر، دەوری پارێزەری چاند و فەرهەنگی ڕەسەنی نەتەوەیەک دەبینێت.

پێویستە ئەوانەی خۆ بە هونەرمەند دەزانن، بە گیانێکی گەلپەروەرانەوە بەرگری لەم سامانە دەوڵەمەندە بکەن. ڕاستە دەنگخۆشی، بەهرەیەکی خوداپێداوە بەڵام گرینگ ئەوەیە بزانیت چلۆن دەکاری بێنیت. ئەگەر بتهەوێت وەک هونەرمەندێکی ڕاستەقینە دەربکەویت و خەڵکانیتر، سوود و بەهرە لە گۆرانییەکانت وەربگرن، پێویستە بە دوای شیعری تازەدا بچیت و بۆ خۆیشت ئاوازت هەبێت یاخود لانیکەم لە کاتی لاساییکردنەوەی گۆرانی هونەرمەندانیتردا، وەک خودی خۆیان، گۆرانییەکە بڵێیتەوە نەک گۆرانییەکە تێک بدەیت و بیشێوێنیت. ڕاستیت گەرەکە هەندێک جار، ئەم دەنگخۆشانە دەبنە هۆی تێکدانی هۆنراوە و بگرە ئاوازی هونەرمەندانی دیکە کە ئەم کارە لە ڕاستیدا ئازاردانی گیانی هونەرمەندانی ڕەسەنە. ژمارەیەک لەم دەنگخۆشانە بەداخەوە لەسەر سامانی هونەرمەندانیتر، خۆ دەکەن بە هونەرمەند و لە پێستی خۆیان دەردەچن. ئەم چەشنە دەنگخۆشانە تەنانەت لە هیچ کوێ ئاماژە بە ئاواز و شیعر و گۆرانی هونەرمەندە ڕەسەنەکان ناکەن کە لە ڕاستیدا هەر بەم کارەیان، لەبەری ڕەنجی هونەرمەند و شاعیر دەخۆنەوە بە بێ ئەوەی لەو پێناوەدا بۆ خۆیان خاوەنی بەرهەم و دەستکەوتێک بن. گۆرانیبێژ، هەر تەنیا بە بەهرەی دەنگخۆشی نابێتە هونەرمەند؛مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە هونەرمەند، شارەزا بە بنەما موزیکییەکان بێت. ئەوەی مێلۆدی ڕەسەن بۆ ئاوازی نارەسەن دەگوێزێتەوە، لە ڕاستیدا خۆی نەناسیوە.

هەر لە کۆنەوە، ژن لە هەوراماندا شانبەشانی پیاو لە هەموو بوارێکدا دەوری بینیوە و ڕاستیت دەوێت لە چاو ناوچەکانی دی کوردستان، ژنی هەورامان، ئازادتر بووە. ئەم پرسە بەرانبەر بواری هونەریش بەڕاست دەگەڕێت. مامۆستا ئۆسمان هەورامی لە زۆر وتووێژ و کۆڕ و دانیشتندا ئاماژەی بەم خاڵە داوە کە دایکم، یەکەم مامۆستام بووە. هەر لەم پێوەندییەدا بەڕێزت ئاستی هونەری گۆرانی لای خانمە هونەرمەندانی هەورامان چلۆن دەبینیت و هونەرمەندانی وەک لیمۆ هەورامی، ناهیدە فەتتاحی، ماریا هەورامی، کەویار هەورامی و... ، تا چەندە توانیویانە لەم مەیدانەدا گوزارشت لە بوونی خۆیان بکەن و سەرچاوەی خزمەت بۆ هونەری ئافرەتان لە هەورامان بن؟

• ئافرەت، هەر لە دێرزەمانەوە لە ناوچەی هەوراماندا لە هەموو ئیش و کارێکدا شانبەشانی پیاو لە مەیداندا بووە و دەوری کارای بینیوە و بگرە زێتر لە پیاویش لە خزمەت ژیاندا بووە. ئافرەت لە هەوراماندا زۆر جار خاوەنی بڕیار و قسەی خۆی بووە. هەندێک لەو دابە دزێوانەی وەک ژن بە ژنە یان بەشوودانی زۆرەملیی کە لە نێو ناوچەکانیتری کوردستان باو بوونە، تۆ هەرگیز ئەم چەشنە دابە کرێتانە لە هەوراماندا نابینیت. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەنگ و قورسایی پێگەی ژن لە دەڤەری هەورامان.

گەر ئاوڕێک لە دیرۆکی هونەر بدەینەوە، لە هەوراماندا گەلێک تەمبوورەژەنی وەک «نەکیسا»و «بەیزا»خانمان هەبووە و لەم ساڵە دواییانەیشدا «مریەم»خانم، دایکی مامۆستای خۆشەویست،«ئۆسمان هەورامی»کە لە چڕینی سیاوچەمانەدا زۆر شارەزا بووە. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەو سەردەمەی ئافرەت لە هەوراماندا وەک گۆرانیبێژ دەوری گێڕاوە، پێموانییە لە هیچ ناوچەیەکی دی کوردستاندا، ژن ئەوەندە دەرفەتی خۆدەرخستن لە بواری هونەری بۆ ڕەخسێندرابێت. ئەمە، سەرەڕای ئەو هەموو ئەرکەی ژن لە کۆمەڵگەی هەورامان لەسەرشانی بووە و هەمیشە ئازا و بوێر لەگەڵ پیاودا کاری کردووە و تێکۆشاوە. بە دەرکەوتنی هونەرمەندانی وەک ناهیدە خانم، لیمۆ هەورامی، ماریا هەورامی و زۆر هونەرمەندیتر، سەلمێندرا کە ژنیش وەک پیاو دەتوانێت لە مەیدانی هونەردا خەبات بکات و جێ پەنجەی بەسەر بواری هونەرەوە دیار بێت.

دەرکەوتنی ئەم سیما هونەرییانە لە هەوراماندا زۆر کارتێکەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵ هەبووە و بووەتە هۆکار هەتا کۆمەڵە ئافرەتێکی دی بێنە نێو مەیدانی هونەرەوە. هیوادارم بنەماڵەکان لەم پێناوەدا یارمەتیدەر بن و هەرگیز نەبنە کۆسپی سەرڕێی هونەرمەندانی خانم چونکە دیرۆک پێمان دەڵێت، ئافرەت لە هەوراماندا گەلێک ئازاد و سەربەستە و هەرگیز تۆ هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ژن و پیاودا ناکەیت. بەدڵنیاییەوە، هەر چەشنە خزمەتکردنێک بە هونەری هەورامان، دەچێتە خانەی ڕاژە و خزمەت هەر بە هەموو کوردستانەوە.

دوا وتە و پەیڤی هونەرمەند بەهرۆز بەڵخەیی بۆ ئەم هەڤپەیڤینە چییە؟

• ڕێزی فرەوان بۆ گۆڤاری بەیان، کە ئەم دەرفەتەی خستە بەردەمم هەتا دەنگ و ڕوانگە و بۆچوونەکانم لەسەر دوێنێ و ئێستای دنیای موزیک و گۆرانی هەورامی بۆ خوێنەری خۆشەویستی گۆڤارەکەتان و هەر هەموو جەماوەری ئازیزی ڕۆژهەڵات بگوێزمەوە.



پەروانە ئەحمەدێن - مەهاباد

# چوونی سەرچاك و پیران



هەر لەوکاتەوە مرۆڤ بیری کردۆتەوە و حەولی داوە خۆی و ژینگە وسروشت باشتر بناسێ، هەتا بە پێی توانا و بە خواستی ئارەزووی خۆی کەلکی لێوەرگرێ، تووشی بە تووشی گەلێک چارەنووسی دیار و نادیار هاتوە. لە گوزەری ئەم ڕێبازە دا هەر ئەوەندەی توانیویەتی تا ڕادەیەک لە باری گوزەرانی ماددیەوە ژیان و ژینگەی حاوانەوەی خۆی بگۆڕێ، لە باری جەستە و فیکریشەوە ئاڵوگۆڕی بەرچاوی بەسەردا هاتوە. وەک باری فیکری هەر دەم چارەنووسی خۆی بەو شت و بوونەوەرانەوە گرێ داوە کە لە خۆی بە هێزتر بوون و وەک پەرستیش پەرستووین یا وەک دژەبەر و ئاهریمەن لێیان‌ترساوە. جا لە کانیاوێکەوە بگرە هەتا چومێکی خوڕ ومەند و شاخێکی بەرز و بڵیند، یا دارە گوێزێک. وەک ئاژەڵ لە شێرەوە بگرە هەتا گورگ، سەگ، باز، هەڵۆ، تاوس و مار و جاڵجاڵووکە...

کاتێک بە پێی زەمان و مەڵبەندی ژیان و گەشەی فیکری بەو ئاکامە گەیشتوە کە ئەم دیاردانەش بێ روحن و ئەم جانەوەرانەش لە سەرنویشتی بوون و ژیان و نەمان هەمان چارەنووسی وەک خۆیان هەیە، فکر و بیری بۆ هێزی ئاسمانی و گرێدانی چارەنووسی بە دەست ئەستێران دەگوێزێتەوە بە تایبەت مانگ و ڕۆژ بە خوا دەزانێ. هەر وەها بێر لە دەستەڵاتێکی نادیاری بەهێز کە ژیانی ئێستای و دوا مردنی بەدەستە دەکات. بە تایبەتی بڕوا بە مانی روح. کە پێیوایە ڕوح نامرێ و هەر دەمێنێ و بەسەر چارەنووسی زیندوانەوە پاسەوانە و هەر دەم لێیان میوانە. ئەم بیرە هەتا ئێستاش هەر باوە و ئەو ڕازە هەرماوە. ئەوانەش وەک ڕوحە باش و نەباشەکان لە فکر و بیران دا گونجاون... ئەم باری فیکریە تا بە ئەمرۆکە ژیانی هەموو مرۆڤێکی سەرزەوی گرتۆتەوە. ڕەنگە

لە هێندێک قارە و وڵات و ناوچە نەمابێت یا کەمڕەنگ بۆتەوە، یا بەهێزتر بووە وەک وڵاتی ئێران بڕوا و پەنا بۆ ئیمامزادان و بەستنەوەی چارەنووسیان بەمانە و بە روحانەتی مردوانی بووە... ئەم دیاردەی باری فیکریە وەک بیر و بڕوا لە کوردستان و بە تایبەتی لە ژینگەی منیش وەک شاری سابلاغ هەبوو و هەر هەشە و خۆشم تێیدا بەشداربووم. ئێستا من دەمەوێ ئەم جارە چوونە سەر چاک و پیرانتان بۆ باس بکەم کە یەکێک لەم دیاردانەیە.

لە سابلاغی جاران ئەوەی بە بیری منە چوار پێنج دوکتور هەبوو کە ئەوانیش پسپۆر نەبوون تەنیا دوکتوری گشتی بوون کە بریتی بوون لە دوکتور جەعفەرشافعی، دوکتورویلیام لازار، دوکتور کەدخودایان، دوکتورهێڕۆئابادی، دوکتورخەتیب شەهیدی. دوکتور داود، دوکتور بنیامین. ئەمانەش هەر نیشتەجێ شار بوون و لە دەرەوەی شار نە دوکتۆر هەبوو ونە پرستار و نەدەرمانخانە....... سابڵاغ بە تەواوی گوندەکانی دەوران پشتێوە تەنیا نەخۆشخانەی شێروخورشیدی هەبوو و دەرمانگاییێکیش بە ناوی بێهداری چوارڕێی مزگەوتی هەباساغای(خودکفایی) کە دوکتۆرەکان بە نۆبە ڕۆژانە بە تایبەتی بەر لە نیوەڕۆیان نەخۆشیان دەدیت و دەرمانیان بۆ دەنووسی و ئاوێ بێنە دەستان بشۆ... ئینجا نەخۆش ئەوەندە زۆر بوو کات تەواو دەبوو و نەخۆش بۆ سبەی و دووسبەی دەمایەوە. بە تایبەتی گوندیەکان ناچار دەگەڕانەوە گوند و هەر وازیان لەم دوکتۆر و دەرمانە دەهێنا و خۆیان بە چارەنوسە فێکریەکە دەسپارد. بەهۆی کەم خوێندەواری یا ناچاری و بێدەرەتانی خەڵک زۆر باوەڕیان بە دووکتوران نەبوو. خۆ هەشیان با وەک باسم کرد دەستیان پێڕانەدەگەیشتن. بۆ زۆر گیر و گرفتی کاری و نەخۆشی جەستە و دەروونی باوەڕیان بە دۆعا و نووشتوو و چاک و پیر و جادوو و تلیسم هەبوو. وەک میراتی فیکریش هەر بۆیان مابۆوە وئێستاش هەر هەیە. هەر یەک لەو چاک و پیرانەشیان بۆ مەبەستێک دەستنیشان کرد بوو. بۆوێنە چاکی بابەقەتاری هەڵکەوتوو لە گوندی ئاجی کەند بۆ شیفای کۆخەی بە تایبەت کۆخەڕەشە، پیرمحەمەدی بووغدەداغی بۆ شیفای برینی جەستە وەک تیراوێ و کوان، سوڵتان سەید و قاز(سعدابن ابی وعاص) هەڵکەوتوو بەینی سابڵاغ و بۆکان لە جادەی برهانی بۆ یارمەتی ئەو خاتوونانەی کە عەولادی نێرینەیان نەبوو، کەس نەزان هەڵکەوتوو لە ناوچەی سەقز بۆ کەسانێک کە لەباری دەروونێوە گرفتیان بۆ پێش دەهات. شێخ گوڵ لە شاری بۆکانێ. گۆڕستان و مەرقەدی پیاوچاکەکانی دیکەش وەک نێو شار و نزیک لە شار بریتی بوون لە بداغ سوڵتان کە پێیان دەکوت بداغ سوڵتانی کەڕامەت دار، قسنی

هەواڵنامەی کتێب

شێخ تەها، خەزایی، مەلاجامی، قوڵقوڵاغ، چاکی تاقەدار، چاکەچکۆلە، ئەسحابەی سپی، چاکی مەحموودکان، چاکە سەربڕاوە، کەمێک دورتریش وەک چاکی حاجی مامیان، سەیدکاکەجان. لە شاری مەهاباد و دەوروبەری سەید و مەلا و شێخانی وەک جەنابانی سەیدعەبدولقادری ئەتهەری، شێخی برهانی، شێخی غەوسابادێ، شێخی زەنبیلی، سەیدعەبدولقادری گەیلانی، شیخی گەزگەزکی، شیخی زینوێ خەلانێ، مەلاڕەشە، مەلای دربکە هەبوو..... کە خەڵک دەچونە زیارەتیان و باوەڕیان پێ بوون، دیاری و سەر قەڵەمانەیان بۆ دەبردن ودۆعا و نووشتوویان لێوەردەگرتن. دۆعا و نووشتەیان لە پارچەی بە مێو دەگرت و لە ئاوێیان هەڵدەکێشا ئاوەکەیان دەخواردەوە و دۆعاونووشتوکەیان لە پارچێکی سەوز دەدروو و بە جێگەی ئازاردار یا بە بەرۆکیان هەڵداوەسی، یان لە نێو تووکی باڵنج و سرین یا لە سەردەرانی دەرکە دەشاردەوە. ئەو مێوەش بۆوەی بوو کە دۆعا و نووشتووکە کاتی لە ئاو هەڵکێشانی تەڕ نەبێ، هەر وەها زۆرتر دەوام بێنێ، واتە کاری پلاستیکی ئێستای دەکرد. دۆعاکان جیاوازبوون بریتی بوون لە دۆعای چاووزارێ، دۆعای خۆشەویستی، دوعای زمان بەستن، دوعای ڕەش بوون لە بەرچاوی خەڵک و خۆشەویست، دۆعای سەرکەوتن لە کار و کاسپی، دۆعای نەخۆشیان و دوعای ماڵی دزراو دینەوە....... لە سابلاغێ مەلاخرەیەک هەبوو دەیان کۆت نووشتووی یەکاویەکە و دەنکە جۆی بە دیوار هەڵا دەبات و هەموو جۆرە دوعایەکی دەنووسی و هەر وەبەر نەدەکەوت. نازانم چ دوعایەک بوو کە (دوعای ئەبودووجانە)یان پێ دەکوت، ئەوە نە بە هەموو کەسی دەنووسراو و نە بۆ هەموو کەس دەنووسرا، سەرقەڵەمانەی زۆر لەسەربوو، بە قەولی ئێستا سوپێر دوعا بوو. تەنانەت لە بەیت وباو و حەیرانانیشدا ناوی هاتوە و دێ. دۆعای تیغ بەند و گولەبەند هەبوو.

چوونی سەر چاک و پیران ڕێ و ڕەسمی تایبەتی هەبوو کە بۆ خۆی حیکایەتێکە. تێکەڵاوێک بوو لە تۆبەی بڕواداران و پاڕانەوە... سەیرانی بە کۆمەڵ و سەیر و سوحبەت و گاڵتە و جەفەنگ و دڵداری و گرتنی ڕەشبەڵک... دیارە هەر چاک و پیرەش ڕۆژی خۆی بۆ دیاری کرابوو. وەک کام ڕۆژی هەفتە.

بۆ چوونە سەر ئەو شوێنانە لە پێشدا خزم و کەس و جیران و دۆست و ئاشنا یەکتریان ئاگادار دەکرد کە بۆ وێنە ڕۆژی چوارشەممە دەچینە سەر فلانە چاکی، بۆ خواردن هەرکەس هەرچی بۆی گونجابا و پێیخۆش با سازی دەکرد، میوە و تۆگوڵەبەڕۆژە و تۆ کالەک و تۆ کولەکە و مێوژ و گوێز و غوراپی و نوقڵیان لەگەڵ خۆیان دە برد، بۆ نەهاریش هەموو بنەماڵەکان دڵخواز چێشتیان دێنا و ئێواریش هەر لەو شوێن زیارەت و پاڕانەوە دۆڵمە و دۆکلیو لە سەرئاورگی گەرم دەکراوە یا ساز دەکرا. کازیوەی بەیانی هەموو ماڵەکان لە شوێنێکی دیاری کراو ڕادەوستان ئەگەر چاکەکە نیزیک بوایە بە داشقەی ئەگەریش دوور بوایە بە ماشێنی باری بە سڵاوات لێدان و فاتیحا و قولهوئەلا خوێندن و دەفە لێدان وەڕێ دەکەوتن. هێندێک جاریش بە دەنگ خۆشەکان ئێزن دەدرا کە گۆرانی بڵێن و چەپڵەڕێزانێک سازکەن کە قەت خەمەچاوەش و لۆتی لاوە نەیان کردبێت. یا بە دوو دەسران سەمای ئایینی بکەن. بۆ بەرچای بەیانی دەگەیشتنەشوێنی دیارکراو(سەر زیارەتگە)، پێش هەموو کارێک سەماوەری ڕەژی هەڵدەکرا و سفرە ڕادەخرا و بە دڵێکی خۆش بەرچایی بە پەنیر و ماست و شیرێژ و ڕۆن و قەیماغ و هەنگوین و یارەڵماسی کولاو و هێلکە و بە تایبەت حەڵوا دەخورا. دوای خواردنی بەرچایی نەخۆش و نیازدارەکان دەست نوێژیان هەڵدەگرت و بە سڵاوات لێدان و دۆعا کردن و پاڕانەوە لە بەر خودا و پێغەمبەر و ... دەچونە سەر چاکی. کە دەگەیشتنە سەر چاکەکە حەوت جار بە دەوری دا ئی وابوو سێ جار... دەگەڕان و پەڕۆ و تیتۆڵی ڕەنگاوڕەنگیان بە کێلەکان و دارەکانی سەرگۆڕەکان هەڵداوەسی. جا ئەو جار دوایە کێلی گۆڕەکەیان ماچ دەکرد و خۆڵی دەوران پشتی چاکەکەیان لە دەم و چاو و پشت و لاق و شوێنی باداری و هەر شوێنێک لە جەستەیان کە ژانی کردبایە هەڵدەسوو. کچە جحێڵەکان خەریکی چلدانە گرتنەوە دەبوون و دۆعایان دەکرد کە مێردی بکەن. بێ ئەژمارکردنی بەردەکان جووت جووت وەلایان دەنان ئەگەر لە ئاخرێ دا بەردێک تاق ماباوە، مانای ئەوە بوو چلدانەی ڕاست هاتوە و دڵخۆش دەبوون و بەردەکەیان ماچ دەکرد و هەڵیان دەگرت، پێیان وابوو بە ئاواتی دڵیان دەگەن. کاتێک ئاواتەکەیان وەدی دەهات بەردەکەیان لە چۆمی داویشت. دوایە بەردەپانی چووکە چووکەیان هەڵدەگرت بە بەری دەستی یا لکی دەسماڵ و پشتێند یا دامێنی کراسی پاک پاک خاوێنیان دەکردەوە و بە کێلەکەیانەوە دەنووساند. ئەگەر پێوە نووسابایە پێیان وابوو باش هاتوە و چلدانەیان گرتوویەتی، ئەگینا نەیگرتوە و ئاکامەکەی ناکامیە و خراپە. ئێمەی منداڵی بەدفەڕی قشکەی دوومۆریش بێکار نەبووین، هەرچی گەورەکان دەیان کرد لاسامان دەکردنەوە، جا منی بزۆز جارێک هەرچی کردم بەردەکەم بە کێلەکەوە نەدەنووسا تۆزێک بنێشتم لە زارم دەرهێنا و بەردەکەم بە کێلەکەوە نووساند و دەستم پێکرد بە هەڵبەزدابەزێ و چەقرەسەمایە. هەر چەند کچە لاوەکان دەیانزانی فێڵم کردوە بەڵام ماچیان کردم و نوقڵ و غوراپییان دامێ.

لەسەر چاکی بابەقەتارێ هەرمێی وردی ئێشکیان دێنا کە پێیان دەکوت هەرمێ ڕەقە، هەرکات کەسێک کۆخەی گرت با، هەرمێکەیان لە ئاوێ هەڵدەکێشا و ئاوەکەیان دەدایە بیخواتەوە. لە سەر چاکی پیر محەمەدی بووغدەداغی مریشکیان سەر دەبڕی و بە خوێنی مریشکەکە و خۆڵی سەر چاکەکە قوریان دەگرتەوە و لە برینەکەیان هەڵدەسوو. (وا بزانم دەبوا هەر مریشکی سپی بێت) بەڵام نەدەبوا ئەوان بۆ خۆیان مریشکەکەی بخۆن و دەیان دا بە خەڵکی هەژاری گوندەکە. ئەو ڕۆژە هەر خەڵکی ئەو گوندەحەقیان هەبوو لە وێ بن و هەمیشەش چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بوون بۆ مریشک خواردن... دوای خواردنی دۆڵمە و دۆکلیوی ئێوارێ خەڵکەکە کۆدەبوونەوە و بە دڵێکی شاد و پڕ لە هیوا بە خۆشی لەم ڕۆژە زیارەتە یا باشتر بڵێم سەیرانە بەرەو شار و ماڵ دەگەڕانەوە.



**حەسەن سینا ـ مهاباد**

**یانەی شاخەوانی بەرزینی مەهاباد**

# بەزاندنی لووتکەی مام قۆچاغ

Mahabad BARZIN Mountain Climbing Group

بڕیارمان داوە لووتکەکان ببەزێنین و چاوێکمان لە نیشتمانمان بێ و پارێزەری بە ئەمەگی ژینگەمان بین.

لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدە وەرزشی شاخەوانی لە ئەمریکا سەری هەڵداوە و لە زێدی ئێمەش واتە شاری مهاباد بە پێی بارودۆخی سرووشت و چیا بەرزەکانی لە مێژە ئەو وەرزشە لایەنگری خۆی هەبوە و وەکوو دیارە لە خوێنمان دایە، جا بۆیە چ بە تاک و چ بە گرووپ، خەڵک شاخەوانیان کردوە و هەر لەو ڕێبازەدا شاخەوانی دێرینمان زۆرە کە ئێستاش وەکوو پێشکسوت لە ناومان دا دەژین و مایەی شانازی ئێمەن.

بە داخەوە بە هۆی ئەوەی کە ژمارەیان زۆرە ناکرێ ناوی هەموویان بێنین بەڵام چوونکە ڕێگای شاخەوانیان بۆ خۆش کردووین دەستیان ماچ دەکەین.

لەم ئازیزانەش چەندین کەسیان لە چیاکانی شارەکەمان بە هۆی ڕاوەستانی دڵ، بەرەو ئاسمانی هەرمان فڕیون.

شاخەوانی بەشێکی گرینگ لە ئەوین و ژیانی شاخەوانە کە بریتیە لە وەرزشی جەستەیی و دەروونی.

وەرزشی شاخەوانی چەندین لق و پۆپی لێ دەکەوێتەوە کە هەر یەکەی زانستی خۆی پێویستە وەکوو: شاخەوانی، ڕەوەزوانی نێو ساڵۆن، ڕەوەزوانی ناو سرووشت، ئەشکەوتەوانی.

لە ڕابردوو شاخەوانی شێوازێکی سوننەتی هەبوو بەڵام ئێستا بۆ پاراستنی گیانی شاخەوانان ڕاهێنەرانی بە ئەزموون و شارەزا هاتوونە گۆڕەپان کە لە چوار چێوەیەکی ئاکادمیک تێدەکۆشن تا لەو بوارە دا کەسایەتی شیاو و حیماسەخولقێن لە نیشتمانمان سەرهەڵدەن هەر بۆیەش بە پێویست دەزانین یادێک بکەین لە نەمران: محەممەد ئەوراز و موقبیل هونەرپەژوە کە بەش بە حاڵی خۆیان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە هەوڵێکی بێ وچانیان دا تا ئەو وەرزشە لە سابلاغ و شارەکانی دەوور و بەری بەرەو شاخەوانی ڕۆژی دنیا هان بدەن و لە ئاکامدا سەرکەوتووش بوون ئەگەرچی لە ڕێگای ئەوینی شاخەوانی گیانی خۆیان بەخت کرد.

شاخەوانی پێویستی بە ئامادەیی جەستەیی وکەل و پەل و ئامرازی تایبەت هەیە. شێوازی شاخەوانی بە پێی لووتکە و بەرزایی و کەش و هەوا جیاوازە و وەکوو دەڵێن ئەوە کێوە کە دەبێ ئێزن بدا کە لێی سەرکەوین یا سەبر بگرین. دیارە شاخەوانی مەترسیشی هەیە و شاخەوان دەبێ وێڕای زانستێکی پتەو، خاوەنی ورەی بەرز بێ.

مهابادو کەژەکانی دەورانبەری ڕەخساوی سرووشتێکی جوان و تایبەتن کە گونجاوە بۆ ئاشنا بوونیان باسیان لێ بکرێ. چەند ساڵێک دەبێ کە شاخەوانەکانی شاری مهابادیش بە شێوەی یانە و گرووپ لووتکەکانی نیشتمان دەبەزێنن.

یانەی شاخەوانی بەرزین یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە کە لە ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی بە هاوکاری حەسەن سینا، جەماڵ یۆسفی و شەهرووز سەفەری بەردی بناغەی دامەزراوە. یانەی شاخەوانی بەرزین کۆمەڵێک چالاکی لەچیاکانی سەر بە مهاباد ئەنجام داوە کە بڕیارە بۆ ئاشنایی لە ژمارەکانی داهاتوو دا لە گۆڤاری بەیان بۆ خوێنەرانی خۆشەویست باسیان لێ بکەین. لە کۆتایی دا دەبێ ئاماژە بکەین کە ڕوانگەی شاخەوانی ڕاستەقینە ئامانج گەیشتن بە لووتکەی مرۆڤایەتییە تا ساغ بیر کەنەوە و ساغ بژین...

هیواداڕین بە دڵتان بێ و چێژی لێ وەرگرن.

ناوی ڕاپۆرت: بەزاندنی لووتکەی مام قۆچاغ

بەرزایی لە سەتحی دەریا: دووهەزار و سەد و نەوەد میتر

بارودۆخی بەرنامە: نیوە سووک

ڕێکەوتی بەرنامە: ڕۆژی هەینی ٢ی خەزەڵوەری دووهەزار و حەوسەد و بیستی کوردی

کاتی ڕێ کەوتن: کاتژمێر ٣٠ / ٦ بەیانی

ژمارەی بەشداران: ٢٩ کەس

بەرپرسی بەرنامە: ئەیوب کووشا (فەرشاد)



ڕێنوێنی بەرنامە: هادی ئاب خزر
کەرەسەی هەڵگر: ٢ مینی بووس
کورتەباسێک لە سەر کێوی مام قۆچاغ:
ئەو کێوە لە چەند لاوە دەڕوانێتە سەر گوندەکانی بایین دەرێ، مەحمەشە، دایماو، ماسوێ، کەرێزەی شێخان، ئاڵبلاغ، تووت ئاغاج. باریکە چۆمێک لە سەرچاوە کێوی بایزبەگ و هوومام، بەشی داوێنی باکووری ئاودێر دەکا و ئاوی بایین‌دەرێ داوێنی باشووری ئاودێر دەکا.
بە ڕەواڵەت دەتوانین بڵێین کە ئەو وشانەی بە سەر گوندەکانی دەوروبەری مام قۆچاغ دایە، لە وشە پتەو و ڕەسەن و مێژوویی ئەو وڵاتەیە وەکوو: بایین دەرێ (کە بریتی لە دوو وشەی بەهایین بە مانای دینی گەورە یا دینی بەهی، دەرێ بە مانای یەزدان پەرەستانی کۆن)
دەتوانین بڵێین کە بەڵگەی ئەو وتارەش کانیاوێکە بە ناوی خودا پەرەستە لە تەنیشت شوێنێک بە ناوی «وشتر مل»کە مام قۆچاغ دەڕوانێتە سەر ئەو شوێنانە.
کێوی مام قۆچاغ لە دوو وشەی «مام»کە وشەیەکی مێژوویی و کوردیە، وە «قۆچاغ»کە ئازەرییە و دەبێ لە سەردەمی سەلجوقیان یا مغولەکان بە سەری دابڕابێ.
دیارە وشەگەلێکی‌تریش تێکەڵاوی مێژووی لەمێژینەی ئەو مەڵبەندەیە وەکوو:
دۆڵ تانج، سمۆرە سپی، دایماو، ماسوێ (کە ماسوێ بەرابەری دەکا دەگەڵ وشەی «پارسوێ» کە شارستانێکی زۆر کۆن و مێژوویی نزیک بە سێ هەزار ساڵە کە لەمەوبەر ناوی هاتووە).
لە داوێنی باشووری ئەو کێوە، لە نزیک گوندی بایین دەرێ پاشماوی شوێنەوارێکی مێژوویی بە ناوی «قەڵای بایین دەرێ» خۆی دەنوێنێ.(زانیاریە مێژوویەکان بە یارمەتی مامۆستامان ئاغای مەحمود پێدرام بوو)

کەش و هەوای کێوی مام قۆچاغ:
بە هۆی ساردی و کوێستانی ئەو کەژە بەفرێکی زۆر لەوێ دا دەمێنێ.
گیا و گوڵی کێوی مام قۆچاغ:
گیا و گوڵێکی کێوی وەکوو گێلاخە، ئەسپێنگ، کەنگر، کارگ، گەزیزە، پاییزە، چرێش، چاڵووک ڕازێنەری بەژنی مام قۆچاغە.

زیندەوەری کێوی مام قۆچاغ:
گورگ – ڕێوی – کەروێشک -چەقەڵ – کەو – چۆلەکە، کۆترە باریکە

ڕاپۆرتی بەرنامە:
کاتژمێر ٧ی بەیانی (بە نیو کاتژمێر درەنگی) بەشدارانی تیم بە دوو مینی بووس کە ڕۆژی پێشتر لە لایەن یانەی شاخەوانی بەرزینی مەهاباد هاوئاهەنگیان لەگەڵ کرابوو بەرەو گوندی بایین دەرێ کە نزیک ١٥ کیلۆمیتر لە شاری سابلاغ دوورە وەڕێ کەوتین. کاتژمێر ٣٠ / ٧ لەو گوندە لە مینی بووس دابەزین و یەکەم هەنگاوەکانمان بەرەو مام قۆچاغ هەڵگرت. دوای یەک کاتژمێر شاخەوانی، تیم بۆ خواردنی ژەمی بەیانی لە قەراغ کانیاوێک دانیشت.
بەرپرسی بەرنامە یەک کاتژمێری بۆ خواردن نان و چای بەیانی تەرخان کرد بۆیەش لە دوای تێپەڕ بوونی ئەو کاتە، ئەندامانی تیم بە یەک ڕیز و لە پشت سەری یەک بەرەو لووتکە جووڵەیان کرد.
لەو مەودایەدا چەند جار بۆ پشوودان و گۆڕینی جل و بەرگی تایبەت بە کەش و هەوا ڕاوەستاین.
بە هەوایەکی پڕ هەور و هێڵ کە تێکەڵاوی با بوو هێورهێور درێژەمان بە شاخەوانی دا تا لە ئەنجام دا کاتژمێر ١٢ سەرجەم ئەندامانی تیم بە سلامەتی لووتکەی مام قۆچاغمان بەزاند و لە دوای پیرۆزبایی کردن لە یەکتر بەرەو گوندی مێژوویی «بایین دەرێ» شۆڕ بووینەوە.
بە هۆی ئەوەی کە بەڵێن درابوو بە ڕێپێوان بەرە شاری سابلاغ بینەوە، بە لادان لە گوندی بایین دەرێ لە دەستی ڕاستەوە بەرەو سەرچاوەی کانی شێخان کەوتینە ڕێ.
مەودا کەم نەبوو بۆیە کاتژمێر ١٥ بۆ ژەمی نیوەڕۆ لەو سەرچاوە بە شکۆیە دابەزین و خەریکی ساز کردن و خواردن بووین.
دوو کاتژمێر خایاند کە هەستاین و دووبارە لە شوێنێک بە ناوی «بەردە گەورە»بەرەو سابلاغ بووینەوە. لە بەردە گەورەش چەند خولەکێک پشوو دانمان هەبوو.
کاتێک گەیشتینەوە سابلاغ کاتژمێر ٣٠ / ١٩ بوو کە شەوی تاریک فەرمانڕەوایی دەکرد بەڵام بە شادیەوە هەمووومان بە سلامەتی بەرەو ماڵ بووینەوە.

خاڵەکانی بە هێزی بەرنامە:
هاودڵی ئەندامانی تیم و گوێ دان بە ڕێنوێنیەکانی بەرپرسی بەرنامە.
خاڵە لاوازەکانی بەرنامە:
نەبوونی چرای نێوچاوان لە لایەن زۆربەی بەشداربوان (بەهۆی ئەوەی کە لایان وا نەبوو کە دەکەونە بەر تاریکایی) کەچی شاخەوان هەمیشە دەبێ ئەو کەرەسە گرینگەی لە ناو کۆڵە پشتی دا هەبێ.

# شاری جوانی بۆکان



کاتێک مرۆڤ بیر لە تێپەڕینی ژیانی دەکاتەوە، سەری سوڕ دەمێنێ، نازانێ لەسەر ئەو عەرزە پان وبەرینە بەرەو کوێ مەنزڵ دەبڕێ و لە کوێ قۆناغ دەگرێ و بەرەو کوێ دەچێ و سەرئەنجام لەچ سنوور و کەوشەنێک مەنزڵ دەبینێتەوە؛ واتە مرۆڤی ژیر و بەبیریش ناتوانێ بە خاترجەمی ناونیشانی ڕاستەڕێی ژیانی دەستنیشان کا، بەڵکوو مرۆڤ هەڵوەدای چارەنووسی نادیاری خۆیەتی، وەک ئاوماڵک لە ناو لافاو و گێژاوی قەزا و قەدەردا پەلەقاژەیەتی و نازانێ لەکوێڕا بەرەو کوێ دەچێ و تێناگا دەورانی ژیانی چۆن تێپەڕ دەبێ و بەچ لایەکدا دەسووڕێ؟!

منیش هەروا، کاتێک بۆ چەند خولەک لە کێشەی ژیان قوتار دەبم و بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە، سەرم سوڕدەمێنێ، تەمەن بۆوا بە زوویی وەک برووسکەی هەوری بەهار تێپەڕی و سەردەمی کرچی ژیان و کاڵی تەمەن و هەڕەتی لاوی و هەڕەمەی جوانی و بۆشناغی و بەدەماغی بەئەسپایی راخوشی و هەستم پێنەکرد.

هەر دۆینێ بووبابم دەستی گرتم وبردمیە قوتابخانەی گوندو لەپۆلی هەوەڵ ناونووسی کردم، هەردوێنێ بوولە ڕۆژێکی پرلەبیرەوەری بابم بردمیەشارەخونچیلانەکەی بۆکان ولەقوتابخانەی ناوەندی «کورش کبیر»ناونووسی کردم. هەردوێنێ بوو، بارگەوبنەمان تێک نا بە خاووخێزانەوە بەرەو مەهاباد وەڕێکەوتین. پەنجا ساڵ ئەو شارە بوو بە جێی ژیانمان، هەر دۆێنێ بوو لە قوتابخانەی ناوەندی ئەو شارە «دبیرستانی محەممەد ڕەزا شا›› درێژەم بە خوێندن دا و دواتر بۆ خوێندنی باڵا بەرەو شاری سنە وەڕێکەوتم و لەو شارە بووم، شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەردا هات و شا هەڵات.

هەر دوێنێ بوو ڕووم لە شاری سەردەشت کرد و پێنج ساڵ لەو شارە بووم بە مامۆستا و لە نزیکەوە دەنگی خومپارە و کاتۆشا و ئارپیچی شەڕی ئێڕان و عێراقم گوێ لێبوو. هەروا بۆنی باڕووت و بۆکڕووزی ئێسکی سووتاو و مەرگم بە جەرگ و هەناو هەست کرد. زۆر ڕووداو و بیرەوەریتر، گلۆڵەی مێشکم لەدرێژایی تەمەنم زۆری بیرەوەری تاڵ و شیرن تۆمار کردووە و لە جانتای پڕ لە خاترەدا هەڵیگرتووە.

بەڵام بیرەوەری ئەو ساڵەی لە بۆکان قوتابی بووم (١٣٥٠ی هەتاوی) بیرەوەرییەکی جیاوازە. یاد و بیرەوەری قوتابخانە و مامۆستاکان و گەڕەک و کۆڵان و بازار و مەیدان و قەپان و مەڵبەندی ژیانی باپیر و خاڵ و مام و ئامۆزا وکەس‌وکارم زۆرتر و زیاتر لە مێشکمدا جێگیر بووە و لە زەینمدا ناسڕێتەوە. ئێستایش وا هەست دەکەم ئاواڵ و ڕەفیق و دەستە برا و هاوتەمەناکانم هەر لەبەر چاومن و لە دەورەم هاڵاون و باسی قووتابخانە و خوێندن و تاقیکاری و نمرە دەکەین و تامی شەربەتی «ئەحمەد عەدە›› وەسەر قسەی خستووین.

دیمەنی سروشتی جوانی شاری بۆکان هەر لە زەینم دایە، ڕەوتی زەمان نایسڕێتەوە. درێژایی چۆمی گەورەی تەتەهوو کە لە تەنیشت ئەو شارە تێدەپەڕێ، بڵێندایی ناڵەشکێنە کە هەموو ڕۆژێ مزگێنی ڕۆژێکی نوێی پێبوو، قووڵایی و مەندی گۆمی سەر سەکۆ و پانایی و بەرینی دەشتی عەلیابات و شینایی قۆپیەکانی حەمامیان و سام و هەیبەتی گومبەزی سەردار، هێمای غیرەت و ئازایەتی سەردار حەمەسێن خانی شەهید، شکۆی قەڵای سەردار وەک وێنەیەک لە شەوکەت وویقار و دەسەڵات، حەوزە گەورە وەک هێمای سروشتی و فەرهەنگی و مێژوویی و ڕەمزی ئاوەدانی و پاک و خاوێنی و وەبیرهێنەری ئازایەتی شێرە پیاوی بەگزادە «عەلی بەگی یەکشەوە›› کە لەسەر ئەو حەوزە لە دار درا، هەروا هەیبەتی مزگەوتی سەردار لە تەنیشت حەوزە گەورە ڕەمزی خودا ویستی و خودا باوەڕی و خۆپارێزی و بەندایەتی خودا، ئەوانە هەموو من دەبەنەوە پەنجا ساڵ پێش ئێستا، ئەو کاتەی لەو شارە قوتابی بووم.

ئێستاش دوای نیو سەدە، کاتێ بەیادی ئەو سەردەمە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو مەڵبەندەو بۆ شاری جوانی بۆکان دەگەشێمەوە و پانۆڕامایەک لە بیرەوەریەکانم بە بەرچاوم دادێن و دەڕۆن. ژیلەمۆی ئاوری دەروونم، گەرمی خۆشەویستی دەدا بە لەشم، لەنێو ئەو بیرەوەریانەدا ون دەبم و لەبەر خۆمەوە ئەو دوو بەیتەی «هەردی»دەڵێمەوە:

بەڵێ کاتێ بەخۆم زانی، بەهاری پڕ ئەوین ڕۆیی
خەم و ئاواتی چەند ساڵە و بەڵێنی پێگەیین ڕۆیی
بەڵێ ئێستا ئەوەی جێماوە بۆ من: یادگارێکە
بەسەرهاتی دڵی ورد و بەسەرچوونی بەهارێکە

ئێستاش بۆکان لەبەر چاوی من؛ واتە جوانی، جوانی سروشت و جوانی مرۆڤ و جوانی ئاو، هەموو جوانییەک لەو شارەدا کۆبۆتەوە و بووە بە بووکی شاران، جوانی و

هەواڵنامەی کتێب



**محەممەد ئەحمەدیان ـ مەهاباد**



ڕازاوەیی و شۆخ و شەنگی و دڵگری بۆ مسۆگەر بووە. مامۆستا هەژار ماوەیەک لەو شارە ژیاوە و دەڵێ: بەس

خەواڵوو بەخەیاڵ بڕوانە
شاری بۆکان وەکوو «بووک»ان جوانە

سەبارەت بەهۆی ئەو جوانی و دڵگرییە پرسیارم کرد و پرسیم بۆ ئەو شارە بووە بە بووکی شاران. لە وڵامێکی ڕۆمانسیانە دا پێیان گوتم: وەنەبێ هەروا بە هاسانی بۆکان بووبێتە بووکی شاران، سروشت بۆ ڕازاندنەوەی ئەو بووکە جوانە زۆری حەول داوە و دەستی نیازی بۆ هەر لایەک درێژ کردووە، لەپێشدا بە ئاوی ڕوون و زوڵاڵ و خاوێن و بێخەوشی حەوزە گەورە، دەستنوێژی پاک و خاوێنی وداوێن پاکی پێ‌هەڵگرتووە، بۆ ئەوە شێوەیەک لە ڕووسووری وەڕوومەتی ئاڵ و سووری ئەو بووکە بکەوێ. سێوی لاسووری خوراسانەی بەدیاری بۆ بردووە، لەجێی مێخەک و سمڵ، لۆچێک جاترە و نەعنای کێوی حاجی کیمی ئاوێتەی مێخیکدانەکەی کردووە. ئەوجار بۆ لەرەی گوارەی گوێی ئەو بووکە، لەبەڵا ڵوکەکانی باغی میراوا دوو هێشووی وەرگرتووە و شێوەیەک لە لارولەنجەی شۆڕەبیەکانی باغی قازی بۆ قەرز کردووە. بۆ نەخشاندنی کۆڵوانەی سوور و چارۆکە و دەسماڵی حەریری دوو بەری لاشانی ئەو بووکە جوانەی بۆکان لە مێرگ و قۆپیەکانی پێدەشتی گەورەدێی حەمامیان و عەمبار چەند وێنەیەکی هەڵگرتووە. بۆ ڕازاندنەوەی پشتێنی دەسرەی هەوری و تەشک و داوێنی کراسی دادەدڕێ ئەو بووکە لە گوڵە زەرد و سوورەکانی پێدەشتی سەدرابات وئاجی کەند و ئاشی گوڵان چەند دەستە گوڵی هەڵبژاردووە. لە دواییدا لە دووکانەکەی حاجی عەلی کڵاو دروو تاسکڵاوێکی تەواو موکریانی بۆ وەرگرتووە. لە دووکانی «مووشەجوو›› هەیاسە و گەردانە و گۆبەرۆکی پڕ بە سینگ و بەرۆکی هەڵبژاردووە و گۆزەی سووری تازە لەکڵ دەرهاتووی دەستکردی سەرە ژنانی کەرێزەی گڵی بۆ وەرگرتووە، بۆ سڕینەوەی فرمێسکی شەرمی ئەو بووکە، چەند دڵۆپ شەرم و حەیای لە کیژەکانی ئەو شارە وەرگرتووە و بۆی لە کولتوور و مێخەکدان هاویشتووە، لەگەڵ تەواوی ئەوانە نازی هەزار چاوی ڕەشی بۆ کڕیوە و بۆ دوور بوون لە چاوی بەخیلان و زاری حەسوودان، نووشتووی چاوەزاری لە لای «خاسەجوو›› نووسیوە و لە گومبەزان و لە قسنی شێخ مەحموود و حاجی شێخ گوڵ دۆعای بەختی بۆ کردووە و بۆی لە دەوری چاک و پیر و بابە قەتار و سەید کاکەجان گەڕاوە، ئەوجار بولبولی دەنگ خۆشی موکریان «حەسەن زیرەک›› خۆی کردۆتە غوڵامی سیخمەی کۆنی ئەو بووکە وبە لارولەنجەیدا هەڵکوتووە. بەو شیوە بووکی جوانی بۆکان بەدەم بەیانی وەپێکەنین کەوتووە.

خودالێخۆشبووی بابم «مامۆستا ئەحمەدیان»وێنەی ئەو شارە جوانەی بەو شێوە کێشاوەتەوە:

شەماڵ هەستە مەوێستە ڕامەمێنە
بڕۆ لەو شارە وێنێکی بهێنە
گوڵی دڵ دێتە پشکوتن بە سروەی
دیارێکی ئەمین و دڵڕفێنە
نییە زاڵەی ستەم ناڵە نەخۆشی
کەپشتی گرتووە «ناڵەشکێنە»
ئەگەر بۆ «کانی»جوانی لێت بپرسن
بڵێ بۆکان، لە جوابدا دامەمێنە
لە ڕەمزی ‹›تۆڵەکە››ی تۆقیوە دوژمن
کە ئەو شارە لە تۆ تۆڵەستێنە
نیشانی دوژمنی دا «بەردەزەردی»
کڵۆکەی جوابی بەردی سەر شکێنە
دەڵێی گوورا لە ئازادی کوڕی وی
لەنێو هەر ڕاپەڕینێک دا هەوێنە
بەسام و هەیبەتی ڕۆڵەی «عەزیز»ی
وەکوو تیغی دەبانی سەر خەزێنە
مەگەر سەردار نەچوو سەرداری ئیعدام
کە دوژمن پێیدەگوت سەردانەوێنە
قەڵای چۆل کرد هەتاکوو بێتە بیرگەی
کوڕانێکی کە دڵیان پڕ لە خوێنە
کوڵی دڵ هەڵڕژێنە حەوزەگەورە
تەمی تازیەی لەسەرتە مەیرەوێنە
بهاژێ تۆش کوڵی دڵ هەڵڕژێنە
دەسی تووک و نەزاکەی خۆت هەڵێنە
بڵێ خوایە، بەخاتر خوایەتی خۆت
حەقی بێ زۆر لە زۆردارن بسێنە



کەریم میکائیلی ـ سائینقەڵا

# ئەسمەر چما نەهاتی (Esmer çima nehatî)

Zivistan çû buhar hatiye
زڤستان چوو بوهار هاتیە
Piyade çû suwar hatiye
پیادە چوو سووار هاتیە
Paş xîle întizar hatiye
پاش خیلە ئینتزار هاتیە
Esmer çima nehatî
ئەسمەر چما نەهاتی
Obê siwe siwe bar kir
ئۆبێ سوە سوە بار کر
Baran barî hewê sar kir
باران باری هەوێ سار کر
Heyvan û qird û qûş tar kir
هەیڤان ئوو قرد ئوو قووش تار کر
Lê tu çima nehatî
لێ تو چما نەهاتی
Malan bar kir çûne wargan
مالان بار کر چوونە وارگان
Kûn vegirtine li rastan
کوون ڤەگرتن ل راستان
Bezik çûne nav kelaban
بەزک چوونە ناڤ کەلابان
Esmer çima nehatî
ئەسمەر چما نەهاتی
Dibariye çîze û baran
دباریە چیزە وو باران
Li ser wergê li ser waran
ل سەر وارگێ ل سەر واران
Çima dûr çûyî li diyaran
چما دوور چوویی ل دیاران
Xwangê çima nehatî
خوانگێ چما نەهاتی
Keçikî çavreşê diyan
کەچکی چاڤرەشێ دیان
Li nav gul û li nav giyan
ل ناڤ گول وو ل ناڤ گیان
Diçinine paniyê miyan
دچننە پانیێ میان
Lê tu çima nehatî
Dilopê ser yasemenan
دلۆپێ سەر یاسەمەنان
Bînî gulê nav çîmanan
بینی گولێ ناڤ چیمانان
Bela biye biyabanan
بەلا بیە بیابانان
Esmer çima nehatî
Moz li qirnan şan dikiye
مۆز ل قرنان شان دکیە
Mî li gwirê gan dikiye
می ل گورێ گان دکیە
Şivan zû zû ban dikiye
شڤان زوو زوو بان دکیە
Lê tu çima nehatî
Kwilgê piyan daketiye
کولگێ پیان داکەتیە
Deste pez lê raketiye
دستە پەز لێ راکەتیە
Helam noweçî natiye
هەلام نۆوەچی ناتیە
Esmer çima nehatî
Şivan li cem gwirê maye
شڤان ل جەم گورێ مایە
Mîyê heval cêwî zaye
میێ هەڤال جێوی زایە
Şûna xwe pirr berbe ba ye
شوونا خوە پر بەروە بایە
Lê tu çima nehatî
Keçikî çavreşê diyan
کەچکی چاڤرەشێ دیان
Kûzî avê li ser piyan
کووزی ئاڤێ ل سەر پیان
Terine teref kaniyan
تەرنە تەرەف کانیان
Lê tu çima nehatî
Pez anîbûne cem baxan
پەز ئانیبوونە جەم باخان
Nîşan dikirin bi daxan
نیشان دکرن ب داخان
Jin hatibûne suraxan
ژن هاتبوونە سوراخان
Lê tu çima nehatî
Binî malan bi qamiş e
بنی مالان ب قامشە
Tijî golik û gamiş e
تژی گۆلک ئوو گامشە
Ba didiyê goşe goşe
با ددیە گۆشە گۆشە
Lê tu çima nehatî
Ba didiyê tep û toz e
با ددیێ تەپ ئوو تۆزە
Ortî ocêx tijî koz e
ئۆرتی ئۆجێخ تژی کۆزە
Dêlegurek ûze ûz e
دێلەگورەک ئووزە ئووزە
Lê tu çima nehatî
Lê wî tayê me dare gwîz e
لێ وی تایێ مە دارە گویزە
Kaniyê bin sar û temîz e
کانیێ بن سار ئوو تەمیزە
Xatirê te sew me ezîz e
خاترێ تە سەو مە ئەزیزە
Lê tu çima nehatî
Berf diheliye li çiyê
بەرف دهەلیە ل چیێ
Pez bela biye nav giyê
پەز بەلا بیە ناڤ گیێ
Berxik dimijiye miyê
بەرخک دمژیە میێ
Esmer çima nehatî
Me çend caran name kişan
مە چەند جاران نامە کشان
Sewa te întizar dişan
سەوا تە ئینتزار دشان
Tu natî me hêstir rişan
تو ناتی مە هێستر رشان
Esmer çima nehatî
Sê keçike teze dişî
سێ کەچکە تەزە دشی
Bi destmalî dore rişî
ب دەستمالی دۆرە رشی
Av tînanin av hirdişî
ئاڤ تینانن ئاڤ هردشی
Lê tu çima nehatî
Laçîn derketiye ser qeyê
لاچین دەرکەتیە سەر قەیێ
Çav li erdê çav li hewê
چاڤ ل ئەردێ چاڤ ل هەوێ
Dixwaziye bîre kewê
دخوازیە بیرە کەوێ
Lê tu çima nehatî
Jinkê meşka xwe kiyabû
ژنکێ مەشکا خوە کیابوو
Şîrê xwe yê teze meyabû
شیرێ خوە یێ تەزە مەیابوو
Kelemtarke bi heya bû
کەلەمتارکە ب هەیا بوو
Lê tu çima nehatî
Deste ozerig anîbûn
دستە ئۆزەرگ ئانیبوون
Li ser tîtikan danîbûn
ل سەر تیتکان دانیبوون
Sa nezeran şewtandibûn
سا نەزەران شەوتاندبوون
Lê tu çima nehatî
Çerçî wesayil anîbû
چەرچی وەسایل ئانیبوو
Li qenşerê kûnan danîbû
ل قەنشەرێ کوونان دانیبوو
Mi sa te guzkî sanibû
م سا تە گوزکی سانبوو
Lê tu çima nehatî
Tu natî li me êxistin
تو ناتی ل مە ئێخستن
Li nav wargan em derxistin
ل ناڤ وارگان ئەم دەرخستن
Ar bi dilê me êxistin
ئار ب دلێ مە ئێخستن
Esmer çima nehatî
Kefşanêt me şewitanin
کەفشانێت مە شەوتانن
Şivanêt me qewûtanin
شڤانێت مە قەووتانن
Em li hevdi veqetanin
ئەم ل هەڤد ڤەقەتانن
Lê tu çima nehatî
لێ تو چما نەهاتی
Xwangê çima nehatî
خوانگێ چما نەهاتی

هەواڵەی کتێب

عەلی نادری ـ مەهاباد

# دەڵێن پەلە کاری شەیتانییە

دۆستێک گێرایەوە ماڵمان لە شاری مەهابادە، بەرینایی کووچەی ماڵیمە هەر چوار گەز دەبێ و ئەو سەری بەستراوە و تەنیا هەشت ماڵی تێدایە.

باو وابوو هەموو ئێوارانی جومعە لەگەڵ خێزانم بە ماشێن بچین دەورێکی ناوشار یان دەرەوەی شار بدەین. ڕۆژێکیان کاتژمێر ٦ی ئێواریە ویستم ماشێن لە گاراجی ماڵێ بێنمە دەرێ دیتم پڕایدێک لە بەر دەرکی گاراج وستاوە و ڕێگای هاتنەدەرمان نییە و ڕەقەمی ماشینەکەش تارانە.

لە کن خێزانم زۆرم جنێو بە دایکی خاوەن ماشێن دا. بۆخۆم و خێزانم لە دەرگای هەموو ماڵەکانمان دا بۆ ئەوەی بزانین میوانی کامە ماڵ ماشێنی لەبەر دەرکی ئێمە ڕاگرتووە.

چۆن ژمارە ماشێنەکە ئی مەهاباد نەبوو زۆری نیگەران کردبووم. کچێکی جیرانمان هاتە دەر کوتی خاوەنی ماشێنەکەت نەدیتەوە کوتم ناوڵلا نازانم ئی چ سەگی سەگبابێکە، کچەش وێڕای من دەستی کرد بە جنێو دان بە کابرای خاوەن ماشێن.

ناچار زەنگم بۆ پۆلیسی ١١٠ی لێدا کوتم ماشێنێکی پڕایدی مەشکووک کە ژمارەکەی ئی شارێکی دیکەیە لەبەر دەرکی پارکینکی ماڵی ئێمە ڕایگرتووە و لە دەرگای گشت ماڵەکانی کووچەمان داوە خاوەنەکەی دیار نییە.

پۆلیس ئادرەسی لێوەرگرتم و چووم سەر شەقام چاوەڕوانی پولیس بووم لە هەمان کات کوڕەکەی خۆم کە لە قاتی هەوەڵی ماڵی من نیشتەجێیە هاتە دەرێ و درگای پڕایدەکەی کردەوە و سواری بوو.

سەرم سوڕما، کوتم ئەو ماشێنە بۆ بە تۆیە؟ کوتی وەڵلا ماشێنەکانی دیکەی ئیدارە لەوێ نەبوون بۆیە ئەوەم هێناوە. (کوڕەکەم کارمەندی یەکێک لە ئیدارەکانی مەهابادە و ژمارەی ماشێنەکانی لەگەڵ ژمارەی ماشێنی ناوشار جیاوازیان هەیە)

عیلاج نەما زەنگم بۆ پۆلیس ١١٠ی لێدا و ڕامگەیاند کە خاوەنی پڕایدەکە پەیدا بووە و هاتوون ماشێنکەیان بردۆتەوە.

ئەو کچەی جیرامان کە وێڕای من جنێوی دەدا لە شەرمان هەڵاتەوە ژووری.

قسەی کۆتایی:

بۆم دەرکەوت لە کاراندا نابێ پەلەی بکەین و زوو قەزاوەتی نەکەین.

لە خۆڕا قەدیمیان نەیانگوتۆ عەجەلە کاری شەیتانیە

ڕەسووڵ گەلەبان ـ ورمێ

# ئوورمیا من

ئوورمیا من... دلێ کوردستانێ... ! دەستێ سۆما ئو برادوستا تە من د ناڤ پەنجکێن خوە دا کوور ئو دوور دبە! کەسکەسۆرا نەتەوەیان بێ ڕەنگ مایە... ! ئەزێ چاوا پالا خوە بدم چیایێن دالامپەرێ؟! ل بەر بۆزاتیا وارێ سینا سترانا کریڤێ ئو سەڤالیێ ببێژم... ؟!

ئورمیا من! خەلکێن تە ئێن کو ب ئاڤا چەمێن سلیڤانا، بەراندێز ئو نازی یێ مێرگ ئو وارێن خوە تێرئاڤی کرن... د گەلی ئو دەشتێن تە دا کشت و کال کرن، هەسپ کەدی کرن ئو شارەجۆ ئافراندن، ئێرۆ ب کەلەخێن خوە وێ ئاخێ دپارێزن. ئەزێ چاوا بشێم کەلهەیێن دم دم، بێنار ئو بردووکێ ژ بیر بکەم؟!

ئورمیا من! شارستانیا کو ل سەر چەمێن تە هاتیە ئاڤاکرن کێمتر ژ شارستانیا خەلکێ حەسەن کەیفێ نینە. ئێشا خەلکێ تە ژ ئێرشێن درندانە، نەزانی ئو نەیەکێتی بوونێ یە... ئەزێ چاوا بشێم بەرا ڤێ باهۆزا کو ب سەر تە دا دبارە بگوهەرم؟!

ئورمیا من! ل هەمی دنیایێ دا چ هێزەک نکاریت تە کەدی بکە ئو خەلکێن تە ژ پێشکەتنێ دوور بخە... لێ دترسم هن کەس ڤان گوتنێن من بگوهەرن! ما ئەزێ چاوا بشێم باوەریا خوە ب هەڤباژێرێن خوە بینم؟!

ئورمیا من! تەقەز بزانە، حەتا کو بەفر ئو باران ب سەر دالامپەر، بۆزێ سینا، چیایێ ڕەش، چل مێرێ شەهیدا ئو زەنبیلۆکێ دا ببارن، کەس نکارە تە د ناڤ دلێن من دا دەرخینە. حەتا کو چەمێن نازی، سلیڤانا ئو بەراندێزێ دخومخومن، کەس نکارە مێرانیا ئێل و عەشیرێن تە حاشا بکەت. چ هێزەک نکاریت ئاخا وان بکەتە شوون وارێ خوە... ئێرو ژ بەر مێرانیا ڤان ئێل ئو عەشیرێن، تو بوویی کەسکەسۆرا قەوم ئو ئولێن جووربەجوور.

ئوورمیا من! ئەو پیس ئو فاشیستێن کو د ناڤ ئاخا تە دا، ئەسالەت ئو مێژوویا تە ئێنکار دکەن، خولام ئو خزمەتکارێن وان چاڤ پیسانن کو ب هڤیا ڕژاندنا خوینا خەلکێ تە دەم دبهۆرینن... لێ ئەو هێشتا نزانن حەتا کو کوردپەروەرەک، حەتا کو ئەرمنیەک ئو حەتا کو ئازەری ئو ئاسووریەک ل ئوورمیێ دا بژیت، تو بۆ کەسەکی دن نابی شوون وار.

ئوورمیا من، تو باژارێ ئاڤێ یی، ئاڤا تە ب دەستێ چ نەیاران پیس نابە... ئاخا کوردان، ئازەریان، ئەرمەنیان ئو ئاشووریان. مەزرا زەردەشت، قاسدێ یێک ژ کەڤنترین ئۆلێن دنیایێ. مەسکەنێ فلەیان کو دوهەمین دێرا (دێرا نەنە مریەم) ل ناڤەندا تە دا ئاڤا کرنە. گەلۆ، ئەزێ چاوا پشتا خوە بدەم سەرپێهاتیا سمکۆ ئو بەیتا دمدمێ؟! ئەزێ چاڤا ئوورمیا خوە پشت گوهێ خوە را پاڤێژم؟

برای هر گونه همفکری انتقاد و پیشنهاد و راهنمایی و درج مطالب طنز و کاریکاتور با شماره ۰۹۱۴۳۴۲۵۴۸۰ تماس و یا به آدرس مهاباد خ - طالقانی پاساژبانک ملت. طبقه اول. آموزشگاه هنرهای تجسمی مکری... سید محمود مکری مراجعه فرمایید.
آدرس اینستاگرام mahmodmokri




بیرۆکە، سوژە/بابەت، کاریکاتۆر: سەید مەحموود موکری
ڕێکخستن، ڕازاندنەوەی لاپەڕە و گرافیک: هادی مستەفاپور



## قسەی قۆر
### سپاس و ڕێز

دوای بڵاو بوونەوەی گۆڤاری ژمارە ١٣ی بەیان کە چوار لاپەڕەی تەرخان کرابوو بە تەنز و کاریکاتۆر، بە دڵخۆشیەوە، پەیوەندی زۆرمان پێوە گیراوە. زۆر کەس بە پەیوەندی ڕاستەوخۆ، و کەسانێك بە کورتە پەیام و زۆر کەسیش لە ڕێگەی تێلیفونەوە پەیوەندیان پێوە گرتووین و دڵخۆشی خۆیان سەبارەت بە چاپ بوونی ئەم بەشە دەربڕیوە. هاوکات، بەشێکی زۆر لەم ئەزیزانە، ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی هێناوەتە بەر باس و وتوویژ. وێڕای سپاس و پێزانین بۆ هەستی بەتین و پاراوی ئەم بەڕێزانە، پێیان ڕائەگەیێنین کە ئێمە بەردەوام چاومان لە ڕێیە، بۆ ڕێنوێنی کردن و هاوکاری لە شێوەگەلی جیاواز دا، بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم بەشە گرینگە لە کلتور و ئەدەبی کوردی. ئاشکرایە کە پەیوەندێکی زیندوو و پتەو، پشت قورسمان ئەکات و ڕێ نیشاندەرمان ئەبێت بۆ کاری بە پێزتر و پڕ ناوەڕۆکتر، کە شایانی خوێنەری وریاو وشیار بێت.

وەك ئاگادارن، بەشی وتوو وێژی گاڵتەیی، دەستی بە کار کردووە و دەکرێ بەشەکانی تریش بە هەمان شێوە، بەڵام لە فۆڕم و قەوارەی پێویست بەخۆیان بەڕێوە بچن. دکرێ ئەم بەشانە چالاکی هاوتەریب، بەڵام تایبەت بە خۆیان هەبێت و هەر کامەو بە شێوازی خۆیان، قورسایی ببەخشن بەم بەشە لە گۆڤارەکە. بۆ وێنە شێعری تەنز، فەرمایشاتی پوڕم، ئەلۆ گاڵتەیە بەڕێزم، بۆ منداڵان، لە دەرگێ مەدەن کۆبوونەوەیە، ڕێز لە دوای ڕێز، سپاسخانە، گوێ بدەنە قسەی قۆیتەڵ، خاوو خێزان. دیارە دەکرێ بە بیرتێژی و وردبینی ئازیزانی ئەهڵی زەوق و قەڵم، زۆر بەشی تر لەم بەشانە زیاد بکرێت کە بتوانێت، هەم بزە بخاتە سەر لێوی خوێنەر و هەم شێوازێکی تر لە بۆچوون، لەسەر ڕوداوەکان بخاتە خانەی فکری خوێنەر.

به هیوای پەیوەندی پتەو و بەردەوام
ئەسپەردەی دڵخۆشی و ئارامی بن
سەید مەحمود موکری

# گاڵتەیە بەڕێزم

## وتو وێژ لەگەڵ جەماڵی دانا



تکایە خۆت بناسێنە:

پێم خۆش بو سەبارەت بە وڵامی ئەم پرسیارە برێک بگەڕێمەوە بۆ دوایە بە پێی ئەو ئەو بابەتانەی کە لە ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆم بیستوومە : هەر لە سەرەتای منالیمەوە هۆگری کادی هونەری بووم دەیانگووت زۆر جار بە کەرەسە و شڕ و شاڵاتی سەرەتایی شتێ جێی سەرنجی وهاوتەمەنکانم چاک دەکرد ئەوکات هونەری خولقاندن و بەتایبەت کاریکاتور برەوی پەیدا نەکردبوو تەنانەت لە پیرانشار مامۆستایەک کە بتوانێ قوتابی لەم بارەوە رابێنێ و دەستی کەسانی تینووی هونەر بگرێت نەبوو بۆیە لە 1379 هەتاوی ڕاستەوخۆ چەخماخەی کاری کارتۆن و کاریکاتۆرم لە پیرانشار لێدا.

جیاوازی نێوان کارتۆن و کاریکاتۆر لە چی دا دەبینێت؟

کاریکاتور ئاڵوگۆڕ و شات و شووت کردن و گەورەکردنەوەی خاڵە بەرچاو و نهێنێکانی ڕوخساری کەسایەتێکە بۆ نمونە کێشانەوەی ڕوخساری کەسایەتێکی سیاسی بەڵام کارتۆن:بیرۆکەیێکی ڕۆشنبیرانەیە کە شتە گرینگ و نادیارەکانی کۆمەڵگا لەقاو دەدات.هەروەک کێشکانی ژینگە و شەڕ و گێژاوە





کاری کام کاریکاتۆریستی دەرەکی زۆرتر سەرنجت رادەکێشێ؟

سائۆل ئیشتانبێرگ 1

راڵف ئێستیدمەن 2

لە کاریکلتۆریستەکانی ئێرانێ ئەردەشیر محصص و کامبیز درەم بەخش

لە کاریکلتۆریستەکانی کوردی ئێرانیش سەید مەحموود موکری و پێژمان عەلی پوور







دەکرێ باسی چالاکیەکانت لە مەڕ کارتۆن و کاریکاتۆر دا بکەیت؟

تا ئێستا چەند پێشانگام لە_تاران ، پیرانشار و شارەکانی پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا بە شێوەی تاک کەسی و گروپی بە رێوە بردوە.بەشداریم لە چەند فێستیڤاڵی دەرەوی وڵاتیش کردوە

پێشنیارت بو ئەو کەسانەی تازە دەس بەو هونەرە دەکەن چیە؟

سەرکەوتن لەم کارە دا پیوستی بە شەونخوونێکی زۆر داوا دەکا و باشترە بە خوێندنەوە و عیشقێکی زۆر برەو بە کارەکەیان بدەن

کاریکاتۆر بەهرە و داهاتی جوان ڕوانین،جوان دیتن و تێگەیشتنێکی پڕمانایە کاریکاتۆرێکی باش لە بزەی لێوەکانەوە مێشکەکان دەپێکێ

جێگە و پێگەی کاریکاتۆر بە پێی ئەن کەرەسانەی ئەم رۆیی چۆن دە بینیت؟

جێگای دڵخۆشیە بە پێی کەرەسە و تۆڕە کۆمەڵایەتیکان خەڵک باشتر و ئاسان تر لە جاران لە کاریکاتۆر چێژ وەر گرێت

ئاواتە خوازیت بۆ داهاتوی هونەر لە کوردوستان چیە؟

بە بڕوای من گەلی هونەرپەروەری کورد دەتوانێ لە داوێنی خۆیدا زۆر کەڵە هونەرمەند پێ بگەیێنێت هیوادارم هونەری کوردیش بتوانێ شان لە شانی هونەری گەلانی پێش کەوتووی جیهان بدات

# بۆ بزەی لێو



دانشمندان به دواى ليه كولينه وه دا به و ئاكامه ى گه يشتون كه دوو دقيقه بزه و پيه كه نين به راده ى نيو كات ژمير ريه پيوان و ريه رويشتن قازانجي هه يه

له وه تيى ئه وه م بيستوه . به و كه سانه ى كه نيو ساعه ت پياده ره ويى ده كه ن بو سلامه تييان " پيه ده كه نم

* ★ *

واقعه ن و به راستي ريز و حورمه تي بو به سالدا چووان هه ر ئه ماوه ده ميترۆى دا پياوويه كي به سال داچوو راوه ستابو، هه رچه ند به كوريه كي كه دانيشتبو ده ليه م هه سته جيگاكه تي بد ه يه

هه ل ئه ستا ده ليه بو بوخوت هه ل ناستي

ره فيقيه كم به قورسايى 45 كيلو چوبووه كه ن دوكتورى تغذيه، بو وه يكه وه زنى كه م كاته وه

دوكتور پيه ى گوتبو : براده ر ئه گه ر ليباسه كه انت داكه نى ، فه قه ت خاتره يه ك له تـوو ده مينيه ته وه

* ★ *

حه يوان بو راگرتنى ناوو مال فه قه ت و فه قه ت ميه ( رو ( ميروله

ده نگه ده نگى هه ر نيه ، خوى و ولاتى پيس ناكات ، پيه راگه يشتنى هه ر ناويه ، به سه برا ولاتى ده ماليه برسيشى بيه ، شتيه كى له سه ر فه رشى ده بينيه ته وه و ئارام ده ى خووا

* ★ *

ننه نكمان بردبوه كه ن دوكتورى چاووى

دوكتور به نه نكمى گوت :چاووه كانت نيزيك بين بوو و ده توانم عه مه لياتى له سه ربكه م خه رجيشى 4 ميليونه

نه نكيشم گوتى : روله ئه وه ى بو چيه ، ئاخه چوار ميليونى بو بده م ، چه ند لوقاو ده چمه پيشتر

## طنز تلخ اما واقعی

!یک خسته نباشید به دولت

.گفت:پدر و پسری در اتاقی نشسته بودند

.پدر گفت: پسرم برخیز و سنگ 5 کیلو را بیاور

پسر گفت:این گربه را که در اتاق است، من وزن کرده .ام، دقیقاً پنج کیلو است. از همین استفاده کن

.پدرگفت: برخیز و آن متر را به من بده

جواب داد: گربه از نوک سر تا دم دقیقاً یک متر است. از !همان گربه به جای متر استفاده کن

پدر گفت: حداقل برخیز برو بیرون ببین باران می آید یا نه؟

باز هم جواب داد: این گربه الان از بیرون آمده، دست .بکش روی کمرش. اگر خیس بود باران می بارد

پدر سری تکان داد و گفت : حداقل برخیز گربه را بگیر !!!به من بده

:پسر لبخند تمسخرآمیزی زد و گفت

این همه کارها را من کردم .این یک کار را خودت انجام !!بده

گفت: وقتی کرونا آمد و کلّ جهان را فراگرفت،از دولت فخیمه تدبیر و امید خواستیم کاری بکنند. افاضه فضل :فرمودند که

مردم کسب و کارهایشان را تعطیل کنند و بنشینند در !خانه ها

گفتیم: در بیشتر کشورهای دنیا دولت به مردم کمک .مالی و غذایی و دارویی می کند

!فرمودند: صاحبخانه ها درصد کمتری بر اجاره ها بیفزایند

وقتی دیدیم دارد اپیدمی و خطرناک می شود ،گفتیم .چاره ای بیندیشید

فرمودند: مردم مهمانی نروند، تفریح نکنند، مسافرت نروند،برای جانباختگان کرونا عزاداری نکنند، عروسی هم ...برگزار نکنند و

گفتیم: بابا ،کرونا همه جا فروکش کرده،ولی ایران تازه !رفته در پیک سوم

فرمایش کردند : مردم اجباراً ماسک بزنند، وگرنه جریمه !اش را باید بدهند به ما

گفتیم: حداقل ماسک و محلول و الکل را به مردم بدهید !که استفاده کنند

:لبخند تمسخرآمیزی زدند و فرمودند

همه کارها را ما کردیم! این یک کار را خود مردم بکنند دیگر

!گفتم: خب،خسته نباشند

هەواڵنامەی کتێب







نخستین شمارهٔ توفیق در 30 اردیبهشت ماه سال 1302 منتشر شد و انتشار آن در سه دورهٔ ناپیوسته ادامه یافت. دورهٔ نخست از 1302 تا 1318 به مدیریت حسین توفیق بود که با درگذشت وی در 1318 به پایان رسید. توفیق در اوایل این دوره، نشریه‌ای نیمه‌فکاهی و نیمه‌جدّی بود. از اواسط سال پنجم، با کسب امتیاز چاپ کاریکاتور در آن، بیشتر صورت فکاهی گرفت و پس از مدتی از سال 1311 کاملاً ادبی شد[نیازمند منبع]. طی شش سال فعالیت ادبی، اغلب مطالب توفیق منظوم بود. از سال 1317، توفیق دوباره به‌صورت کاملاً فکاهی-اجتماعی درآمد. تقارن نخستین دورهٔ توفیق با حاکمیت رضاشاه پهلوی (1320-1304)، سبب شد که مطالب نشریه با سانسور همراه شود، اما در دورهٔ بعد (1332-1320) این مشکل وجود نداشت. توفیق در دورهٔ اول بیشتر به مسائل اخلاقی و اجتماعی می پرداخت و ازاین‌رو بدون وقفه منتشر می‌شد



پس از مرگ حسین توفیق، مجلهٔ توفیق دچار توقف شد و بالاخره از 1319 با مدیریت فرزندش، محمدعلی توفیق، دورهٔ دوم توفیق آغاز شد و تا کودتای 28 مرداد سال 1332 ادامه یافت. در این دوره، پس از شهریور سال 1320، با حاکم بودن فضای بازِ سیاسی و رهایی مطبوعات از اختناق همراه بود. ازاین‌رو، مطالب توفیق، با حفظ روش فکاهی و طنزآمیز خود، همانند اغلب جراید دیگر، سیاسی و انتقادی شد

بی‌ثباتی سیاسی به سبب ناپایداری دولتها دستمایهٔ اصلی توفیق برای انتقاد روزافزون از دستگاه حاکم بود که به توقیفهای مکرر آن نیز انجامید. دلایل توقیف متعدد بود از جمله در اسناد سال‌های 1324 و 1325 آمده‌است که فرمانداری نظامی مندرجات نشریهٔ توفیق را خلاف مصالح کشور و سیاست دولت تشخیص داده و دستور توقیف آن را به شهربانی کل کشور صادر کرده‌است

دامه دارد.....



ڕزگار خدر مستەفا سلێمانی

# سلێمانیی جاران (سەرای سلێمانی)



هەواڵنامەی کتێب

سەرای سلێمانی یا بەردەرکی سەرا یان سەرای ئازادی جێیەک کە دەکەوێتە ناوەندی شاری سلێمانییەوە شەش شەقامی شار پێکەوە دەبەستێتەوە کە شەقامەکانی (مەولەوی، کاوە، سابونکەران، گۆران، بێکەس، پیرەمێرد)ن، چەقی دەستپێکردن وکڵپەی ڕاپەرین وخۆپیشاندانەجەماوەرییەکان، جێگەی بڵندگۆی دەنگە ناڕازییەکان ووەستانەوە بەڕوی بێدادی، جێگەیەک بیرەوەری لەدڵی نەوەلەدوای نەوەدا هەیە شێخ ڕەزای شاعیرئاوا بیرەوەری خۆی دەگێڕێتەوە:

لـەبیرم دێ سـلێمانی، کە دارولمولکـی بابان بوو
نەمەحکومی عەجەم، نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا صەفیان دەبەست شێخ ومەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەهلی حاجەت گردی سەیوان بوو
سەرای مێژوویەکی کۆنی هەیە دەگەرێتەوە بۆ پێش

دروستبوونی سلێمانی کەبەخشتی گڵ دروستکراوە ویەک نهۆم بووە سەرەکەی دارەرابووە، دوای بنیاتنانی سلێمانی شوێنی فەرمانڕەوای بابانیەکان بووە، لە ساڵی ١٩٢٦بیناکەی بەمشێوە نوێیەی دروستکراوە کە لەدوو نهۆم و٤٣ ژوور پێکهاتووە وچەندجارێک نۆژەنکراوەتەوە وفەرمانگەکانی شار وماوەیەک ئیدارەی پۆلیس وقایمقامیەتی تێدابووە تاکوو دواجار لەسەردەمی حکومەتی هەرێمدا بڕیار درا بکرێتە مۆزەخانەی مێژووی سیاسی ونەتەوەیی شار، سەرا هەر بەردێکی گەواهیدەری ڕووداو و کارەساتێکە، هەندێ لەو ڕووداوە مێژووییە دیاروجەماوەریانەی بەردەم سەرای سلێمانی لێرەدا یاداشت دەکەین:

١- (١٩١٨/١١/١٧) ڕۆژێکی گەش وپرشانگدارە لەمێژووی شاردا کە مەندوبی سامی بەریتانی لەم جێگەیەوە لەکۆبوونەوەیەکی فراوانی جەماوەری کە عولەما وئەشراف وتاجیرەکانی شار وخەڵکێکی زۆری شاری ودێهاتی بەجۆش وخرۆشەوە ئامادەبوون جاڕی حکومداری شێخ مەحمودی دا، مەندوبی سامی (مێجەر نۆئیل) بەزمانی فارسی وتارێکی درێژی بەناوی نوێنەری دەوڵەتی بەریتانیا لەئێراق خوێندەوە دوای ئەویش شێخ مەحمود وتاری خوێندەوە.

٢- رۆژی ١٩٢٣/١/١٠ لەنێو ئاپورەی جەماوەردا بۆ پێشوازی ئیسماعیل خانی شکاک ئاڵای کوردستان لەحەوشەی سەرا هەڵکرا

٣- (٩/٦ /١٩٣٠) بەرۆژێکی شوم وخوێناوی لەمێژووی شار دادەنرێت کە لەو ڕۆژەدا خۆپیشاندانێکی خۆرسکانەی جەماوەری دژی دەسەڵاتی ئینگلیز وموتەسەڕیفەکەی بەڕێوە چوو کە لەژێرچاودێری خۆیان دەیانویست هەڵبژاردنی لیژنەی (تەفتیش)ئەنجامبدەن بۆ چاودێری هەڵبژاردنی کۆمەڵەی گشتی پەرلەمانی تازە کەئەوکاتە سەرا بینای موتەصەڕیفیەت بوو، کەوەک احمدخواجە لە یاداشتەکەیدا نوسیویەتی: (ئەم هەڵبژاردنە دوایین هەناسەبوو بۆ بڕیاری چارەنووسی کورد) کاتێک پشکنەری ئینگلیز لەگەڵ کۆمەڵێک لەکەسایەتی شار لەکۆبوونەوەدابوو خۆپیشاندەران بینای موتەسەریفیەت بەردباران دەکەن دکتۆر کەمال مەزهەر ئاماژەی بەوەداوە کەلابردنی تۆفیق وەهبی نۆ رۆژ بەرلەم روداوە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە هۆیەکی‌تری هەڵگیرساندنی نارەزاییەکان بوو هەروەک لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیا تایبەت بەشەڕی بەردەرکی سەراشدا هاتووە کەڕابەرانی کورد بەتوندی دژی بڕیاری لابردنی تۆفیق وەهبی بوون وداوای گەرانەوەیانکردووە، شەڕوپێکدادان لەنێوان پۆلیس وسوپا بەچەکەوە لەلایەک وجەماوەری ڕاپەڕیووی تێلا وگۆچان بەدەست وبەردهاوێژ دروست بوو کە سەرئەنجام ١٤شەهید و٢٣ بریندار لەجەماوەر و١١ کوژراو و٣بریندار لەهێزەئەمنیەکان پتر لە٣٠٠ کەس لە فەرمانبەروماموستا وئەشرافی شار بەندکران فایەق بێکەسی شاعر بەخۆیی وقوتابییەکانی کۆمەڵەی زانستی بەسروودی نیشتمانی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەوخۆپیشاندانەدا، ئەم ڕۆژە

و کارەساتەکە ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە لە شیعری شاعیرانی وەک؛ بێکەس، پیرەمێرد، گۆران،... بۆ نمونە ئەخۆل بۆ ئەیلولی خوێناوی بەم جۆرە نوسیوە:

بەجارێ ماڵی وێرانم سلێمانی خرۆشاوە
بەسەر هیچ کەس نەیەت خوایە ئەوەی لەم شارە قەوماوە
بەیانی بوو شەشی ئەیلول لەناکاو گوولەوەک باران
ئەباری بۆ قڕی میللەت، ئەوی پیرە و ئەوی لاوە
(ل ١٢٢ دیوانی ئەخۆل چاپی چوارەم ٢٠١٧)

دوای ئەو کوشتارە کەسوکاری قوربانیەکان جلوبەرگی خوێناوی شەهیدەکانیان برد بۆ شێخ مەحمود وداوایان کردکە تۆڵەیان بسێنێ، شێخ مەحمود بانگەوازی دەستدانە چەک وشەڕی دا کە تا مایسی ١٩٣١ درێژەی کێشا ئەمجارەیان شۆڕشی گواستەوە بۆ گەرمیان لەسەر خواستی دانیشتوانی ناوچەکە، لە گەورەترین روبەروبونەوەدا کە بەشەڕی (ئاوباریک) ناسراوە سوپای عێراق بە پشتیوانی گەورەی سوپای ئینگلیز بەتۆپ وفرۆکە بەسەر سوپای شێخ مەحمود دا سەرکەوت و ئەمجارەش کۆتایی بەشۆرشەکەی هات

٤- لە٩/١٠/١٩٥٦ کاتێ شێخ مەحمودی حەفید بەنەخۆشی کۆچیدوایی دەکات و ١٠/١٠/١٩٥٦ تەرمەکەی دەگەرێنرێتەوە سلێمانی لە پێشوازی تەرمەکەیدا خۆپیشاندان وراپەڕینی جەماوەری سەرهەڵدەدات، کاتێ جەنازەی شێخ بەرەوسەرا برا لەترسی شاڵاوی جەماوەر دەرگای سەرا داخراو لەپڕ لەناو حەوشی سەراوە تەقە لەخۆپیشاندەران کرا، لەئەنجامدا شەهیدوبریندارى لێدەکەوێتەوە تەنانەت فیشەک بەر تەرمەکەی شێخ مەحمودیش دەکەوێت، یەکێک لەشەهیدە دیارەکانی ئەو خۆپیشاندانانە ئەختەر کچی ساڵح هاوسەری ڕەشۆڵ عبدوڵلای گۆرانیبێژ بوو بۆ شەوێ دەستیانکرد بەگرتنی خۆپیشاندەران بەجۆرێک سجنی سەرا کەسی‌تری نەدەگرت ودوای گەرانەوەی عومەرعەلی موتەسەریف لەبەغداوە هەندێکی لێناردن بۆ کەرکووک لەوێ مەحکەمەی عورفی بۆ دانان هەریەکە بەجۆرێک حوکمدرا.

٥- لە ١٧/٢/٢٠١١ و ڕۆژانی دوایی زنجیرەیەک خۆپیشاندان وناڕەزایی دژ بەنادادپەروەریی وکەمی خزمەتگوزاری دژبەدەسەڵاتی ناوخۆیی هەرێم بەڕێوەچوو ماوەی دوو مانگ درێژەی هەبوو شەهیدو برینداری لێکەوتەوە، حکومەت ناچارکرا دان بەخواستی جەماوەر دابنێ وهەندێ لەداواکاریەکان چووە بوواری جێبەجێکردنەوە.

ئەمانە چەند لاپەڕەیەک بوون لەورِووداوە مێژوویانەی بەردەم سەرای شار کە هەمێشە ناوەنێک بووە بۆ دەستپێکردنی ڕووداوە خۆش وناخۆشەکانی شار وبڵێسەی ئاگری ناڕەزاییەکان.


سەرچاوەکان؛

١- کومەتی کوردستان ١٩١٨/١٩٢٤ سدیق ساڵح چاپی دووەم لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ژین ٢٠٠٦.
٢- چیم دی احمد خواجە ئامادەکردنی سدیق ساڵح بەرگی ١- ٤ چاپی سێیەم ٢٠١٦.
٣- یاداشت / رەفیق حلمی ٢٠٠٣ چاپی سێیەم / زنجیرەی ٢٢٦ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٤- شاری سلێمانی– ساڵحی محمود ڕەشە بەرگی دووەم –چاپی یەکەم ٢٠١٥.
٤- دیوانی شێخ رەزا /کۆکردنەوەی شیخ محمدی خاڵ و ئومێد ئاشنا ٢٠١٣.
٥- دیوانی ئەخۆل کۆکردنەوەی مەریوان قەفتان چاپی چوارەم ٢٠١٧




ڕۆژی هاتنی سمکۆی شکاک وهەڵکردنی ئاڵا لەسەرای سلێمانی



وێنەیەکی نوێ سەرای سلێمانی دوای نۆژەنکردنەوەی بۆ مۆزەخانە



وێنەیەکی کۆنی سەرا سەردەمی ئینگلیز



فایق دارتاش ـ مەهاباد

# لیبڕالیزم

**پێناسە:**

لیبڕالیزم (Liberalism)، لە بنەما دا لە وشەی لاتینیی (Liber) بە مانای «ئازادی»وەرگیراوە. لیبڕال (Liberal) لە زمانی فەرانسەییدا بە مانای کەسی ئازادیخواز یان لایەنگری ئازادی دێت کەواتە لیبڕالیزم واتە ئازادیخوازی یان ئازادیگەرایی.

لە سەردەمانی پێشوودا، بە کەسانی جوامێر، بەخشندە و نادەمارگیر و ڕووناکبیریش دەگوترا لیبڕاڵ. هەروەها ئەم دەستەواژەیە، لە سەدەکانی ناوەڕاست و دواتر لە سەردەمی ڕێنێسانس دا بۆ «پیشە ئازادەکان»بەکاردەهات.

لیبڕالیزم، وەکوو زۆربەی بیرۆکە و هزرە سیاسییەکانیتر، خودانی چەندین خوێندنەوەی تایبەت و هەندێک جار جیاوازە بۆ جیهان و شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات و کۆمەڵگا. خوێندنەوە و لێکدانەوەکانی لق و پۆیەکانی، لەوانەیە لە یەک جیاواز بن، بەڵام چەند تەوەرێک هەیە کە بە پێوەری سەرەکی لیبڕالیزم دێنە ئەژمار و ئەم هزرە لە دەرەوەی ئەم پێوەرانە واتا و فەلسەفەی سیاسی خۆی لە دەست دەدات، لەوانە: «ئازادی هزر و بیروڕا»، «کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەت»، «بڕەودان بە دەسەڵاتی یاسا»، «دیالۆگ لە نێوان ئەندیشەکان»، «بازاڕی ئازاد»، «کۆکردنەوەی سەرمایە»، «مافی خاوەندارێتی»و «سیستمێکی شەفاف و ڕوونی حکومەتی».

بۆ باشتر تێگەیشتن لە بابەتەکە دەکرێ باس لە دوو جۆر لە لیبڕالیزم بکرێ: لیبڕالیزمی ئابووری کە زیاتر گرینگی بە پاراستنی بازاڕی ئازاد و بازرگانی ڕەها دەدات و لیبراڵیزمی کەلتووری کە ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و مافی ملکدارێتی و ژیانی سیاسی بە بنەما دەگرێ.

بە کورتی، لیبڕالیزم، وەکوو تیۆریزان و هزرمەندەکانی بانگەشەی بۆدەکەن، سیستەمێکی تا ڕادەیەک نادەوڵەتی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییە کە دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری بازاڕ و ئابووری بە بڤە دادەنێت.

لە ڕووی مێژووییشەوە، لیبڕالیزم لە سەرەتا دا، دژکردەوەیەک بوو لە دژی باڵادەستی ئایین (کڵێسە) و دواتر لە هەمبەر باڵادەستی سیاسی دەستەڵاتە ستەمکارەکانی قۆناخی بەر لە سەرمایەداری واتە فیۆداڵیزم. خەبات لە دژی سەرەڕۆیی کڵێسە و پیاوەکانی بووە هۆی ئاوێتەبوونی لیبڕالیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی، بەڵام لیبڕالیزم هاوکات دژی ستەمکاری دەستەڵاتدارە مۆدێڕنیستەکان و ناسیۆنالیستەکانیش بوو.

## مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی لیبڕالیزم

دەرکەوتنی لیبڕالیزم وەکوو قوتابخانەیەکی هزری و ئایدۆلۆژیک، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی ١٧ ی زایینی و ئەوەش هاوکاتە دەگەڵ دەستپێکرانی دارمان و لەبەریەکهەڵوەشانی پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتیی و سەرهەڵدانی پەیوەندییە بۆرژوازییەکان و گەشەسەندنی کۆمەڵگای تازەپێگەیشتووی سەرمایەداری. هەر بۆیەشە لە سەردەمی خۆیدا و لە سەرەتای گوورانی ئەم بیرۆکەیەدا، بەو کەسانە دەگوترا لیبڕاڵ و لیبڕالیست کە هەڵگری بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون و هاوسەنگەر دەگەڵ بۆرژوازی پیشەیی لە دژی ئەریستۆکراتی فیۆدالّی تێدەکۆشان و خوازیاری گۆڕانکاری ڕیشەیی بوون لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دا.

ئازادیخوازەکانی ئەوکات، کۆتوبەندە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەرەبەگایەتییان لە لا پەسەند نەبوو و خوازیاری کەمکردنەوەی دەستەڵاتی ڕەهای پاشاکان بوون، ئەوان دەیانویست لە دەستەڵاتی سیاسی دا بەشیان پێبدەن و مافی دەنگدانیان هەبێ و بتوانن هەڵبژێرن و هەڵبژێردرێن، هەمووی ئەوانەش بە دڵی چینی تازەپێگەیشتووی سەرمایەداری بوو. ئەو دوو هێزە سیاسییە توانیان بە هاوکاری یەکتر، دەستەڵاتی ئاغا و دەرەبەگەکان لەرزۆک بکەن و لە ئاکام دا سیستەمی فیۆداڵی بخەنە پەراوێزەوە.

لە بەر ئەم هۆکارانەی باسی لێوەکرا، لیبڕالیزم و سەرمایەداری ئاوەڵدووانەی یەک سکن و بە ژانێک لەدایکبوون و هاوتەمەنن بەڵام بەشێک لە تیۆریداڕێژەرانی لیبڕال مێژووی سەرهەڵدانی بیری لیبڕالیستی دەگەڕێننەوە بۆ نیزیک دووهەزار ساڵ لەمەوبەر هەرچەندە مانا و دەرکەوتە و لێکەوتەکانی دەگەڵ هی ئەمڕۆ هاوسەنگ و هاومانا و هاوتەریب نەبووبن، ئەوان دەخوازن بەها لیبڕالییەکان زۆر بانتر لە خواستی چینایەتیی و ئایدۆلۆژیکی گرووپێکی کۆمەڵایەتی وەکوو بۆرژوازی نیشانبدەن و هەوڵدەدەن بەهاکانی ئەم ئەندێشەیە بە بنەما گشتییە مرۆڤایەتییەکان ببەستنەوە و لەم ڕێگایەوە ڕەنگ و ڕووخسارێکی هەمەلایەنە و ناچینایەتیی پێبدەن.

هەر چۆنێک بووبێت، لیبڕالیزم لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە، سەرەڕای کەموکووڕییەکانی، خاوەنی گەلێک دەسکەوت و دەرکەوتەی دیار و بەرچاو بووە بۆ مرۆڤایەتی سەردەم کە خۆیان لە چەندین بەڵگەی گرینگ دا نیشانداوە وەکوو: میساقی قانوونیی شۆڕشەمەزنەکەی بەریتانیا لە ساڵی ١٦٨٨، جاڕی سەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١٧٧٦، جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی ئەنجوومەنی شۆڕشگێڕی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩.

## تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی لیبڕالیزم

- بەربەستکردنی حکومەت لە ڕێگای داشکان و جیاکردنەوەی هێزەکانەوە
- کۆمەڵگایەکی مەدەنی ڕەنگاوڕەنگ و بەهێز
- چاوەدێری خەڵک لە سەر دەزگاکانی دەوڵەت لە

ڕێگای دانانی دامەزراو و لەمپەری بەرچاو
- گرینگیپێدان و پێشخستنی ئازادی تاکەکەس بە سەر دادگەری کۆمەڵایەتیدا
- جیاکردنەوەی حەوزەی گشتی و تایبەتی
- هاسانکاری و لێبوردەیی سەبارەت بە بیروباوەڕی جیاوازی ئایینی و سیاسی و...
- بەرەنگاربوونەوە و ڕەخنەگرتن لە دەستەڵاتی سیاسی و مەزهەبی و....
- مافی خاوەندارێتی تایبەتی
- پراگماتیزم
- باوەڕمەندبوون بەوەی کە هەموو بەهاکان ڕێژەیی(نسبی)ن.
- پەیمان یان گرێبەستی کۆمەڵایەتی
- پرەنسیپی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی گشتیی
- پرەنسیپی بەرابەری و وەکهەڤبوونی شارستانی.
- خۆبەڕێوەبەری تاکەکان
- یاسا و یاسامەندی و یاساخوازی
- هاووڵاتیبوون (شارۆمەندی)
- سەروەری و حاکمییەتی گەل (خەڵک)
- مافەکانی مرۆڤ

**لیبڕاڵ دیموکراسی**

پەیوەستبوونی هەردوو وشەی لیبڕاڵ و دیموکراسی ئاماژە بە سیستەمێکی تێکەڵاوی سیاسی دەکات کە ڕەهەندێکی لیبڕالیزمە و ڕەهەندەکەیتریشی دیموکراسییە. هەرچەندە ئەم دوو ڕەوتە هزریی و سیاسییە هەر کامەیان خاوەنی مێژوو و نەریتی تایبەت بە خۆیانن و لە زۆر ڕەهەند دا وەکوو «پێداگری لە سەر یەکسانی، شێوازی تێگەیشتن لە دەستەڵاتداریێتی خەڵک و هەروەها شێوازی بەشداریپێکردنی خەڵک لە کاروباری سیاسی لە یەکتر دووردەکەونەوە و تەنانەت لە دژی یەکتریش ڕادەوەستن بەڵام لە زۆر شوێنیش دەگەنە یەکتر وەکوو جەختکردن لە سەر ئازادییە سیاسییەکان، دابەشکردنی دەستەڵاتی سیاسی و....

دوابەدوای پێکهاتنی دەوڵەتی لیبڕاڵ کە پێویست بوو لە هەمبەر دەستەڵاتەکانی پێشووتر دا، ئاسانکاری بۆ گەشەکردن و پێشڤەچوونی سەرمایەداری هەروەها کار بۆ دامەزراندنی دەزگای پەیوەندیدار بە هەر سێ بەها لیبرالییەکە واتا ئازادی ڕادەربڕین وئازادی کۆبوونەوە و ئازادی تاک بکات، ئەم جۆرە ئازادییانە پەیوەست بوون بە هەندێ لە چین و توێژە بچووکەکانی ناوەندی کۆمەڵگا و بەشێکی بچووک لە کرێکارە ڕۆژکارەکان و بەشێکی بەرچاو و دیاری کۆمەڵگا وەکوو ژنان و باقی توێژە هەژارەکانی شار و گوند لەم ئیمتیازاتانە بێبەش بوون.

لە ئەنجامی گوشاری لە ڕادەبەدەری ئەم بەشە بێبەشەی کۆمەڵگا و هەروەها دوای بەهێزبوونی چینی کرێکاری ئەم وڵاتانە، دەوڵەتە لیبڕاڵەکان ناچار بوون مل بۆ هەندێک لە داواکارییەکان بدەن.

بەشێک لە بنەماکانی لیبڕال دیموکراسی بریتین لە:
- دیموکراسی نوێنەرایەتیی
- هەڵبژاردنی ڕێبەرە سیاسییەکان بە شێوازی دەزگایی
- پشتیوانی دەوڵەت و دەستەڵاتی سیاسی لە ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان
- جوداکردنەوەی حەوزەی گشتی و حەوزەی تایبەتی
- پاراستنی حەوزەی تایبەتی و تاکەکەسی لە بەرامبەر دەستێوەردانی دەوڵەت
- پلۆرالیزمی ئەخلاقی و سیاسی
- تاکگەرایی نیگەتیڤ

**دوا پەیڤ**

لە ڕوانگەی لیبڕاڵەکانەوە، ئازادی سیاسی تەنیا لە سیستەمی سەرمایەداری دا وەدیدێ، لەم ڕووەوە ئازادی وەپێش یەکسانی دەخەن و دەیکەنە سەرەکیترین مەرجی دیموکراسی و پێچەوانەی ئەمەش، واتە گرینگیدان بە سیستەمێکی یەکسانیخواز لە ڕێگەی سیاسییەوە،و پاش گوێخستنی ئازادی بە هۆکاری سەرەکی پەشێوی لە پیادەکردنی دیموکراسی دەزانن.

لیبڕالیزم لە جەوهەر دا دیاردەیەکی هەڵقوڵاوی سەدەی نۆزدەهەمە کە دواتر لە سەردەمی دەوڵەتە خۆشگوزەرانەکانی سەدەی بیستەم دا، ئاوێتەی هزری دیموکراسی بووە و لە دامەزراندنی سیستەمی نوێی دوای هەردوو جەنگی جیهانی سەدساڵی بیستەم، لە ژێر ناوی لیبراڵ دیموکراسی دەگەڵ لایەنە ڕیفۆرمیستەکەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی واتە سوسیاڵ دیموکراسی هاوکاری یەکتریان کرد و لە ئەنجامدا بە سەر هەر دوو باڵی توندڕەوی ڕاست و چەپی سیاسەتی ئەوکات (نازیسم و ستالینیزم ) دا سەرکەوتن.

لە کۆتایی دا دەکرێ بگوترێ کە دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتیی لە سەدەی بیستەم، بەرهەمی ڕێککەوتنی سۆسیال دیموکراسی و لیبرال دیموکراسییە، هەرچەندە لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیە و سەرەتاکانی سەدەی نوێدا، بە هۆی لاوازبوونی هەر دوو بیرۆکە و نەمانی جیهانی دوو جەمسەری و شەڕی سارد، لە هەناوی لیبرالیزم دا، بیرۆکەیەکی توندڕەو سەری هەڵدا کە بە «نیۆلیبڕالیزم»دەناسرێت.

نیۆلیبراڵەکان، هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ بە «کاڵا»پێناسە دەکەن و «بازاڕ»وەکوو سەرەکیترین و گرینگترین ناوەندی کۆمەڵگا دەست نیشاندەکەن و هەوڵدەدەن ئەوەندەی بەهێز بکەن کە پێویستی بە دەوڵەت و دەزگاکانی سەر بە دەوڵەت نەمێنێ و بە کورتی هەموو شتێک بە ئابووری دەکەن.

**سەرچاوەکان:**

- تاریخ اندیشه سیاسی در غرب (جلد سوم)، نوشتەی د. کمال پولادی، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٨٢
- فرهنگ اندیشەهای سیاسی،ترجمەی خشایار دیهیمی، نشر نی، چاپ هفتم ١٣٩٧
- مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، نووسینی د. حوسێن بەشیرییە، وەرگێڕانی ناسر ئیبراهیمزادە، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٣
- دمکراسی برای همه، نوشتەی حسین بشیریه، انتشارات نگاه معاصر، چاپ اول ١٣٩١

دکتۆر مودەڕیس سەعیدی ـ تاران



# ئەرماناو ئەوەوانایێوی هەڵە جە حوکمڕانیو بابانەکا، ڕووەو شیعرەو ڕەنجووریەرە

«ڕەنجووری»نامێی شێعریەو «مەلّلا عومەری زەنگەنە»کوڕو «خالیدبەگ»یەنە. ئی شاعیرە هەورامیواچە، دەورو ساڵەو ١٧٥٠ی زایینی جە دەگاو «گەڕاوێ»نزیکو شارو «کەرکووک»یەنە دنیا ئامان. هەرپاسە کە نامێو تاتەیش(خالیدبەگی زەنگەنە)ینە گنۆ بەر، جە بنەماڵێوی بەگزادەو عەشیرەتی گەورەو زەنگەنەی بیەن. فرەتەرو ژیوایش شارو کەرکووکیەنە بەردەن سەر و جە حوجرەکاو کەرکووک و یاگەکاتەرو کوردستانیەنە دەرسی ئاییینیش وانان و بە «مەلّلا عومەری زەنگەنە»نامێش بەرکەردێنە. جە شێعرەنە تەخەللۆسش «ڕەنجووری»بیەن و دەوروبەرو ساڵەو ١٨٠٩ی زاینیەنە، کۆچی دماییش کەردەن.

شیعرەو ڕەنجووری، دماو مەرگیش پەی ئەهلو ئەدەبو کوردەواری ئەژناسیا بیێنە. حاجیقادری کۆیی(١٨١٦_ ١٨٩٧ ز) کە بە یۆ جە ئەوەڵین ڕۆشنویرەکاو کوردی منریۆرە، شیعرێوەنە نامێو شاعیرە کوردەکاو وەڵێو وێش ئاردێنەش و شانازیشا پەو کەرۆ، پی جۆرە یادو ڕەنجووری کەرۆ:

یەکێ ڕەنجووری ئەهلی کەرکووکە
کە فیکری بیکری هەر وەکوو بووکە

دیوانو شیعرەکاو ڕەنجووری بە هیمەتو مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی، ساڵەو (١٩٨٣ ز) بەغدانە چاپ کریان.

یۆ جە گەورەتەرین بەربەستا سەرو ڕاو ئەنەیاوای و فامکەردەو تاریخی، ئانەنە کە دیاردە و ڕووداوە تاریخیەکا بە ویر و زیهنییەتی ئارۆیانەو وێما بوانمێوە و جیاوازی بارودۆخی فیکری و گۆفتمانی سەردەمە جیاوازە تاریخیەکا چنی فەزاو ویرۆکەردەو وێما، نارمێنە نەزەرە. هەر ئی وەرچەمنەگێرتەیە بۆ بە هۆو هەڵە ئەنەیاوای جە تاریخی. هەڵبەت بڕیو کەس و جەرەیانێچ، ڕەنگا بە ئەنقەست، چی وەزعێ پەی چەواشەکەردەو تاریخی و بەدەسدای ڕیوایەتێوی هەڵەی تاریخی کە خزمەتو مەرام و مەقسەدو وێشانە بۆ، بەهرە گێرا.

نموونێوی دیار چی هەڵە ئەنەیاوای و هەڵەئەرمانای تاریخیە کە بە تەحلیل گۆفتمانێوی سادەو نویستەکا و واتەکا کە جە لاو بڕێو جە قەڵەمبەدەساوە میاومێش پەنە، ڕیوایەتێوا کە جە تاریخو حکومڕانی بابانەکا و پەیوەندیشا چەنی زوانی هەورامی و شاعیرە هەورامیواچەکاوە، مدریۆ دەسەو. چی ریوایەتە هەڵەنە کە بەرهەمو ئەوەواناو تاریخو ئا سەردەمیە بە زیهنییەتی ئارۆیانەن، حکومەتو بابەنەکا پێسە دەوڵەت – نەتەوێوی مۆدێڕنی ڕیوایەت کریۆ کە بە بەرنامێوی تۆکمە و فاشیستی کارش پەی ئەوەسەڕیەو زوانی هەورامی کەردەن و سەرئەنجامیچ تاوانش ئی «پرۆژە»یە بەرۆ سەر و زوانی هەورامی جە بەین بەرۆ. چی ئەوەوانایەنە، شاعێرانێوی گەورە پێسە «نالی»و «سالم»و «کوردی»کە پەی یەکەمجاری دەستشا بە شیعرواتەی بە زاراوەی سۆرانی کەردەن، پێسە «بێگانە»و تەنانەت «دژمەن»بە زوانی هەورامی و عامیلێ «بابانەکا»پەی ئەوەسەڕیەو زوانی هەورامی، مدریا قەڵەم. ئی ئەدەبیاتە بە داخەوە لاو بڕێو جە پەیجۆرکارە هەورامیەکاو تاریخیچەو بە کار بریۆ و بەرگی «شیبهە زانستی»ش ورازیۆ پۆرە. جە بڕێو نویستە و وتارێ ئی جەرەیانیەنە، حوکمڕانی بابانەکا، پێسە دژمەنێوی ئەهریمەنی و «سەرانسەر شەڕی»کە نییەتێوشا جگە جە بەینبەردەی زوانی هەورامی و زەرەردای ئەو هەورامیا نەبیەن، ڕیوایەت کریۆ.

جە ڕاسیەنە هەردوە کۆڵەکەکێو ئی ڕیوایەتە تاریخیە، و حەر پاسە ئا ئیستدلالێ کە سەرو ئا بنەمایەو کریۆ، سست و بێ ئەساسێنێ.

یەکەم: بابانەکێ ئیمارەتێوی سۆننەتی بیێنێ نەک دەوڵەت_ نەتەوێوی مۆدێرن. سیاسیبیەو مەسەلێ زوانی و ئیجراکەردەو پرۆژانێو پەی فاڕاو زوانی، تایبەتمەندی دەوڵەتە مۆدێڕنەکان. ئیمارەتوو بابانی جە دلێڕاسەو سەدەی نۆزدەی زاییینیەنە کۆتایی بە دەسەڵاتیش ئامان. چا سەردەمەنە هیچ یاگێوو دنیایەنە، تەنانەت ئاڵمان و ئیتالیایچەنە دەوڵەت_ نەتەوەی مۆدێڕن وەش نەبیەبێ، تا بیاوۆ لاو ئێرانی و عوسمانی و کوردستانی. دەورووبەرو پەنجا ساڵا دمای وڕاو ئیمارەتو بابانی، دەوڵەتی نەتەوەیی جە ئێران و تورکیەنە مەرزیارە و دەسش دا بە ئیجراکەردە پرۆژەو ئەوەسڕیەو زوانا تەری بێجگەترکی و فارسی.

ڕاسەش ئانەنە کە بابانەکێ هیچ پرۆژێوی تایبەتشا پەی ئەوەسەڕیەو زوانی هەورامی و یاگەگیرکەردەی سۆرانی بە جیاتیش نەبیەن. مۆهیمتەر چانەیە زوانی هەورامی درێژاییو تاریخیەنە، حەر پاسە سەردەموو بابانکایچەنە، پێسە «کوردی»ئەژناسە کریان و ئانە کە بڕێو کەسێ جە پرۆسەو «یاگەگێرتەی زاراوەو سۆرانی پێسە زوانی ئەدەبی، جیاتی هەورامی»، بە «پڕۆژەو بابانەکا پەی یاگەگیرکەردەی کوردی جیای هەورامی»تەعبیرش کەرا، هەڵە ئەندەر هەڵەن. چوونکە یەکەم: ئانە کە ڕوەش دەینە «پرۆسە»بیەن نەک «پرۆژە»و پلانو دەسەڵاتێوی سیاسی پەی فاڕاو زوانی. دوەەم: ئی ڕاسیە هەمیشە مشۆ وەرچەم گیریۆ کە زوانی هەورامی چا سەردەمەنە پێسە «کوردی»و «کوردی ئەدەبی»ئەژناسیا بیەن نەک زوانێوی جیا جە مەجمووعەی کوردی.

ئەگەر گەرەکما بۆ شیکارییێوی زانستی و تاریخی پەی جەرەیانوو فاڕیاو زوانی ئەدەبیو ئاسەردەمیە و ڕەواجو سۆرانی کەرم

ێ، ئی ڕەوتە تاریخیە مشیۆ پێسە «پرۆسە»ی تەماشە کەریۆ نەک «پرۆژە». جە ڕاسیەنە بابانەکێ زیاتەر جە دوەسەد ساڵا وێشا پشتیوانێو زوانی هەورامی بیێنێ. چا سەردەمەنە دەمارگیری سەرو زوانیەو نەبیەن و مەسەلێ زوانی سیاسیە نەبێنە. بابانەکێ حەر پاسە سەرو فارسی و تورکی و عەرەبیەو هەستیارییێوی تایبەتشا نەبیەن، سەرو هەرواميچەو نەبیەنشا، چنی ئانەیە جە سەردەمو بابانەکانە، هەم بابانەکێ وێشا و هەمیچ شاعیرە هەورامیواچەکێ، زوانی هەورامیشا پێسە «کوردی»یان «شێوازی ئەدەبیو زوانی کوردی»، فام کەردەن.

پەی سەلەمناو ئی ڕاسیە، پێسە مشتێو جە خەرواری و نموونێو چا نموونە و شاهیدە فراوانا کە ئینەی دەسەو، متاومێ جە دیوانو ڕەنجووری، شاعیری هەورامیواچی سەدەو هەژدەی زاییینی خەڵکو کەرکوویەنە، دوێ پارچە شعیرێ بە نموونە بارمێوە:

ڕەنجووری جە پارچە شیعرێوەنە باس جە «شاعیراو کوردستانی»کەرۆ و نامێشا بە شیعرە هۆر مدۆ. چی شیعرێنە پەیما بەرگنۆ کە ئی شاعیرە هەورامیواچە کەرکووکیەو سەدەو هەژدەی زاییینیە، مەفهومێو جە «کوردستان»ی ویرشەنە بیەن

و تەنانەت بە جۆریۆ شانازیش، پەووە کەردەن. چێویۆ پێسە ناسیۆنالیسمی وەڵ جە مۆدێڕنی کە لاو شەرەفخانی بەدلیسی و ئەحمەدی خانیچۆ نیشانەکێش هەنێ. کوردستان لاو ڕەنجووریەو سەرزەمێنێوی وەرفراوانا کە جگە جە قەڵەمڕەوو بابانەکا، حەر یاگێو کە کورد مژیوۆ پێسە قەڵەمڕەوو ئەردەڵانەکایچ گێرۆ وێ. وەختاریۆ تەماشەو لیستو شاعیراو کوردستانی جە شیعرەکێو ڕەنجووریەنە کەرمێ، کەسانێو پێسە «بێسارانی»گنا وەرو چەمی کە هەم پێسە ڕەنجووری وێشا هەورامیزوانێ بیێنێ و هەمیچ جە قەڵەمڕەوو ئەردەڵانەکانە ژیواینێ. ئینە نیشانە مدۆ «کوردستان»لاو ڕەنجووریەو چەمکێوی فراوانتەر و گەورەتەر جە ئی ئیمارەت و ئەو ئیمارەتی بیەن و کورد مەفهوومێو بیەن کە هەورامیواچەکێ کۆڵەکێ بنەڕەتیەش بیێنێ.

تەقریبەن گردو ئا شاعیرا کە ڕەنجووری پێسە شاعیراو کوردستانی نامێش هۆر دەینێ، هەورامیزوان یا هەورامیواچێ بیێنێ. ئینە ئی ڕاسیە سەلەمنۆ کە یەک: چەمکو کورد و کوردستانی لاو ئی شاعیرە هەورامیواچەو وەڵێو سەردەموو مۆدێرنی، ئەژناسیابێ و تەنانەت جۆریۆ شانازیکەردەی بە چەمکەکاو کورد و کوردستانی بە شیعرەکاشەو دیارا. دووەم: زوانی کوردی  لاو ڕەنجووریەو هەر ئا زوانەنە کە وێش و شاعیراتەری پێسە بێسارانی شیعرێشا پنە واتەن(یانێ هەورامی).

پارچە شیعرێوە تەرەنە، ڕەنجووری ستایشوو عەبدوڕەحمان پاشای بابانیش کەردەن. ئینە ئانەیە مرمانۆ کە شاعیری هەورامیواچو ئا سەردەمیە، هەستش بە بێگانەیی چنی بابانەکا نەکەردەن و تەنانەت بە نامەبەردەی جە عەبدۆڕەحمان پاشای بابانی پێسە ئەمیرو «گشت کوردستانی»نۆعێو هەستی کوردایەتیی تایبەت بە سەدەو هەژدەهەمیش جە وێش ئەرمانان.

پێسەو ئەنجامو باسەکاو سەری، متاومێ واچمێ، پرۆسەو فاڕیاو زوانی ئەدەبی جە قەلەمڕەو بابانیەنە، حەرگیز پلانپەیمجیا و سیاسی نەبیەن. ئا چێوە کە ڕوەش دەینە پرۆسێوی تاریخی/سروشتی بیەن. چی بارەو وەشبیەو شارو سلێمانی ئەهەمیەتێوی تایبەتش بیەن. دمایچەو بە وەشبیەو شارو سلێمانی، پەی یەکەم جاری چینێوی شارنشین وەش بی کە زوانش کرمانجیوارین بێ، ئی چینە حەرپاسە کە سروشتو شاری و شارنشینیا، لایەنگریش  پەی هونەر و ئەدەبیاتی بیەن. ئینە بیەن بە هۆو ئانەیە کە وردە وردە، بڕێو جە ئەنداماو ئی چینە تازەیە، دەس کەرا بە شیعرواتەی بە زوان و زاراوەو وێشا و شاعیرانێوی گەروە پێسە نالی و سالم و کوردیشا چنە هۆرگنا. ئی شاعیرێ  سۆننەتێوی دەوڵەمندی ئەدەبیشا بە زاراوەی سۆرانی بنەڕەت نیارە کە دماتەر وەردە وردە شاعیرانیتەریچ شۆنیشا گێرت و پەرەشا پنەدا و..

ئی دیاردە تاریخیە مشۆ بەستەری تاریخی وێشەنە بوانیۆوە و زیهنییەت و حەزی ئارۆیانەو وێما نەسەپنمێ ملو تاریخیەرە. کەسانێو کە بە بێسەرنجدای بە فاکتە تاریخیەکا، حوکمڕانی بابانەکا پێسە دژمەنو زوانی هەورامی مدا قەڵەم، جە ڕاسیەنە تاریخێوی چەواشەکریا، ڕیوایەت کەرا کە نیسبەتێوش چنی ڕاسیە تاریخیەکا، نیا.

ڕەنجووری(١٧٥٠_ ١٨٠٩ ز) جە پارچەشیعرێوەنە، لیستو «شاعیرە کوردەکا»و وەڵێو وێش بە شیعرە هۆردەینێ. حەر پاسە کە دیارا_ تا یاگێو بژناسیا_ گردو ئی شاعیرا هەورامیزوان یا هەورامیواچێ بیێنێ و متاومێ واچمێ لاو ڕەنجوریەو شاعیری کورد حەر شاعیری هەورامی زوانا:

شوعەرای کوردستان گۆیەندانی خاس
هەرچی مشهوورەن پەرێت کەرو باس
«مەلا نەجەف»نام «خانای قوبادی»
یەک «مەلا ساڵح»جەرگەی «موورادی»
«مەلا مستەفا»بێساران مەنزڵ
«مەلاحاجی جاف»«عومەر ئۆمەرمل»
عەزیز دەردین، محەمەد عیسا بەگ
حاجی تیلەکۆ، فەقێ عەلی لەک
یوسف یاسکە، مەلا تەمەرخان
شێخعەلی حەریر، مەلا یەعقووب جان
شیخ وەیس گەلاڵی، عەزیزوڵڵا لوڕ
شێخ محەممەد جامی، مەلا بایندۆر
ئەحمەد بەگ چەنی محەمەدئاغای زەند
ئاخە پاوەیی، نەزەر کاکەوەند
وەلی دێوانە، خواجەی ئەردەڵان
شێخ شەهابەدین، شاقەڵا ئەیوان
هەنی ماباقی شوعرای کوردستان
دڵدارانی خاس، پۆلی سەرمەستان
یانە هەریەکێ جە هەر دیارێ
عەللامەی دەور بین جە ڕۆزگارێ
حەککاک غەوواس کانی گەوهەربین
ساحێبفەرد و بەیت، سەودا نەسەربین
ئەی دنیای بێشەرت چوون دار شەترەنج
یەک یەک نمانا پێشان یانەی ڕەنج
ئیسە نەمەندەن غەیر جە نامشان
غەیر جە وانەی فەرد نە کەلامشان
هامسەران هەر ڕۆ جە ڕووی زەرووری
بواچان ئاخ ئاخ پەرێ ڕەنجووری
ڕەنجووری دەروون پڕ نێشی خارەن
پەی وادەی مەرگش وە ئینتیزارەن

ستایشوو عەبدۆڕڕحمان پاشاو بابانی بە شیعرەی هەورامیە
عەبدۆڕڕەحمان پاشا یۆ جە گەورەتەرین حوکمڕانەکاو بابانەکان کە هامکات چەنی پادشایی ئاغا محەممەد خانی قاجار و کەمێو دماو وەشکریاو شارو سلێمانی، دەسەڵاتش گێرت دەس و بە پارێزناو هامسەنگی هێزی بەینو عوسمانی و قاجاڕەکانا، تاواش پەی ماوێوی فرەی دەسەڵاتو وێش پارێزنۆ. جە ساڵەو ١٢٠٧ ک/ ١٧٩٣ ز تا وەختو مەرگیش جە ساڵەو ١٢٣١ک/١٨١٦، عەبدۆڕڕەحمان پاشا بە گردی دەورو شش جارا، دەسەڵاتش چنە ئەسنیاوە و دوبارە بە بەهرە گێرتەی جە هامسەنگی  هێزی، دەسەڵاتش گێرتەو دەس.

شێعرەکێ ڕەنجووری ستایشو عەبدۆڕەحمان پاشایەنە، پێوەندیش بە یۆ چا وەختاوە هەن کە عەبدۆڕرحمان پاشا دەسەڵاتش چەنەسنیابێوە و عوسمانیەکا پەی شارو حیللەی دوور وستەبێوە.

چا شیعرێنە وینمێ، ڕەنجووری شاعیری هەورامیواچ، چەنی ستایشو عەبدۆڕەحمان پاشای بابانی کەرۆ و بە شانازیەو بە «حاکمو کوردستانی»ش، هۆر مدۆ.

شەماڵی شنیار شەماڵی شنیار
شەماڵی شەوگەرد شەمیمی شنیار
ڕەوان بە ڕاهی چوون بەرقی ڕەهوار
مدارا مەکەر تا وە «بەغدا»شار
نە بارگای خاسان بوازە هیممەت
ڕووکەر نەماوای قەیسی پڕ بەینەت
دەور بدەر نە موڵک «بابێل»بێئەندێش
بشۆ وە جایێ «حیللە»ماچان پێش
شەهزادێ جە نەسڵ بەگزادەی «بابان»
جە نەوەی ئوجاغ مالیک ریقابان
والی ویلایەت «گشت کوردستان»ەن
ئیسمی شەریفش «عەبدۆلڕەحمان»ەن
بشۆش ئەو خیدمەت وێنەی خێرخواهان
باوەرە وە هەم ئادابی شاهان



نیعمەت ڕەحمانی - پاوە

# دوێ خەمێ پەی هەورامانی!

هەورامان پێسە مێژوو، کولتوور و زوانی فرە وەروەڵاوتەرن جە هەورامان تەنیا بە واتای جوغرافیای سروشتی و قورسایی بنەڕەتی هەورامانی جە دلێگەرو فەرهەنگ، کولتوور و شوناسی کوردیەنە، فرەتر جە دەوڵەمەندی و دەسەڵاتی فەرهەنگیشەنە بەرگنۆ. هەرچەند هەورامان بە مانا جوغرافیایەکێچش کەوتەن یاگێوە ستراتیژی بەینو یەرەگۆشەو شارەکانو پاوە، مەریوان و هەڵەبجەی شەهیدی، دیارەن بەهەر دوە بارەکەرە واتە باری جوغرافیایی و لایەنی فەرهەنگیەرە، بەشێوە گرنگ و بنەڕەتی و حاشا نەکریاو جوغرافیای سروشتی و شوناسو نەتەوەو کوردیەن.

بە داخەوە هیچکام جە دیالێکت و پێکهاتە کوردیەکان بوارشا پەی نەرەخسیان کە سەرجەم جوغرافیاو کوردستانی گێراوە و بە تێکەڵبیەی جە پرۆسێوە سروشتیەنە پێسە نەتەوەکا تەری یۆ گیراوە، بەڵکو ئەدەب، زمان و دەسەڵاتی کوردی جە هەر سەردەمێوەنە جە قەوارە و دیالێکتو ناوچێوەنە تەنیا چووزەش زنیەن و دماو ماوێوە لاواز و کز کۆتەن و دەماتەر جە مەڵبەندێوەتەرەنە دەلاقێوەتەر، پەی یۆتەر جە دیالێکت و زوانە کوردییەکان کریانەو و پی شێوە دیالێکتی دەڤەرە کوردییەکان بە شێوێوە پرچیا و برگە برگە گەشەشا کەردەن و هەرکام ڕووەو شێوە زمانێوە کوردی تایبەتی ملشا نیان، بەڵام، خۆجەر پی حاڵیچەو بە شێوە جە زوان و جوغرافیا و نەتەوەو کوردی ئەژمار کریانێ. «بۆیس»چی بوارەنە ماچۆ کورد تا بیەن پێسە نەتەوێوە فرە ڕەهەند و فرە زوانی بیەن.

متاومێ ڕەوتوو گەشەو ئەوەژیوای زوانی کوردی پی جۆرە وزمێ وەرو باسی:

١- میرنشینێ بەتلیسی، هەکاری و جزیرە و... جە سەدە و شانزەینە جە بوارو ئابووری و فەرهەنگێنە ئاوەدانی بییوە، شاعیر و گەورەپیانەی پێسە «مەلای جزیری»،«عەلی حەریری»،«فەقێ تەیران»، خانی گەورە و بەدلیسی، بەرهەمو ئاوەدانی و ئەوەژیوای ئی بەشە جە جوغرافیاو کوردستانیەنێ، کە سەرەنجام کەوتێ وەرو شاڵاوە وکاولکاری تورکە عوسمانیەکان و بە مارای دەسەڵاتەکانشا وردە وردە ڕەوت وگەشە و شێعرە و ئەدەبیاتیچش کز و لاواز بی.

٢- یاگێوەتەر کە جە سایەو دەسەڵاتێوە میرنشینێوتەریەنە گەشەش کەرد و ژیواوە، میرنشینو «ئەردەڵانی»بێ کە دیالێکتو هەورامی پێسە زوانی ئەدەبی ئی دەسەڵاتیە بەرجەستەو پەرەش ئەسا، گەورە شاعیرانەی پێسە «سەیدی»«بێسارانی»، «ئەحمەدبەگی کۆماسی»«خانانی قوبادی»، «وەلی دێوانە»و «مەولەوی»لووتکەو ئی ڕەوتەیە بێنێ و ئی ڕەوتە بە هیچ جۆرێوە درێژکریا یان درێژەدەرو ڕەوتی وەڵینی نەبێ. هەرپاسە کە ڕەوتی دماتەریچ، درێژەدەرو دوە ڕوتەکە و وەڵتەر جە ویش نەبێ.

٣- جە دما ساڵەکاو سەدەو هەژدەی و دەسپەنەکەردەی سەدەو نۆزدەی یاگێوەتەر جە جوغرافیا و فەرهەنگی کوردی یانی میرنشینو «بابان»ی ڕووەش نیا ئاوەدانی، چی قۆناغێچەنە شاعیرانەی گەورێ و دیارێ پێسە «نالی»،«شێخ مارفی نۆدی»، «مەولانا خالید نەقشبەندی»، «کوردی»، «سالم»و... پەروەردێ بیێ.

بەڵام بەداخەوە ئی ڕەوتێ درێژەدەری سروشتی یۆترینێ نەوێنێ، یانی شێعرەو نالی درێژەدەرو «سەیدی هەورامی»و «بێسارانی»نەوێ و هەردوێچشا درێژەدەرێو شێعرەو مەلای جزیری و خانی نەوێنێ، هەرکام بە جیاواز بیێ بە هۆکار و گەشە و پەرەئەسەی دیالێکتێوە تایبەتی. پیجۆرە هەرکام چی دەڤەرانە جە کاریگەری میراتی ئەدەبی و فیکری بەشەکا تەری نەتەوە و وڵاتەکەیشا دووریێ کەوتێوە.

جە سەدەی ویەردەنە بە هۆکارو ڕووداوە سیاسیەکانو دەوروبەرو سلێمانی و مەهابادی جاریوتەر دەرفەت پەی دیالێکتوو سۆرانی ڕەخسیا و لانیکەم جە ڕۆژهەڵات و باشوورەنە چێرو سێبەرو دەسەڵاتی کوردیەنە پێسە زوانی ئیداری و میدیایی ویش سەلەمنا، دیالێکتەکێ تەرێ زوانی کوردی کەوتێ پەراوێز. بەڵام پێسە بەشێوە جە جوغرافیاو زوان و شوناسی کوردی هەمیشە یاگێ سەرنج و ڕێز و حورمەت و ڕۆشنبیران و شیکەرانو ئەدەبی کوردی بیەنێ.

دماتەر جە دەیە دمایینەکاو ئی سەدەیەنە کە بە هۆکاری جەهانی ورووتێوە پەی گەشە و میدیا و کەناڵ و دەنگ و ڕەنگە سەتەلایتەکان ڕەخسیا، ڕۆچنێوە وەرو سەرجەم دیالێکتە کوردیەکا وەش بی، هەورامیچ پێسە لایەنێوە جە زوان و ئەدەبی کوردی بەشی تایبەتش پەی دیاری کریا، هەرچند ئی بەشە فرە کەما و جە ئاستو گرنگی کەلتووری دەوڵەمەند و ڕەسەنی هەورامانی نەبیەن و نیەن، بەڵام تا حەدێوە کەمیچ بۆ، زوان و فۆلکلۆرو هەورامانیش وست وەرو دەسو وینەرانو هەورامانی و سەرجەم خەڵکو کوردستانی، ئی ڕەوتە هەرپاسە فەرهەنگ، زوان و فولکلور و بەشەکاتەری نیشتمانو کوردی پێسە «کرمانج»«کەلهوڕ»و «لەک»و «زازا»و لوڕیچش گێرتەو، جۆرێوە کە بیا جە ئەوەژیوای و ئەژناسای ناوچە جۆراوجۆرەکا، بی بە هۆو ئەژناسای و تێکەڵبیەی و یەکترەژناسای کولتوورە پەرتەوازە کوردییەکان، شان بە شانو ئی پرۆسەیە شوناس و فەرهەنگی نەتەوییچشا فرەتەر دەوڵەمەند کەرد.

چێگەنە، جە درێژەو وتارەکەینە بە مەبەستوو دیاریکەردەی یاگێ و کاریگەری فەرهەنگ و مێژوو و زوان

ی هەورامی جە کۆو فەرهەنگ و شوناسی گردینی کوردیەنە، تیشکە وزمێ سەرو پرۆسەو چالاکی فەرهەنگی هەورامانی و هەڵوێست و دیدگاو ڕۆشنویران و چالاکە فەرهەنگیەکاو هەورامانی جە دوێ بەشێ یا دوێ ئاراستێ جیاوازێنە وزمێ وە رو دەسی:

١- ڕەوتێوە فەرهەنگی کە بە پەشتبەسەی بە مێژووی سیاسی، فەرهەنگی و جوغرافیاو هەورامانی جە جەرگەو مێژوو و فەرهەنگ و ئەدەبو کوردیەنە خوازیارو گەشەو ئەوەژیوای فەرهەنگی هەورامانی پێسە بەشێوە جە گوتار و شوناسی کوردیەن. ئی ڕەوتە فەرهەنگیە دیالێکت، ئەدەب و مێژوو بەشەکاتەری نەتەوەو کوردی جەوێش مزانوو و هەر پێسە دەڤەرەکەو ویش خەمەورو ئادیشانیچەن و گەشە و لاوازیشان بە گەشە و لاوازی فەرهەنگ و شوناس و ویش مزانۆ. بە ویرورای ئی ڕەوتەیە هەرچی خزمەت بە ژیوای فەرهەنگ و زوانی «هەورامی»پێسە بە شێوە ڕەسەن و بنەڕەتی جە زوان و شوناس و نەتەوەوکوردی کریێ هێشتا هەر کەمەن، چوونکە زوان و فەرهەنگی «هەورامی»نەک هەر تایبەت بە جوغرافیا و هەورامانی بەڵکوو میراتوو گردو کوردیەن، بە باوەڕو ئی

ڕەوتەیە، پاڵو هەوڵدای پەی دەوڵەمەنکەردەی زوان و فەرهەنگی هەورامی مشیۆ هەوڵ دریۆ کە زوان،فەرهەنگ و ئەدەبی هەورامی بە هیچ کولوجێوە جە فەرهەنگ و شوناسی کوردی نەبڕیۆ، هەر پاسە کە پێویستەن ناوچەکاتەری کوردستانی چەنی زوان و فەرهەنگ و هەورامانی پێسە بەشێوە جە وێشان ئاشنای بانێ، مشیۆ خەڵکو هەورامانیچ پێسە دیالێکتی ئیداری و فەرمی و لانیکەم زوانو بەشێوە جە هاموەڵایەتەکاش چەنی ئەدەب و دیالێکتەکاتەری کوردی و لانیکەم سۆرانی ئاشنا بۆ تا ئەپێسە دورگێوە جە دلێڕاسە و نیشتمانی کوردیە نە تەریک و تەنیا نەگنۆوە چوونکە:

١- هەورامان پێسە جۆغڕافیای کەوتەن یاگێوە ستراتژی و گرنگە جە جۆغڕافیاو کوردستانی و مێژو و ئەدەب و زوانش بە شێوە گرنگو شوناسو کوردیەن، پەراوێز کەوتەی یا تەریکوستەی هەورامانی جە کۆمەڵگای کوردی بە هەر پاساوێوە بۆ وەڵێ هەر یاگێوە، فرەتەرین زیان بە فەرهەنگ و چارەنوسو هەورامانی میاونۆ.

٢- دیالێکت یان زمانی»کوردی هەورامی»پەی ساڵانی فرەی زوانی ئەدەبی بەشێوە گرنگ جە جوغرافیاو کوردستانی و زوانی ئەدەبی شاعێران بیەن کە جوغرافیایوە پان و بەرین جە سەقز تا دەوروبەرو ئیلامیش گرتەنەو، لووتکەش جە ئەمارەتو ئەردەڵانیەنە بەر گنۆ و گەورە شاعیرانەی کوردی پێسە «مەولەوی»، «خانای قوبادی»، «کۆماسی»، «تاهیر بەگ»، «ئەرکەوازی»و دەیان کەسی تەر پی زوانە وێشان نمانان.

٣- ئایین و ئەدەبو یارسانی پێسە جموجۆڵی نارەزایی خەڵکی و دەسپەنەکەرو ئەدەبی کوردی کە فرێوە جە ڕابەران و شاعیرە گەورەکاش غەیرە هەورامیێنێ، زوانی «کوردی هەورامی»پەی وڵاوکەردەی ئایینەکەیشا هۆرچنا و زوان و جۆغڕافیاو هەورامانی کەرا بە ناوەندو ئی حەرەکەتە دینی و ئەدەبیە کوردیەیە.

٤- خەڵکو هەورامانی هەزاران ساڵێ چێوەڵتەر پێسە سەرجەم کوردی، نیشتەجێ کوردستانی و کەش و دەشتەکانو زاگرۆسی بیەن، جە هیچ سەرچەمێوە مێژوویینە باس نەکریان کەخەڵکێوە جیاواز جە دەور و بەریش ڕوەش کەردێبۆ هەورامان (یانی جیاواز چا خەڵکانە کە نیشتەجێ مەریوان، هەڵەبجەی شەهید و جوانرۆو ئیسەیە).

٥- هەر جە سەردەمە فرە کۆنەکا وەڵێ ئیسلامی و تەنانەت سەردەمو دەسەڵاتو ئاشوریەکا هەتا سەردەمو شورشە کوردیەکانو سەردەمو ئیسەیە، پێسە شۆڕشو شێخ مەحموودی نەمری و سمکۆ و قازی و دماتەریچ فرەتەر، هەورامان تێکەڵ بە مێژوو کوردستانی و ساحێو هەڵوێست بیەن و بە هیچ جۆرێ مەکریۆ چارەنوسش جە هاموەڵاتی و هامنیشتمانیەکاش جیا کریۆوە.

٦- ئەگەر بە پیمانەو قازانج و بەرژەوەندیچ ویرکەرمێوە، هەورامان جە چوارچۆو فەرهەنگ و مێژووی کوردیەنە پێسە یۆ جە چوار کۆڵەکەی سەرەکی فەرهەنگی کوردی منریۆرە، هەرچەند جە ساڵانی ویەردەنە و جە سەردەمو دەسەڵاتی کوردیەنە پەی هەورامانی کەمتەرخەمی کریان، بەڵام پا حاڵەیچۆ هەورامان هەمیشە پەی لایەنی ڕۆشنویری و فەرهەنگدۆسو کوردی یاگێ تایبەتەش هەنە... و دەسەڵات هەمیشە یاگێ ڕەخنەیەن و کەمتەرخەمی دەسەڵاتی مەبۆ پاساو پەی قرتنای هەورامانی جە کۆو فەرهەنگ و شوناسی کوردی. ڕە خنە جە دەسەڵاتی کوردی بە یاگێ وێش پەنەوازە و پێویستەن، بەڵام تۆڵە ئەسای جە دەسەڵاتی، بە بڕیەو جیاوازی وستەی دلێ فەرهەنگی کوردی، هەوڵێوە نەشیاو و چەفتەن.

٢- ڕەوتی دوەم، ڕەوتێوە فەرهەنگیەن کە هەرچەند هێشتا پرشو و وڵاوەن بەڵام فرەتەر جە فەزای مەجازیەنە ویش منمانۆ، بە توندی هەوڵ مدۆ بە هەوڵ و پاساوی جۆراوجۆر، هەورامان و زوان و فەرهەنگیش جە کۆو فەرهەنگ و شوناسی کوردی قرتنۆ و پێسە شوناسێوە جیاوازی بژناسۆش، هەر پاسە، چی ڕەوتەنە تێکەڵبیەی هەر واتیلێوە «سۆرانی»و دیالێکتە کوردیەکا تەری جە دەقی هەورامیەنە پێسە گوناح و بڤەی وینۆ بەڵام واتیلێ عەرەبی یا فارسی ئاساییەن، بە جۆرێوە کە «ئەیتەرو «هەورامی، تەنیا سۆرانیەن و ئی دوە لەقەو نەتەوەو کوردیە بێگانە بە یۆترینی مژناسیا!! ئانەیە مشۆ کە کەمکاری و نەزانکاری دەسەڵاتی جە هە

مو کوردستانیەنە هۆکارێوە گرنگ بۆ پەی بەرجەستە بیەی نارەزایەتی، بەڵام هەرپاسە کە وەڵتەر واچیا، نارەزایەتی و ڕەخنە سەروکەمکاری و نەزانکاری دەسەڵاتی تا فرەتەر بۆ هێشتا کەمەن، بەڵام نە بە شێونای فەرهەنگی و قرتنای هەورامانی و دور وستەیش جە شوناس و فەرهەنگی کوردی، بەڵکو خاستەر ئانەن کە بە ڕەخنە جە دەسەڵاتی، هەورامان پێسە مەرکەز و ناوەندی سەرەکی فەرهەنگ و شوناسی کوردی بژناسیۆ و کەمکاری و پەراوێز وستەیش پێسە تاوانی نەتەوەیی وزیۆ سەرو شانەو دەسەڵاتداران، چوونکە هەورامان ساحێبو کۆنتەرین و ڕەسەنتەرین پێوەرکاو شوناسی کوردیەن و ئەرکو دەسەڵاتیەن، بە شێوێوە جیدی و نیشتمانی وانایێوە دڵسۆزانەش پەی کەرۆ، هەرپاسە کە کەمکاری دەسەڵاتی کوردی پەی گەشە و خزمەتکەردەی فەرهەنگو هەورامانی هیچ پاساوێش نیەن و کارێوە شەرمەزارانەن، هەرپاسە هەر جۆرە هەوڵێوە بەدەر جە چوارچێوەی فەرهەنگی کوردی پەی شوناسو هەورامانی کارێوە نانیشتیمانی و چەواشەن، چونکە:

١- هەورامان، هۆرکەوتەو یاگێوە هەستیار و جۆغرافیاو کوردستانیەن، و ویەردە و فەرهەنگ و زوانش بە درێژایی مێژووی پێسە ڕەسەنتەرین بەشو فەرهەنگ و زوانی کوردی ئەژناسیان هەر پاسە کە خانای قوبادی بە زوانی «کوردی هەورامی»زوانی کوردی مژناسنۆ و ماچو:

هەرچەن مەواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە فارسی بەل شیرینتەرەن

٢- چی سەردەمەنە کە بە هۆکارو وەڵێکەوتەی زانایی تەکنۆلوژی و سیاسی، دەلاقێوە پەی ئەژناسیا و گەشە کەردەی فەرهەنگی کوردی کریانەو، سەرجەم ناوچە و دیالێکتە کوردیەکێتەر پێسە «کرمانج «و «زازا»و «سۆران»و تەنانەت «کەلهور و لەک»ململانێ ڕەسەنایەتی و کوردبیەی ڕەسەنی وێشا کەرا و چی بوارەنە وێشان فرەتەر کورد مزانا و هەوڵ مدان کە یاگێ و شۆنەی تایبەتەشان جە فەرهەنگ و شوناسی کوردیەنە پەی تەرخان کریۆ، ئەگەر نارەزایەتیچشان بۆ، بە شێوێوەن کە وێشان شایانو یاگێوە گرنگتەر جە فەرهەنگ و شوناسی کوردیەنە مزانا و داواکارێنێ پێسە بەشێوە ڕەسەن جە نەتەوە و کوردی مشیۆ فرەتەر کارشا پەی کریۆ، نەک وێشان جیا کەراوە و بگنان پەراوێز. هەورامانیچ پێسەو گرنگتەرین و ڕەسەنتەرین بەشی فەرهەنگی کوردی مشیۆ ململانێ ڕەسەنایەتی و کوردبیەی ڕەسەنی وێش کەرۆ نەک بڕیەی وێش، چوونکە وەڵێ هەر کەسیەنە دووکەڵش چەمێ وێشەرە ملۆوە.

# دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە

بەشی ١

## دامەزراوەیەك بۆ هاوكارییە هەمیشەییەكانی كوردستان




**تۆ خاوەن کار ،ساماندار**
**چت کردوە بۆ کوردستان**
**هەر نیشتمانت لە بیرە ؟؟؟**
**گۆڤاری بەیان ئەو کەسانەی**
**خزمەت بە نیشتمان دەکەن**
**دە ناسێنێ**

**بەرپرسی گۆڤاری بەیان**

نزیک دەبینەوە لە ساڵێک بەسەر دامەزراندنی دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە وەکو دەزگایەکی خێرخوازی بە سپۆنسەری بەڕێز د. تەها ڕەسوڵ، دامەزراوە کە توانیوێتی لە ماوەی بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کورنا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت هەر لە دروست کردنی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کۆرۆنا تا دەگاتە ئەوەی خواردن بۆ٢٠ هەزار خێزان دابین بکات و دواتریش لە بواری تەندروستیدا هەر لە بەخشینی دەمامک و ئامێری تەعقیم و دەستکیش و دواتریش دەرمانڕێژکردنی خوێندنگە و فەرمانگە و نەخۆشخانە و شار و شارۆچکەکان تا هاوڵاتیان و فەرمانبەر بە دوور بن لە تووش بوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا. ئەم هەڵمەتە تەندروستییە درێژکراوەی سەرجەم ئەم هەوڵانەیە کە دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە لە شار و شارۆچکە جیاوازەکانی ئەنجامی داوە و مەبەست تیایدا تەنها هاوکاری کردنی هاوڵاتیانە و پێشتریش هاوکارییە بەردەوامەکانی دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە لە چەندین شار و شارۆچکە ئەنجام دراوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١ـ ١٥٠ هەزار دەمامکی بەخشییە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە و گەرمیان

٢- هاوکاری نەخۆشخانەکانی شەهید دکتۆر هێمن.
٣- بانکی خوێنی سلێمانی.
٤- نەخۆشخانەی شۆڕش.
٥- نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر ئاسۆ.
٦- نەخۆشخانەی شەهید تاهیر عەلی والی بەگ.
٧- نەخۆشخانەی قەڵا لەکەلار.
٨- نەخۆشخانەی هەڵەبجە تایبەت بە کۆرۆنا.
٩ نەخۆشخانەی چەتری باوک لە چەمچەماڵ. ١
٠- نەخۆشخانەی ڕواندز.
١١- نەخۆشخانەی کۆیە.
١٢ـ نەخۆشخانەی سۆران.
١٣- بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی.
١٤- بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانی.
١٥- نەخۆشخانەی قەلا لە کەلار.
١٦- قەزای شارەزوور
١٧- چەمچەمال
١٨- کەرکوک

١٩- ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٨ هاوکاری گەیاندە ٢٥٠ خێزانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشێکی تایبەت بوو بە بواری تەندروستییەوە. ٢٠- ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٩ بە مەبەستی خۆپاریزی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و مامۆستایان و خوێندکاران ٢٠٠٠ دەمامک و ٢ ئامێری تەعقیمی گەیاندە سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی.

٢١- ٢٠٢٠/٧/٢٩ بە ئامادەبوونی ستافی دەزگای خێرخوازی کەریمی ئەلەکە ئامادەکارییەکان کرا بۆ هاوکاری تەندروستی کە پێکهاتووە لە دەمامک و ئامێری تەقیم تاکو گشت لایەک تەندروست و باش بن. هەر لەو دیدەوە هاوکارییە تەندروستییەکان گەیەنرا هەریەک لە: ١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان/ سلیمانی ٢٠٠٠ دەمامک ٢- ناوەندی ڕۆشنبیری پێشمەرگە ٢٠٠٠ دەمامک ٣- ڕێکخراوی ڕۆشنایی دڵ بۆ خزمەت ٢٠٠٠ دەمامک

٢٢- ٢٠٢٠/٨/٧ گەیاندنی ٥ دەمامک و ٢ ئامێری تەعقیم بە نەخۆشخانەکانی قەڵادزی.

٢٣- ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/١٠ دەرمانڕێژکردنی گەرەکەکانی ناو شاری کەرکوک و بەخشینی ٥٠٠٠ دەمامک بە نەخۆشخانەی کۆرۆنا و دواتریش خەڵاتی ڕێزلینان بە دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە لە لایەن پارێزگاری کەرکوکەوە.

٢٤- ٢٠٢٠/٨/١٢ بە مەبەستی خودپاریزی ١٥٠٠ دەمامک دەبەخشێتە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆماتیزمی سلێمانی.

٢٥- ٢٠٢٠/٨/١٧ هاوکارییە تەندروستییەکانی بگەیەنیتە هەر دوو شاری خۆشەویستی خەلەکان و ڕانیە.

٢٦- ٢٠٢٠/٨/١٦ دەرمانڕێژی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی.

٢٧- ٢٠٢٠/٨/٢٠ دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە بە سپۆنسەری بەڕێز د. تەها ڕەسول هاوکاری پزیشکی کە زۆی لە ٥٠٠٠ دەمامکدا دەبینیەوە گەیاندە نەخۆشخانەکانی ڕەواندوز و سۆران.

٢٨- ٢٠٢٠/٨/٢٠ دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە بە سپۆنسەری بەڕێز د. تەها ڕەسول، هاوکاری پزیشکی کە خۆی لە ٢٠٠٠ دەمامکدا دەبینیەوە گەیاندە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلیمانی.

٢٩- ٢٠٢٠/٨/٢٣ بەخشینی دوو ئامێری تەعقیم و ٥٠٠٠ دەمامک بۆ شاری کۆیە.

٣٠- ٢٠٢٠/٨/٢٦ دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە بە سپۆنسەری بەڕێز د. تەها ڕەسول بە مەبەستی گەیاندنی هاوکاری گەیاندە نەخۆشخانەی عەربەت. ٣١- ٢٠٢٠/٨/٢٦ هاوکاری تەندروستی گەیاندە بەڕێوەبەرایەتی کارتی نیشتمانی لە ناحیەی عەربەت کە پێکهاتبوو لە ٢٥٠٠ دەمامک لەگەڵ ئامێرێکی پاکژکەرەوە. ٣٢- ٢٠٢٠/٨/٢٦ بە سەرپەرشتی بەڕێز بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی هاوکاری پاک کردنەوەی دیوارەکانی شوێنەواری قزقاپان لە ئەستۆگرت بە پاڵپشتی و هاوکاری ماددی و مەعنەوی. ٣٣- ٢٠٢٠/٨/٢٧ دەرمانڕێژی شاری قەڵادزێ دەکات هەر لە شەقامەکان و ناو فەرمانگەکان لە خۆ دەگریتەوە. ٣٤- ٢٠٢٠/٨/٢٧ بە مەبەستی پاراستنی هاوڵاتیان و فەرمانبەران دەرمانڕێژی قایمقامیەتی قەڵادزێ یان کرد. ٣٥- ئەمڕۆ ٢٠٢٠/٨/٣٠ دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە لە چەمچەماڵ دەرمانڕێژی دەست پێکرد. ٣٦- ٢٠٢٠/٩/١ بە مەبەستی هاوکاری کردنی خوێندکاران لە ساتەکانی خوێندن و بەخشینی دەمامک لە ساتەکانی تاقیکردنەوە لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی دەبەخشرێتە خوێندکاران. لەم هەڵمەتەدا ٥٠٠٠ دەمامک بەخشرایە خوێندکاران تا لە ساتەکانی تاقیکردنەوەدا بەکاری بێنن. ٣٧- ٢٠٢٠/٩/٢ بەخشینی ٣٠٠٠ دەمامک و یەک ئامێری تەعقیم بە مەڵبەندی تەندروستی ئێشکگری قەرەداغ. ٣٨- ٢٠٢٠/٩/٣ گەیاندنی ٥٠٠٠ هەزار دەمامک و ٢ ئامێری تەعقیم گەیەنرایە قەزای شارەزوور. ٣٩- ٢٠٢٠/٩/٦ هاوکارییە تەندروستییەکانی گەیاندە شاری ڕانیە کە پێکهاتووە لە ٣٠٠٠ هەزار دەمامک و ٥ بۆتڵ ئۆکسجین و دەرمانڕشتن و ٣ ئامێری پاکژکەرەوە. ٤٠- ٢٠٢٠/٩/٦ هاوکارییە تەندروستییەکانی گەیاندە شاری قەڵادزی کە پێکهاتووە لە ٣ هەزار دەمامک و ٥ بۆتڵ ئۆکسجین و دەرمانڕشتن و ٢ ئامێری پاکژکەرەوە. ٤١- ئەمڕۆ ٥ شەممە ٢٠٢٠/٩/١٠ دەرمانڕێژکردنی مزگەوتی گەورەی سلێمانی دەستپێکرد. ٤٢- ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/١٠ دەرمانڕێژکردنی کلیسای مار یوسفی کلدانی لە سلێمانی ٤٣- ٢٠٢٠/٩/١٣ هاوکارییە تەندروستییەکانی گەیاندە سەنتەری کۆنترۆلکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سۆران. ٤٤- ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٤ دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی ڕەواندوز و پێدانی دەرمانی تایبەت بە مەبەستی ڕشتنی لەناو شار و فەرمانگە و خوێندنگەکانی ناو شاری ڕەواندوز.

**١. سەد هەزار کتێب دەبەخشێتە چوارپارچەی کوردستان**

دەزگای خێرخوازی کەریمی ئەلەکە وەکو دەزگایەکی خێرخوازی کە بەڕێز (د. تەها ڕەسول) سەرپەرشتی دەکات و لەیەکەم قۆناغی کارەکانیدا بەخشینی ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار کتێبە بەناوەندەکانی خوێندن و بەهەموو ئاستە جیاوازەکان و هەر خوێندنگەیەک کتێبخانەیەک و١٠٠ سەد کتێبی بەدیاری بی بەرامبەری پێدەبەخشرێت، ئەم کارە هەوڵێکیتری بەڕێز (د. تەها ڕەسول)ە بۆ فراوانبوونی دنیای خوێندنەوەو ڕۆشنبیریی لەهەموو بوارەکاندا کە جێگەی دەستخۆشی و پێزانینە.

**٢. هاوکاری شارۆچکەی تەق تەق**

دەزگای خێرخوازی کەریمی ئەلەکە وەکو دەزگایەکی پشت و پەنای هاوڵاتیان ئامادەکاری دەکات لەهەر شوێنیک ئەو بتوانیت خزمەت بکات، دیارە هەر لەو دیدەوە بووە کە هاوکاری شارۆچکەی تەق تەق بکات بە کرینی غەواسەیەک کە بە سپۆنسەری بەڕیز د. تەها ڕەسووڵ کە ببیتە هاوکارییەک بۆ ئەو شارۆچکەیە کە خاوەنی دەریایەیەکەو بەداخەوە چەندین ڕووداوی خنکاندنی تیدا ڕوویداوەو هەندیکجار بە ئەستەم لاشەی نوقم بوو دۆزراوەتەوە.

هەربۆیە کرینی ئەو غەواسەیە دەبیتە هۆکار بۆ ڕزگارکردنی ئەو کەسانەی کە کێیشەی خنکاندنی بۆ دروست دەبێت هاوکاری بکریت و ڕزگار بکریت

**٣. پەیکەرێك بۆ عەبدوڵلا پەشێوی مەزن**

بە مەبەستی ڕێزلێنان لەشاعیری گەورەی کورد (عەبدوڵلا پەشێو) دەزگای خێرخوازی کەریمی ئەلەکە و لەسەر ئەرکی بەڕێز د. تەها ڕەسول پەیکەرێکی تایبەت بۆ شاعیر سازدەکات لەبەرامبەر ئەو دڵسۆزی و پێگەیەی کە ئەم شاعیرە لەناو ئەدەبی کوردیدا هەیەتی.

**٤. هاوکاری دروستکردنی نەخۆشخانەی قەڵا**

دەزگای خێرخوازی کەریمی ئەلەکە ٢٠٢٠/٣/٩ هاوکاری خۆی گەیاندە لیژنەی سەرپەرشتی دروستکردنی نەخۆشخانەی قەڵا کە لەشاری کەلار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا دروست دەکریت. دیارە دەزگای خێرخوازی کەریمی ئەلەکە بە سپۆنسەری (د. تەها ڕەیسوڵ) کارەکانی ئەنجام دەدات.

**٥. هاوکاری کەم ئەندامانی سلێمانی**

لەدوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناو نەمانی بازاڕو کیشە دروستبوون بۆ دابەشکردنی موچە بۆ هاوڵاتیان و ڕیگەنەدانیان بۆ هاتنە دەرەوە، ژیانی زۆر خیزانی هەراسان کردووە، هەرچەندە ئەوە لە خزمەتی تەندروستی هاوڵاتیاندایە، هەر لەو دیدەوە ٢٠٢٠/٣/١٩ دەزگای خیرخوازی کەریمی ئەلەکە بە سپۆنسەری (د. تەها ڕەسووڵ) هاوکارییەکی گەیاندە کەم ئەندامان تاکو ئاسانکارییەک بێت بۆ ئەو کەم ئەندامانەی کە لەناو شاری سلێمانیدایە.

**٦. هاوکاری نەخۆشخانەی چەتری باوك**

٢٠٢٠/٣/٢٠ نوینەرانی دروستکردنی نەخۆشخانەی چەتری باوک- کە کۆمەڵیک خیرخواز لەشاری چەمچەمال دروستی دەکەن بۆ تووشبوانی ڤایرۆسی کورۆنا و لەو نیوەدەدا هەر وەکو ڕابردوو دەزگای خیرخوازی کەریمی ئەلەکە بە سپۆنسەری بەڕێز (د. تەها ڕەسووڵ) بەشداری کرد لە هاوکاریکردنی دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیەی کە ئامادەکارییەکە بۆ ئەو پیشهاتانەی کە ئەگەری هەیە ڤایرۆسی کورۆنا لەو شارەدا ڕوو بدات.

شایانی باسە دەزگای خیرخوازی کەریمی ئەلەکە تا ئیستا هاوکارییەکانی بۆ ئەو نەخۆشخانانەی کە تایبەت بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا دروست دەکریت بەردەوامە.



عابید حسەینی ـ سەقز - مامۆستای زمانی ئینگلیسی

# پەروەردەی خۆبەڕێوەبەر و بەرهەم هێنەر بەرەو قەیران و پەروەردەی دەستەوسان و مایە پووچ بۆ داهاتووی وڵاتێک

لە نێو خوێندنەوەی ژیانی سەدان نووسەر و گەورەپیاوی خۆیی و دونیایی، دەتوانین پێناسەیەکی پەروەردەیی ڕچاو بکەیت و بە تێبینییەک، بە چەند پرسیاری زەق بگەیت، ئەویش ئەوەییە:

کام مەکتب و ئیسم توانیوێتی وەها مرۆڤانیک بخوڵقێنێت؟

بە چ پێوەرێکی زانستیانە بتوانین ئەم شێوازە هەڵبسەنگێنین؟

ئەم پێوەرانە لای من دوای خوێندنەوەی ژیانی دوو کەسایەتی خۆماڵی دیار و بەرچاو، وەکوو ژیاننامەی دوکتور ئیبراهیمی یونسی و بەتایبەت ڕچەشکێنی خۆبەڕێوەبەر و خۆراهێنەر مامۆستا هەژاری نەمر کە لای من سەرەوەر و مورشیدە، بە وڵامێک دەگەیین. لێرەدا باسی پێگەیشتنیانە و لەسەر بیر و بۆچوونیان نییە.

لە ژیانێکی چەقبەستوودا نوقووم بوون و لە نێو جەغزێکدا ڕاکەڕاکە کۆتایی نایەت، تا ئێوارە بجیقێنی و بفیقێنی ڕەوتی ژیان پێوەری خۆی هەیە و بە لای تووە ڕاناوەستێت و تاڵت بێت و خۆشت بێت دەبێ بژیت و بمریت و خۆبادان و پەڵپ هێنانەوە بایەخێکی ئەوتۆی نییە.

هەرکەس لە ژیانیدا پیر و مورشدێکی هەس، پیر و مورشیدی هەرە مەزنی ژیانم مامۆستا هەژارە، هێزی نووسین، برستی ژیان و ڕەورەوی بەرەو ئاسووی ڕوون لای من دنەی هاندەرانەی ئەم مامۆستا پایەبەرزەیە.

وەک چۆن پێژمیرەکەم داییم کراوەییە و مەترسی ویرووسی بوونی هەیە، ئەبێت زووزوو دژە ویرووسی بۆ نۆژەن بکەیتەوە، مێشکی مرۆڤیش داییم پێویستی بە هاندانە، پێویستی بە نۆژەن کردنەوە و ڕاپسکانە و دەبێت لە کۆتایی هەفتەیەکدا بەخۆدا بچیتەوە، چلۆن ژیانت بردووەتە سەر، هەرکەسێک لەم چوارچێوەدا نەجووڵێت، بەرهەمی بەپێزی بۆ خۆی و ژیان و دەوروبەری نابێت.

هەرکات دەکەومە کاتی ئاسیش، پاڵپشتێکی نەبڕاوەی ژیان دێتە هەناوم، دوو باوک وەک کۆڵەکەی ژیان لە ژێر کاریتە و خشتەی ژیانمدا بناغاوان دەگرن، هەتوانی بەرەو مرۆڤبوونیان بۆ دامەزراندووم، هەموو کۆتایی هەفتەیەک وەک کۆتری باڵنەخشین دەرژێنە پیلۆ ماندووەکانی چاوم و سەرلەنوێ وەک قەقنەس دەمبووژێننەوە، یەکەم باوکێکە کە هەموو دەم کۆڵەکەی ژیانم بووە لە ئاستی بەرزی مرۆڤبووندا، دووهەم، باوکی ڕوحی و وەسای کتێب و مامۆستای وشە و نووسین و هێزی هەژاران، هەژاری نەمرە.

کاتی پێشەکی شەرەفنامە بە نووسینی مامۆستا هێمن دەخوێنیتەوە، باسی کاری سەختی مامۆستا هەژار لە سەر وەرگێرانەکەی شەرەفنامە دەکات، لە نێو سەنگەر و بەرد و خۆڵەپۆت خەریکی وەرگێرانە، ویزەی گوللە ڕایدەچڵەکێنی، ئەمە لە مێشکی مرۆڤی خۆساختە و خۆناس و بەوەج نەبێت، سەرناگرێت، ئەو کەسانەی خۆراپەڕینن و بە وتەی مامۆستا هەژار داییم ئایەتی گۆپاڵ بەسەریانەوە نییە، لە کولتووری ئێمەدا کەمن، زۆربەی فێرگەکانی ئێمە وانەی خۆبەڕێوەبەری تێدا نییە و ناتوانێ منداڵانی وڵات بە خۆ بژێین ڕابهێنێت، بە زوانی خاریجیەکان، «selfmaneged» و «Self manegment»نین، یانی پەروەردەی ئێمە ناتوانێت منداڵ بۆ ژیانێکی ساکاری ئاسایی خۆشی پەروەردە بکات.

چەند هۆیەک هەیە:

یەکەم، ڕەوتی مینبەرییە، قسە و قسە و قسە، باوکی هەمووی لە قەور دەرهاوردە، لە سەر کاغەز بە خەزوبەز کار دەرازێنێتەوە، دونیا بەلایکت ناگات، پەروەردەی ئێمە فێرکاری مینبەری لە بەرەوی خستە، هەروەک شێخی سەعدی باوکی قسە فەرموویەتی: سەد وتە نیم کردار نییە، یانی سالانی ساڵە ئەم بیرۆکە نەگۆڕدراوە، دەڵێی سەعدی دوێکە دواوە، ئەم چەرخی ڕۆژگارە نەیتوانییە بیرمەند و زانایەک بە کردەوە بێنێتە گۆڕێ تاکوو بڵێت: سەد کردە جێبەجێ بێت و نیو قسە بکرێت.

دووهەم پەروەردەی سەقت، بە شێوازێکی سیستمی و ئیدئۆلۆژیک شێواز و بە ئەنقەست، مرۆڤی پلەنزم و چاوچنۆک و قەوارەکوڵ و هەڵپەرست خۆبین و وڵات ڕووخێن، تەنیا بەرچاوەکەی خۆی و جەستەی نەبێت، داهاتوو و وڵات و نیشتمان لای ئەو گاڵتەیە، بیشی بێت هەر بۆ ئەو مەبەستە جەستەییە وەگەڕی دەخات.

سێهەم،کاریزما و تاکخوازی و تەریک بوون لە هەموو بنەماکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەدا، کاتێک دەچێتە قوڵایی ناخی ویژە، ڕامیاری و هەر لایەنێکی ئەم وڵاتە کاریزما شێوازانە، ڕەوت و شێواز و بوون و مەبەست هەر هەمان تاکە و تاکە، قارەمانی هەموو چیرۆکەکانمان تاکە و پاڵەوانە، تاکەی پەروردە بەرەو کاریزما و تاکخوازی دەڕوات، تاکەی هەرەوەزی نابێتە چێژی موخیلەی مرۆڤی ئەم ناوەندە؟

هەموو سەروبنی زمانیش، لە کوردی و فارسی و عەربیەوە بگەرە، هەر هەمان ڕەوتی مێشکمان پیشان ئەدەن، کار ڕێخەرێک لای سەرەوەی گرتە، کۆ مانایی نییە، تاک خەریکە یەک لایەن سەردەکەوێت، تاکێکی بوت، تاکێکی پاڵپێوەنراو، بە هەر شێواز، تاک و کاریزما، لە پەروەردەی ئێمەدا داییمە جێگیرە. ئەم شێوە کارە قەت منداڵی خۆ بەڕێوەبەر و داهێنەر و خۆ ژێینەر بەدی ناهێنێت. چون نە مامۆستا دەزانێ کار ئاسانی بۆ بکات نە سیستمیش لە چەنتەیدا هەییە، تەکوتەرایش، بەدەگمەن کەسانی لێهاتوو و بەزیپەکوزاکۆن دەردەکەوەن، ئەوانیش بە هۆی سیستمی بوونی ڕەوتەکە هەر وەک قارچکی بەهار دوایی سەردەمانێک دەستەوسان و ناهومێد لە پێشچوون دەکەوێت و وەرس دەبن و لاپاڵ دەگرن.

ئەی بەرەو کوێ؟ مرۆڤی کارامە و سیستمی چالاک و ڕەوتی هەرەوەز چلۆن دێتە کایەوە؟

تەنیا بە داڕشتنەوەی نوێ دەکرێ و دەبێت ئەو بیرۆکانە بگۆڕدرێن، چاکسازی تێدا ناکرێتەوە، بناغە لێڵە. هێمنئاسا بێژی بتوانین بڵێین، دوور بنوارە ئاسۆ ڕوونە، یان نەخەیر دەس لەئەژنۆ دابنیشین ڕەنجەڕۆ.

ئەگەر ببیتە هەواڵی کتێب و شاخ و ببیتە مەکتەبی مامۆستا هەژار، تەنگەژەی ژیان هەڵت ناپێچێنێت و دەس لە گیرفان بێئەنوا دانانیشیت، بە قنگەخشکێش بێت، تا لێواری مەرگ و نەمانیش بڕۆییت، هەر ڕوو لە ڕۆگەی ئاسۆ بۆ تیشکی خۆر دەڕوانی، هیوادارم، وەک هەژاری هەژاران گەڵێکی هەرەوزەکار و کۆدەنگ بێتە مەیدانی وزە و ڕەوت و ئەرکی ژیان، منیش دووپاتی دەکەمەوە لە سەر هەمان وتەی بەنرخی مامۆستا هێمن، ڕوو لە تیشکی بەیان دوور بنوارە ئاسۆ ڕوونە.

جەمشید شاموحەمەدی ـ سنە
دەروونناسی بالینی



# نۆستالۆژیا لە سەردەمی کرۆنا

لە یەکێک لە ڕۆژە جوان و دڵڕفێنەکانی بەهاری (کرۆنای) ئەمساڵدا لەگەڵ خێزانەکەم لە کەرەنتینەی ماڵەوە دانیشتبووم و چام دەخواردەوە و لە پەنجەرەوە سەیری کۆڵانە بێدەنگ و خاڵی لە هەر چەشنە بوونەوەر و ڕێبوارێکی دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە چۆن دەتوانم لە بەهارێکی زۆر جوان و پڕ لە خۆشی وەک بەهاری ئەمساڵ لە ماڵ و لە کەرەنتینە بمێنیتەوە؟ لەم خەیاڵە شیرینانەدا بووم ئەسپی خەیاڵم فڕی، بیرەوەرییەکی شیرینم وەبیر هاتەوە. سەردەمی پێش کرۆنا و کۆبوونەوەی دۆستانە و بنەماڵەیی‌یەکانمان. نازانم بیرەوەری شیرین و خۆشی ئەو شەوەی هەینی کە لەگەڵ هاوکارەکانم لە یەکێک لە باخە وەک بەهەشتەکانی بانە بووین چۆن بەسەرمدا هات و ڕۆیی؟خەریک بوو چێژم لە دیمەنە ئەفسووناوی و ناوازەکانی ئەبرد، دیمەنی خۆشی و خەندە و گاڵتە و قسەی خۆش و... ئای کە چەندە ژیانی ئەو سەردەمەمان خۆش و سەمیمی و سادە و ساکار بوو. ئەو کاتە چەندە ژیانمان ئەبەدی ئەبینی؟ لە پڕێکدا بە بابە بابە وتنی کوڕەکەم لەو خەیاڵە سەرنج ڕاکێشانە هاتمە دەرەوە. هەر زوو بیرم کردەوە: «چ شتێکی خۆش لەو شەودا بوو؟ خۆ من لەو کاتەدا، خەمی گەورەم، وڵامی داخوازی ئیداری گواستنەوەم بوو بۆ سنە! نزیکەی ١٠ ساڵ بوو لە بانە بووین و تا لەوێ بووم، یەکێک لە گەورەترین کێشەکانم هەموو ساڵێک لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی گواستنەوەی مامۆستایان و هاتنی مانگی ڕەزبەر بە دوای گواستنەوە و گەڕانەوەدا بووین بۆ سنە، بەڵام بۆچی ئەو بیرەوەرییە جوانانەی ڕابردوو ئێستا هاتبوونەوە ناو خەیاڵم و منیان دەحەساندنەوە؟! بەڵێ، من تووشی هەستێک بووم کە پێی دەوترێ نۆستالۆژیا (nostalgia). زۆربەمان لە سەرەتای سەرهەڵدانی کۆڤید ـ ١٩ ەوە بیرەوەری چاک و جوانمان بیر ئەهێنێتەوە: ڕۆژگاری بەسەرچوو و ئەو خەڵکەی لە ساڵانی ڕابردۆوە بەجێمانیان هێشت و وێنەکانیان لامان ماون، کەسانێ بە یادەوەری تاڵ و شیرینەوە. ڕابردوویەک کە ڕەنگە دوو سێ مانگ پێش کرۆنا بوو، زۆری نەبرد لەبیری بکەین کە ڕۆژگارمان ئەوەندە خۆش و باش نەبوو لەو کاتەش‌دا. بەڵام ئێستا کە ئێمە سەیری هەمان دوو سێ مانگ پێش کرۆنا دەکەین، شتەکان بە جوانی و بێدەنگ و خۆشتر دەبینین. هەموو ڕۆژێک و بە بەردەوامی و بە هۆی بوونی چەندین میدیای جەماوەریی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی بە کۆمەڵگا و تاک و... هەواڵە ناخۆشەکانی کرۆنا دەبینین و دەبیستین. هەر چەند ڕۆژێک لەمەوبەر و لەسەر مێزی کۆمپیوتەرەکەم، خەریکی ناونووسی بۆ ئازموونی خولی دوکتۆرا بووم، کە لەپڕدا ڕۆژە خۆشەکانی سەردەمی زانکۆی تاران و کۆبوونەوەی دۆستان و هاوپۆلەکانم بیر کەوتەوە. چەندە سەردەمانێکی شیرین بوو، بەڵام کەمێکی‌تر بیرم کەوتەوە کە چەندە بە پەلە بووم کە ئەم دەورانە بە خێرایی تەواو کەم؟ هەموو هەفتەیەک دە، دوازدە کاتژمێر لە بانەوە بە پاس ڕێگام ئەبڕی تا ئەچوومە تاران. ڕۆژی ئەوەڵ لە کەلاس ماندوو و هیلاکی ناو ڕێ و ڕۆژی دووهەم پەلەپەل دووبارە بگەڕێوە بۆ بانە. کاتژمێر حەوتی بەیانی لەترمیناڵی بانە ڕێک ئەچووم بۆ مەدرەسە خۆزگەم دەخواست کە زوو تەواو بم، بەڵام ئێستا دوای حەوت ساڵ و سەدان کیلۆمەتر دوورتر، من بۆ ئەو ساتانە بە ئاواتم: چونکە خۆشییەکانی ئەو ساتەم لە بیرە، نەک هەزار ژانەسەری هەمان سەردەم! بۆچی؟ چونکە من لە نۆستاڵژیام؟ مێهدی مینەخانی، دەروونناسی بالینی و سەرنووسەری گۆڤاری ئینتەرنتی «تداعی»دەڵێت کە ئۆبژەی (object) غیابی هەمیشە لە ئۆبژەی حازر جوانترە و بەتام و چێژتر و ڕەنگاوی‌تر دەردەکەوێ. چونکە ڕابردوو دەکرێ وەک فەنتازیا و ئایدیال بکرێ، یادەوەرییەکان بەردەوام لە مێشکمان‌دا دروست دەبێتەوە و ئێمە وەک ئەوەی لە واقیع‌دا ڕوویان دابێ ئەزموون و تەجروبەی ڕابردوو ناکەین. هەندێک جار بەو شێوەیەی ئێستا پێویستمان پێیەتی ئەزموونی دەکەین، وەک چۆن حەوت ساڵ لەمەوبەر بە بیرم دێ بە شێوەیەک ئێستا پێویستم پێیە ـ بۆ ڕزگار بوون لەو حاڵە ناخۆش و بێدەنگیەی ئێستا ـ نەک وەک ئەوەی لە واقیع‌دا هەبوو. ساڵی ١٦٨٨ دکتۆر یۆهانس هۆفەر، پزیشکی سویسری کە دەستەواژەی نۆستالجیای بۆ دەرمان زیاد کرد، ئەم پێناسەیەی پێشکەش کرد: نۆستالجیا نەخۆشییەکی دەمارییە و لەسەر بنەمای ئەهریمەنی دامەزراوە. دواتر لە سەدەکانی ١٩ و سەرەتای بیست‌دا، پزیشکان لەو بڕوایەدا بوون کە نۆستالجیا (سایکۆلۆجیای کۆچبەران) و شێوەی ناڕێکی سۆدا و سترێسە. مەهدی میناخانی دەڵێ: نۆستالجیا بە زمانی سادە پرۆژەیەکی کراوەی زەینە. پێویستمان بەم پرۆژە کراوەیە هەیە تا هەست بەوە بکەین کە یەکگرتوویی مێژوویی دەروونیمان پارێزراوە، لەگەڵ ئەوەش‌دا پێویستە ئەم ڕابردووەشی ئەرشیف بکەین. نۆستالۆژیا یان پاشەکشانی(واپس‌روی) دەروونی شتێکە لە بیر کەوتنەوەی بارودۆخێکی ئاشنا. دەروون هەمیشە بەوەوە دەچێت کە پەیوەست بێ بە حاڵەتە ئاشناکان، تەنانەت ئەگەر ڕەنجێکی مازۆخیستی (masochism) لەو جۆرە بارودۆخانە هەبێ، بێ‌گومان دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە هەمیشە مازۆخیست بۆ دەروون ئازار ناچێژێ و هەندێک جاریش چێژی تێدا هەیە. نۆستالجیا هەوڵێکە بۆ گەڕانەوە بۆ نێو باوەشی دایک (نیشتمان). لە بنەڕەت‌دا نۆستالجیا هەمیشە پەیوەندی بە هەستی ئاسایشەوە هەیە. بەپێی توێژینەوەی زانستی کە لە ساڵی٢٠٠٦ لە لایەن تیم ویلدشکوت، کۆنستانتین سێدیکیتس و هاوکارەکانی (سێدیکیتس) ئەنجام دراوە، نۆستالجیا ئەرێنییە و یارمەتی مرۆڤ دەدات. ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەری دەخات کە نۆستالۆژیا دیاردەیەکی سۆزداری قووڵە کە لە هەموو شتێک زیاتر بە خۆشەویستییەوە گرێ دراوە. هیوای مرۆڤ لە ناوەڕاستی تاڵی و قەیران‌دا زیاد دەکات، هاندەرە، دەتوانێ لە ناوەڕاستی تەنگانەدا داهێنانی مرۆڤ بەهێز بکات و لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە زۆر لەوە زیاتر مرۆڤ لە ساردی‌وسڕی دەرباز دەکات. ئەگەری دواڕۆژێکی خۆش

و گەش بۆ تاک بەهێز دەکات. لە وشەیەکدا نۆستالۆژیا تەندروست و پۆزەتیڤە. فرۆید لە یەکێک لە دوایین کتێبەکەیدا بە ناوی (موسی و یکتاپرستی) ئاماژە بە نۆستالجیا و بەها و بایخدانی زۆری مرۆڤ بە مێژووی ڕابردوو دەکا و ریشە و هۆکاری ئەم بابەتە لە ئارەزووی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ باوەشی پرسۆزی دایک و ئاسایش و ئارامشی ئەو دەورانەی منداڵیدا دەدۆزێتەوە. دەورانێک کە بۆ هەتا هەتایە لە بەشی بێئاگیی (ناخودآگاه) مرۆڤ دەمێنێتەوە. فرۆید ئەم هەستە لە دەروونی بێئاگاهی گەلان بە کاریگەر ئەناسێ و ئاماژە بە سەردەمی زێڕین(golden period) دەکات کە زۆربەی نەتەوەکانی جیهان چاوی لێدەکەن وەکوو سەمبولێکی مێژوویی بۆیان. زۆربەی نەتەوە و شارستانییەکانی ئەمڕۆ، سەردەمی شکۆمەندیی ڕابردوو بە پیرۆز و مۆدێلێک دەژمێرن، ئەگەرچی لە ڕووی پێداچوونەوەی زانستیی مێژووەوە ڕەنگە هیچ سەردەمێکی ئاوا بوونی نەبێ، بەڵام هەمیشە خەڵک ئەو سەردەمە زێڕینە بە خەون و جوانتر دەبینن و وەک بزوێنەر و هاندەرێک بۆ پێشەوە چوون و سەرکەوتنیان لە ئەمڕۆیاندا بەکاری ئەهێنن.

پاندەمی (COVID – ١٩) لە سەدەی٢١دا مرۆڤەکانی تووشی تەنیاییەکی بێوێنە کردووە. ئێمە ئێستا زیاتر لە پێشتر تەنیاین ئەگەر ئێمە یان خۆشەویستانمان تووشی ئەم ڤایرۆسە ببن، جا لە ماڵەوە بن یان نەخۆشخانە، دەبێ بە تەنیا لە کەرەنتینە بمێنینەوە، ئیتر نە دەوێرین سەردانی کەس بکەین و نە کەس دەوێرێ سەردانمان بکات و دەستی بە سەرمانا بێنێ و خەم و خەفەتی یەکتر برەوێنین کە ئەمانە هەموویان لە بەهێزکردنی ورە و بەهێزکردنی سیستەمی بەرگریدا زۆر بە سوودە. ئەم جۆرە تەنیاییە لە مێژووی مرۆڤدا بێوێنەیە. ئایا نۆستالژیا لەم ڕۆژانەدا دەتوانێ بەسوود بێ بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم هەستە هەمیشەییەی تەنیاییدا؟! بە بۆچوونی میهدی مینەخانی، دەروونی ئێمە جەژنێکی گەورەی ئەو کەسانەیە کە جۆرێک لە کاریگەریان لە ژیانماندا هەیە، هەر لە دایک و باوک و خوشک و براوە بگرە تا مامۆستا و هاوڕێ و تەنانەت شتە بێ گیانەکانیش، کە بێگومان کاریگەریی کەمتریان هەیە، ئەزموونی دەروونی مرۆڤ بە تەنیا ئەزموونێکە لە بووندا. مرۆڤ هەرگیز لە ڕوحیدا تەنیا نییە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە مرۆڤ هەمیشە لە ناو ڕوحیدا لە ئاشتی دایە. ئەم پرۆسەیە دەتوانێت یارمەتی کەم کردنەوەی دڵەڕاوکێ بدات. توێژینەوەکانیتر لە ڕووی پۆزەتیڤانەی نۆستالژییەوە تاقی کراوەتەوە: کریستن باچۆ (Krystine batcho)، مامۆستای دەروونناسی لە زانکۆی نیویۆرک کە لە ساڵی١٩٩٨ وە دیراسەی لایەنەکانی نۆستالجیا دەکات، دەڵێ کە نۆستالژیا زۆر جار پەیوەست بە سەرنجدان لە سەر پەیوەندییە مرۆییەکانمان، دەتوانێ فاکتەرێک بێ کە لە حاڵەتە پڕ لە سترێسەکان هێورمان دەکاتەوە. دەتوانین لە ئێستادا بەتایبەتی کە ئێستا ئێمە ڕووبەڕووی قەیرانێکی ناباش و ماندووکەر بووینەوە، نۆستالۆژیا دەتوانێ لە بارودۆخێکی بێسەروبەر و ناجێگیردا، وەک فاکتەر بۆ سەقامگیری و هێز، یارمەتیمان بدا. هەروەها بە پێی توێژینەوەی کلەی ڕۆتلێج (Clayroutledge) پرۆفیسۆری دەروونناسی لە نۆرسدا، دەڵێ: نۆستالجیا دەتوانێ هیوا بە مرۆڤ بدا کە ژیان لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتیانەدا هێشتا مانادارە و پێویستە بەردەوام بین.

بەڵام هێڵی سوور و سنووری بەکارهێنانی نۆستالۆژیا کوێیە؟! بە شێوەیەکی گشتی ئەو میکانیزمانەی (Defensive mechanism) دەروون بە شێوەیەکی کاتی هەڵدەبژێرێ، کارکردین، بەڵام کاتێک ئەم میکانیزمە دەبنە قاڵبی جێگیر «الگوی ثابت»، ئەوا دەبنە هۆی وێستان (fixation) چونکە ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی دواکەوتنی مرۆڤ و گەڕانەوە بۆ دواوە، کە ئەمەش دۆخی نەخۆشی و ناتەندروستە. لەم کاتەدا بە هۆی پەتای ڤایرۆسی کرۆنا، زۆر کەس دەبنە نۆستالژیک، بەڵام زۆر مەترسی‌دار نییە، بەڵام! ئەگەر نەتوانن بە سەر ئە م دۆخەدا سەر بکەون و جێگیری بکەن، ئەوا زۆر مەترسیدارترە. بەشێک لە دەروونی ئێمە پێی خۆشە بەرەو دوا بگەڕێتەوە، چونکە ئاسانترە پاسیڤ و ساکن بێ و بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، بۆ ئاسایش و باوەشی دایک تا چوون بەرەوپێش و ڕووبەڕوو بونەوەی تەحەداکانی ئایندە و چارەسەرکردنی کێشەکان.

دوارۆژێکی سەخت و نادیار و چاوەڕوان نەکراو لە پێشی هەموومانە، ڕەنگە وا باشتر بێ کە بە یادەوەرییە شیرینەکانی ڕۆژانی ڕۆچوو شاد بین. کاتێک کە پێمان وایە لە ئەمڕۆمان شیرینتر و جوانترە. هەرچەند زوو دێتەوە بیرمان کە دنیامان لەو کاتانە و لە سەردەمی بیرەوەرییە شیرینەکاندا زۆر لە ئێستامان خراپتر بوو. نابێ ئەوەشمان بیر بچێت کە ئێمە مەحکوومین بە ڕووبەڕوو بوونەوە و بەگژا چوونەوەی ترس و نەزانی و نەخۆشی و ناخۆشی و خۆشی و داهاتووی نادیار. ڕەنگە بوێری ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ نەزانی و تاریکی و تەنگوچەڵەمەکانی مێژوو بووبێ کە «ئینسان»ی بە جێگای ئەمڕۆ گەیاندووە. بە قەولی مامۆستا شێرکۆ بێکەس:

کە ڕەشەبا ڕێی پێ گرتی ببە بە شاخ
کە شەماڵ هات بەپیرتەوە ببە بە باخ

دەبێ ئەوەش بڵێین کە یەکێک لە قازانجەکانی پەتای کرۆناڤایرۆس چوونی بۆ هەموو وڵاتانی جیهانە بێ جیاوازی نەتەوەیی، زمانی، ئابووری و ئایینی و تێپەڕاندنی هەموو سنوورە دەستکردەکانی جیهان بوو! تا بۆ جارێکیتر بە بیرمان بێنێتەوە چارەنووسی هەموومان پێکەوە گرێ دراوە. ئەگەر من بمرم یا تۆ بە سلامەت بمێنمەوە دەبێ کەسانیتریش هەر بە سەلامەت بمێننەوە. بەداخەوە یەکێک لە ئاکامە خراپەکانی ئەم پەتایە کە لە ئێستاوە دیارە و دەرکەوتووە، توندئاژۆ کردن و پەرەپێدان بە ڕەگەزپەرستیە لە لایەن زۆریەک لە سیاسەتمەدار و خەڵکی وڵاتانی جیهانە. بێگومان لە کاتیترس و شەڕدا ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە زیاتر دەردەکەون، ئەمە زیاتر بیانوو بە سیاسەتی دەسەڵاتدارە تۆتالیتارەکان دەدات بۆ کۆنترۆڵ و سنووردار کردنی ئازادی تاک و کۆمەڵگا. بە پێچەوانەی ئەو، شەپۆلی پۆپۆلیزم و ڕەگەزپەرستییە کە ئەمڕۆ بەسەر جیهاندا زاڵە، ڤایرۆسی کرۆنا هۆشداری دەداتە مرۆڤ کە هەموو جیهان پێویستی بە هاوکاری و یەکدەنگی و یەک هەڵوێستیە بۆ ئەوەی لەم قەیرانەدا سەرکەوتوو بێ. ئەگەرچی لە سەردەمەکانی پێشووتردا مرۆڤ چەندین پاندەمی گەورە و نەهامەتی بەسەرهاتووە وەک تاعوون و....، بەڵام مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن بە هۆی زۆری میدیا و تەقینەوەی زانیاری، بە گۆشت و پێستی خۆی زۆرتر هەستی بە گەورەیی ئەم کێشەیە کردووە. بێگومان مرۆڤ لە دوای سەردەمی کرۆنا زۆر جیاواز دەبێ لە مرۆڤی پێش کرۆنا، مرۆڤ پێویستی بە مانایەکی نوێ هەیە بۆ ژیانی ئەمڕۆکەی، بە پێچەوانەی ڕواڵەتی مەسەلەکە پرسی ڤایرۆسی کرۆنا، هەموومان بە یەکەوە نزیک دەکاتەوە نەک دوور.. ! ـ لانیکەم چارەنووسی هەموومانە ـ

سەرچاوەکان:
١. (موسی و یکتاپرستی، زیگموند فروید، وەرگێرانی: ساڵح نەجەفی، بڵاوکراوەکانی نی، چاپی ٣ ساڵ، ٢٠١٥
2. @NashrAsoo



مەریوان سەلاح حیلمی- سلێمانی

# چەند بابەتێکی پەروەردەیی

یەکەم ـ ڕاڤەی وتەیەکی ئەنیشتاین

«لە بنەڕەتدا هەمو کەسێک زیرەکە. بەڵام کە تۆ داوا لە ماسی بکەیت بە درەختێکدا سەربکەوێت هەتا مردن وای لێدەکەیت کە هەست بە گێلی بکات››

ئەو دێڕەی ئەنشتاین دێڕێکی تا بڵێی ورد و جوانە، گرنگترین خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەو دێڕە بریتیە لەوەی کە هەموو مرۆڤێک لە ژیاندا توانایەکی تایبەتی هەیە، ئەرکی مامۆستا و باوک و دایک ئەوەیە کە توانای ئەم منداڵ و گەنجە پەرە پێ بدەن، نەک ڕای بێنن بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێت، بۆ نمونە هێمنی موکریانی بەدەست باوکی بوایە دەبوو ببێت بە پیاوی ئایینی و مەلای مزگەوت، بەڵام مامۆستا فەوزی توانای هێمنی دۆزییەوە و هانی دا بەرەو نیشتمان پەروەردەی و دواتریش شاعیرێکی بەناوبانگی لێدەرچوو. ئەو خزمەتەی هێمن لە بواری نیشتمانی و ئەدەبیاتی کوردییدا کردی ڕەنگە ئەگەر ببوایە بە مەلای مزگەوت نەیتوانیبایە ئەو خزمەتە بکات.

هەروەها خێزانەکانی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان بەتایبەتی کوردستان هەمیشە منداڵ بۆ ئەوە گەورە دەکەن و هانی دەدەن کە ببێت بە دکتۆر، ڕەنگە یەکێک لەهۆیەکان پەیوەندی بەدۆخی ئابورییەوە هەبێت، بەڵام وێدەچێ ئەم گەنجە حەز لە بوارێکی‌تر بکات و لەو بوارەدا سەرکەوتوو بێت کە خۆی دەیەوێت، نمونەمان لەم بارەیەوە زۆر لەبەردەستدایە: خێزانێک کچەکەیان نمرەی پزیشکی هێنابوو، بەڵام کچەکە حەزی لە بواری ئەندازیاری بوو، لێم پرسی بۆچی ناچێتە ئەندازیاری؟ دایک و باوکیان وتیان پێمان ئەغزە نمرەی پزیشکی هێناوە بچێتە بەشێکی نزمتر. ئەگەر دەرگای حەز و ئارەزوو بۆ ئەو کچە بکرایەوە ڕەنگە لە بواری ئەندازیاری‌دا داهێنانی بکردایە.

لەم بەشەدا دەگەینە ئەنجامێک ئەویش ئەوەیە کە مامۆستا لە قوتابخانە نابێت لە قوتابی نیگەران بێت کە نمرەی بەرزی بۆ نەهێناوە، چونکە لە هەموو جیهاندا نمرەبەرزەکان کەمینەن، بەڵکوو ئیشی مامۆستا ئەوەیە بەهرەی قوتابی بدۆزێتەوە و پەرەی پێبدا. ئەرکی خێزانیش ئەوەیە پاڵپشتی مامۆستا لە لایەک و ڕۆڵەکەیان لەلایەکی‌تر بکەن بۆ ئەوەی ئەم منداڵە لە گەورەیی‌دا بۆ ئەو شتە حازر بکرێت کە توانا و حەزی هەیە بۆی.

خاڵێکی‌تر کە لە وتەکەی ئەنیشتاین‌دا پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە مەبەستی ئەوە نییە کە مرۆڤ هەوڵ نەدات، بەڵکوو ئارەزووت لە هەرشتێ بوو دەبێت زیاتر هەوڵی بۆ بدەیت و کۆڵ نەدەیت. لەم بارەیەوە وتەیەکی ڕۆژهەڵاتی هەیە دەڵێ: «خوا نانی هەموو باڵدارێک دەدات، بەڵام بۆی ناخاتە هێلانەکەیەوە»بەکورتی هەموو شتێ بە هەوڵدان سەردەکەوێت.

دووەم ـ دەرسی سەرەکی کامەیە و لاوەکی کامەیە؟

١. شتێک نییە لە دنیا پێی بوترێ دەرسی لاوەکی، وەرزش و هونەر سەرەکین و زۆر گرنگن، لە وڵاتێکی وەک سوید وەرزش لە پێناوی وەرزش‌دا نییە، بەڵکو وەرزش لە پێناوی تەندروستییەکی باش دایە، بۆیە لەوێ وانەکە ناوی «وەرزش و تەندروستی››یە، واتە تەندروستی مرۆڤ لە پێش هەموو شتێکەوەیە کە بە بێ وەرزش ئەو تەندروستییە بەردەوام نابێت.

گرنگی هونەریش کەمتر نییە لە وەرزش، چونکە دنیای هونەر دنیایەکی فراوانە، منداڵ هەر کە چاو دەکاتەوە یەکەم شوێن ماڵی خۆیان دەبینێت، ئەم ماڵە واتە هونەر، چونکە نەخشەسازی بۆ کراوە، ئەم نەخشەسازییە بەشێکە لە هونەر، ئینجا لە قوتابخانەوە فێری جۆرەکانی هونەر دەکرێت و بە کرداری ڕادەهێنرێ لەسەر بیرکردنەوە و خەیاڵی هونەری.

بەداخەوە گرنگی ئەم دوو وانەیە لە کوردستان‌دا بەهەند وەرنەگیراوە.

٢. لە دنیای پێشکەوتوودا سێ وانەی‌تریش هەن. لەهەرە سەرەکییەکانە «زمانی نەتەوەیی و دایک، زمانی ئینگلیزی، بیرکاری›› واتە ئەگەر خوێندکارێک بۆ نمونە لە سوید بیەوێ بۆ هەر بەشێک و کۆلێژێک بخوێنێ ئەبێ تاقیکردنەوە بکات لە سویدی و ئینگلیزی و بیرکاری، واتە بەبێ سەرکەوتن لەو سێ دەرسەدا ئەوا تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ بە چاوی خۆی نابینێ.

کەواتە ئەو سێ دەرسە لە هەرە سەرەکیەکانە، بۆچی؟

١. زمانی نەتەوە پیرۆزە و پێویستە خوێندکار تیایدا سەرکەوتوو بێت

٢. زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانی‌یە و زۆربەی سەرچاوە بەم زمانە دەست دەکەوێت.

٣. بیرکاری وەرزشی مێشکە و ئەوەی توانایی بەسەر ئەم دەرسەدا بشکێ توانایی بەسەر زۆر شتی‌تردا دەشکێت.

سێیەم: لەسەردەمی کۆرۆنا

بۆچی لە هەندێ وڵات خوێندنگەکان داناخرێن؟

ئەوەندەی من چاودێریم کردبێ و دوای کەوتبم لەبەر ئەم خاڵانە لە زۆرێک لە وڵاتە ئەوروپییەکان خوێندنگەکان داناخرێن، بەرپرسان لەم بارەیەوە دەڵێن:

١. منداڵان توشی بێزاری و نائومێدی دەبن، کە ئەمەش زیان بە باری دەروونیان دەگەیەنێت و لە خوێندن دادەبڕێن.

٢. کە منداڵان بنێرینەوە بۆ ماڵەوە، کێ ئاگایان لێ بێت؟ لەکاتێکدا دایک و باوکی خوێندکار دەچن بۆ کارکردن، ئەو کاتە هەندێ دایک و باوک ناچار دەبن کە منداڵەکانیان بەرن بۆ ماڵی باپیر و نەنکیان کە ئەمەش زیانێکی گەورە لە پەروەردەکردنیان دەدات. تێبینی/ خاڵی دووەم بۆ کوردستانیش لە (حاڵەتی ئاسایی‌دا) جێگای پرسیار و لێکۆڵینەوەیە، بەوەی دایک و باوک منداڵ دەبەن بۆ ماڵی باپیر و نەنکیان بۆ مانەوە، کە هەڵەیەکی گەورەیە و تووشی (دوو پەروەردەیی دەبن)، کەچی لای ئێمە لە حاڵەتی ئاسایی‌دا زۆر بە ئاسایی وەرئەگیرێ.

٣. ئەڵبەتە هۆکاری ئابووری هەیە کە کۆمپانیا و وڵات و خێزانەکان توشی قەیرانی دارایی دەبن، بەس باسی ئەمە ناکەن.



یوسف عوسمان حەمەد ـ هەولێر

# شەڕی نێوان دایک و باوک و کەسایەتی منداڵ

ئەم باسە، پێناسەی هۆکاری شەڕ و هەرا و ناکۆکییەکانی هەمە لایەنەی ژن و مێرد نییە. تەنها پەنجە خستنە سەر هۆکاری شەڕی نێوان ژن و مێرد لە ڕوانگەی دەروونناسی کۆمەڵایەتییە و کاریگەری بەسەر دەروونی منداڵ و پاشەڕۆژی. شەڕ و هەرای نێوان باوان ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر کەسێتی منداڵ، چونکە یەکەم ژینگە کە منداڵ پەروەردەی لێوە فێر دەبێت ڕەوشتی دایک و باوکە و پەیوەندی ئەو دوو کەسەیە بە منداڵەکانیان، چونکە ئەمانە پێشڕەو و مامۆستای منداڵەکانن. هەر پەیوەندییەک لە نێوانیان ڕاستەوخۆ ڕەوشتی منداڵ دەگۆڕێت. خێزان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بچووکترین پێکهاتەی کۆمەڵگایە. خێزان مەکۆی گەورەترین ئاڵوگۆڕ و سەودای سۆز و خۆشەویستی و ڕێز و هاوکارییە لە نێوان دوو کەس. چۆنایەتی و چەندایەتی خێزان ڕەوشتی کۆمەڵ دیاری دەکات. بەڵام بە پێی بەردەوام بوونی ئەو سۆز و خۆشەویستییە، ئەوا هەر بەدحاڵی بوونێک یان لەیەکتر نەگەیشتن دەبێتە لالووتی و لە یەکتر دوور کەوتنەوە و ڕێز نەگرتنی کۆمەڵێک خواستی نادیار و نابەجێ و دەرخستنی بێزاری و ناڕەزایی لە ڕێگای دۆزینەوەی بروبیانووی درۆینە بۆ خود سەپاندن بەسەر ئەوی‌تر کە بە شەڕ و هەرا ئەنجامەکەی دەردەکەوێت. زۆر جار ناکۆکی و کێشە لە نێوان ژن و مێرد لەسەر بچووکترین شت دەبێت؛ وەکو سەرکێشی (عینادی) و هەڵە لەیەکتر گەیشتن، ناهاوسەنگی لە نێوان شوێنی کار کردن و ماڵەوە نەهێنانەدی داخوازیە سەرەتاییەکانی ژن و مێرد لە لایەن یەکتریەوە. یاخود بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری یا زۆر جار کێشەی نێوان ژن و مێرد لەسەر چۆنیەتی پەروەردە کردنی منداڵ دەبێت، یا دەست تێوەردانی کەسانی دیکە لە ناو ماڵ و پەروەردە کردنی منداڵ. دەروونناسی کۆمەڵایەتی دەڵێت: زۆرجار نێوان ژن و مێرد هیچ هۆکارێکی دەرەکی (کۆمەڵایەتی، ئابووری، ژینگە...) نییە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ باری فیزیۆلۆژی نێوان ژن و مێرد. ڕەنگە هەردووکیان هۆرمۆنی ئەدرنالینیان زیادە کە دەبێتە هۆی هەڵچوون و گرژی بەردەوام، بۆیە هەر لە شەڕدان. یا بە هۆی باری دەروونی لە نێوان ژن و مێرد کە ڕەوشتەکانیان پێچەوانەی یەکتر بێت و تەواوکراوی (متكامل)ی یەکتر نەبن وەکو: دڵناسکی، بەنازی، خۆ بەگەورەزانین، عینادی، دڵڕەقی، سادری سێکسی، نەخۆشی جەستەیی و دەروونی (سایکۆسۆپاتی)، نەخۆشی دەمارگەری، تووڕەیی، هیلاکی، شت لەیەکتر شاردنەوە، جێبەجێ نەکردنی داخوازیەکان، بەراورد کردنی ژیانی خۆیان لەگەڵ ژیانی خەڵکانی بەرز. ئەمانە و کۆمەڵێکی‌تر دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و شەڕ و هەرا لە نێوان دایک و باوک، بەڵام کاریگەری بەسەر منداڵەوە ئەوا تووشی دڵەڕاوکێ وترسێکی شاراوە دەبێت کە ناتوانێت ئەمترسە دەربڕێت، ناچار لە سینەی پەنگ دەخواتەوە و تووشی داچەپاندنێکی بەردەوام دەبێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی گرێی دەروونی لا دروست بێت بەرامبەر پاشەڕۆژو.

سازدانی هاوسەریەتی

زۆر لە تاقی کردنەوە دەروونییەکان ئەوەیان دەرخستووە ئەو منداڵانەی کە ئەوترسەیان هەیە لە بەرامبەر شەڕ و هەرای نێوان باوان، لە پاشەڕۆژ زۆر بە دوودڵی وترسەوە هاوسەریان هەڵدەبژێرن، وەکو تارمایی و کابووس سەیری ژیانی هاوسەرێتی (شووکردن و ژنهێنان) دەکەن، بەتایبەتی شووکردن کە هەمیشەترسی ئەوەی هەیە ژیانی دایک و باوک لەم دووبارە بێتەوە و دۆزەخێکی بچووک بگۆڕێتەوە بۆ دۆزەخێکی گەورەتر. شارەزایانی دەروونناسی دەڵێن: بە پیرۆزییەوە سەیری ژیانی هاوسەریەتی ناکەن، بەڵکوو وەکو ئەرکی کۆمەڵایەتی و ئایینی سەیری دەکەن، هەر ئەم جۆرە کەسانە بەتایبەتی کچان لە بڕیاردان زوو پەشیمان دەبنەوە، لەوانەیە ژیانی ڕەبەنی پێ باشتر بێت و قەیرەیی هەڵبژێرێت نەک ژیانی شاردراوەیترس و سەرنەکەوتن لە هاوسەریەتی. ئەو جۆرە منداڵانە لە تەمەنی ٥ ساڵییەوە ئەم گرێیە لایان دروست دەبێت و لە سەردەمی منداڵییەوە گۆشەگیر دەبن و شەرم دەکەن، هەمیشە حاڵەتی‌ترس لە دەروونیدا دروست دەبێت، لاواز و بێهێز دەبێت کەمخۆراک دەبێت، ناتوانێت تەرکیز بکات و برادەری ڕاستەقینەی هەڵبژێرێت، چونکە لە کۆمەڵ و گرووپ و برادەر و دەوروبەر دەترسێ. زۆرجار بەتایبەتی کوڕان هەست بە کەمی دەکەن و شەڕانگێز دەبن و لە تەمەنی هەرزەکاریدا لاسار دەردەچن بە هۆی پشتگوێ خستنی دایک و باوک، بەڵام کچان زیاتر زەرەرمەند دەبن و هەست بە تاوان دەکەن. هاوسەنگی سۆزی نامێنێت لە نێوان دایک و باوک، هەست بە لەدەست دانی دڵنیایی و خۆشەویستی دەکات و لە تەمەنی هەرزەکاریدا زۆر بە تەنها دەبێت، خەیاڵاوی دەبێت ڕقی لە ڕەگەزی بەرامبەر دەبێتەوە هەست بەبێ توانایی و لاوازی کۆئەندامی دەروونی دەکات و گەلێ جار لە ڕێگای گریان و نووسین و دوور کەوتنەوە لە ماڵدا چەپاندنی بەتاک دەکاتەوە و زۆرجار ئەگەر کۆنترۆڵی دایک و باوک لە دەست بدات ئەوا لادەر دەردەچێ و لەوانەیە بۆ خۆ دەربازکردن فروفێڵ و درۆ بەکار بهێنێت و ڕقی لە باوکی دەبێتەوە، لە بەرامبەر دواڕۆژی خێزانیدا تووشی فۆبیا دەبێت.



محەمەدساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز) ـ دهۆک

# توندوتیژیی دایك وباوك بەرامبەر بە منداڵ

## جۆرەكانی، هۆكارەكانی، زیانەكانی، چارەسەرەكانی

پەروەردەکردنی منداڵ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و زانستی و پەروەردەیی، ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و ئینسانی و یاساییە و پێش هەموو کەسێکیش دەکەوێتە سەرشانی دایکان و باوکان. ئینجا ئەوانی دیکە، دەبێت بەو پەڕی دڵسۆزییەوە شان بدەنەبەر ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتیە، تاکوو بتوانن نەوەیەکی زانا و دانا و بەتوانا و لێهاتوو و پشتبەخۆبەستوو و سەرکەوتوو و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و ڕەوشتبەرز و هیمەتبەرز و هەستبەرز پەروەردە بکەن و پێشکەش بە کۆمەڵگای خۆیان و مرۆڤایەتی بکەن.

بەڵام بەداخەوە، زۆرێک لە دایکان و باوکان، نازانن بەشێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی سەرەدەر (مامەڵە) لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن، بۆیە زۆرجار پەنا دەبەنە بەر لێدان و توندوتیژی جۆراوجۆر دژ بە منداڵەکانیان و مافەکانیان پێشێل دەکەن و هەستەکانیان بریندار دەکەن. ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی و خراپ لەسەر گەشەی جەستەیی و دەروونی و سۆزداری و پەروەردەیی و زانستی و هزری و خەیاڵی منداڵەکانیان بەجێ دێڵێت و لە هەموو ڕوویەکەوە زیانێکی زۆریان پێدەگەیەنێت.

**جۆرەكانی توندوتیژی:**

١. توندوتیژی جەستەیی: زۆرجار منداڵ لە لایەن دایک و باوکییەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی دەبێتەوە و بە توندی ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت، بە هۆی:

- لێدان، بە دەست، پێلاقە، دار، بەرد، چەقۆ و...
- قژ (پرچ) و گوێ ڕاکێشان
- بەردانەوە و بەعەرزیدادان
- شکاندنی دەست و قاچ
- بریندار کردن و داغ کردن
- ددان شکاندن
- نووشتاندنەوە (ڤەقراندن)ی پەنجەکان و دەست
- قنجرکە لێدان
- زیندان کردن لە ژووری تاکەکەسی

٢. توندوتیژی زارەکی ـ دەروونی:

- جنێوپێدان
- سووکایەتی پێکردن
- تف لێ کردن
- تۆمەت هەڵبەستن و بوختان پێکردن
- ڕیسوا کردن و تەریق کردنەوە بەرامبەر بە ئەوانی تر
- هەڕەشە و گەف لێکردن
- بێبەشکردن لە یاری و گەمەی بەکۆمەڵ

٣. توندوتیژی ماددی:

- بێبەشکردن لە پارە و پووڵ
- دەستگرتن بەسەر کەلوپەلەکانیدا
- دڕاندن و شکاندنی کەلوپەلەکانی
- لێسەندنەوەی کەلوپەلەکانی تایبەت بەخۆی

**هۆكارەكانی توندوتیژی:**

هەڵبەت بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە منداڵ لە لایەن دایکان و باوکانەوە، بۆ چەندین هۆکاری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە، لەوانە:

- نزمی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری ئەو جۆرە دایک و باوکانە
- هەبوونی کێشە و بگرە و بەردەی خێزانی
- هەبوونی گرێیە دەروونییەکان
- هەژاری و خراپی ڕەوشی ئابووری خێزان
- ئاشنا نەبوونی ئەو جۆرە دایک و باوکانە بە شێوازە زانستییەکانی پەروەدە و فێرکردن
- پەنگخواردنەوەی ڕق و کینە لە ناخیاندا، بە هۆی پەروەردەی سەقەتەوە
- زوو هەڵچوون و توورەیی
- چاولێکەری و لاسایی کردنەوە
- کاردانەوەی نابەجێ
- تۆڵە کردنەوە

**زیانەكانی:**

هەڵبەت بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە منداڵ، زیانێکی زۆر بە کەسایەتی منداڵ دەگەیەنێت لە ڕووی خێزانی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و زانستی و هزری و خەیاڵی و جەستەییەوە و وای لێدەکات کە نەتوانێت بە شێوەیەکی تەندروست گەشە بکات و بەرامبەر بە ئەڵنگارییەکان بوەستێتەوە و لە گشت کایەکانی ژیاندا ئەسپی خۆی تاو بدات و ببێتە سوارچاکێکی مەیدانی داهێنان و ئافراندن و بەرەو بەرزی هەنگاو بنێت و شەوەزەنگی تاریکی و نەزانین و نەفامی و دواکەوتوویی بڕەوێنێتەوە و مەشخەڵی پێشکەوتن و سەرکەوتن دابگیرسێنێت!

**چارەسەرەكانی:**

بۆ ئەوەی منداڵەکانمان لە ڕووی پەروەردەیی و زانستی و هزرییەوە تەندروست بن و نەکەونە بەر شاڵاوی توندتیژی جەستەیی و دەروونی و ماددی، پێویستە، دایکان و باوکان ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن:

- هەست بە ئەرک و بەرپرسیارەتی بکەن بەرامبەر بە منداڵەکانیان
- ئاشنا بن بە شێوازە زانستییەکانی پەروەردە
